ژمارە ١٢ی بەهاری ٢٠٢٦

# شازدەی چوار

گۆڤارێکی تایبەتە، ساڵانە لە یادی کیمیابارانکردنی شێخوەسان و بالیسان دەردەچێت



- سەرۆک مام جەلال: شێخوەسان دێریاسینی کوردستانە
- شایەدحاڵانی دادگاییکردنی سەدام حوسێن بۆ شازدەی چوار دەدوێن.
- لەبارەی جینۆسایدو ئەدەبیات.
- هێزی دۆکیومێنتکردن لەناساندنی جێنۆساید دا
- خوێندنەوەیەک بۆ گۆڤاری وەسانان.
- کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستان و کەیسی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان (١٩٨٧)
- هەرمک پایتەختی خۆشناوەتی
- لە ژینگەی حکومەتەوە بۆ حکومەتی ژینگەیی.

# ترس و یاد!



سەرنووسەر

یادکردنەوەی ئەو تراژیدیاو تاوان و مەرگەساتانەی بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون، هێشتا قۆناغە سەرەتاییەکانی بەجینۆساید ناساندنیان تێنەپەڕاندووە، ئێمە نەمانتوانیوە یادکردنەوە بکەینە پەیامێک و پێشکەشی جیهانی بکەین بۆ دووبارەنەبونەوەی ئەو تراژیدیا سامناکانە، خەڵکی بەگشتی لەیادکردنەوە ترساون، چونکە یادکردنەوەکان زێتر زامەکان دەکولێننەوە، نەبونەتە هۆکاری گۆڕانکاری لە ژیانی کەس و کاری قوربانیان و دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، تەنانەت جینۆساید نەبۆتە هەوێنی یەکڕیزی و لەدایك بوونی ستراتیژیەتێکی نیشتیمانی!

هێندە خەمساردو بێیاك بووین بەرامبەر بە تاوانی کیمیاباران و ئەنفال، بینینی ئەو هەموو شوێنە وارو ماکانەی جینۆساید و زیندەبەچاڵکردن و نەهامەتیانە ڕاماننناچڵەکێنێ.

لەیادکرنەوە دەترسێین و بێهیوابووین، ئاخر تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ناوەندێکی فەرمی و ئەکادیمی تایبەت بە بەئەرشیفکردنی ئەو هەموو بەڵگەنامەو چیرۆک و ئازارانەی ئەو میللەتە دروستبکرێت! نەتوانراوە تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندنیشدا وەك پێویست ئەو تاوانکاریانە بۆ منداڵەکانمان بەیان بکەین!

یادکردنەوە نەبۆتە هۆکاری یەکخستنی ماڵی کوردی، چ عەیبەیەکی گەورەیە لەو دەڤەرە بچوکەی ئێمەدا دوو کۆمەڵەو ڕێکخراو هەن و بەکرچ و کاڵی کاردەکەن، خراوتر لەوە حزبێکیان بەیانیان یاد دەکاتەوەو ئەویدیکەیان ئێواران

دەترسین چونکە یادکرنەوەی تراژیدیاکە تا ئێستا نەیتوانیوە خزمەتگوزاریە سەرەتاکانی ئەو خەلکەیش فەراهەم بکات، ئەوەتا ڕێگای سەرەکی بالیسان تاوەکو ئێستا بەنیوەناچڵی ماوەتەوە، کارتی نیشتیمانی گوازراوەتەوە هیران، بارودۆخی رێگاو خزمەتگوزاریەکانی دیکەی گوندەکان خراپن، سەدان دەرچووی زانکۆ هاوشێوەی ناوچەکانی تری کوردستان بێکارن! سی وپێنج ساڵی حوکمڕانی کوردی نەیتوانیوە ناوەندێکی تەندروستی شایستە بۆ بریندارانی کیمیایی بکاتەوە، بگرە ئەو بڕە کەمەی وەك مینحەیش پێیان دەدرا بڕدراوە! دەترسین چونکە وەک ئەوەی ڕەنگی خوێنی شەهیدان و زمانیان جیابوبێ مامەڵەی جیاکاریمان لەگەڵ دەکەن...

بەرکەوتوان و بریندارانی چەکی کیمیایی و خاوەن دێهاتە زیانلێکەوتووەکان تەنانەت سڵ لەو پەیام لێدوانانەی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنییش دەیدەن دەکەنەوە، دەترسن بازرگانیان پێوە بکرێت!.

ژماره ١٢ی بەهاری ٢٠٢٥

# شازدەی چوار

گۆڤارێکی تایبەتە، ساڵانە لە یادی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسان دەردەچێ

**خاوەنی ئیمتیاز:**

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفالی خۆشناوەتی

**سەرنووسەر:**

توانا موسلیح موحەممەد
٠٧٥٠١٠٩٠٦٦١
٠٧٧١١٧٤٣٧٣٧

**ستافی نووسین:**

صالح ئەکرەم حەیدەری
سەردار عەبدولڕەحمان شێخوەسانی
کەریم عەبدوڵڵا هەرتەلی
موحەممەد جەمال توتمەیی
ئەحمەد موستەفا زەکی

**دیزاین:**

توانا موسلیح

**دیزاینی بەرگ**

سۆران تاودەر

## لەم ژمارەیەدا...


- کاتێك دەتوانین وەفا بنوێنین — لا ٦٢
- جینۆسایدکردنی کورد بە چەکی کیمیاوی — لا ٦٦
- قیامەتی سێو — لا ٨٠
- لە ئاوێنەی سیاسەتی هەرێمییەوە، بۆ دەڤەرەکەت بڕوانە — لا ٩٠
- دڕندەیی داگیرکەرو بێدەنگی میدیای جیهان .. — لا ١٢٤
- فەرهەنگ و ناوی جوگرافی چیاو دەشت و دەر — لا ١٣٤

ئۆنتۆلۆژیای مەرگی ژەهراوی و مانیفێستی ژیانەوەی سەوز. — لا ١٤٤


ئەو بابەتانەی لە گۆڤاری شازدەی چوار بڵاو دەکرێنەوە، گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن، گۆڤارەکە لێیان بەرپرس نیە.

# پێرستی شازده‌ی چوار

## دیمانه‌و به‌دواداچوون:


| لاپه‌ره | بابه‌ت |
|---|---|
| ٤ | د. زریان عوسمان: له پەرلەمانی بریتانیا لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک و برادەری خۆمان.... |
| ١٣ | نەجیبە فەقێ خدر شێخوەسانی: ئەوەی سەددام بەرامبەر بە ئێمە کردی.... |
| ١٧ | عەلی شێخە حاجی: گۆتم بەو خوایەی ئەمن دەبێ بەرەمزی کوردی... |
| ٢٢ | فاخیر عەلی: بە ئاوات بووم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان... |
| ٢٤ | ئەدیبە عەولا باپیر: ئەوکاتەی سەددامم لەناو قەفەسی دادگا دیت... |
| ٢٦ | لەعلی رەسوڵ: کە تەیارە هاتن وێرانەگەیشتم خۆم بشارمەوە... |
| ٢٩ | شێرە ژنێک لە سێبەری مەرگدا... |
| ٣١ | حاجی جەمال مێرگەسەری کەسایەتیەکی وون.... |
| ٣٣ | ڕۆڵی کادیرانی تەندروستی لە قۆناغەکانی کیمیابارانکردنی ناوچەی خۆشناوەتیدا. |
| ٤١ | مام جەلال: شێخوەسانان دێریاسینی کوردستانە. |
| ٤٣ | خوێندنەوەیەک بۆ گۆڤاری "وەسانان" |


## بیره‌وه‌ری


| | |
|---|---|
| ٤٧ | ١٦ی ٤ ئەو ڕۆژەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە |
| ٤٩ | چیرۆکی ژیانم لە شاخ و کیمیاباران |
| ٥١ | کیمیا باران و لێقەومان و ئاوارەیی |
| ٥٣ | شازادەی چوار لە بیرەوەری دایکمدا |
| ٥٦ | چارەسەری بریندارا‌ن، ئەرکێکی نەتەوەیی بوو. |
| ٥٧ | دوای کیمیاباران چیم بینی |
| ٦٠ | شازدەی چار لە بیرەوەریماندا کاڵ نابێتەوە |


## ووتارو لێکۆڵینه‌وه


| | |
|---|---|
| ٦٢ | کاتێک دەتوانین وەفا بنوێنین |
| ٦٣ | لەبارەی جینۆسایدو ئەدەبیات |
| ٦٦ | جینۆسایدکردنی کورد بە چەکی کیمیاوی |
| ٧١ | گرێکوێرەی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد... |

| | |
|---|---|
| هێزی دۆکیومێنتکردن لەناساندنی جینۆساید دا | ٧٤ |
| قیامەتی سێو! | ٨٠ |
| لاوکی هەڵەبجە... | ٨٣ |
| هەڵوێستی گێتیی، لە بێ دەنگی دوونیا و | ٨٦ |
| دۆڵی بالیسان ئەو دۆڵەی بۆنی سێو لێی بو بە ژەهر و | ٨٨ |
| لە ئاوێنەی سیاسەتی هەرێمییەوە، بۆ دەقەرەکەت | ٩٠ |
| جینۆسایدی کورد لە بازنەی ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتیەکان | ٩١ |
| دوابین یادەوەری ڕۆژانی ڕۆژنامەگەریم... | ٩٣ |
| یادەکان لە یاد مەکەن | ٩٥ |
| بەرکەوتوانی گازی کیمایی (کاریگەری زەبری دەروونی و هەنگاوەکانی چاکبوونەوە) | ٩٩ |
| خود پێوەری | ١٠٤ |
| ترس | ١٠٧ |
| کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستان و کەیسی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان(١٩٨٧) | ١١١ |
| دڕندەیی داگیرکەر وبێدەنگی میدیای جیهان | ١٢٤ |


## مێژوو و کەلتور


| | |
|---|---|
| هەرمک، پایتەختی خۆشناوەتی | ١٢٧ |
| کوردستان لە ئەرشیفی تەمومژاویدا | ١٣١ |
| فەرهەنگ و ناوی جوگرافی چیاو دەشت و دەر | ١٣٤ |


## ژینگەو چەکی کیمیایی


| | |
|---|---|
| لە ژینگەی حکومەتەوە بەرەو حکومەتی ژینگەیی | ١٣٨ |
| کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان، یەکێک لە تاوانە مێژووییە گەورەکان | ١٤٢ |
| ئۆنتۆلۆژیای مەرگی ژەهراوی و مانیفێستی ژیانەوەی سەوز | ١٤٤ |
| ڕێککەوتنی پاریس و بالیسان و شێخوەسان | ١٤٩ |
| لایەنە تاریکەکەی کیمیاباران | ١٥١ |
| هەرێمی کوردستان لە نێوان بەرداشی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوادا | ١٥٦ |
| گیابەهاریەکان لە خۆشناوەتی | ١٥٨ |

# شایەدحاڵانی دادگاییکردنی سەددام حوسێن و سەرانی ڕژێم، بۆ گۆڤاری **شازدەی چوار** دەدوێن.



**د. زریان عوسمان:**
ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو لە ژیانمدا، چونکە دوژمنانی کورد هەمووی لەژێر پێمدا بوون.

**نەجیبە فەقێ خدر شێخوەسانی:**
ئەو ڕۆژە وام زانی تازە لە دایك بوویمە.

**عەلی شێخە بالیسانی:**
بە قات و جەمەدانی و ئاڵای کوردستانەوە چوومە دادگا.

**فاخیر عەلی:**
زۆر زۆر دڵم خۆش بوو، کاتێك سەدام حسێنم لەناو قەفەسێك دا دیت.

**ئەدیبە عەولا باپیر:**
ئەوکاتەی سەددامم لەناو قەفەسی دادگا دیت، خەریك بوو باڵ بگرم لە خۆشیان.



# د. زریان عوسمان: لە پەرلەمانی بریتانیا لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵك و برادەری خۆمان لە کوردەکان هەوڵمان دا و کیمیابارانی هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان بە جینۆساید ناسێنرا.

**دیداری: توانا موسلیح**

د. زریان عوسمان، لە ساڵی ١٩٧٩ کۆلیژی پزیشکی تەواو دەکات و ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ وە دەکات، ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە بەڕێوەبردن و دروستکردنی نەخۆشخانەکانی شۆڕش و لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورددا شوێنێکی دیاری گرتووە، بۆخەڵکی دۆڵی بالیسان د. زریان فریادڕەسێکی باشی خەڵکی دەڤەرەکە بووەو خزمەتێکی زۆری بە دانیشتوانی ئەوکاتی ناوچەکە کردووە، هەروەک شایەدحاڵێکی زیندوو و کاریگەری کەیسی کیمیابارانی ناوچەکەو وەک چالاکوانێکیش لە دەرەوەو ناوەی وولات هەمیشە کاری بۆ بەجینۆساید ناساندن و گێڕانەوەی ئەو تراژیدیایە کردووە، لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا وەزیری تەندروستی بووەو هەروەها وەک شایەدحاڵی کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و خۆشناوەتی بەشداری لە دادگایی کردنی سەددام حوسێنی دیکتاتۆری لەناوچووی عیراقدا کردووە...

لەو دیمانە تایبەتەی گۆڤاری شازدەی چواردا تیشک دەخاتەرسەر مێژووی دروستکردنی نەخۆشخانە لە ناوچەی خۆشناوەتی و خەتێ بەتایبەتی، دواتر تراژیدیاکانی رۆژی کیمیاران و بەهاناوەچوونی بریندااران و بەشداری کردنی لە دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم دەگێڕێتەوە..

**دروستکردنی نەخۆشخانە**

د. زریان بەم شێوەیە مێژووی بونیادنانی نەخۆشخانەکانی شۆڕش باس دەکات: " دوای ئەوی ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیم کرد بە شۆڕشی نوێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە سنوری هەولێر، سەرەتا لە سەرکردایەتی بووم لە دۆڵی نێوزەنگ نەخۆشخانەمان لە گوڵە هەرمێ بوو تا ساڵی ١٩٨٢ رەحمەتی د. کەمال خۆشناو و شەهید سەید کەریم داوایان لێکردم بچمە سنوری کۆمیتەی هەولێر، مەسئولی عەسکەرییەکە



شەهید سەید کەریم بوو و مەسئولی گشتییش دکتۆر کەمال خۆشناو بوو، هەروەها لایەنەکانی تری ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشی لەگەڵ بوو، خالە سەید مەجید و مامۆستا نازم و مامۆستا عەلی حەویز و ئەوانەی دیکە.

**گوندی خەتێـمان هەڵبژارد، چونکە گوندی خەتێ و سەرکانی سمانداری، جێگەیەکی پاکوخاوێن بوو و ئاوێکی زۆری هەبوو و تەقەت وسەخت بوو. بڕیارمان دا لەوێ نەخۆشخانەکە دروست بکەین**

نەخۆشخانەیەکی بچووکمان لە گوندی وەرتێ دانابوو، بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک لەوێ بووین و خزمەتی پێشمەرگە و هاوولاتییانمان دەکرد بەبێ جیاوازی. هەندێک دەرمانی کەممان هەبوو کە لەگەڵ خۆمان لە سەرکردایەتییەوە هێنابوومانە خوارەوە.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ مەڵبەندی سێ لە بالیسان دامەزرا. ئەو کاتە ئێمە چووین نەخۆشخانەی بالیسانمان دامەزراند کە پێمان دەگوت نەخۆشخانەی شەهید شێخ سلێمان. لەناو بینایەکی کۆنی قوتابخانە بوو، کردمانە نەخۆشخانە کە لە دوو سێ ژوور پێکهاتبوو و بە بلۆک دروست کرابوو.

لەوێش ساڵ و نیوێک بۆ دوو ساڵ خزمەتمان کرد. لە ساڵی ١٩٨٤ کاک کۆسرەت و هەڤالانی لە ڕێکخستنەکانی ناوەوە هاتنە دەرەوە و مەڵبەندی چوار لە دۆڵی سماقولی دامەزرا. داوایان لێم کرد بچمە دۆڵی سماقولی بۆ ئەوەی لەوێش نەخۆشخانەیەکی شۆڕش دامەزرێنین. ئەو کات هەندێک لە هەڤالان لە نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ مانەوە، چونکە شەڕێکی زۆر هەبوو و فڕۆکە جەنگییەکان بەردەوام بالیسانیان بۆردومان دەکرد، بۆیە بە ناچاری مەڵبەند و نەخۆشخانەکە گوازرانەوە بۆ گوندی توتمە.

مەڵبەندەکەی سماقولی سەرووچاوە بوو و ئێمەش نەخۆشخانەکەمان لە گوندی سوسێ دانا کە نزیک گوندی زیارەتە".

"دۆڵی سماقولی هێرشی زۆر گەورەی بۆ دەهات، یەک دوو هێرشی نزیک بوو لە هەولێر. سنوورەکە داگیرکرا و هەموو ناوچەکە سووتێندرا، هیچ شوێنێکی حەوانەوە نەما جگە لە پارتیزانی. ئەو کاتە وا بە چاک زانرا کە نەخۆشخانەکە بچێتەوە دۆڵی بالیسان، چونکە ئەمینتر بوو و دوورەدەستتر بوو لە حکومەت.

گوندی خەتێ-مان هەڵبژارد، چونکە گوندی خەتێ و سەرکانی سمانداری، جێگەیەکی پاکوخاوێن بوو و ئاوێکی زۆری هەبوو و تەقەت وسەخت بوو. بڕیارمان دا لەوێ نەخۆشخانەکە دروست بکەین، لە ساڵی ١٩٨٥ و ١٩٨٦. لە نەخۆشخانەی خەتێ بریندارمان بۆ دەهات، چونکە شەڕەکان زۆر توند بوون و حکومەت زۆر بە توندی لێی دەدایـن دوای هەرەسی

مفاوەزاتی ٨٤، بەڵام بە کیمیاوی لێیان نەدەدایـن، هیچ ئەزموونێکمان لەسەر چەکی کیمیاوی نەبوو. بەڵام سەدام پێشتر هەڕەشەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی کردبوو، بۆیە هەندێ زانیاری سەرەتاییمان کۆکردبووەوە لە چەند پەرتووکێک کە باسی لێدانی چەکی کیمیاوی دەکات و چی بکەین ئەگەر لێدرا و چارەسەری چییە. وەک دکتۆر، زانیاری پزیشکی هەر زۆر کەممان هەبوو.

**ڕۆژە شومەکە... ڕۆژی کیمیاباران**

دکتۆر زیان عوسمان وەک شایەدێکی وورد، لەبارەی ڕۆژی کیمیابارانەکەو شێوازی چارەسەرکردنی برینداروەکان و باروودۆخی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

بەکار هاتبوو، بەپێی زانیارییەکانی من هیچ خەسارەتێکی نەبوو لەناو خەڵکدا، بەڵام پێشمەرگە بریندار بووبوون بە تۆپ لێیان درابوو.

ئێوارەی ١٦ ی ٤ی ١٩٨٧، بەهار بوو، وەک دەزانن بەهاری بالیسان چ جوانیەکی هەیە، دنیا هەندێ پەڵەهەوری هەبوو، بەڵام باران نەبوو، هەوایەکی فێنکی زۆر خۆشی هەبوو. بەرەو مەغریب و وەختی گاڕان و شوانەکان دەهاتنەوە گوند، ژیانی گوند زۆر ئارام و جوان و خۆش بوو. هیچ شتێکی وا نەبوو جگە لەوەی چەند ڕۆژێک پێشتر هەواڵ هاتبوو کە جاش و جەیشێکی زۆر کۆبووەتەوە لە سنووری لای سەرووچاوە و خەلیفان، دەنگوباسی ئەوە هەبوو کە حکومەت هێرشمان دەکاتە سەر لەناو دۆڵەکە.

ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو، بەڵام شتێکی وا نەبوو، نە تۆپباران و نە فڕۆکەش نەبوو

ئەو چەند ڕۆژە واتە ئەو ئێوارەیەی کە باسم کرد، چەند هەلیکۆپتەرێک لە دیوی زینەتیرەوە هاتن. من لە خەتێ بووم، لەبەرچاومان باش دیار بوون، سروشتی خەتێ وایە ئەوەی لە ناوچەکە شارەزابێ، هەندێک بۆمبایان فڕێ دایە خوارەوە، هەندێکیان لە زینەتیر و هەندێکیان سوورانەوە پشتی خەتێ و لە دەرەشێر و ئەو شوێنانە، بۆمبەکان دەنگی زۆر نەدەهات، بەڵام دووکەڵێکی بۆری پیسی لێ هەڵدەستا، پاشان بۆمان دەرکەوت کە لەسەر ڕێگاکانی دەدا، ئەو ڕێگایانەی کە پێشمەرگە پێیدا دەچوون یان دەکشانەوە یان پێیدا تێپەڕ دەبوون، هەلیکۆپتەرەکان زۆر بوون، وا بزانم ٨ بۆ ١٢ دانە دەبوون، من پێشتر ئەوەندە هەلیکۆپتەرەم پێکەوە نەدیبوو، پێم گوتن خۆتان توند ببەستنەوە ڕەنگە ئینزال بکەن (دابەزینی سەرباز). هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە دۆڵەکەدا نەمابوو زۆربەیان چووبوون بۆ شەڕی دۆڵی جافایەتی سەرکردایەتی یەکێتی، تەنیا چەند بنکەیەک و ئێمەی پزیشک و یاریدەدەری پزیشک و چەند پێشمەرگەیەک مابوون. شەهید حەسەن کوێستانی لە بارەگای خۆی لە توتمە بوو، حاکم سەردار و حاکم سەمەدیش لەوێ بوون.



"ڕۆژێک پێش ١٦ی ٤ی ١٩٨٧، لە دۆڵی جافایەتی چەکی کیمیاوی

ژمارەیەکی زۆر کەمی پێشمەرگە بە گشتی لە ناوچەکە مابوو، وەچەکی قورسیشمان نەبوو.

**زۆربەی هەرە زۆریان چاویان تەواو قەپات بوو، چاویان پێ نەدەکرایەوە. دەمانگۆت چاوتان بکەنەوە، چاوی توند قەپات بوو، نەیدەتوانی بیکاتەوە. ئەوانەی کە چاویان کردبووەوە تەماشامان دەکرد چاویان وەکوو گۆمی خوێن بوو، ناو چاویان سووتا بوو.**

جگە لە هەلیکۆپتەرەکان، چەند فرۆکەیەکی جەنگی وەکو سیخۆی و میگ هاتن و لەسەرووی هەلیکۆپتەرەکانەوە دەفڕین، فرۆکەکان نزم دەبوونەوە و بۆمبیان فڕێ دەدایە سەر بالیسان و کانی بەرد و شێخ وەسانان. بۆمبەکان دەنگیان زۆر نەبوو و دووکەڵیشیان لە ئێمە دیار نەبوو چونکە لە نێوان خەتێ و ئەو گوندانەی بۆردومان دەکران چەند گردو چیایەک هەیە. دوای تۆپبارانەکە و تاریک بوونی دونیا بۆنێکی سەیر لەگەڵ بادا هات، بۆنی سێوی بۆگەنی و بۆنی سیر و سەوزەوات بوو. زانیم کە ئەوە چەکی کیمیاییە. من و برادەرێکم (وا بزانم کاک خدر بوو) بەپێ چووین بۆ بارەگای شەهید حەسەن کوێستانی لە توتمە دونیا زۆر تاریک و ئەنگوستەچاو بوو بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەینەوە. نزیکەی ٢٠ دەقیقە بۆ نیو سەعاتێکی پێ چوو تا گەیشتینە ئەوێ.

شەهید کوێستانی کە شارەزایی سەربازی زیاتری هەبوو ووتی کە ئەوە ئینزال نییە، چونکە حکومەت ناوێرێ بەشەو ئینزال بکات لە هیچ شوێنێک. پەیوەندیمان بە ڕەوانشاد مام جەلالەوە کرد بە ئامێر (جهاز)ی ڕاکاڵ. جەنابی مام جەلال فەرمووی: جارێ بێدەنگ بن و با کەس نەزانێت تا دڵنیا دەبینەوە کە کیمیاییە و بەردەوام ئاگادارم بکەنەوە. دواتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ نەخۆشخانەکە.

لە نەخۆشخانە بە برادەرانم ڕاگەیاند کە هۆشیار بن، لەڕاستیدا کەس نەخەوت ئەو شەوەی، تا ئەو کاتە هیچ بریندار و شتێکمان بۆ نەهاتبوو، چونکە ئەگەر بریندار هەبا بەرەو لای ئێمەیان دەهێنا.

ژوورێکی حەسانەوەی خۆمانمان هەبوو، چووم تۆزێک پاڵکەوتم بەڵام خەوم لێنەکەوت، نازانم سەعات چەند بوو، بەرەبەیان بوو، سەعات سێ و ئەوانە بوو. غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگێکی زۆری وەک دەنگی تراکتۆرو ئەو شتانە پەیدا بوو، خەڵک و گریان و هاوار، دەتگوت ڕۆژی حەشرە. کە هاتمە نەخۆشخانەکە، نەخۆشخانەکە ٢٠ مەترێک دوور بوو لەو ژوورەی من، تەماشام کرد خەڵکێکی زۆر هاتبوون بە تراکتور، پشتی تراکتۆر پڕ بوو، بە وڵاخ و بەهەرجۆرێک بۆیان کرابوو هاتبوون. زۆر کەم خەڵکی ساغیان لەگەڵ بوو، خەڵکەکە زۆربەیان بریندار بوبوون.

بریندارەکانیان، زۆرینەیان پێستیان بڵۆقی، کە پێی دەڵێن پفکە لێ هاتبوو، بڵۆقی زۆر گەورەیان لە پێستدا بوو، وا هەبوو بڵۆقەکان تەقیبوون و خوێنیان لێ دەهات. زۆریان دەکۆخین، کۆخە لەگەڵ خوێنیان فڕێدەدا، دەرشانەوەو خوێنیشیان لەگەڵ دەهێنایەوە. زۆربەی هەرە زۆریان چاویان تەواو تەواو قەپات بوو، چاویان پێ نەدەکرایەوە. دەمانگوت چاوتان بکەنەوە، چاوی توند قەپات بوو، نەیدەتوانی بیکاتەوە. ئەوانەی کە چاویان کردبووەوە تەماشامان دەکرد چاویان وەکوو گۆمی خوێن بوو، ناو چاویان سووتا بوو.

ئیدی خەڵکەکە لە وەزعێکی زۆر خراپدا بوو بە ڕاستی، جێگەی داخ بوو، زۆریش بوون، ژمارەکەمان نەدەزانی چەندە. دەرمانێکی ئەوتۆمان نەبوو بە حەقەت و زانیارییەکی ئەو

تۆشمان نەبوو لەسەر لێدانی چەکی کیمیایی، چونکە لێدانی چەکی کیمیایی شتێک نییە ئێمە لە کۆلێژی پزیشکی بیخوێنین، ئەوە ڕەنگە لە سەربازی بخوێندرێ، بەڵام ئێمە بە ژیانی خۆمان شەش ساڵ لە کۆلێژی پزیشکی بووین، ئەو وانەیەمان نەدەخوێند کە چۆن چەکی کیمیایی لێ دەدرێ و چارەسەری چییە، ئەو شتانەمان نەدەزانی.

یەکەم جاریش بوو ئەگەر بڵێین لە هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە لێ بدرێت. بە هەر حاڵ ئێمە بەنجێکی مەوزوعیمان هەبوو، قەترەیەکم گرتبووەوە بۆیان بە فکری خۆم، ئەو قەترەیەمان دەکردە چاویان. هەندێکیان چاویان هەڵدەهێنایەوە، کە چاویان هەڵدەهێنا پێمان دەگوتن بڕۆن لە کانی سمانداری دەست و چاوتان بشۆن، سابوونمان دابوونێ، چونکە وەکوو ماددەیەکی سپی چەورییان بە پێست و دەموچاو و جل و بەرگیانەوە نووسابوو.

بە برادەرانم گوت، بڕۆن لەناو گوندی هەندێ جل و بەرگیان بۆ بێنن، چونکە گوندی خەتێ ئاوەدان بوو، با خەڵکەکە جلەکانیان بگۆڕن، چونکە جلەکانیان هەموو ماددەیەکی وەکوو تۆزێکی سپی پێوە بوو، ئەکید ئەوە بەردەوام لە پێستیان دەمژرێ و دەیانسووتێنێ. هەندێک جلوبەرگی کۆنیان هێنا و بریندارەکان جلیان فڕێ دا و هی تریان لەبەر کرد، لە کانی سماندار دەست و چاویان بە سابوون دەشوشت. ئەو شەوە زۆر سارد بوو، هی ئەوە نەبوو بتوانن هەموو قەلبیان بشۆن و ئاوی گەرمیشمان نەبوو بە ڕاستی، ئاوی گەرم لەو شاخە لە کوێ بوو. تواناکانمان زۆر کەم بوو هەر ئەوەندە بوو.

لەوەش خراپتر ئەوە بوو، بەرەبەیان بوو، ڕۆژ دەهاتە دەرێ، جەیش و جاش هێرشیان هێنابوو هەم لە دۆڵی لای سەرچاوەوە گەیشتبوونە ئێرە و زۆر هاتبوونە پێش، هەم لە دۆڵی خەلیفانیشەوە. بە ئاشکرا گرەگری زنجیری دەبابەکان دەهات و تۆپبارانێکی خەستی دەکرد، دەنگی تەقەی خەفیفیش دەهات. ئەو کاتی بە خەڵکمان گوت وەرن لەگەڵمان ئەوەی توانای هەبێ با بچین و هەڵکشێین بەرەو شاخی سەرباری خەتێ، خەڵکەکە زۆریان ڕایان وابوو، گوتیان شۆڕ دەبینەوە ناو حکوومەت و ئەوەی دەبێ با ببێ، دەچینە نەخۆشخانەکانی هەولێر یان خەلیفان بزانین چارەسەری خۆمان بکەین مادام چارەسەرمان نییە لێرە، زۆربەیان شۆڕ بوونەوە بەرەو خواری بۆ سەر جادەی سەرەکی بالیسان.

هەندێکیان لەگەڵ مندا هاتن. کێشەی من لەگەڵ ئەوانەدا بوو کە هاتبوون، چاویان نەیدەبینی، دەبوو دەستیان ڕاکێشین بەرەو سەرباری خەتێ بچین. ئەو ڕێگایە ڕێگایەکی زۆ باریک و سەختە، دەبوو لە زۆر جێگە لەسەر ئەو بەردە گەورانە هەڵیانگرین و لەکۆڵیان کەین چونکە پێیان نەدەکران بڕۆن.

ئەو بەیانییە، چووینە ئەشکەوتێک لە سەرباری خەتێ لە پشتەوە، ناوی کوناوە، چووینە ناو کوناوی، (کوناوی پێ دەڵێن چونکە ناو ئەشکەوتەکە قەترە قەترە ئاوی لێ دەهاتە خوارەوە) حەوزێکی دروست کردبوو، پڕ ئاو بوو. ئاوی خواردنەوەمان هەبوو، بەڵام خواردن و شتمان هیچ نەبوو.

**بەڕاستی کە چووینە ناو شێخ وەسانان، وە شاری مردووان وابوو، هیچ شتێکی زیندووی تێدا نەمابوو. چاڵی گەورە گەورەی لێ بوو کە جێگەی بۆمبەکان بوو. ماددەیەکی سپی وەکو گریسی تێدا بوو، گەڵای دارەکان هەمووی کزابوون و هەڵوەریبوون**

لەوێ ماینەوە تا ئێوارە داهات، بە بەرچاوی ئێمە حکوومەت هاتە ناو ئەو گوندانە، گوندی خەتێ و هەموو گوندەکانیان سووتاند، ئاگری لێ هەڵدەستا. ئاگر و دووکەڵێکی چڕ هەموو ئاسمانی گرتبۆوە، هیچ دیار نەبوو لە ناو دووکەڵەکەدا. دواتر شەویش داهات، شەوێکی تاریک بوو.

هەر ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی جاش و جەیش هاتن بەرەو سەرباری خەتێ بەو لای ئێمەدا سەرکەوتن بە حەقەت، گوێمان لە دەنگیان بوو، قسەیان دەکرد، بەڵام کوناویان لێ دیار نەبوو، جێگەیەکی کەمێک شاراوەیە و هەندێک تەڕاش و شتی لە پێشە. بە برادەرانم گوت خۆتان حازر بکەن ئەگەر لێمان نزیک بوونەوە زۆر، تەقەیان لێ بکەین، بەڵام دیار بوو نەیاندیت و هەر چی بوو گەڕانەوە، زیاتر نەهاتنە پێش.

کە مەغریب هات، دۆڵی بالیسان وەکوو پشکۆیەک دەگەشایەوە بە ڕاستی، هەمووی سووتاندرابوو. لایت و شتی ئۆتۆمبێل دیار بوو، هات و چۆی دەبابە و دەنگەدەنگ دەهات، شەوێکی زۆر ناخۆش بوو. ئەو شەوە لەو کونە ماینەوە تا بەرەبەیان، نزیکەی تاریک و ڕوون بوو. بە برادەرانم گوت با بچینە دۆڵی مەلەکان، چونکە ئەو جەیشە بە ئاسانی ناکشێتەوە، ئێمەش ناتوانین لەو شاخە بەبێ نان و ئاو و شت بژین.»

کە تۆزێک لە چیایەکەی سەرکەوتین، ڕێچکەیەک یە لە نێوان خەتێ و شێخ وەسانان، بەرەو شێخ وەسان دواتر لەوێوە ئاودیو دەبێ بەرەو چیای پشتی گوندەکەو پاشان دەچیتەوە مەلەکان، بریندارەکان دەیانگوت ئێمە ناتوانین لەگەڵتان بێین، ئەوانەی شێخ وەسانان زۆربەیان بەرەو حکومەت چوونەوە و دەیانگوت ئێمە مەدەنین و هیچمان لەسەر نییە.

پێشمەرگەکان ماینەوە بە تەنێ.

بەڕاستی کە چووینە ناو شێخ وەسانان، وە شاری مردووان وابوو، هیچ شتێکی زیندووی تێدا نەمابوو. چاڵی گەورە گەورەی لێ بوو کە جێگەی بۆمبەکان بوو. ماددەیەکی سپی وەکو گریسی تێدا بوو، گەڵای دارەکان هەمووی کزابوون و هەڵوەریبوون. هەندێک لە برادەران دەستیان لەو ماددە سپییە دابوو، پێم گوتن وا مەکەن ئەوە کیمیاییە. هیچ شتێکی زیندوو لە بزن و گا و مریشک نەمابوو، هەمووی ڕەق ببووەوە. لەناو خانووەکاندا خەڵکی مردوو هەبوو کە دەرفەتی ڕاکردنیان نەبووە. خەڵکەکەی پێشتر کە ڕۆژی کیمیابارانەکە بوو ڕۆیشتبوون و زۆرتر بەرەو لای ڕانیەی چووبوون.

حکومەت سەرەتا نەهاتبووە ناو شێخ وەسانان چونکە هەم کیمیایی زۆری لێدرابوو هەم گوندەکە لە بناری شاخی بوو کە ڕەنگە سەرەتا لەبەر ئەوە نەیانوێرابێ بچنە ناو گوندەکە.

ئێمە زوو گوندەکەمان جێهێشت و چووینە پشت شاخەکە. لە سەر شاخەکەوە تەماشای ناو دۆڵەکەمان دەکرد، هەموو جاش و جەیش بوو، دەنگی زنجیری دەبابە و ئۆتۆمبێلی سەربازی دەهات، بەردەوامیش ئەو شاخانەیان تۆپباران دەکرد، فڕۆکەو هەلیکۆپتەر بەردەوام دەسوڕانەوە، جەنجاڵییەکی گەلەک زۆر دیار بوو.

دواتر ئاودیوی مەلەکان بووین، ماڵەکانی ئەوێ زۆر خزمەتیان





کردین شەوێک لەوێ ماینەوە لە مزگەوتەکەو لە دەرێ نوستین، شەهید کوێستانی و ئەو پێشمەرگانەی مابوونەوە هەموویان لەو بوون...

**گەڕانەوە بەرەو گوندی خەتێ و نەخۆشخانەکە:**

بۆ رۆژی دواتر حکومەت کشایەوە، بۆیە ئێمە ئاودیو بووینەوە بەرەو گوندی خەتێ بزانین چ مایەو ناوچەکە چی بەسەر هاتووە، بەو ماندوویتیە گەیشتینەوە گوندی خەتێ، بۆنی سوتانی لێدەهات، گوندەکە کەسی لێنەمابوو یەک دوو هاولاتی لەوێ مابونەوە یان گەڕابوونەوە ئەوانمان دیت پرسیاری جاش و جەیشمان لێکردن گوتیان هەموویان کشاینەوە

نەخۆشخانەکە سووتابوو، لەوێ هیچ شتێک نەمابوو، ماڵەکانی خۆمان و کوخەکانی خۆمان هەمووی سووتابوون. هەندێک ئازوخەو شتی وا وەکو برنج و شەکر مابووەوە، بە هەر حاڵ خۆمان ژیانمان پێی بەڕێ دەکرد، برنج و خواردەمەنی سوتاوو وبۆن دوکەڵمان کۆدەکردەوەو کە لێمان دەنا تام سوتاوێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات... وورده وورده خەڵکیش گەڕایەوە گوندەکە و دوکانەکان کرانەوە، ژیانیش ئاسایی گەڕایەوە.

**٤/١٦ لە پەرلەمانی بەریتانیا**

تەبعەن ئەو ڕووداوە زۆر کاری تێکردم، دەساڵان پێشمەرگە بووم، بەڵام ئەوەیان لە هەمووی کارەساتبارتر بوو کە ئەو وەزعانەمان دەدیت بەتایبەت بەسەر خەڵکیدا هاتبوو، خەڵکی بێتاوان، ژن و منداڵ.

لە ساڵی ١٩٩٠ پاش ئەنفالەکان گەڕاینەوە، چوومە مەکتەبی سیاسی، ناردمیانە دەرێ بۆ خوێندن تەواوکردن، ئەو کاتە هێشتا سەدام کوێتی نەگرتبوو. لە ئێران ڕا هاوکارییان کردین و خۆم و خێزانم هاتینە لەندەن. لەوێش بەردەوام بووم، هەمیشە لە کۆڕوکۆبوونەوەکان لە پەرلەمانی بریتانیا لە لەندەن، لە هەموو شوێنێک ساڵانە لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، باسی کیمیابارانی دۆڵی بالیسانم دەکرد وەکوو شاهیدحاڵێک. هەتا لە پەرلەمانی بریتانیا لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک و برادەری خۆمان لە کوردەکان هەوڵمان دا و کیمیابارانی هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان بە جینۆساید ناسرا.

**رۆژی دادگایی کردنەکە خۆشترین رۆژی ژیانم بوو**

لە ساڵی ٢٠٠٧ مەکتەبی سیاسی داوایان لێ کردم بێمەوە وەک وەزیری تەندروستی لە کابینەی پێنجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەم کابینە بوو پاش شەڕی ناوخۆ. وەزعەکان ناخۆش بوون ئەو کاتی، هێشتا ئەو دوو ئیدارەیی زۆر تۆخ بوو. بە هەر حاڵ کە گەڕامەوە بووم بەوەزیری تەندروستی... ئەو کات دادگایی کردنی سەدام دەستی پێکردبوو، و ئەمن داوا کرام کە وەک یەک لە شاهیدەکانی ئەنفال و چەکی کیمیایی بچم شاهیدی بدەم لەوێ. ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو لای من، با بڵێم خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو کە هەرگیز لەبیرم ناچێ، یەکێک لەو ڕۆژە خۆشانەی ژیان.

ڕۆژی پێشتر، من چوومە بەغدا، لەوێ ئەمریکییەکان پێشوازییان لێ کردم لە فڕۆکەخانەی بەغدا. وەزع زۆر ناخۆش بوو، شەڕ بوو ئەو کاتی، شەڕی سوننە و شیعە بوو، زەلام بەبێ هیچ هۆکارێک دەکوژرا. منیان بە

**که چوومە ژوورەوە، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو لە ژیانمدا، چونکە دوژمنانی کورد هەمووی لەژێر پێمدا بوون. شوێنی شاهیدیەکە تۆزێك بەرزتر بوو لە قەفەسی تۆمەتبارەکان**

سەیارەیەکی تایبەت و پاسەوان برد بۆ ناو سەربازگەیەکی ئەمریکییەکان.

شەوێک لە یەکێک لە سەربازگەکانی ئەمریکییەکان لەناو کابینەیەکدا دانرام، لە قەرەوێڵەیەکدا بووم. تا بەیانی ئەو مەعەسکەرە تۆپباران کرا، نەمدەزانی جەیشی موقاوەمە بوو یان هەر شتێکی تر بوو، هەر هاوەن و تۆپ بوو دەهات تا بەیانی، وەکو جەبەهەی شەڕ بوو، هەر خەوم لێ نەکەوت.

ڕۆژی پێشتر لە دادگاکە یەکێک لە شایەدەکان قسەی دەکرد، ئیفادەیان لێ وەردەگرت، کە گوتی گازەکە بۆنی وەک سێو و بۆنی سیری لێ دەهات. پارێزەرەکان، ئیستیفزازیان دەکرد، لێیان دەپرسی و دەیانگوت: 'تۆ سیرت لەکوێ دیوە؟ سیر لە ماڵەوە دەچێنن یان لە بازاڕ دەیکڕن؟ تۆ چۆن دەزانی بۆنی سیرە؟ بۆنی سیر چۆنە؟ لە ماڵەوە سیرتان هەیە؟' لەم جۆرە پرسیارانەیان لێ دەکرد، زۆر ئیستیفزاز بووم بەو پرسیارانە و پێم ناخۆش بوو کە ئافرەتێکی ئاوا بەتەنیا لە دادگایەکی ئاوا ترسناک بەو شێوەیە ئیستیفزاز بکرێت. پێم خۆش بوو ئەو شتانەی من دەیزانم زیندوو بکەمەوە و بڵێم ئەگەر دەوێرن با لە من ئەو پرسیارانە بکەن.

بە هەر حاڵ، بەیانییەکەی زوو ئۆتۆمبێلێکی لاندکروز بوو وا بزانم یان تاهۆی ڕەش بوو، چواردەوری پەردەی ڕەش بوو، منیان سوار کرد لە دواوە، بەڵام من لە درزی پەردەکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد، ئەو شمشێر و خەنجەرە گەورەیەم دیت و ئەوێمان تێپەڕاند، گەیشتینە دادگا.

کە منیان برد بۆ دادگا، حاکم عورەیبی لەوێ بوو (محەمەد عورەیبی). پێش ئەوەی بچین ئیفادە بدەین، گوتی ئەوانە (تۆمەتبارەکان) زۆر بێ تەربیەتن و ئیستیفزازت دەکەن، تووڕە مەبە. منیش پێم گوت من دکتۆرم، لە زۆر مەحکەمەدا ئامادە بووم و شاهیدیم داوە، خەمت نەبێت من ئیستیفزاز نابم بەو قسانە.

کە چوومە ژوورەوە، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو لە ژیانمدا، چونکە دوژمنانی کورد هەمووی لەژێر پێمدا بوون. شوێنی شاهیدیەکە تۆزێک بەرزتر بوو لە قەفەسی تۆمەتبارەکان. سەدام لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، عەلی حەسەن مەجید، بەرزان، سوڵتان هاشم، عەواد بەندەر و ئەوانە هەموو لەوێ بوون. چاوم بڕیبووە ناو چاوی هەموویان، تەنیا سێ مەتر بەینمان بوو. شاهیدیم دا و باسی ئەو لێدانی چەکی کیمیاییەی ١٦ی ٤م بۆ کردن و بە تێروتەسەلی بۆم گێڕانەوە. هەموویان چاویان شۆڕ کردبووەوە، یەکێکیان فزەی نەکرد، نە خۆیان و نە پارێزەرەکانیان. لە کۆتاییدا سوڵتان هاشم هەستا و گوتی: 'من ئەو کاتە قاید فەیلەق بووم لە بەسرە، ئاگام لێی نییە و پەیوەندیم پێوە نییە.' ویستی خۆی بێبەری بکات، دەنا هیچ کامیان قسەیان نەکرد. شاهیدییەکەم نزیکەی سەعاتێکی خایاند. بەداخەوە کە سەدام لەسەر دوجەیل ئیعدام کرا نەک لەسەر کیمیاباران و ئەنفال، چونکە هێشتا زۆر نهێنی هەبوو ئاشکرا ببێت و شاهیدی زۆرمان هەبوو".



# نەجیبە فەقێ خدر شێخوەسانی: ئەوەی سەددام بەرامبەر بە ئێمە کردی هیتلەر وای بەرامبەر بە قەومی خۆی نەیکرد.

ئا. توانا موسلیح

**ڕۆژی دادگایی کردنی سەددام خۆشترین ڕۆژبوو لای من، وەك جەژن وابوو، جلی جوانم لەبەر کردبوو، لەڕاستیدا خۆم ڕازاندبووەوە. برام لەدەست دا، کوڕم لەدەست دا، خەزوورم لەدەست دا، برازام لەدەست دا، بەخۆم بویمە نیوە ئینسان بەدەست کاریگەری چەکی کیمیاوی، بەس ئەو ڕۆژە وام زانی تازە لە دایك بویمە.**

نەجیبە فەقێ خدر شێخوەسانی، بریندراری کیمیایی و شایەتحاڵی دادگاییکردنی سەددام حوسێن، تایبەت بۆ گۆڤاری شازدەی چوار چیرۆکی دادگایی کردن و چونیان بۆ بەغدا دەگێڕێتەوە، ئەو ژنە کە هاوسەری ڕەوانشاد فەقێ شێخ وەسانیە، ناخی پڕە لە چیرۆکی تراژیدی، کیمیاباران و وون بوونی کوڕە تاقانەکەی لە زیندان_ نەخۆشخانەی هەولێر کە هەتا ئەمڕۆش چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکات، تراژیدیاکانی مەرگ و خنکانی بەکۆمەڵ، ٣٩ ساڵ ڕووبەڕووبوونەوەی شوێنەوارو کاریگەریەکانی ئەو چەکە نەگریسە نەیانتوانیوە تۆزقاڵێک لە ئازایەتی و کوردبوونی کەم بکەنەوە، لەو دیمانەیەدا کوردانە و نیشتیمانیانە ڕووی دەمی دەکاتە حزبە باڵادەستەکان و داوای یەکبوونیان لێدەکات...

لەبارەی چۆنێتی چوونیان بۆ بەغدا بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ شازدەی چوار دەدوێ:

"دکتۆر کامەران، لەگەڵ دوو برادەری تر، ناویانم لەبیر نییە، یەک دوو جار هاتن بۆ بالیسان و سەردانیان کردین. هەردوجار چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، گوتیان: "ئەگەر ڕۆژێک بێت سەددام حوسێن دادگایی بکرێت، ئێوە ئامادەن بچن؟" منیش لە ماڵی خۆمان گوتم: "من ئامادەم تەنانەت ئەگەر لە لەندەنیش بێت بچم".

جارێکی تریش ئێمەیان برد بۆ چوارقورنە، لەوێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، دکتۆرەکان دانیشتبوون، گوتیان: "ئێوە ئامادەن ڕۆژێک بێت ئێوە ببەین بۆ بەغدا بۆ دادگای سەددام حوسێن؟" منیش لەوێش گوتم: "من لە هەر کوێ بێت، دادگای سەددام بێت، من ئامادەم بچم".

دواتر دکتۆر کامەران لەگەڵ فەقێی هاوسەرم ڕێککەوتن، سێ برادەری تریش بوون. ئەو کاتەی کە کاتەکەی هات، گوتی: "بزانە فەقێ هەندێک کەسم بۆ ڕێکبخە لە شێخ وەسان و لە بالیسان. فەقێ زۆر داوای لە خەڵکی کرد، چونکە ئەو کاتە بەغدا زۆر مەترسیدار بوو، تەقینەوە و شت هەبوو، مەترسیدار بوو، هەموو کەس ئامادە نەبوو بچێت. بە خودا زۆر ماڵ هەبوون فەقێ چوو بۆ لایان، لەبەر ئەو مەترسیانە نەوێران بچن.

فەقێ پێی گۆتم: "نەچۆ ئەگەر تۆ نەچیت، کە کەسوکاری شەهیدی، کوڕەکەت و بریندراری چەکی کیمیاییت، ئەگەر تۆ نەچیت کێ بچێت؟" گوتم: "ڕۆحم لەسەر ڕوح و خوێنی هەموو شەهیدانی کوردستان، من ئامادەم لەوێ نەگەڕێمەوە و بچم ئاخر ئەوە ئاواتی من بوو ڕۆژێک بێ بەرامبەر ئەو زاڵمەو ستەمکارە ڕاوەستم و پێی بڵێم لەسەرچی وای لێکردین؟.

خوای گەورە ڕێکی خست، چوینە بەکرەجۆ لەوێشەوە بە فڕۆکە چووین، فڕۆکەی جەنگی بوو. من و شەهید بەدری کچی مام سەعید، بەهیەی خاڵیدی کچی خاڵ مستەفا، عەلی شێخەی بالیسانی بە خۆیی خێزانی بوو، منیش بووم. پێشی بچین سێ شەوان لەسەر ئەو بانەی بە خوای گەورە خەو لە چاوی من بڕابوو. سێ شەوان بەخۆ بە فەقێی یادی بەخێر بێت دانیشتین، هەر بیرمان دەکردەوە، چونکە ئەو کاتە بەغدا زۆر مەترسیدار بوو. لە مێژ نەبوو سەددام حوسێن گیرابوو، دارودەستەکەی دەیانەویست لە تۆڵەی گرتنی سەددام پشێوی دروست بکەن.

فەقێ پێی دەگوتم مەترسە و وابڵێ و وابکە، بەس فەقێ پرسیارێکی لێکردم، هەمان پرسیاریان لێکردم لە بەغدا. پارێزەرەکانی سەددام حوسێن گوتیان: "ئێران لێی داون، ئێران ئێوەی داوەتە بەر کیمیایی." گوتم: "نەخێر، ئێمە نیو سەعات لە شەقڵاوە دوورین، عێراق لێی داوین...

پێشتر سوێندیان داین کە ئێمە ڕاستیەکان دەڵێین و خیانەت ناکەین و چمیان دییتیە ئەوەی دەگێڕینەوە" گوتی: "بۆچی هاتی؟" حاکمەکە پرسیاری لێکردم، گوتم: "هاتووم سکاڵا بکەم، لە سەددام حوسێن و دارودەستەکەی، لە عەلی حەسەن مەجید کە ناسراوە بە عەلی کیمیایی. کە ئێمە لەو دەمەی کە دەستەڕاست و چەپم زانیە، بە هەموو جۆرە چەکێک لێی داین. ١٦ی ٤ی ١٩٨٧ بە چەکی کیمیایی ئێمەی بۆردومان کرد، نە پیر و نە پەککەوتە و نە منداڵی پاراست، لە پیرەمێردی ٧٠ ساڵی تا منداڵی یەک شەو، دەستی لە کەس نەپاراست".

گەلەک قسەم کرد، سەددام حوسێن مشاوەش بوو. باسی ئەوەم کرد کە لەساڵی ١٩٩١ و کاتی ڕاپەرین ئێمە لەگەڵ عەرەبەکان بەبەزەیی بووین. پارێزەرەکەی سەددام گوتی: "باسی خۆت بکە." گوتم: "من نوێنەری هەموو کوردم، بەس باسی خۆم ناکەم"، بە حاکمم گوت، حاکمەکە گوتی: "بەردەوام بە." گوتم: "من یەک شت دەگێڕمەوە بەزەیی کورد بەرامبەر بە عەرەب. گۆتم" کە سوپای سەددام حوسێن هاتە خوارەوە، من کفتەم لێناوبوو بۆ سەربازەکان دەمبردە سەرجادەی و بەزەییم پێیاندەهاتەوە، تەواو بوو یەکەک هات داوای کرد گۆتم ماکو بەخوای جەرگم لەتاوان دێشا وەک برا و ئەولادی خۆم تەماشام دەکردن. سەددام حسێن لە ناو قەفەزێ پێی گۆتم عافیە علیک

دواتر گوتم: " ئەوەی ئەنگۆ بەرامبەر بەمە کردو هیتلەر وای بەرامبەر بە قەومی خۆی نەکرد، گۆتم: سەددام حوسێن هاوارت دەکرد"الشعب العراقیة!"، گوتم: "ئەدی مادام شەعبی تۆ بووین بۆ بەو هەموو چەکەوە لێمانت دا؟" دیسان پارێزەرەکەی سەددام وەڵامی دایەوە، گوتی: "مەگەر ئەو ژنە نەخوێندەوار نییە؟ ئەدی چۆن ئەمانە

دەزانێت؟" یەکیان ناردە لای من دواتر وەڵامیان دایەوە سوێندیان خوارد کە نەهیچ کاغەزێکم لە پێشە بیخوێنمەوەو نەهیچ کەسێکیش قسەکانم پێ دەڵێ، گوتیان کەواتە با دووبارەی بکاتەوە..

گوتم: "نەک جارێک، سەد جار دووبارەی دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی هەموویم لەبەرە، ئاخر لەوەتەی هەین و بە دەستەڕاست و چەپی خۆمان دەزانین تۆ بە جۆرەها چەک لێمانت دا." گوتی چ جۆرە چەکێک؟ گوتم: "تەیارەی میگ، سوخۆی، بۆمبی هێشوویی (عەنقوودی)، کۆپتەر".

گوتم: "بۆ زانیاری هەموو کورد و کوردستان، هاوسەری من هەموو ئەو پارچە ماوانەی چەکەکانی کۆکردەوە، لە مەزاری شەهیدان وەک ڕەمزێک دایناوە." گوتیان لە کوێ؟ گوتم: "مەزاری شەهیدان" ئەو شەهیدانەی دوای ڕاپەڕین لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزینمانەوەو هێنرانەوە بالیسان." ڕاست ڕۆژێک دوای ئەوە لێژنەیان نارد بۆ بالیسان، بینیبوویان پارچە بەجیماوەکان کۆکرابوونەوە، هاتن و تەماشایان کرد و زانیارییان وەرگرت. گوتم: "تۆ وات لێ کردین سەددام حوسێن، ئەدی مادام شەعبی تۆ بوون بۆ وات کرد؟"

لەبارەی ئەوەی ئایا لە سەددام حوسێن نەترساوە، دوای ئەو هەموو ستەمەی دەرهەق بە گەلی کورد کردبووی، نەجیبە شێخ وەسانی بە یەقینێکی زۆرەوە گوتی:

"نا وەڵڵا، نا وەڵڵا بەخوای گەورە... کاتێک چویت و سکاڵاکەت کرد، کە غەدرت لێکراوە، جگەر گۆشەت لەدەست داوە، چیت دێتە بەرچاو؟ چ کەسێک خراپەت بەرامبەر بکات چۆن بەزەییت پێیدا دێتەوە؟ من کە هاتم گوتم بەم قورئانە، گوتم "نصر من الله و فتح قریب". گوتم یەک کورم هەبوو تاقانە، ئەویشت ئەنفال کرد، خوا ئەنفالت بکات. حاکم گوتی: "نابێت وا بڵێیت، لێرە دادگایە." وەڵا نەعلەکەم لە دەست بوو، ویستم لە نێوچاوانی بدەم گەرلییان گەرابام، دەتگۆت مەیمونن بەخۆ بە عەلی کیمیاوی، بەس گوتیان لێرە دادگایە و نابێت قسەی پێ بڵێیت. ڕۆژی دادگایی کردنی سەددام خۆشترین ڕۆژبوو لای من، وەک جەژن وابوو، جلی جوانم لەبەر کردبوو، لەڕاستیدا خۆم ڕازاندبووەوە. برام لەدەست دا، کورم لەدەست دا، خەزوورم لەدەست دا، برازام لەدەست دا، بەخۆم بویمە نیوە ئینسان

بەدەست کاریگەری چەکی کیمیاوی، بەس ئەو ڕۆژە وام زانی تازە لە دایک بویمە، برینەکانم قەت سارێژ نابن، بەڵام ئەوکاتی هەستم کرد نیوەی برینەکانم هەمووی سارێژ بوون، کاتێک سەددام حوسێنی خوێن ڕێژ و زاڵم و دیکتاتۆرم لەناو قەفەسی دادگا دیت، لەبەرامبەری نەجیبەیەکی نەخوێندەواری ستەم لێکرای، ئەوە کاری خوای گەورەیە کە ستەمکار ئەوها بە زەلیلی ببینی. ئیشاڵڵا هەرچی خەرابەی بەرامبەر بە میللەتی خۆی بکا بەدەردی سەددام حوسێنی بچی.

**داواکاریم ئەوەیە نەخۆشخانەیەکی بێبەرامبەر بۆ بریندارانی کیمیایی بکرێتەوە. ئەو بریندارانە لە ڕووی دەروونی و جەستەیی و مەعنەوییەوە هەموو کەمئەندامن. خەستەخانەیەکیان بۆ بکرێتەوە کە هەر کاتێك چوون ڕێزیان لێ بگیرێت.**



**ئینشاڵڵا هەرچی خەرابەی بەرامبەر بە میللەتی خۆی بکا بەدەردی سەددام حوسێنی بچی.**

نەجیبەخان داوایەک ئاراستەی حزبە باڵادەستەکانی کوردستان دەکات و دەڵێت:

"داواکارم، ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی کوردستان، یەک بگرن، یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بن. لە ساڵی ٢٠٠٣وە من داوا دەکەم لە هەموو کەناڵەکان، ڕێزم هەیە بۆ هەموویان، داواکاریم ئەوەیە نەخۆشخانەیەکی بێبەرامبەر بۆ بریندارانی کیمیایی بکرێتەوە. ئەو بریندارانە لە ڕووی دەروونی و جەستەیی و مەعنەوییەوە هەموو کەمئەندامن. خەستەخانەیەکیان بۆ بکرێتەوە کە هەر کاتێک چوون ڕێزیان لێ بگیرێت، بۆ مەرهەمێکی چاو، بۆ حەبێکی سنگ، بۆ پەمپێکی هەناسە، بە پیریانەوە بێن و لەبیر نەکرێن، ئەمەی ئەمڕۆ هەیە بەرهەمی خەبات و قوربانی دانی ئێمەیە، بەرهەمی ئەو سەدان هەزار شەهیدەیە. هیوادارم بە یەک چاو تەماشای هەموو ئەوانە بکەن کە سەددام کیمیابارانی کردوون، نەک بڵێن ئەوە هی فلان حیزبە و ئەوە هی فلان حیزب. هیوادارم یەک دەنگ بن و ئاگایان لە ماڵی شەهیدان بێت، ١٦ی ٤ یاد بکەنەوە پێکەوە وەک برا، نەک ئەوەی هەر یەکە و بە جیا یادبکاتەوە. عەیبەیە، با خەڵکی دەرەوە گاڵتە بە عەقڵی کورد نەکەن، یەک بن باشترە، عەیبەیەکی گەورەیە یەک بەیانیان یادی شەهیدان بکاتەوەو ئەوی دیکەیان ئێواران! ئەوە ڕێز گرتن نیە لەو هەموو شەهیدو قوربانی و دەربەدەریەی ئەو خەڵکە چەشتی.

**عەیبەیەکی گەورەیە یەك بەیانیان یادی شەهیدان بکاتەوەو ئەوی دیکەیان ئێواران! ئەوە ڕێز گرتن نیە لەو هەموو شەهیدو قوربانی و دەربەدەریەی ئەو خەڵکە چەشتی.**

دەمەوێ جارێکی دی زۆر سوپاسی د. کامەران و د. جوانە خان و هەموو ئەوانە بکەم کە مرازی ئێمەیان حاسڵ کردوو بردیانین بۆ داداگای سەددام حوسێن..



# عەلی شێخە حاجی: گۆتم بەو خوایەی ئەمن دەبێ بەڕەمزی کوردی بچمە هۆڵی دادگا، بە قات و جەمەدانی و ئاڵای کوردستانیشم لەسەر سینگی خۆم دانا.

ئا: م. حەمەدەمین لاسە
فۆتۆ: زریان شینکۆ

**بەڕاستی بالیسان ئامانج بوو بۆ دووژمن هۆکاریش تەنها کورد بوون بوو بۆ بەکار هێنانی کیمیا لەم ناوچەیە.**

مام عەلی شێخە بالیسانی لە دایک بوونی ساڵی ١٩٥٣ یەو وەک شایەدحاڵێکی زیندووی تراژیدیای کیمیابارانکردنی بالیسان و شایەدحاڵی دادگاییکردنی سەددام حوسێن، بە ووردی ڕووداوو وێنەکانی ئەوێ ڕۆژێی کیمیاباراانکردنە بۆ شازدەی چوار دەگێڕێتەوە..

شازدەی چوار: بەر لەکیمیا باران ژیانتان چۆن بوو؟ بەچی بەرێوەدەچوون؟ ءوەچەند کەس بوون لە ماڵەوە؟

مام عەلی: پێش کیما باران ئێمە بە کشتوکاڵ شینایەتی و مارات خەریک بووین و تا ڕددەیەک ژیانمان باش بوو ئەوکات جار وەهەبوو کرێکاریمان دەکرد دینارەک یان دوو دینار بوو مهیم ئەوەبوو ژیانی خۆمان بەرێدەکرد کەم تا زۆر قەناعەتن پێدەکرد، خوای گەورە لەشێکی ساغی پێدابووم وام دەزانی دونیا هەمووی هی منە، هەمووکاتیک ژیان تەنگ و چەڵەمەی هەیە بەڵام بەهەر حال خەریکی کاسبی خۆم بووم، حیسابم بۆ هیچ شتێک نەئەکرد لەبەر ئەوەی ساغ بووم و لە هیچ شتێک نە ئەترسام، ئەو کات باوک و دایک و برام و خێزانی خۆم، کاتی کیمیای لێداین خۆم و خێزانم و حەوت منداڵ بووین.

شازدەی چوار: بڕواتان دەکرد بەکیمیا لێتان بدرێ؟

مام عەلی: هیچ کەس تەوەقوعی نەئەکرد بە چەکی کیمیا لێمان بدرێت لەبەر ئەوەی کەس ناویشی نەدەزانی، وە ئەگەر بەڕاستی قسە بکەم بەڕاستی بالیسان ئامانج بوو بۆ دووژمن هۆکاریش تەنها کورد بوون بوو بۆ بەکار هێنانی کیمیا لەم ناوچەیە، هەمووکاتێکیش کوردایەتی هەبووە لە کۆنەوە تاکو ئێستا، بالیسانیش ئەوکاتی بەرەوپێش بوو وەشۆڕشیش خۆڕاگر بوو بەرامبەر بە ڕژێم. هەر ئەو هۆکارەکەش بوو کە ئێرە کیمیا باران کرا.

شازدەی چوار: ڕۆژی کیمباران لەکوێ بووی ؟ چیت دەکرد؟

مام عەلی: ڕۆژی کیماوی من لەبالیسان بووم لە جۆتکردنێ هاتبوومەوە زۆر ماندی بووم چاوەڕێی بانگی مەغریبێم دەکرد

نوێژێ بەجەماعەت بکەم هێشتا نەچووبوومە دەرێ لە ماڵێ بۆ مزگەوت، گوێبیستی دەنگی تەیارەی بووم لە ژوورەوە بووم لە پەنجەرەم تەماشاکرد هەشتم ژماردن بەڵام ئەیان گوت دە دوازدەک بوون ئیدی دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی ئەو ناوچەیە، من کونە تەیارەکی زۆر قەیمم لیدابوو لە ناو خانی شاخم بڕیبوو بەڵام ئەوجارەی قومبەلە نەبوو کە لێیدا تەنها بۆن بوو، دەنگی قومبەلەکان کپ بوون کە پێشتر کە لێیی ئەدا دەنگەکەیان زۆر بەهێز بوو دار و دیواری ئەلەرزاند، بەڵام ئەو جارە وانەبوو.

شازدەی چوار: لە کاتی کیما باران هەستت بەچی کرد؟ چیت بینی؟ نیشانەکانی چی بوون؟

مام عەلی: ئەوکاتی کەلێیدا هەستم بە شتێکی وا نەکرد لەبەر ئەوەی دەنگی قومبەلەکان وەکو پێشتر بەقووەت نەبوو، کە تەیارەکان ڕەمیان کرد کە زانیمان ڕۆییشتن هەرکەسەو لەماڵێ هاتەدەرێ، وەکو ئێستا نەبوو هەرکەسەو لە شوێنێک خانوو بکات، هەموون لە دەورەی یەک بوووین ئەوەی لەوێ بوون تەئسیری لە هەموومان کرد کە نەشمان دەزانی کیمیایە هەتا بۆنێکی زۆر نەخۆش هات، جا ئەوی لەوێ بوون یەک ئەگۆ تیزابەو بەڵام من گۆتم بەخوا ئەوە کیمیایە جەماعەت.

شازدەی چوار: بۆ ئەتزانی کیمیایە؟

مام عەلی: نا بەڵام لە کنەمن بۆنەکە گەلەک گران بوو، بەڵام هەندەک کەس لەوێ بوون گۆتیان برا باسی کیمیای مەکە کیمیای چ حوکەت کیمیای بەکار ناینی، منیش پێم گۆتن خۆ حوکەت هەر ئەو جارەی بالیسان بۆردومان نەکردیە، واڵلە قومبەلەی گەورەتریشی لێدایە بەڵام هیچ جار ئەو بۆنەی لێنەهاتیە.بەڵام من ووتم زۆر جار لە تەلەفزیۆنیم دیتیە کاتی شەڕی هەشت ساڵەکەی ئێران_عیراق، ئەو عەسکەرانە مۆر بووینە ئەیان گۆت کیمیای لێدانە بەخوا ئێمەشی وەکی وانی حساب کردینە، هەتا دات تاریکایی زیاتردەبوو مارات و گاڕان دەهاتەوە.

شازدەی چوار: کاریگەری لە مەڕو ماڵاتی کردبوو؟

مام عەلی: هەر کەسەو چووە دوو ئیشی خۆ، بەڵام ئەو بۆنە زیاتر ئەئسیریە کرد ماراتمان داکردن، من لە ماڵێ هاتم بەرەو مزگەوت چووم دەست نوێژێ هەرگرم، هەندەک کەس نەماینە خوا عافویان کا محمدی حاجی شێخەی بوو حەسەنی مام سالحی پێیانەگۆت حەسەنە سۆر، هاتنە خوارێ گۆتیان ماڵێ فلانی قومبەلەی پێکەتیە تەخت بووە ئەچینە ئەوێ ئەمیش لە گەڵیان چووم لە بەر ئەوەی من لەوان نزیکتر بووم، نەشم زانی بوو کە بەو ماڵەی کەوتیە دەست نوێژم هەڵنەگرت لەگەڵەوان چووم، کە چووینەوێ لە خانووەکەی دابوو تەپک بوو بوو بەڵام دەورو بەری ئەو خانیەی کو گریزی ڕووکەی ئەوەهەبوو چەورایی بوو قومبەلەی لەوێ دابوو بەس چەندی بڵێی بۆنەکە گران بوو.

شازدەی چوار: بۆنی چی لێ ئەهات؟

مام عەلی: لەکنەمن بۆنەکە بۆنی غازەکی گران نەخۆش بوو بەرا جەماعەت هەر یەکە و قسەکیان ئەکرد هەندێکیشیان ئەیان گۆ بۆنی سێوە.

شازدەی چوار: ئەو کات کاری تێکردن ئەو بۆنەی ئەهات ؟

مام عەلی: هەندێ ڕیش سپی و لەمن لەتەمەنتری لێبوون، گۆتم برا من لەنگۆ گچکەترم بەس وابزانم کیمیای لەمەدا، ئەوانیش گۆتیان ما حوکمەت هەر جارەو بە نەوعەکن لێدا هەر وەی نەکردیە، ئەمنیش پێم گۆتن ئەمن مردی ئەنگۆ زیندی هەموو لێرەینە لە دەوری ئەو مارەی ئێکدی ئەبینینۆ واڵلە کیمیایە لەمەی دا، قومبەلەک لەوێ بوو وەکی دەسکە جوونی بوو، مام عەولای حەمەدی شێنکۆی بەڕەحمەتێ بی لەوێ بوو، گۆتم: مام عولا ئەبینی ئەوە کیمیایە



## تا ئەلعان حوکمەتی مە وەکو پێویست بە هانای ئەو کەسانە نەهاتیە کەوەبەر چەکی کیمیای کەتینە ئەوەم لەدرێ بوویتە کەسەر.

ئەگەر ئەمە هەموو تێک نەچوووین بەس ئەمن ئەوە ڕۆویشتم ئەگەر زەرەرن نەکرد گۆتی کاکە لەو باخچەشی دا پایزێ هەموو سۆتا هیچیش نەبوو، گۆتم: ئەوە من قسەی خۆم کرد و خوا حافیز.

دواتر بەجیرانەکەی خۆم گۆت مام حەمەد بابچینە مزگەفتێ نوێژێ بکەین خۆ تەیارە نەمان وەاللە لەو قسانە بووین دەنگێ کۆپتەران هات ئەو جارەی کاکە مام حەمەد بابی سۆفی سەلمانی ڕۆویشت گۆتی من ئەچمەوە ماڵێ، من چوومە مزگەفتێ دەست نوێژێ هەڵگرم ئاوم بەچاوان داکرد و چاوم برژانەوە لە کانیێ گەورە ئیدی تێک چووم نوێژم پێنەکرا ڕاست چوومەوە مارێ گۆتم من تێکچوویمە مندارانیش گۆتیان ئەدی نەمگۆ مەچووە کانیێ بە جێن مەهێڵە، ئەمنیش گۆتم نوێژێ بکەم پاشی خوای کەسی دی شک نابەین لەو دنیایەی، ئەگەر دوعایەکی لەو بێ دینەی بکەین خوا لەناوی با ئەو کیمیایەی لەمەدا ئەوە چ بوو بەمەی وەرکرد ڕەبی خوای مەبیگری، ما سیلاحی مە چیە بەس هاواری خوای کەین و لەبەری پاڕێینەوە ئیشاللا خوا لە لەناوی دەبا، ئیدی شەو بەسەرداهات نوێژم پێنەکرا ئەو نوێژم چوو. مامم بەڕەحمەت بی تەمەنی شەست ساڵ ئەبوو منداڵیشم هەموو وورد بوون پێنج شەشەک بوون ئەو وەختی ئی گەورەیان سەباح بوو لە گەر کچەکەم ئەوانی دی بە لەپانە ڕۆیین، من پێش هەمان تەئسیری لێکردم دوای من کچەکەم ئینجا هەر هەموو تووش بوین، شەو بەسەرداهات و دنیا تاریک بوو، پلکە بەدریش جیرانی مە بوو داکێ کەیفی، پیاوی لەوێ نەبوو بەس دوو منداری لەکن بوون، هات گۆتی عەلی چ بکەین خەبەر هاتیە و خەڵک هاتیە ئەرێ قەولە حوکمەت سبەینێ هجومی ئێرەبکا، گۆتم: ئەنگۆش دەگەرەمەدابن بەس کیمیا زۆری تەئسیر لەمن کردیە مردن و ژینن پێکەوە .

شازدەی چوار: دوایی چوون بۆ کوێ؟

مام عەلی: مام گۆتی هەموو عالەم بەرەو چیای ڕۆیشت گۆتم بە خوا تاقەتی چیام نیە ئیدی توانام نیە، ئەگەر خوا ئەگەرنا هیچمان قورتار نابین کەم تا زۆر مامم بەڕەحمەت بی گۆتی: دەبڕۆ وراغان بینە سواری وراغی بە دەگەر منداران ئەمنیش لە پێشوە ڕۆم ئەو مامەم دائیم جغارەی ئەکێشا ئەوکاتی گۆتیان هەرچی ئاگری بەکار هێنابا تەئسیری لێناکا، منیش بەهەرحاڵ خۆمان پێچاوە ئەوەی پێمان چوو بردمان لەگەر هەندەک خواردن، گۆتم بابچینە چیای بێشێخی ئەشکەوتە و ئاوی لێیە بابچینە ئەوێ، ئەمنیان سواری هێسترێکرد چەند جار ڕشامەوە، کەسەک ئەگەر گوێدرێژێکی هەبا سواری بێت ئەگەرنا بە پێیان کەتینەڕێ دەگەر قەومی گوندی بەو شەوەی بە برینداری و چاوێ

کۆرە، دەگەر ئەو خەڵکەی ئەتگۆت ڕۆژی حەشرێیە، هەر کوی هەبوو گەیشتینە چیایی، لەوێ هەری کردە باو بارانەکی زۆر بە قوەت، ئەمن شارەزای چیای بووم گۆتم بڕۆنە ئەو ئەشکەوتەی ئەمنیش بەجێ بێرن لەبن بەردەکم پارداوە، مامم بەڕەحمەت بیت منداری بە ئامێزی بردنە ئەشکەوتێ، عوسمانی حەکیمی پەیابوو لە وێ گۆتی ئەتوو لۆ وەلێهاتیە گۆتم ئەو کافرەی کیمیا لێداین مامیشم هاتەوە بە هەردووکان منیان برندکرد بەرا نەیان توانی محاوەلەیان کرد گۆتم لێم گەڕێن وازیان نەهێنا بردمیانە بن بەردەکی گەورە بەڕاکێشان، مام عوسمان هاتەوە لەگەڵ داکێ محمەدی مام سالحی و پلکە مسری داکێ ئازادی و خێزانی ئەحمەدی کە مستی حامیلە بوو ئەو فەقیرە لەوێ ویلادەی بوو، ئاگریان کردەوە گۆتم بم بەنە دەرێ چاوم تەقین ئەوان ڕۆویشتن، منیش هیچم نادیت هاوارم دەکرد بێ فایدە بوو، شەو درەنگ بوو دەنگێ کەوان دات گۆتم بەیانیدا چاوم چی نادیت هەر هەستەک هاتبا هەرهاوارم ئەکرد مامم گۆتی کەسی مامی وەڵا منداریش لەتوو خراپترن نزانم نە بێمە کنە توو نە لەکنەوان بم. گۆتم واز لەمن بێنە لەکن منداران بە. گۆتی ئەچم نوێژی کەم گۆتم مامۆ مەچووە نوێژێ مەکە ئەو بەردانە هەموو تەڕن با تووشی خلیسکان و بەرنەبیەوە بەو شەوەی گۆتی هەر ئەچم و زوو دێمەوە، گۆتم بەخوای شتەکت لێ بێ کەسن نامینیێ، وەاللە چوو بە قسەی نەکردم، ڕۆییشت ئیدی زۆری پێ چوو نەهاتەوە تا درەنگ وەختەک خشپەک هات من هاوارم کرد ئەتوو کێی مام جوابی داوە لۆ تاخیر بووی چیت لێهات، گۆتی خۆ منیش نوێژم پێنەکرا هەر ئاوم بەچاوان داکرد و چاوم زوورانەوە ئیدی کۆرە بووم خوایە کو بگەرێمەوە کنەنگۆ، نیوەی ئەو چیایەم هەموو کرد تاهاتیمەوە کنە توو، بریا هەر بەقسەی تۆم کردبا. گۆتم دەوەرە ئەتووش لێرە پاردەوە هەر هاواری خوای کەین.

شازدەی چوار: چ شتێکت قەت لەبیر ناچێتەوە؟

مام عەلی: بەخوا هیچ شتێکی ئەو کاتەم لە بیر ناچێتەوە کە کیمیای لێداین ئێستاش دەگەدابی.

شازدەی چوار: چ شتێک زۆر تەئسیری لێکردی؟

مام عەلی: بە خوا هیچ شتێک لەوە بە تەئسیرتر نیە ئەوڕۆ لەو حوکمەتەی کە من بەدەیان جار مقابەلەیان کردیمە، تا ئەلعان حوکمەتی مە وەکو پێویست بە هانای ئەو کەسانە نەهاتیە کەوەبەر چەکی کیمیای کەوتینە ئەوەم لەدرێ بوویتە کەسەر، ئەگەر حوکمەت فکرکاتەو ئەزانی لۆ ئەو چەکە لەمەدرا، ئەزانی ئەو چەکە چەند بەئازار و دژوارە کە ئێمە لەو کاتەوە بەو ژەهرەی لەناو جەستەمان دایە پێوە ئەناڵێنین. بریندارى ئەو چەکەی بووم و ساڵێکیشان سجن کرام شوکر لۆ ئەو خوایەی تا ئێستا مایمەو لە ناو مارو منداری خۆمم الحمدلله زۆر شوکر.مادام دووژمنی خۆم دیت بە پەتی سێدارە وەکرا و لە سێدارەدرا لەکنەمن هەموو دنیایە. ئەوەی ئەوڕۆ لێی توورەمە حوکمەتی هەرێمە لە بەر ئەوەی مللەتی خۆ ئەزیەت ئەدا وەختە برێم ئەوەی سەددام نەیکرد ئەوان کردیان.

شازدەی چوار: کێتان شەهید بوو ؟ چەند کەس بوون؟

مام عەلی: مامم بەڕەحمەت بی و دوو مندارم.

شازدەی چوار: چۆن بڕیارت دا بچیتە دادگا و شایەتی بدەی؟

مام علی: فەقێی مام ڕەسوری شێخ وەسانی گۆتی دادوەرەک هاتیە لە لای سلێمانیێ ئەوەی بەرکەوتەی کیمیایەنە مقابەلەیان بکا و هەندەقسەیان لۆبکا ئەمنیش چوومە ناحیەی بالیسانێ و زۆر کەس هاتن بەڕەحمەت بی مام حسێنی حەمەدی شینکۆش هات، حاکەکەش ناوی قادر بوو کە مقابەلەی کردین گۆتی ئەوە سەددام حسێن گیرایە ئەنگۆ بەرکەوتەی

کیمیاوین و وارێن ئەتوو سجنیش بووی ئەگەر محکەمە بکرێت ئامادەی بچی شاهیدی بدەی، گۆتم هەموو کەس هەقە ئادەیی تێدا بێت لەبەر ئەوەی ئەوەی سەددام لەگەرمەی کرد کەس نەیکرد، گۆتم ئەگەر ئەمن لەسەرەخۆ و لە سەر نیشتمانی خۆم قسان نەکەم ئەدی کێ قسان بکا، لەبەر ئەوەی ئەوەی پێیکرا لەگەرمەی کرد، گوندی تەخت کردین، کیمیا بارانی کردین، ئەنفالی کردین، زیندە بەچاڵی کردین، خزم و کەسی بزرکردین، ئەو زاڵمە چ نەما نەیکا، من ئامادەم بچم شاهیدی بدەم.

**هەموومان زامداری چەکی کیمیاوین، سی و نۆ ساڵە ئەو ژەهرەم لە جەستەی دایەو لەگەڵی ئەژیم.**

شازدەی چوار: لێرە چۆن ڕۆویشتن؟

مام عەلی: خەبەر هاتەوە دووسەت و پەنجا کەس ناویان هاتیتەوە کە شاهیدی بدەن ئەتۆ یەکەکی لەوان، گۆتیان ئەتۆ یەکەم کەسی و داوای تۆیانکردیە، گۆتم سەرچاو ئامادەم، من و خێزانم پلکە بەدری بەرەحمەت بی و نەجیبەی فەقێی و دەگە بەهیەی، گۆتیان بە نهێنی بچن نابێ کەس بزانی گۆتیان لەبەر ئێوە، ئەمیش گۆتم بەدزی ناچم خزم و کەسێ خۆ تێگەینم کاکە کارێکی کەم نیە ئەوە، کیمیام لێبداو بە ئاشکرا ئەمنیش بەدزی بچم ئەوەی ناکەم، ڕۆییشتن چوینە سلێمانیێ شەوێک لەوێ ماینەوە و بە تەیارەی چوینە بەغدایێ دەشەوان لەوێ بووین تا شاهیدین دا. یەکەم کەس بووم کە شاهیدیم دا.

شازدەی چوار: بەرامبەر سەددام هەستت بە چ کرد؟

مام عەلی: گۆتیان لە بن پەردەی شاهیدیێ بدە گۆتم بە ئاشکرا شاهیدێدەم، گۆتیان لۆتوو باش نیە لەبەر قەزیەی ئەمنی یان جەمەدانیێ لەسەری مەنێ، گۆتم بەو خوایەی ئەمن دەبێ بەرمزی کوردی بچمە هۆڵی دادگا بە قات و جەمەدانی ئاڵای کوردستانیشم لسەر سنگی خۆم دانا، ئەو من ببینی کە کوردم ئەمنیش ئەوی بینم کە لە ناو قەفەسێیە، بەرا ئەو قسانەی لەوێم کردن هەموویان لێنەدانەوە لە تەلەفزیۆنی.

پارێزەرەکانی سەددام گۆتیان ئێران لەنگۆی دایە ؟ گۆتم ئێران لەمەی نەدایە ئەگەر هەر کەس لەمەی دابی دەبێ لە تۆی وێبوبی، لەبەر ئەوەی تۆ سەرۆک بووی بێی تۆ هیچ ناکرا، دوای ئەوەی کیمیا باران کراین ڕۆژی دوای ئەنگۆ هجومتان کرد و ئەنفالتان کردین.

گۆتیان ئەدی قومبەلەکان چۆن بوون؟ بەدەست تەعریفم لۆکردن. بەڵام دوایی شاهیدی کە گەڕامەوە دادوەرەکیان ناردە ئێرە بەناوی ( محمد عورەیبی) بەدواداچوونی بۆ قومبەلەکان و ئەو شوێنانەکرد کە بۆرومانکرابوون. ئەوجا گۆتبووی ئەو کەسەی لە مەحکەمەی بەغدایێ قسەکردن هەمووی ڕاست بوو.

شازدەی چوار: پێت وابوو بە شاهیدی تۆ چی ئەگۆڕێ؟

مام علی: بەرێ ئەدی کوو لە دوای ئەوەی کە شاهیدیمان داو گەڕاینەوە دکتۆریان هێنایە بالیسان فەحسیان کردین ئەوەی پێویست بۆیان کردین و ڕەوانەی ئێرانییان کردین بە چەند وەجبەیەک،

شازدەی چوار: دوا قسەت چییە؟

مام علی: لە ماڵەوە هەموومان زامداری چەکی کیمیاوین، سی و نۆ ساڵە ئەو ژەهرەم لە جەستەی دایەو لەگەڵی ئەژیم، کچکەشم وەکو من وایە و هیچ حسابێکیان لۆ نەکردیە تا ئێستاش دەگەردابی فایلەکەشی لە وەزارەتی شەهیدانە، کورەکەشم بە ناوی (سەردار) هەمان ژەهری چەشتووە ئێستا عیلاجەکەی پەیدانابێت. لەشێکی ساغ هەموو سەروەت و سامانی دونیا دێنێ. دیارە قسمەتی مەش ئەوەبوو الحمدلله.

# فاخیر عەلی حسێن: بە ئاوات بووم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانم وەك تۆڵەکردنەوەیەك، بچم شاهیدی بدەم.

**دیمانە: توانا موسلیح**



فاخیر عەلی حسێن، خەڵکی گوندی توتمەی سەربەناحیەی بالیسانە، دوای کیمیابارانی بالیسان کۆمەڵێک ماڵی گوندەکە، نایانەوێ بچنەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، ماڵی ئەوان و کۆمەڵێک خاتەوادەی دی لەگوندی وەرێ دەگیرسێنەوە، وەرێ ناوچەیەکی دابراو بوو لە دەسەڵاتی ڕژێم و خەڵکی لەوێ ئاسایی خەریکی ژیانی خۆیان بوون، لە ١٩٨٨/٥/١٥ ئەو گوندەش دەکەوێتە بەر نەفرەتی چەکی کیمیایی و زیاتر لە ٣٥ هاوڵاتی دانیشتووی گوندەکە شەهید دەبن و دەیانی تریش بریندار دەبن، خانەوادەی فاخیریش وەک هەموو دانیشتوانی گوندەکە بریندار دەبن و ئامۆزایەکیشی کە لەمێژنەبوو هاوسەرگیری کردبوو شەهید دەبێ... لە دادگایی کردنی سەرانی ڕژێمدا هاوڕێ لەگەڵ مامۆژنی کە دەکاتە دایکی شەهید یوسف کریم حسێن ێ ئامۆزای بەرەو بەغدا بەڕێدەکەون و لەبەردەمی دادگاو ڕووبەڕووی گەورە دیکتاتۆر سەدام حسێن شایەتی دەدەن... لە بارەی کیمیاباران و چونیان بۆ بەغدا بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ گۆڤاری شازدەی چوار تراژیدیای کیمیا بارانی وەرێ دەگێڕێتەوە

"لە پێش کیمیاباران ژیانمان ژیانێکی ئاسایی بوو، بە جوتیاری و بە کاسبیەوە خەریک بووین. ئیشوکاری توتن و پیاز و ئاژەڵداری دەکرا. ئێمە لە ماڵێ سێ خوشک و دوو برا بووین لەگەڵ داک و باوکم بە ئارامی دەژیاین و هەرچۆنێک بێ ژیانمان بەڕێ دەکرد"

"ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی درندە بوو، یانی هەموو شتێکی لێ چاوەڕوان دەکرا، بەڵام بەو درندەییەش نا، یانی خەڵکەکە ئەوەندە باوەڕی نەدەکرد ئەوەندە بەو درندەییە کیمیایی لێبدا و خەڵکەکە ئاوا تیا بچێت".

"ڕۆژی کیمیاباران لە گوندی وەرێ بووین، ژیانێکی سادە و ئاسایی بوو، هیچمان نەدەکرد لە ماڵێ دانیشتبووین. وەختەکە وەختی کاسبەتیش نەبوو هێشتا زوو بوو. بە سەرقاڵی دانیشتن و شت بووین هیچ ئیشمان نەدەکرد".

"ڕۆژی کیمیاباران ڕۆژی حەشربوو، هەستمان بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکرد، خەڵکێکی زۆر بەرکەوتبوو.

تەنانەت باڵندەو مەڕو ماڵات و گا و سەگ و پشیلە هەموو شتەکان بەرکەوتبوون. یانی بەس ترس و تۆقێنەر بوو وەختەکە، زۆر ترسناک بوو".

"هەرچی بە عەقڵی بەشەریدا دانایەت بینیمان. لە لایەکەوە هەموو خەڵکەکە هاوار هاواری بوو، لەلایەکەوە تەرمی خۆشەویستان، لەلایەکی دی ناڵەو هاواری برینداران. کانییەکی لێبوو لە گوندی وەرێ، خەڵکی هەمووی هەوڵی دەدا خۆی بگەیەنێتە کانیەکە، ئەو کانیە بوە گۆڕستانێکی بەکۆمەڵ، دەوری حەڤدە هەژدە مەیتێ تێدا بوو لە پشت کانییەکەو هەبوو لە خوار کانییەکەش خەڵک کەوتبوو. ئینجا ترسناکتریشیان ئەوە بوو کە هەرچی مەڕ و ماڵات و وڵاخ و گا و کەروئەسپ و هەتا باڵندەش کەوتبوونە خوارەوە و مردار بوبوونەوە".

لەبارەی نیشانەکانەو کاریگەریەکانی ئەوچەکە فاخیر عەلی زیاتر لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێ

"نیشانەکانی بۆنی دەهات و دووکەڵێکی زۆرهەبوو، خەڵکەکە هەستی بە تەنگەنەفەسییەکی زۆر دەکرد، هەستت بە سوتان و کزانەوەی لەش دەکرد، لە دوای ئەوەش خەڵک هات و ئێمەش بۆ خۆمان خەڵکەکە سەر بە سەر لا دەچوون، چووین بۆ دەوەرگایەکی باشتر".

"کارەساتێکی گەورە بوو، یانی لەبیر چوونەوە تا هیچ کاتێک لەبیر ناچێتەوە لەبەر ئەوەی وەک ڕۆژی حەشر وابوو. لە مرۆڤی هەتا دەهاتە باڵندەی هەموو خەڵکەکە مردبوو کەوتبوو ئەوانەی نەمردبوو پشی هەناسەی تەنگ بوو... بەڕاستی کارەسات بوو تەنانەت یەک لەو شتانە ناو کانییەکە بوو کانی گوندی هەژدە مەیتێ تێدابوو هەژدە مەیت، لە منداڵێکی یەک ساڵییەوە هەتا پیری حەفتا ساڵی، هەموو بەسەر یەکدا کەوتبوون مردبوو، دیمەنێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوو".

فاخیر و مامۆژنێکی لوگەڵ کۆمەڵێک بەرکەوتووی کیمیابارانی گوندی وەرێ بەشداری دادگاییکردنی سەدام حوسێندا دەکەن، لەبارەی دادگاییەکە درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدا

"ئێمە وەک شەهید ئامۆزایەکمان هەبوو بەناوی یوسف کەریم حسێن شەهید بوو، ئەوانەی تریش هەموویان برینداربووبووین".

"کارەساتێکی زۆر بەکاریگەر بوو لەسەرم، کاریگەریی هەبوو، بە ئاوات بووم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم وەک تۆڵەکردنەوەیەک، بچم شاهیدی بدەم بەرانبەر ئەو خوێنڕێژ و فاشیستانە ڕابووەستینەوە. بۆیە بڕیارمدا کە بچمە بەغدا و شاهیدی بدەم ئەگەر وەختەکەش زۆر خراپ بوو، یانی لەو کاتەی دا خەڵک نەوێرا بچێتە ئەوێندەرێ هەموو دنیا مەترسییان هەبوو، بەڵام بڕیارمدا ئەگەر بشمرم هەر بچم".

"لێرە چووینە سلێمانی، لە سلێمانیش بەڕێکراین بە تەیارە بۆ بەغدا و لە بەغداش براینە کەمپێکی ئەمریکییەکان و سێزدە ڕۆژان لەوێ ماینەوە و دواتر گەڕاینەوە".

"زۆر زۆر دڵم خۆش بوو کاتێک سەدام حسێنم دی لەناو قەفەسێک بوو، لەبەرئەوەی ئەمزانی یانی هەستم بەوە دەکرد کە ئەو تاوانبارە و ئێمە بێتاوانین. هیچی لێ نەترسام لەبەرئەوەی پیاوە دەسبەسەر بوو، جێی ترس نەبوو".

"دوای دادگاییەکە پێم وابوو هەموو شتێک دەگۆڕێ کە دیکتاتۆرێک لەناو چوو و شۆڕش هاتییە و خۆبەڕێوەبەرییەک هەیە و لەو کاتەش کورد زۆر باڵادەست بوو بەڵام بەداخەوە کە هەموو شتەکانمان بە پێچەوانەوە بوو، هیچ گۆڕانکارییەک ئێستا نابینم، تەنها ئەو ئازادییەی ئەبینم کە ئینسان ئازادە و لە هیچ ناترسێ، ناترسێ بکوژرێ و بگیرێ و بزر بکرێ و ئەوانە، بەس ئەوەندەی ئەبینم، هیچی تری لێ نابینم، سەد خۆشییەکی پێوە نییە".

# ئەدیبە عەولا باپیر: ئەوکاتەی سەددامم لەناو قەفەسی دادگا دیت، خەریك بوو باڵ بگرم لە خۆشیان..



دیمانە: م. حەمەدەمین لاسە
فۆتۆ: زریان شینکۆ

ئەدیبە عەولا لەدایک بووی ١٩٦١، برینداری کیمیایی و شایەدحاڵی دادگایی کردنی سەددام حوسێن، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی گۆڤاری شازدەی چوار باس لە ناسۆریەکانی ئەوێ ڕۆژێی کیمیاباران و چوونی بۆ دادگایی کردنی سەددام حوسێن و تاوانبارانی ئەنفال دەکات.

ئەو دەڵێ" ژیانی بەر لە کیمیاباراانمان ئاسایی بوو، خەریکی ئاژەڵداری و کاری جوتیاری بووین" ئەوان کە نۆ سەر خێزان بوون لە گوندی بالیسان خەریکی بەڕێکردنی ژیانی ئاسایی خۆمان بووین.

شازدەی چوار: ئەتۆ بڕوات وابوو کیمیات لێ بدەن؟

ئەدیبە عەولا: نا وەڵا، قەت فکرم لەوە نەبوو، تۆپبارانمان لەسەر بوو، ژیانمان لە بن تەیاران (فڕۆکە) بەسەر دەبرد، بەس ئەمە هەموو جارێ موشەک بوو، ئەو بڕوا و باوەڕە نەبوو کە ئێمە کیمیاباران بکرێین.

شازدەی چوار: ئەو ڕۆژەی کیمیا لێدرا، ئەتۆ لە کوێ بووی؟

ئەدیبە عەولا: ئەو ڕۆژەی کیمیاباران کرا، ئەمن لە ماڵێ بووم بە منداڵەوە. تەقریبەن نیو سەعاتێک مابوو بۆ مەغریب، پیاوەکەم تازە لە جۆتی هاتبووەوە.

شازدەی چوار: هەر کە دەنگی تەیارەت گوێ لێ بوو لە ماڵێ چوویتە دەرێ؟

ئەدیبە عەولا: هەر تەیارە دەنگی هات، ئەمن بە منداڵەوە هەر هاتمە ناو حەشارگەکەی، کە پیاوەکەم وەک ژێرزەمینێک لە ترسی بۆردومانی تەیارە دروستی کردبوو هەمووماڵێک لە بالیسان درووستیان کردبوو.

شازدەی چوار: ئەو کاتەی کە لێیدا، کە کیمیای لێدا، هەستت بە چی کرد؟

ئەدیبە عەولا: پاش ئەوەی چوومە ناو حەشارگەکە، زۆر پێ نەچوو بۆردومانی کرد. کە بۆردومانی کرد، وەک جارەکانی دیکە ئەوەندە بەقوەت نەبوو، خۆڵ هەندەک هاتە خوار لەناو کونە تەیارەکەی بەرا کە لێیدا، بەڵام هێندە بەقوەت نەبوو وەکو ئەو قومبەلانەی دیکەی پێشتر کە ڕمیان ئەکرد، دەنگی زۆر نەهات. بەس ئێمە هەر لە ناو کونە تەیارەکە بووین.

شازدەی چوار: هیچت دیت ئەو کاتەی؟

ئەدیبە عەولا: نا وەڵا، هەر دەنگی تەیارە هات، ئەمن لە ناو حەشارگەکەی بووم. تەیارەم نەدیت، بەس تەیارە دەهات و دەچوو..

شازدەی چوار: ئەو نیشانانە چی بوون ئەو کاتەی تووش بووی؟

ئەدیبە عەولا: ئێمە هەر لە ناو حەشارگەکە بووین، بۆنەکە هات. بۆنەکە وەکو بڵێی وەک سێوی بۆگەنی و سیر و پیاز، بۆنێکی وای لێدەهات، بۆنەکە دەبێ بڵێم ناخۆش نەبوو. کە تەیارەکان ڕۆیشتن، ئەمن هاتمە دەرێ بەخۆم و بە منداڵەکان، تەقریبەن دە دەقەی پێچوو، منداڵەکان تێکچوون و ڕشانەوە. بەسەر ئەوەشدا بانگی مەغریبی دا، پیاوەکەم گوتی دەچم نوێژ دەکەم لە مزگەوت، ئەمنیش هاوارم کرد گوتم "ئەلعان ئەو منداڵانە دەمرن، ئەتۆ دەچی نوێژ دەکەی؟" وتی "وەڵا هیچ لە دەسەڵاتی من نییە، خەستەخانە و نەخۆشخانەیەکی لێ نییە، با بچم نوێژی خۆم بکەم"، ڕۆیشت نوێژی کرد و هاتەوە، ئەویش تێکچوو، عالەم هەمووی تێکچوو. کەپیاوەکەم هاتەوە لە مزگەوتێ، گۆتی دەنگوباس هەیە سبەینێ حکومەت دێت و قووەت دێت، وەڵا ئێمە ئەو شەوە هەستاین، دوو هێسترمان هەبوو، هەندێک خواردن و شتمان خستە سەر هێسترەکە و منداڵەکانیشمان لەسەر پشتی هێستری دانان، ڕامانکرد لۆ چیای.

ماڵمان بەجێهێشت، بەرەو چیا و لاڕێ، هەر هاوار بوو. منداڵەکانم لە پشتێ کردبوون، عالەمەکەی دی هەموو، لێرە و لەوێ کەوتبوون و ئەڕشانەوە، هەتا گەیشتینە چیا. نەگیشت بووینە چیای کە دەستی بە بارانێ وبا و تەم و مژی کرد، هەموو بارانی ویکەت لە چیای.

جێیەکی لێبوو، پیاوەکەم شارەزا بوو، گوتی با بچینە ئەوێ، لەبەر بارانێ. ئەو بەخۆی نەگەیشتە ئەوێ، مامێکی لەگەڵ مندا بوو، خوا عافووی کا لەگەڵ دوو منداڵی دیکەم.

## پیاوەکەم چاوی لەدەست دا، کچەکەشم کوێر بووە هەردوو چاوی لەدەست دایە.

شازدەی چوار: بزر بوو فەقیرە... ئەی تۆ چ شتێکت لەبیر ناچێتەوە لەو کارەساتەی بەسەرت هات؟

ئەدیبە عەولا: هیچم لەبیر ناچێتەوە دوو منداڵیشم مردن، بەڵام ئەو کاتەی کە ئەمنیان بردم بۆ شایەدی دادگای سەددام، کە ئەمن چومە ژووری، لە ناو قەفەسێم سەددام دیت وەخت بوو باران بگرم لە خۆشیان، یەعنی ئەو کاتە خۆشترین ژیانم بوو.

شازدەی چوار: لێی نەترسای؟

ئەدیبە عەولا: نا وەڵا، بۆچی لێی بترسم؟ یەکەم جارم بوو ببینم، بەس هیچ نەترسام، پرسیاری لێکردم و پارێزەرەکانی پرسیاریان لێکردم، هەتا سەددام حوسێنیش پرسیاری لێکردم. هەمووم جوابێکم دایەوە، بەبێ ترس. وەک شایەدێکی سەرکەوتوو گەڕامەوە.

شازدەی چوار: پێتوایە چی گۆڕا بەو شایەدییەی تۆ؟ یەعنی وەزعتان گۆڕا؟ ئیحتیمام بەو کەسانە درا کە کیمیایان لێدراوە؟

ئەدیبە عەولا: بەخوا تا ڕادەیەک حکومەت هەندێک لەو برینداراانەیان بردە دەرەوە بۆ چارەسەر، بۆ ئێران. بەس ئێستاش هەر نەخۆشمان تێدایە، وەک هەناسەسواری و چاوئێشە.

شازدەی چوار: ئێستا لە ماڵتان چەند کەس کاریگەری ئەو چەکەیان بەسەرەوە ماوە؟

ئەدیبە عەولا: ئێستا پێنج نەخۆشمان هەن، بەخۆم و بە پیاوەکەمەوە، پیاوەکەم چاوی لەدەست دا، کچەکەشم کوێر بووە هەردوو چاوی لەدەست دایە.

بە خواری ئەو کچەم دەبی هەر لە ڕێی خەستەخانێ بی، زۆرجاران بە نیوەشەوێ دەیبەین، فایلی لەوەزارەتی شەهیدانە، تائێستا هەویەشیان لۆ نەکردیە، هەموو بریندارانی کیمیایی پێویستیان بە چارەسەرو چاودێری هەیە، خێزانەکان پێراناگەن، پێویستبوو حکومەت هاوکارو پاوڵپشتی هەموان بی..

# لەعلی رەسوڵ: کە تەیارە هاتن ویڕانەگەیشتم خۆم بشارمەوە، چوومەوە ژووریّ خۆم لە پەنای دەرگەی حەشاردا.

لەسەر داوای سەرنوسەری گۆڤاری شازدەی چوار چیڕۆکی ژیانی دوو هاوسەر کە لە بەروارای ٢٠٢١/١/٢٤ بۆ پەرتوکێکی چاپنەکراوی خۆم وەرمگرتوە بڵاو ئەکەمەوە، بەداخەوە خاتو (لەعلی رسول مصطفی) دوای ململانێیەکی زۆر لە گەڵ ماکەکانی ئەوچەکە نەفرەتیەو مانەوەی بۆماوەیەکی زۆر لەسەر جێگەو نەخۆشخانەو بەردەوام ئۆکسجین بەدەمەوە دواجار لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢ گیانی سپارد و ئەویش وەک ئەوانەی تر دوای بەڕێکردنی ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و دەردیسەری و هەناسەتەنگی چوە ریزی شەهیدانی کور د و کوردستان، گیانی شەهیدان شاد و ئاسودەبێت و مەنزڵیان بەهەشت بێت، ئومێدەوارم بینایەک و هۆڵیکی گەورەو شایستە کە ببێتە شوێنی کۆکۆدنەوەی هەمو جۆرە بەڵگەنامەکانی ئەم روداوەو بابەتی تایبەتمەند بە بریندارن و شەهیدانی کیمیاوی و بێسەرو شونەکان و یادەکانیان دروست بکرێت.

**مخلص اسماعیل ابراهیم**



حمدامین قادر
ابراهیم قادر
موالید / ١٩٦٦
لەعلی رەسول مصطفی
موالید/ ١٩٦٠
بەرواری / ٢٤ / ١ / ٢٠٢١
کاتژمێری ١:٣٠ دوانیوەڕۆ
شوێن/ بالیسان

بەم شێوەیە باسی خۆیان بۆکردم

سەرەتا خاتو لەعلی وتی :

ڕۆژی کیمیاباران بەتەنیا لەماڵ بووم ئاگرم کردبۆوە مریشکم چاکەکرد، کە تەیارە هاتن ویڕانەگەیشتم خۆم بشارمەوە چوومەوە ژووریّ خۆم لە پەنای دەرگەی حەشاردا، ڕمبەی قومبەلان دەهات لە نزیک ماڵی ئێمەی دا ڕوحمی خوای گەورە بوو ساچمەک هاتە ژووریّ ویّم نەکەت، ماڵی پلکە هەدلیّ لەناو ئەشکەفتەی بوون، غارمدا چوومە لای ئەوان، فەوزی پێشمەرگەبوو گوتی دەرمانە لێیدا، بڕۆن دەم و چاوتان بەئاویّ لە کانییّ بشۆن، خەڵک هات بۆکانییّ (هەیبەت) ژنیّ عەلی عیسای بوو ئەویش هات هاوار هاواری بوو زۆر بێسحەت بوو جیرانن بوو تازە منداڵی بووبوو، کیمیایەکە زۆربەی لای سەرەوەی کانییّ گەورەی گرتبۆوە، نەگەیشتمەوە ماڵیّ چوومە ماڵی خەزوورم، ماڵی خەزوورم زۆر دوور نەبوو لەکانییّ گەورە، خەسوم بەتەنیّ لەماڵیّ بوو، محمد و حوسێنی شوبرام لەبەرگارانیّ بوون، هاتبونەوە چوونە سەر قومبەلان، ئەوکاتی خەڵک هەموو جیران بووین ئەوانەی ماڵمان لە دەوروبەری کانییّ گەورەبوو، شەوبوو من و خەسووم و محمدو حوسێن لە ماڵ بوین ئێمە هەرسێکمان زۆر خراپ بووین خەسوم باشتر بوو لە ئێمە، خەزورم و ئەحمەدی کوڕی چوبونە توتن کرینێ لە زێویّ بوون، هەتا حەمەدەمینی

مێردم هاتەوە لە ماڵێ بوین ڕۆژی پاشی، کەسمان نەبوو بڕۆین، چاوەڕێبووین حاجی سەیدی خەزوورم بێتەوە شەو نەگەڕانەوە ماینەوە تاکو سبەینێ هەتا مێردم هاتەوە.

حەمەدەمین قادر ئیبراهیم هاوسەری لەعلی گوتی:

من ڕۆژی کیمیاباران خەریکی کاروانی بووم، شەوەکەی لە گوندی (قادیانە) لای مەلا (عەبدولجەبار)ی بووم، بەیانی هەستام مەلا عەبدولجەبار خەبەری هەبوو کیمیای لێدابوو گوتی هەستە بڕۆوە بالیسانێ، بەسواری ئێستریێ هاتم سعات هەشتی بەیانی گەیشتمەوە ماڵێ ناو بالیسانێ، پێش بگەمە ماڵێ (کەر)ێ عەلی عیسای جیران هەردوو چاوی کوێربووبوون لەدامەن ماڵان بوو خوار کانیێ ژنان، کە چوومە ماڵێ دایکم و خێزانم و هەردوو برام محمد و حوسێن هەموو برینداربوون بە کیمیای لەماڵێ کەتبوون، گەڕام بەناو گوندی دا تەنها ماڵێ حەلیمێ خێزانی مام عەلی شانەی مابوون، مام قادری عەولا بەگی و برای حەلیمێ عەلی شانەی (عەلی عیسا) بەخۆی و ماڵ و منداڵی هاتبوونە خانی مام قادری چونکە کیمیای لە ماڵێ عەلی عیسای دابووهەموو زۆر خراپ بوون شڕبوون، گۆتمە حەلیمێ هەستە بڕۆ ماڵی برات زۆر خەراپن هەروو سەرەکیان لێدە مەرهەم وقەترەیان بۆ ببە و شیرو خواردنیان بدێ حەلیم گۆتی باشە، چووینەوە خانی مام قادری، حەلیم بەخۆی و کوڕەکانی هات، هەندەک شتی بۆ هێنان، مام قادری گۆت ئەچمە کونەسیخوڕێ و قاسماوای، هەستام ڕۆیشتم وەڕێکەتم کەس نەمابوو لەناو گوندی بەس گوێم لەدەنگێ توپان ئەبوو، من هاتمەوە ماڵێ خەدیجەی دایکم لە ئێستریێ بارکرد لەعلی خێزانیشم لەکەرێ بارکرد محمدو حوسێنی براشم لە بارگیری بارکردن، ئەحەمەدە ڕەشم دیت گۆتی ئەچمە بێراوێ، وەڕێکەتم ئەوانم وەپێشەخۆدابوون، بانگی مەغریبێ گەیشتمە (دەنگارە)ی سەر ڕێیێ گوندی زێوێ، لامدا ماڵەکی ئێوارە ئەو ماڵە جەرگ و ناویان هەبوون بەڵام ناوم وەبیر نیە خاوەنی ئەو ماڵە ناوی چی بوو، زۆر مەمنونیانم خزمەتیان کردین شەو لەوماڵە ماینەوە بەیانی زوو وەڕێکەتین بۆ زێوێ چونکە باب و برام لەوێ بوون چووبون توتنێ بکرن و دابگرن، سعات هەشتی بەیانی لە گوندی (هەرمکێ) گەیشتمە باوکم، ئەویش دەهاتەوە بەدوو ماڵێ دا زۆر لەباوکم تورەبووم بەتەمابووم خۆی لێتورەبکەم چونکە بێ خەم بووە لە دونێ وە، ویستم شەڕی لەگەڵ بکەم، کە باوکم چاوی بەمە کەوت دەستی بەگریانێ کرد هیچ قسەم نەکردبوون، گۆتم بابۆ بۆ ئەگری، گۆتی ئەدی نابینی وەبەرکیمیای کەتینە، گۆتم شوکرانەی بکە ئەمن ئەیانبەمە ڕانیێ بۆ عیلاجی ئەتوش هەروو یاری ئەحەمەدی برا بکە توتنەکەی عیلاجەکی لێبکەن، پێکەوە وەڕێ کەتین هەتا هەرتەلێ لە هەرتەلێ جێبەکن بە کرێ گرت، باوکم گۆتی ئەمن ئەیانبەمە ڕانیێ ئەوان بەسواری سەیارەی ڕۆیشتن، منیش وولاغم دانە پێشەخۆم و هاتمەوە زێوێ، چوومە لای ئەحەمەدی برام زۆری نەبرد برایمی براشم هات توتنەکەمان داگرت و گواستنەوە هەرتەلێ، شەو لە ماڵێ عوسمانی حوسێنی ئەبوبەکری بووین ناسیارمان بوو، بەیانی زوو هاتینەوە بالیسانێ، لەناو گوندی زۆر نەماینەوە چووینە گەری ئەشکەفتێ عەلیە بۆزی، لەوێش هەرچی چێڵ و چواری خۆمان و خەڵکی بوو دامانە پێشەخۆمان،

**بەداخەوە هەردوو برام حوسێن و محمد هەتا ئێستاش نەمدیتنەوەو شوێن بزرکران.**

ئێستری عەولای حەمەدی شینکۆی چاوەکی بەتەواوی کوێره بووبوو، بەزەحمەت ئەڕۆیشت بردمە سەرئاوێ هەتا ئاوم نەدا وازم لێنەهێنا ئاومداو



(کورتان)م لێکردەوەو بەڕەڵام کرد، چیڵەکانن دا پێشەخۆمان یەک لە چیڵەکانی عەولای حەمەدی شینکۆی شین بوو هەردوو چاوی کوڕەبوون لە خوار گوندی توتمێ لە (زێنێ) بەجێمانهێشت نەیئەتوانی بڕوات، گەیشتینە دەشتێ گوندی سیساوەی ماڵاتەکەمان بەڕەڵاکردوو خەبەرماندا خەڵکەکەی ئەوەی کەس و کاریان هەبوو بێن بیانبەنەوە، هەستام چوومە لای زرارەتیێ گوندی (خەلان) لەوێ لەعلی خێزانم هاتەوەو دیتمەوە، بەس بەداخەوە هەردوو برام حوسێن و محمد هەتا ئێستاش نەمدیتنەوەو شوێن بزرکران.

لەعلی هاوسەری حەمەدەمین قادر باسیی دواتری بۆکردم بەم شێوەیە:

دوای ئەوەی خار سەیدی خەزوورم سواری سەیارەی کردین، گەیشتینە سەروچاوێ لەوێ من هەردوو چاوم قەپات بوون هیچم نادیت، بردراینە ڕانیێ خەستەخانێ لەوێ من زەینم نەما چاوم هیچی نادیت دابڕام و بەجێمام، حاجی عومەری دەروێشی لەخەستەخانێ ڕانیێ من و ئەستێی ژنی حوسێنی صۆفی بەسەیارەکی بردینە (کۆیە)، لە کۆیە خێرخوازێک ئێمەی بردە خەستەخانێ هەولێرێ خودا خێری بنوسێ ئەو خێرخوازە پارەی کرێی وەرنەگرت، هیچ عیلاجەکمان بۆناکرا، بەدەنگێ (حاجی صالح)م ناسی گاسم کرد خاڵ حاجی صالح ئەمن دێمە دەرەوە لە خەستەخانێ بمبە ماڵی دایکم، منداڵەکی کچ گوتی وەرە لەلای خەستەخانەی (شێتان) سیم شکایە لەوێ بڕۆ دەرێ، حاجی صالح چاوەڕێم بوو، منداڵەکە منی گەیاندە لای سیمەکەی شکابوو، ئاودیو بووم و حاجی صاڵح سواری سەیارەی کردم و بردمیە ماڵی دایکم سەر شەست مەتری لای مزگەوتێ (سیدرا)ی خودای گەورە پاداشتی مام حاجی صالحی بداتەوە، لەماڵی دایکم جلک و بەرگیان گۆڕیم شوشتمیان، سعات ١٢ شەو حاجی عەزیز هات منی بەدزی بردە لای دکتۆرەکی ناسیاری ماڵی باوکم ناوی دکتۆر دەشتی بوو منی بینی، عیلاج و دەرمانی بۆدانام گەڕاینەوە خوشکم تەداوی دەکردم، لەوی بەولاوە دوو دکتۆری تر بەناوەکانی (دکتۆر نوری و دکتۆر حەمەشەریف) دەهاتن، دکتۆر نوری بەیانیان دەهات حەمەشەریفیش ئێواران دەهات دەرزی بۆ دەکردم بەدزی دەهاتن لەترسی حکومەتی بەعس، چاوم نەبونەوەو هیچم نادیت قسەشم نەبوو، دوای بیست و پێنج ڕۆژ منیان بردە سەر گومبەتێ شێخی چۆڵێ لەوێ زمانم بۆوەو دوای دوو ڕۆژ چاویشم باشتربوون، دوای چل شەو و ڕۆژ لەماڵی باوکم بووم گەرامەوە (باوەخەلان) لای مێردم، هەموو ماڵمان کەتە بەرکیمیای و خانومان ڕووخاو تەخت کرا لە بالیسانێ، خەڵکی گوندی هاوکاریان دەکردین هووردە هووردە ماڵمان لە نوێی داناوە، خودای گەورە خێری هەموو ئەوانە بنوسێ کە بەکەلکن هاتینە و هاوکاریان کردین و خزمەتیان کردوین لەکەس و کارم و دکتۆرەکان و هەرکەسەک بێت. لەدوای ڕاپەڕینێ هاتینەوە بالیسانێ هەتا ئێستا لێرە ئەژین. پشیم تەنگە چاوم خراپن هەناسەم توندە بەتەپ و تۆزێ و خۆربارینێ دێمە مردنێ هەتا ئێستاش عیلاجان بەکاردەینم و سەردانی دکتۆرانیشم زۆرکردیە.



# شێرە ژنێك لە سێبەری مەرگدا

## پلکە حاسی چیرۆکی رزگارکردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی دەگێڕێتەوە

ئا: حەسەن شێخ وەسانی

دوای تێپەڕبوونی سی و نۆ ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان زۆرن ئەو چیرۆکە نەوتراوانەی شایانی ئەوەن باس بکرین و بخرێنە ناو ناواخنی گۆڤار و کتێبخانەکان، باس لە چیرۆکی قەرەمانانی ئەوسا لە خۆبردوانە گیان فیدایانە و پێشمەرگە ئاساییانە هەر یەکە و لە شوێنی خۆی هەوڵی رۆزگار کردنی بریندارانیان ئەدا ئەوان ئەو قارەمانانەبوون کە لە ناو جەرگەی مەترسیدا، ژیانی خۆیان خستە سەر دەست بۆ رزگارکردنی برینداران. یەکێک لەو چیرۆکە دەگمەنانە، چیرۆکی ژنێکی خۆڕاگرە بە ناوی حاسی ساڵح عسمان شێخ وەسانی ئەو ژنەی نەیهێشت مەرگ باڵ بەسەر بەشێک لەو بریندارانەدا بکێشێت کە گەیشتبوونە نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر.

**چیرۆکێک و مێژوویەکی زیندوو**

لەو رۆژانەی کە کوردبوون تاوان بوو، لەو رۆژانەی بەرەنگاری بەعس باجی مردن بوو، لەو کاتانەی کە هەولێر بە ئەمن و هەواڵگری بەعس تەنرابوو پلکە حاسی توانی ژیانی چەندین تاکی کورد لە مەرگی مسۆگەر رزگار بکات. ئەو نەیهێشت بەشێک لە رۆڵەکانمان، پیاوانمان و منداڵانمان بەر شاڵاوی ئەنفال بکەون. بە شێوازێکی پێشمەرگانە کەوتە ئازادکردنی بریندارەکان لە نەخۆشخانەی نادار بامەڕنی لە شاری هەولێر. باس کردن ئەم چیرۆکە و گێڕانەوەی بۆ نەوەی ئێستا رەنگ بێت لە سیناریۆ و فیلم بچێت بەڵام نەخێر ئەو توانی پرۆسەی رزگارکردنەکەی ئەنجام بدات تەواوای ئەو بەربەستە ئەمنی و هەواڵگریانە ببڕێت و لە ماوەیەکی کەم و تەواوی هەوڵی خۆی وەگەڕبخات بۆ سەرخستنی پرۆسەی رزگاکردنەکە.

**هەواڵە شوومەکە گەیشت**

دوای دوو رۆژ لە کیمیابارانەکە، هەواڵەکە بە پلکە حاسی گەیشت. هاوسەرەکەی لەبەر ئەوەی دەیزانی چەندە دڵسۆز و خەمخۆری، سەرەتا هەواڵەکەی لێ شاردبووەوە نەوەک شتێک لە خۆی بکات. بەڵام کاتێک هەواڵی گواستنەوەی بریندارە کیمیاییەکان بۆ هەولێر بڵاوبووەوە، ئەو چیتر چاوەڕێی نەکرد و راستەوخۆ بەرەو بەردەم نەخۆشخانە بەڕێکەوت. بریندارەکان هەموویان خزم و کەس و ناسیاوی یەکتر بوون، هەموویان خەڵکی یەک گوند وناوچە بوون. کاتێک کاروانی بریندارەکانی بینی، جەرگی سووتا ئەو چاوانەی دەیبینی چاوی نەخۆشی ئاسایی نەبوون، بەڵکو چاوی مرۆڤگەلێک بوون کە تەنها گوناهیان کوردبوونیان بوو. بە تایبەت بینی براکانی و ئامۆزا و ماڵە خەزورانی کەسەرێکی گەورە و برینیکی قوڵی لە دڵی پلکە حاسی درووست کرد بە شێوەیەک

تاوەکو ئێستا دیمەنەکانی یەک بە یەکی بریندارەکان وەکو خۆی ئەگێڕیتەوە و بینینی یەکەم جار وەکو وێنەیەک لە هزری ماوەتەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەمە نەبووە هۆکاری ساردبوونەوە و خەمساردی بەڵکو بوەتە هۆکاری زیاتر هەوڵ دانی بۆ رزگارکردنیان.

**پلکە حاسی و هاوکارەکانی توانییان ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکان ڕزگار بکەن و بەسەر ماڵە خزمەکانیاندا دابەشیان بکەن بۆ ئەوەی لە چاوی ڕژێم ون بن.**

## ڕزگارکردن لە پشت سیم و ئاسنەکانەوە

نەخۆشخانە گۆڕدرابوو بۆ گرتووخانە. هێزە ئەمنییەکان دەوریان گرتبوو و هیچ چارەسەرێکیان پێشکەش نەدەکردن. پلکە حاسیە هاوکاری چەند کەسێکی تر، دەستی کرد بە پلانێکی بوێرانە بۆ ڕزگارکردنی بریندارەکان. لە نێوان دەرەوە و ناوەوەی نەخۆشخانەکەدا، تەنها چەند شیشێکی ئاسن و سیمێک هەبوون. ئەوان یەک یەک بریندارەکانیان لە پشت ئەو سیمانەوە دەردەهێنا و ڕزگاریان دەکردن. کات کێشەیەکی گەورە بوو لە بەردەمی، چونکە دەبوایە لە کاتێکی زۆر کەم زۆرترین هەوڵی خۆی بدات، هەروەکو خۆی باسی دەکات گەر کاتی زیاتر هەبوایە دەیتوانی بەشێکی تری برینداران رزگار بکات.

خەزووری پلکە حاسی یەکێک بوو لە بریندارەکان، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو ڕزگار بکرێت و وتی: من چیم لەوانەی ژوورەوە کەمترم نییە. ئەو مایەوە لە گەڵ بریندارانی تر ئەنفال کران و ئیتر نەبینرانەوە. بەڵام پلکە حاسی و هاوکارەکانی توانییان ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکان ڕزگار بکەن و بەسەر ماڵە خزمەکانیاندا دابەشیان بکەن بۆ ئەوەی لە چاوی ڕژێم ون بن
.

## خانوویەک کە بوو بە نەخۆشخانەیەکی نهێنی

دوای ڕزگارکردنیان، قۆناغی چارەسەرکردن دەستی پێکرد. لەو کاتەدا فرۆشتنی دەرمانی کیمیایی لەلایەن حکومەتەوە قەدەغە بوو. ئەوان ناچار بوون بە شێوەیەکی زۆر نهێنی لە موسڵ و کەرکووکەوە دەرمان و مەڵهەم پەیدا بکەن. ماڵی پلکە حاسی و خزمانی تر گۆڕدرا بۆ نەخۆشخانەیەکی بچووک؛ ٩ بۆ ١٠ بریندار لەسەر زەوی و قەرەوێڵەکان ڕاکشابوون. ئەو شێرەژنە هەموو ڕۆژێک بە دەستی خۆی جەستەی سووتاوی بریندارەکانی دەشوشت و بە مەڵهەم چەوری دەکردن. ئەم کارە چەندین هەفتەی خایاند تاوەکو برینەکانیان ساڕێژ بوو.

پلکە حاسی تاوەکو زیاتر چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە فرمێسکەکانی زیاتر دەبوون، چارەسەر کردنی برینداران و تەداوی و شوشتنیان کارێکی زۆر گران بووە و دەبوایە بەرگەی زۆرترین ئازاری و نارەحەتی خزمانت لە بەر چاوبوایە و سەرارەی ئەوەش پەیداکردنی داو و دەرمان بەسەرهات و چیرۆکێک و زەحمەتێکی ترە، بەلام خۆشبەختانە ئەمرۆ دوای چەندەها ساڵ زۆرێک لەو بریندارانەی پلکە حاسی ڕزگاری کردن، هێشتا زیندوون و وەک شایەتێکی مێژوویی ماونەتەوە،

## پلکە حاسی وەک دەنگی ویژدان

چیرۆکی پلکە حاسی تەنها چیرۆکی ژنێک نییە، بەڵکو دەنگی ئەو ویژدانە زیندووەیە کە لە تاریکترین ساتەکانی مێژوودا ڕووناکیی بەخشییەوە. ئەو بە دەستەکانی خۆی ئاسنەکانی بڕی تاوەکو بریندارانی چەکی کیمیاوی ڕزگار بکات. ئەو هەوڵیی خۆی دا و ئامانجەکەشی پێکا، گەرچی ئەو لە هەوڵ دابوو زۆری تر رزگاربکات. بەلام و کات و مەترسیە ئەمنەکان هاوکار نەبوون.

کاتێک گوێ بیستی چیرۆکی پلکە حاسی و هاوشێوەکانی ئەبیت ئینجا ئەزانی قوربانی دان بە هەموو کەس ناکرێت، گیان فیدایی و بڕیار مەرداریەتی و ئازایەتی دەوێت، بۆیە لە کۆتایی پێشنیار دەکەم بەرپرسان و لایەنەکان ساڵانە مەراسیمێکی ریزلینان ئەنجام بدەن تاوەکو لە ژیان ماون.

# حاجی جەماڵ مێرگەسەری کەسایەتیەکی وون لە ڕووداوەکانی ١٩٨٧.

ئا: م. حمدامین لاسە باپیر.



بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو گەلی کورد لە کوردستانی گەورە بەگشتی و لە باشوری کوردستان بەتایبەتی، تووشی جۆرەها کارەسات و ڕووداو و ماڵ وێرانی بووە. هەر لە گرانی گەورەوە بگرە تاکو شەڕی عروسان و دەوڵەتی عوسمانی و سوپای ئینگلیز و هتد. وە بەتایبەت باشوری کوردستان و ناوچەی خۆشناوەتی بەشی شێری بەرکەوتووە، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق پێکهێنانی سوپا زۆر دڕندانە هێرشیان بۆ سەر ئەو دەڤەرە ئەنجامدەدا زۆر بێڕەحمانە خانوو ماڵی هاوڵاتیانیان وێران دەکرد و بە جۆرەها چەک بۆردومانیان دەکرد بەچەکی جۆراوجۆر.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ حیزبی بەعس جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و دەستەڵاتی بەهێزکرد و زۆر بێویژدانانە دژایەتی بۆ گەلی کورد ڕاگەیاند. گەر سەیرێکی ڕووداوەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بکەین دەبینین بە هێزترین شاڵاوی ئیبادەکردن و بەبەعسی کردن و بەعەرەب کردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ لە دژی کورد پەیڕەوکراوە.

بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧دوای ئەوەی (علی حسن مجید) کرا بە لێپرسراوی ڕەهای باکور، ئەو دڕندەیە پیسترین تاوانی ئەنجامدا وەکو ڕاگواستن و بەکارهێنانی چەکە کوشندە قەدەغەکراوەکان وەک عنقودی و فسفۆڕو چەکە کۆ کوژەکان وەک ( کیما و دواتر ئۆپەراسیۆنی ئەنفال، کە زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی کوردی ئیبادەکرد و چەندەها گوندی لەسەر نەخشەدا سڕیەوەو تەختی کرد .

بەرچاوترین تاوان کە دەرهەق بە خۆشناوەتی کرد کە بۆیەکەم جار و ١١مانگ پێش هەڵەبجە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦لە ئێوارەیەکی زەردەپەڕی بەهاردا لە قوڵایی دۆڵێکی سەوزدا و لە بناری چیای شۆپە هەردوو گوندی (شێخ وەسان و بالیسان)ی بەچەکی کۆکوژی کیما خەڵتانی خوێنکرا.

یەکێک لەو کەسانەی کە ناوی ( حاجی جەمال عمر حمدامین)ە کە تەمەنی ٥٧ساڵە خەڵکی گوندی مێرگەسەرە کە وەکو شایەدحاڵێک و یارمەتی دەرێکی گرنگی هاوکاریکردن و گواستنەوەی بریندارانی گوندی شێخ وەسانان وەک فریادڕەسێک بە تراکتۆرەکەیەوە توانیویوتی بەشێکی هەرە زۆری بریندارەکان بگوازێتەوە بۆ سەروچاوە بەم شێوەیە بۆی باس کردین و ووتی:

من کە ناوم (جەمال عمر حمدامین)ە خەڵی گوندی مێرگەسەرم ئەوکاتی ماڵم لە مێرگەسەر بوو، ئەوکات زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەکانی دەڤەرەکەمان لە سەرکردایەتی بوون مژوولی ئەنجامدانی داستانی ڕزگاری بوون، خزمێکی نزیکی خۆمان بەناوی ( فەتاح حاجی وسو) هەرمکی کە بەشدار بوو لەو داستانە

خه‌به‌رهات که‌وا شه‌هید بووه، ئێمه‌ش خه‌ریکی گفتوگۆبووین له‌گه‌ل خزمان، به‌لام له‌ ئێواره‌که‌ که‌ گه‌یشتینه‌ گوندی (هه‌رمک) له‌وێ ماینه‌وه‌ تاکو نیوه‌ڕۆ کاتێ نامه‌که‌هات ئه‌و نه‌بوو کورێکی تر بوو به‌ناوی سیروان. ئێمه‌ ئێواره‌ گه‌ڕاینه‌وه‌ مێرگه‌سه‌ر پێش ئه‌وه‌ی که‌ ڕۆژ ئاوابێت ده‌نگی فڕۆکه‌ی جه‌نگی هات بینیمان کۆمه‌ڵێک ته‌یاره‌ بوون نه‌مزانی ژماره‌یان چه‌نده‌، ده‌ستیان کرد به‌ بۆردومانکردنی زۆربه‌ی گونده‌کانی دۆڵی بالیسان له‌ ئه‌نجامی بۆردومانه‌که‌دا دوکه‌ڵێکی سپی هه‌ڵده‌ستاو ده‌نگی بۆمبه‌کانی کپ و بێ ده‌نگ دووکه‌ڵی سپیان لێبه‌رز ئه‌بوه‌وه‌ ئێمه‌ نه‌مانده‌زانی که‌وا چه‌کی کیمیاییه‌ و به‌کاری هێناوه‌، هه‌تاکو دره‌نگانی شه‌و (حاجی قادر ) تۆتمه‌یی باوکی کاک جه‌لال شه‌و هاته‌ ماڵی ئێمه‌ له‌ومانزانی که‌وا چه‌کی کیمیایی به‌کار هاتوه‌ و زۆرترین قوربانی دراوه‌ که‌ وا به‌رکه‌وته‌کان خه‌ڵکی سێڤیل بوون له‌ هه‌ردوو گونده‌که‌ی شێخ وه‌سان و بالیسان.. له‌ ١٩٨٧/٤/١٧که‌ ڕۆژی دواتر بوو خه‌به‌ریان پێدان که‌ ئێمه‌ تراکتۆرمان هه‌بوو بچین به‌ هانای برینداره‌کانی شخ وه‌سانان، له‌گه‌ڵ دووکه‌سی دیکه‌ به‌ناوکانی ( حاجی صالح سویره‌یی و حمد قادر مێرگه‌سه‌ری) هه‌رسێکمان به‌رێکه‌وتین که‌ گه‌یشتینه‌ شێخ وه‌سانان ئێواره‌یه‌کی دره‌نگ بوو هه‌موو ماڵێک برینداریان هه‌بوون، ئه‌و برینداره‌ چاویان کوێر بووبوو ده‌ستی یه‌کیان ده‌گرت و به‌ ناڵه‌ناڵه‌و گریانه‌وه‌ به‌یارمه‌تی ئێمه‌ له‌ ناو عاره‌بانه‌مان دانان و هه‌ر عاره‌بانه‌ی ٣٠بۆ٣٥ که‌س دبوون که‌ هه‌موویان ژن ومنداڵ و گه‌نج و پیره‌مێرد بوون. کاک (ڕه‌سولی حاجی محمود)ی شێخ وه‌سانی هاوکارێکی باشی ئێمه‌ی کرد له‌ باهاناوه‌چوونی برینداره‌کان و له‌کاتی بارکردنی برینداره‌کان، من هیچ که‌سێکم نه‌دی مردبێت به‌ڵام هه‌رچی ئاژه‌ڵ و باڵنده‌یه‌ کوێر بووبوون و که‌وتبوون دیمه‌نه‌کان زۆر دژوار بوون، دوای گه‌ڕانه‌وه‌مان به‌ره‌و مێرگه‌سه‌ر (علی کوێخا و عوسمان خۆرانی برای ) گه‌یشتنه‌ ئێمه‌ پێیان ووتین ڕایان مه‌گرن چونکه‌ ماڵی ئه‌نوه‌ربه‌گی بێتواته‌ ڕێگایان کردۆته‌وه‌ بیان به‌ن بۆ سه‌روچاوه‌، که‌ گه‌یشتینه‌ سه‌روچاوه‌ له‌ دیوه‌خانی کۆنی سه‌وروچاوه‌ خه‌ڵکێکی زۆر چاوه‌ڕێی بریندارانیان ده‌کرد یه‌کێک له‌ وانه‌ دکتۆر(سه‌روه‌ر) که‌ پاسێکی شقارته‌یی هه‌بوو برینداره‌کانی بارکردن هه‌تا جێگایان بۆوه‌ باری کردن چه‌ند جێبێک ڕاوه‌ستابوون بۆ هاوکاری و به‌هاناوه‌هاتن ئه‌وه‌ی مابوونه‌وه‌ جێبه‌کان باریانکردن به‌ره‌و نه‌خۆشخانه‌ی ڕانیه‌ گواستنیانه‌وه‌، دوای ئه‌وه‌ ئێمه‌ له‌ گه‌ڵ هه‌ردوو تراکتۆره‌که‌ گه‌ڕاینه‌وه‌ به‌ره‌و مێرگه‌سه‌ر شه‌و له‌ماڵ بووین و به‌یانیه‌که‌ی حاجی (تاهیر باوکی کاک صباح مێرگه‌سه‌ری) هاته‌ لام داوای لێکردم که‌ بچم ماڵی بارکه‌م بۆ هه‌رمک دوای ئه‌وه‌ی که‌ ماڵمان بارکرد و به‌رو هه‌رمک ئه‌چووین له‌ ناکاو حاجی (علی مێرگه‌سه‌ری) به‌ ماتۆڕه‌که‌یه‌وه‌ به‌ره‌و بالیسان ڕۆویشت زۆری پێنه‌چوو گه‌ڕایه‌وه‌ گه‌یشته‌لای ئێمه‌و پێی ووتین ئاگاداربن ده‌بابه‌ گه‌یشتنه‌(کلکه‌ی فه‌وجی بالیسان، ئێستا هه‌وارگه‌ی هه‌ورێ) بۆ یه‌ (حاجی تاهیر) پێی ووتم که‌وایه‌ یه‌کسه‌ر بمانگه‌ینه‌ سه‌روچاوه‌، که‌ گه‌یشتینه‌ قه‌شان ئه‌و شوێنه‌ که‌ پێیان ئه‌گۆت جێگای هه‌ڵدڕای. ئینجا له‌وێ چه‌ند جێبێک ڕاوه‌ستابون به‌مه‌به‌ستی هاوکاری پێیان ووتین خه‌ڵکه‌که‌ دابه‌زێنن و ئێمه‌ ئه‌یانگه‌ینینه‌ سه‌روچاوه‌ ئێوه‌ش بگه‌ڕێنه‌وه‌ دۆڵی بالیسان به‌مه‌به‌ستی ڕزگارکردنی خه‌ڵکانی تر.

که‌ گه‌ڕاینه‌وه‌ بۆ گوندی مێرگه‌سه‌ر سه‌یرم کرد دوو هێلیکۆپته‌ر تا نزیک مێرگه‌سه‌ر زۆر به‌ نه‌وی هاتن و گه‌ڕانه‌وه‌. دوای ئه‌وه‌ ئێمه‌ش ناچار بووین وه‌ک دانیشتوانی گونده‌کانی دۆڵی بالیسان، ئاوایی چۆل که‌ین و به‌ره‌و ئاواره‌یی ڕێمان کرد .

خوێنه‌ری ئه‌زیز: ئه‌وه‌ی خوێندۆته‌وه‌و بیستت ته‌نها لێدوانی یه‌ک که‌سه‌ ئێستاشی له‌ گه‌ڵدا بێت به‌ ده‌یان بیره‌وه‌ری و به‌سه‌رهات و چیرۆکی تراژیدیا له‌ سینگی که‌سانی به‌ساڵا چوو بێ تۆمار کردن ماونه‌ته‌وه‌.

# ڕۆڵی کادیرانی تەندروستی لە قۆناغەکانی کیمیابارانکردنی ناوچەی خۆشناوەتیدا.

## وێستگەکانی بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی لەگەڵ لایەنە سەرەتایەکانی کادیرە تەندروستیەکان

**ڕاپۆرت: کەریم عەبدوللا هەرتەلی**

ئەو کاتەی بە چەکی کیمیاوی ناوچەی خۆشناوەتی بۆردوومان دەکرێ لە چەند قۆناغێکی جیا کە خۆی دەبینێتەوە لە دۆڵی مەلەکان و گوندەکانی و، لە دۆڵی بالیسان و گوندەکەنانی و، لە سنووری ناحیەیی (بێتواتە) و گوندی (وەرێ) دا، خەڵکی ئەو ناوچانە ڕووبەڕووی زۆرترین مەترسی تەندروستی گشتی و مەترسی جەستەیی دەبنەوە لەو ناوچانەدا کە دیارە هەردوو هۆکارە کەش مەترسی زۆریان لەسەر ژیانی خەڵکە کە دروست کرد بوو چونکە لە لایەك مەترسیە تەندروستیەکان هەمە لایەنە بوو لە جەستەیی و لەناو چوون و، بریندار بوون، کە مەترسیە جەستەیەکان زۆر ڕوون دیارە کە ئەویش هەمە لایەنە بوو لە هەموو قۆناغەکانی کیمیابارانداە بەرجەستە بووەو بەرامبەر هەر بەرکەوتەیەکی چەکی کیمیاوی کە بۆیان هاتبووە ناوکایەی تەندروستی لە هەر مرۆڤێك دوای چرکە ساتی بۆردوومان و لێدان بە چەکی کیمیایی لە ناوچەکەدا.

لە م حاڵەتانەدا هەموو ئەوکەسانەی کە ڕوو بەڕووی لێدان بە چەکی کیمیاوی بوونەتەوە پێویستیان بە دوو جۆرە کەس هەبوو کە بەهانایانەوە بێن لەو کاتەدا بۆ ئەوەی لە مردن و لەناوچوون ڕزگاریان بێت کە کەمێك لە ئازاری بریندەکانیان کەم بێتەوە، بە شێك لە چارەسەری پێویستی سەرەتایی وەرگرن.

* دووەمیان خەڵکی ساغو بە تواناو، هۆیەکانی گواستنەوەی خێران تاکو بتوانرێت ئەوکەسانەی بەرچەکی کیمیاوی کەوتوون و توانایی ڕۆیشتنیان نیە، ئەوکەسانە بریندااران بگوازنەوە شوێنە ئارامەکان و، شوێنەکانی تری چارەسەر.

لە خاڵی یەکەمیاندا کادیرەکانی تەندروستی بە پزیشك و کارمەندو ئەمبیولانەسەوە بە دوو قۆناغ ڕۆڵی خۆیان گێڕا لە چارەسەری بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە یەکەمیان ئەو کاتەی بە چەکی کیمیاوی لەو ناوچانە دراو، چەکی کیمیاوی بەکار هات لە دژی خەڵکەکەی لە شوێنی ڕووداوەکان ئەو کادیرە تەندروستیانە ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە ناو چەکانی بەرکەوتوو بە چەکی کیمیاوی وا تا کاتەدا لە ئەشکەوتەکان و، لە گوندە دوورەدەستەکان بوون ئامادەی یان هەبووە بە چەند دەرمانێکی سەرەتایی بێ نەبێ شەوە لە کاتێکا کارە کە سەرەتایی بووە، بەڵام لە بنچینەدا ئەو ئێشە گەورە و جێگای بایەخ بووە و، چونکە چارەسەرکردن و بەهاناوەچوونی بریندارەکان لەو کاتەدا کەو پزیشك و کارمەند بوون بە بەخاڵی سەرەتایی چارەسەری بریندارەکان هاتۆتە هەژماردن و، وە باشترین ڕۆڵیان گێڕاوە لە کارەکانیان چ وەك چارەسەرو تەداوی چ وەك هێزێکی مەعنەوەی بۆ بریندارەکان هەرچەندە ئەوان ژمارەیان کەم بوو، وە پێداویستی چارەسەری بەردەستیشیان زۆر سادەو سنوور دارو کەم بووە.

بەڵام ئەوان توانیان ئەشکەوتەکان بکەنە بنکەی تەندروستی چارەسەری سەرەتایی بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی لە مەیدانی کیمیاباران و



لە کاتی یە کەم چرکەی بریـ نداربوونی مرۆڤەکان بەو چەکەو توانیان لەو هەلو مەرجە سەختەدا بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی ڕزگار بـکەن، بە وورەی بەرزی خۆیان و هیـ مەتی شێرانە بـتوانن خۆ لە قەرەی چارە سەرو بەهاناوە چوونی بریندارەکانەوە بدەن و بە پیـ ی توا نا، تواذ یان چارە سەری سەرەتایی یان بۆ بکەن کە بە زۆری ئەو کارمە ندو پزیـ شکانە لە دوو شوێن ئامادەیـ یان هەبوو وەك (دۆڵی مە لەکان) کە بنـ کەی تەندرو ستی لە ئە شکەوتێکا بوونی هەبووە، ئەوەی تریش بنـ کەی تەندرو ستی گو ندی ( خەتیـ ) بوو، لە دۆ ڵی بالیـ سان، لە گەڵ بنـ کەی تەندروستی تیپی (٩١) سەفین لە گوندی (دۆریـ) ی دۆڵی هیران و نازەنین کە بە پیـ ی ئەو کەر ستە سەرەتایانەی تەندرو ستی کە لە بەر دە ستیاندا دا هەبوو زۆر ترین خز مەتیان کرد، لە گەیـ شتنی یە کەم بریـ ندا پیـ یان هەنگاوەکانی چارە سەر و، دوا تریش گێڕا نەوەی هـ یـزی مەع نەوەی بۆ بریندارەکان و , دەتوانین بـ لێین بە شێك لە بریندارەکانیان لە مردن و نەخۆ شیە دروونیەکان ڕزگار کرد کە تا ئیـ ستاش شایەت حا ڵەکانی کیم یا بارانی خۆشناوەتی ئاماژە بە کاری ئەو کادیرە پزیشکیە و تەندروستیانە دەدەن کە لەو کا تەدا چ ڕۆڵیـ کی گەورەی جوامێر یان بینیووە، بۆ بە ها ناوە چوونی خەڵکی بەرکەوتوو لە چەکی کیمیاوی کە ڕەذ گە گەر ئەوان نەبووانایە کارە ساتێکی تری مرۆی کۆمەڵکوژی گەورە هاتبایە ئارا.

لە کاتی سەردانمان بۆ ئەو ناو چانە زۆرێك لە خەڵکی بەرکەوتوو بە چەکی کیم یاوی ئا ماژە بە ڕۆڵ و خز مەتی هەردوو بنـ کەی تەندرو ستی ئەو کاتی گو ندی ( خەتیـ ) و، گو ندەکانی (دۆ ڵی مە لەکان) دەدەن کە سەرەڕایی کەمی دەر مان و کەمی کارمە ندو نەگونجانی شوێن بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە پێشکە شکردنی خز مەت گوزاری تەندروستی بە بریـ ندارانی بەرکەوتووی چەکی کیم یاوی کە دوا جار توانیویا نە گەر بە هێزێکی مەعنەوەیش بێت ئارامی دڵ و دەروون و جە ستەیی بۆ بریندارەکانی چەکی کیمیاوی بگێڕنەوە.

ئەو شوێنانەو ئەو کە سانەی باس دە کرێن لە کاتی لـ یدان بە چەکی کیمیاوی کیمیابارانکردن و لەسەر ئەرزی واقیع ئەوان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە بۆ ئەو کاتە نا سکە کە بریتین لە (دکـتۆر زریان) کە لە بنکەی تەندرو ستی خەتیـ و دکـ تۆر ( هەڤاڵ) لە گو ندی مە لەکان چونکە لەو کا تەدا ئا مادە با شیەکی باشیان هەبووە، زۆریـ نەی بریـ ندارەکان ئاماژە بەو ناوی ئەو پزیـ شکانە دەدەن کاتێك بە بریـ نداری ڕوو یان کردۆ تە ئەو بنکا نە و، لە زۆریـ نەی وو تەی شایەتحاڵەکانیش ئا ماژە بەو ناوی ئەو دوو پزیشکە دراوە.

هاولاتی ( مام عەلی مە لەکی) با سی بنـ کەی تەندرو ستی ئەو کاتی گو ندی (مەلەکان) دە کات، وەك شایەت حاڵێك لەناو ڕووداوە کەدا دە ڵیـ ئەو بنـ کە تەندرو ستیە چەند کە سێك کاری تـ یدا دەکرد کە بریـ تی بوون لە (د. هەڤاڵ) سەرپەر شتیاری نەخۆ شخانەکە بوو، لەگەڵ (د. ڕێبوار ئە حمەد شەقلاوەیی، د. هو نەر، د. فەرهاد، د. هەژار د. نەوزاد عباس) ئەو هەرچەندە دە ڵیـ من نازانم کا مە پزیـ شك بوو بەڵام هەموو ئیـ شیان دە کرد چونکە من خێزانە کەم بریـنداری چەکی کیمیاوی بوو دوای لێدان بەو چەکە ڕووم کردە ئەو بنـ کە تەندروستیە کە لە ئەشکەوتێکدا بوو.

ئەو کەسانەی لە لەوکا تەدا و بەتایـ بەتی لە هەردوو بنـ کەی تەندرو ستی گو ندی (خەتیـ)، وە بنـ کەی تەندرو ستی دۆڵی (مە لەکان) چارە سەری پزیـ شکی بۆ بریـ ندارانی چەکی کیم یاوی دە کەن بە ئیمکاناتی ئەو کا تەی لە بەر دە ستیاندا هەبوو بۆ چارەسەری برینداران بەکاریان هێناوە، دەتوانین بڵێین بۆ ئەو کاتەو بۆ ئەو شوێنە ئەو بڕە دەرما نەی لە بەر دە ستی ئەو دوو بنکە یەدا هەبووە کاریگەری با شی هەبوو بۆ چارە سەری بریندارەکان وەك هەنگاوی سەرەتایی لە بە کارهێنانی هەندیـ دەرمانی سەرەتایی پیـ ست و نەخۆ شیەکانی چاو وە تەذ گە نەفەسی و ڕشانەوە.

هەروەها لە نوو سینی هە ندیـ ڕا پۆرتی پزیـ شکی لە هە ندیـ فر یاگوزاری سەرەتایش ڕۆڵی خۆیان بینیووە، بەڵام کەمی پزیـ شك و کەمی کارمە ندی تەندرو ستی و کەمی دەرما نەکانی فریاگوزاری سەرەتایی گەورەترین ڕیـ گر بوو نە لە سەر چارە سەری بەر کەوتوانی چەکی کیمیاوی کە تا ئەو چرکە ساتەش بریـ ندارانی چەکی کیم یاوی ناو چەی خۆشناوەتی بەو برینا نەوە دە ناڵێنن و ساڵیش نیە چەند کە سێك بە هۆی ئەو کۆنە بریـنانەوە گیان لە دەست نەدەن.



لایەنێکی تری ئەو بنکە تەندروستیانە بۆ ئەو کات، بۆ برینداران و بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لایەنێکی تری مەعنەوەی بە هێز بووە کە هەمیشە برینداراەکان کاتێک گەیشتوونەتە ئەو بنکانە سەرەڕای ئەوەی پێداویستی پزیشکی گشتی فریاگوزاری بەردەست نەبووە بەڵام بۆ لایەنی مەعنەوی بەهێزکردنەوەی بەرگری جەستە تەواوی ئەو بریندارانە کە گوازراونەتەوە ئەوێ جێگای سەرکەوتن بووەو هەمیشە ئەو بنکانە هێزی مەعنەوەی، بەرگری بە هێز یان بەخشیوەتەوە بە بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، چونکە ئەوان لە لایەک ئەوەی لە بەردەستیان بووە لە لە دابینکردنی دەرمان و، چارەسەر لەبەر چاوی ئەو بریندارانە بە گەورەییان پیشانداوەو لە لایەکی تریش ووتەو قسە بەهێزکانی تیمی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بۆ نەخۆش و برینداراەکان جێگای ئومێد و دڵخۆشی و بەهێزکردنەوەی مەعنەوەی جەستەیی بووە.

تەنانەت جارێکیان دکتۆر (زریان) کە ئەو کات پزیشک بووە لە بنکەی تەندروستی گوندی (خەتێ) دەڵێ: (کاتێک چەند برینداریکیان گەیاندە بەردەست لە دوای کیمیا بارانکردنی گوندی (شێخ وەسانان) ئەو ئێوارەیە بەر چەکی کیمیاوی کەوتبوون، دەڵێ ڕەوشی تەندروستیان لە رووی دەروونی و جەستەیەوە زۆر خراپ بوو، هەناسەیان بۆ نەدەدرا چاویان هیچیان نەدەدیت، زۆر بێ هێزو ناتەواو بوون توانای ڕۆیشتنیان نەمابوو، بەڵام کاتێک لە لای من، لەو بنکە تەندروستیە دانران من وەک پزیشکێک دەستەوەستان بووم حەپەسام لەو کاتە ناسەکەدا لەو کاتە پڕ مەترسیەدا من پێداویستی پزیشکی تەواوم لەبەردەستدا نەبێت و، نەتوانم ژیانی ئەوانە لە مردن ڕزگار بکەم بەڵام کاتێک هەندێ قسەم بۆکردن هەندێ دڵنەوایم کردن هەندێ چارەسەری سەرەتایی پزیشکیم بۆ کردن هەستم کرد بە تەواوی باری دەروونیان گۆڕاو ڕەنگو ڕوویان خۆش بووەوەو هەستیان بە ئارامی دەروونی و هەستیان بەکەمکردنەوەی ئازارەکانی جەستە کرد چونکە ئەوان لەو کاتە ناسکەدا وێرای چارەسەری پزیشکی ئەوان پێویستیان بەڕێنمایی و چاودێری کردن و دڵخۆشکردن هەبوو، ئێمەش لەو بنکە یەدا لە ڕێنمایی دان و چارەسەری بەردەست کەمتەرخەمیمان نەکرد بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو بریندارانەی یەکەمجار هاتنە لامان زۆر جیاواز بوون لەو بریندارانەی کە هەر لەماڵەوە مابوونەوە یان ڕوویان کردبووە نەخۆشخانە گەورەکان).

بۆیە دەتوانین بڵێین لە یەکەم چرکەساتی بریندارانی بەرکەوتووی بریندارانی چەکی کیمیاوی ئەو شوێنەی ڕوویان تێکرد بوو بنکە تەندروستیەکانی شۆڕش بوو لە هەردوو گوندی (خەتێ و مەلەکان)، ئەم هەنگاوەش کاریگەری گەورەی بە ئەرێنی لە سەر جەستەو دەروونی ئەوان دروست کرد بوو.

لە دووەم هەنگاودا بۆ هەندێکیان یەکەم هەنگاو بووە بریندارانی بەر کەوتووی چەکی کیمیاوی لە هەردوو گوندی (شێخ وە سان و بالیسان) لە گەڵ بریندارانی بەرکەوتوو بە چەکی کیمیاوی لە گوندی (وەرێ) ڕوویان کردۆتە هەردوو بنکەی تەندروستی گوندی (سەرو چاوە) و، نەخۆشخانەی گشتی (ڕانیە) کە ئەو کات ئەو دوو دا مەزراوە تەندروستیە کە لە ناوچەکەدا هەبوون و لە ژێر دەستەڵاتی ڕژێم دا بوون.

دیارە کاتی گەیشتنی برینداراەکانی ناوچەی خۆشناوەتی بەگشتی و گوندی (شێخ وە سان و بالیسان) بەتایبەتی کاتێک لە ناوچە ئازاد کراوەکان دەگەنە ئەو بنکەو نەخۆشخانانەی ژێر دەستی

ڕژێم ئەوەش بابەتێکی دوورو درێژەو بە چەندین قۆنا غدا تێدە پەڕیٚ هەر لە یەکەم گەیشتنیان بە بنکەی تەندروستی (سەرو چاوە) تا دوا جار دەگە نە نەخۆ شخانەکانی (ڕاۆ یە و، سلێمانی و، هەولێر).

لە سێیەم قۆناغیدا شدا بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی دوای ئازاد بوونیان چ پێش ڕاپەڕین چ دوای ڕاپەڕین بەشێکیان بەرەو وولاٚتی (ئێران) ڕەوا نە دە کرێن بۆ چارە سەر بەشێکی شیان ناتوانن ڕەوانی ئەو وولاٚ تە بکرێن دوای تێ پەڕبوونی چەند ساڵ بە بەردەوامی ئەوان لە ما ڵەکانیان بە ئازاری بەردەوا مەوە بە شێنەیەوە لە کات و ساتی جیاوازدا گیان لە دەست دەدەن.

* بن کەی تەندرو ستی سەرو چاوەو قۆ ناغێکی تری سەرتایی گەیشتنی بریندارەکان.

جا ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەو بابەتەدا قسەبکەین گەیشتنی بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی گوندەکانی ( شێخ وە سان و بالیسانە) بە یە کەم دا مەزراوەی تەندرو ستی ژ ێر دە ستی ڕژ ێم ئەویش بن کەی تەندرو ستی (سەرو چاوەیە) لە سنووری قەزای (ڕانیە) پارێزگای سلێمانی.

بن کەی تەندرو ستی گو ندی سەرو چاوە ئەو کات پ ێك هاتبوو لە (٤) ژوور و لە ساڵی (١٩٥٦) بن یات نرا بوو لە ناوەڕاستی گوندی (سەرو چاوە) دا، لە نز یك مز گەوتی گەورە ئی شکردن لەو بنکە یەدا ئەو کات بە سی ستەمی بنکە یەکی سەرەتایی تەندرو ستی سەردەمی حکو مەتی عێرا قی جیٚ بە جێکراوە کە سیستەمەکەش ئەوە بوو تەنها هە ندیٚ پێداوی ستی سەرەتایی پزیشکی لە گەڵ چەند کارمە ندێکی تەندروستی بوونی هەبووە لەو بنکە یەدا و دەوام لە بەیانیاندا تا نیوەڕۆ یان لەو بنکەیەدا کراوە و پزیشکی گشتی تێدا نەبووە و زۆر سادە سەرەتایی بووە.

ئەو کات کارمە ندێکی تەندرو ستی لەو بنکەیەدا کاری کردووە کە ماڵی لەناو گوندی (سەروچاوە) دا بووە لە گەڵ دوو کارمە ندی تر کە لەدەرەوەی گو ندی (سەرو چاوە) بوون، ئەو کارمە ندە بەناوی (ئ یبراهیم مەحمود قادر) کە بەرپر سی ئەو بنکە یە بووە ئێستا لە ژیا ندا ماوەو لە ئێ ستادا بەڕێوە بەری ناحیەیی (بێتواتە) یە، بۆ تیشك خ ستنە سەر ساتەکانی گەیشتنی بریندارەکانی گوندی (شێخ وە سان و بالیسان) ئێمە د یدارێکمان لە گەڵ بەڕێزیان سازداوە تایبەت بە گو ڤاری شانزەی چوار تا ڕاستی ئەو ڕووداوانەمان بۆ باس بکات کات ێك برینداروەکان دەگەێنرێ نە ئەو بنکەیەو، لە ڕووی چۆنیەتی چارە سەری برین دارەکان گرف تی بەردەمیان و، ئەوا نەی هاو کاری بوون و لە گەڵ هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بەو کارەو ڕەو شی تەندرو ستی برینداروەکان لەو کاتە بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو.

ئەو کات کات ێك کارمە ندی تەندرو ستی (ئ یبراهیم مەحمود قادر) بەر پر سی بن کەی تەندرو ستی (سەرو چاوە) بوو، بەم شێوەیە ڕووداوی گەیشتنی بریندارەکانی بەو بنکە یەو چارە سریان گێڕایەوە و، ووتی :

( ئەو کات ماوەی مانگ ێك بوو بەرپرسیاریەتی ئەو بنکەیەم وەرگرت بوو چونکە چوار مانگ بوو دا مەزرابووم، دەستەڵاتی حکومەت لە ناو چەکە ماڵی میرانی (ئەنوەربەگی بێتواتە) بوون، ئەو کات دوای دەوام بوو لە ما ڵەوە بووم، دوو کەس هات نە ماڵمان بە تو ندی لە دەرگا یان دا بینیم ئەو دوو کە سە دوو کەسی ناو گوندی (سەروچاوە) بوون، لە چەکدارەکانی ماڵی ( ئەنوەر بەگ) بە ناوی ( ئەنوەر حە مەد حەکیم و بەکر عەلی شێخە) پێیان ووتم وەرە دەرگای بنکەی تەندروستی (سەرو چاوە) بکەوە لەسەرداوای کاك (سەردار ئەنوەر بەگ) چونکە برین دارێکی زۆری بەر کەوتووی چەکی کیم یاوی گو ندەکانی ( شێخ وەسانان و بالیسان) گەیشتوونەتە ناو گوندی (سەروچاوە) و، لە بەردەمی ئەو بن کە تەندرو ستیە کەوتوون، بنکە کە دا خراوە دوای دەوا مەو، کەس ن یە چارە سەریان بکات و کلیلەی دەرگاش لای تۆ یە، برین دارەکانیش ڕەو شی تەندروستیان زۆر خراپە، منیش کەوتمە نێوان دوو بۆچوون یەکەمیان ئەوە کاری مرۆڤا یەتی و کوردایەت یە، دووەم یان دوای دەوامە چۆن بتوانم دەرگای بنکەی تەندروستی بکەمەوە چونکە حکو مەتی بەعس بۆ ئەو مە سەلەیە زۆر تو ند بوو نەدەبوا یە دوای دەوام هیچ فەرمانگە یەکی ح کومی بکرێ تەوە، بەتایبەتی بن کەی تەندرو ستی کە ئەو کاتیش مە سەلەی کیمیا باران و بریندارانی پێشمەرگە لە ناو با سەکاندا بوو زۆر بە گەرمی بۆ یە حکو مەت زۆر توندی دەکرد.

من ڕێگای یەکەمم هەڵبژاردوو دەستم دایە کلیلەکان و، بە پەلە بەرەو بنکەی تەندروستی چووم لە کاتێکا من هیچ گرێنتیەکم نەبوو دوای ئەو کارە لە لایەن حکومەتەوە نەگیرێم یان دوای

**پزیشکێکی میسری لە نەخۆشخانەی ناحیەی (چوارقوڕنە) دەوامی دەکرد بە ناوی (د. مەجدی) زۆر یارمەتی داین.**

کردنەوەی بنکەکەو چارەسەری بریندارن چارەنووسی من چی دەبێت، چونکە مونەزەمەی بەعس لە پەنا بنکەکە بوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ماڵی (ئەنوەر بەگ) دەستەڵاتدار بوون من ئومێدێکم بە ئەوان هەبوو گەر تووشی هەر کێشەیەك بم پشتیوانیم دەکەن دواتر کاتێك حکومەت بەو کارەی زانی و کێشەم بۆ دروست بوو ئەوان پشتیوانی باشیان لێکردم، هەر چەندە لایەنی مرۆڤایەتی و کوردایەتی پاڵی پێوە نام کە من دەبێت لە گەڵ ئەو بریندارانەدا بم، بە مردن و بە ژین و خۆشم ئەو کات لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا کارم دەکرد و هەستی مرۆڤایەتی و کوردایەتیم زۆر بەهێز بوو.

زۆر بە پەلە ڕۆیشتم تا گەیشتمە بنکەکە بەڵام کاتێك گەیشتمە بەردەم بنکەکە کارەساتێکی گەورە بوو، لەم دیمەنە شۆك بووم، کاتێك بینیم بریندارەکان هەر لە سەر جادەوە تا ناو بنکەکەو، بەردەمی بنکەکەو پێش مزگەوت بریندارەکان کەوتبوون بەسەریەکا، کە زۆرینەیان چاویان هەڵاوساو بوو یان چاویان قەپات بوو بوو، ئاهو ناڵینێك دەهات دڵی مرۆڤی ئازار دەدا، لە کاتێکدا زۆرینەیان، یان تەنگەنەفەس بوون یان چاویان هەڵئاوسابوو یان خوێن لە لووتی دەهات یان کوێر بوو بوون، بە تایبەتی پیرو مندالی زۆر تێدا بوو، کە دەرگام کردەوە و ژووری تەدوای و دەرمانخانەم بە ڕووی برینداراندا کردووە بە کۆمەڵ نەخۆش هاتنە ژوورەوە لە کاتێکا هەندێکیان لە ڕەوشێکی زۆر خراپی تەندروستیدا بوون، من سەرەتای کارەکە بە تەنیا بووم و، بەڵام خۆم نەشێواندوو دەستم کرد بە کارە سەرەتاییەکانی چارەسەری ئەو بریندارانە تا نزیکەی دوای عەسر دواتر دوو کەس هاتن یارمەتیان دام کە دوو خوێندکاری پەیمانگای پزیشکی سلێمانی بوون لە قوناغی کۆتایی کە ئێستا دانەمەزرابوون ئەوانیش بە ناوی (هاشم تەها و زرار ساڵح) کە زۆر هاوکارم بوون و، کارەکەیان بۆ خێرا کردم و بوونە بار سووکیەك بۆ کارەکانمان، چونکە ئەو کاتە جگە لە من ئەو بنکەیە دوو کەسی تری هەبوون یەکیان (مولەقیح) بوو واتا کاری (کوتان) بوو، ئەوەی تر پەرستیار بوو، بەڵام ماڵیان لەناو گوندی (سەروچاوە) نەبوو لە قەزای (ڕانیە) وە، دەهاتن ئەمە جگە لەوەی پزیشکی گشتیشی نەبوو بۆیە بەتەنیا سەرەتا کارەکانم بۆ چارەسەری سەرەتایی ئەو بریندارانە دەکردو تا بڵێی کارەکە قورس بوو بەڵام خەڵکیش بە گشتی هاوکاریان کردم لە ڕیزکردنی بریندارەکان و هێنانە پێشەوەی ئەو بریندارانەی کە زووتر پێویستیان بە چارەسەر بوو.



ئەو ڕۆژە قۆناغێکی سەختمان بە ڕێکرد چونکە من ساڵێك نەبوو دامەزرابووم، هەروەها پێداویستی پزیشکیش وەك پێویست نەبوو، چونکە بەشێکیان پێویستی بە ئۆکسجین و تەداوی باش هەبوو کە کاری پزیشکی گشتتیە بەڵام کاتێك ئەو کێشانە هەبوو، من بە هەموو توانایەك ئەو بۆشایەم پڕکردەوە.

شەوەکەی هەندێ ئیمبولانس لە ڕانیەوە هاتن لە گەڵ چەند شوفێرێك کە بریندارەکانیان دەگواستەوە

نه‌خۆشخانه‌ی (ڕانیه) له كاتێكا له ڕۆژی دوا تریش و، تا سێ ڕۆژ دوای ئه‌و كاره ساته بریندارەکان هه‌رده‌هاتن بۆ بنكه كه ئێمه له سه‌ر كاره كه به‌رده‌وام بووین به‌لاّم كاتێك قه‌زای (ڕاذ یه) ئو تومبێلی دابیذ كرد بۆ گوا ستنه‌وه‌ی بریندارەکان و هاو كاری خه‌ڵك به ئوتومبێلی خۆی زه‌خه‌ته‌كه له‌سه‌ر ئێمه كه‌م بووه ئه‌و بریندارەی دوای ئه‌و كاره ده‌گه‌یشته بنكه‌كه با شتر چاره سه‌رمان بۆ پێده‌كرا.

له سه‌ر شێوه‌ی بریندارانی بەر كه‌وتووی چه‌كی كیمیاو یه‌وه ئه‌و ووتی :

(به هۆی ئه‌وه‌ی بریندارەکان له ڕووی برینه‌وه جۆراو جۆر بوو هه‌ستم كرد ئه‌و چه‌كه‌ی به‌كار هاتووه زۆر جۆرو زۆر تو ند بووه كه ڕژێم به‌كاری هێناوه چونكه برینداری وا هه‌بوو چاوی زۆر ئاوسابوو پڕ له خوێن بوو بوو، بریندار واش هه‌بوو زۆر هه‌نا سه تو ند بوو له گیانه‌لاّدا بوو، برینداری تر هه‌بوو كوێر بوو بوو، ئه‌ مه جگه له‌وه‌ی زۆرینه‌یان تووشی هه‌ستیاری پێست بوو بوون و، هی واش هه‌بوو خوێن له لووتی ده هات و، برینداری تریش هه‌بوو ده‌ڕشایه‌وه‌و كاریگه‌ری له سه‌ر كۆئه ندامی هه‌رس دروست بوو بوو زۆر ناڕحه‌ت و به ئازار بوو.

كێ هاو كاری كردوون له ڕووی مادی و مه‌عنه‌ویی و داوو ده‌رمان ئه‌و كات بۆ چاره سه‌ری سه‌ره‌تایی بریندارنی به‌ر كه‌وتووی چه‌كی كیمیاوی له‌م باره‌یه‌وه كاك (ئیبراهیم مه‌حمود) ووتی :

**به زۆری ئەو بریندارانەی گەیشتنە بنکەکەما ڕۆژی یەکەم ژن و منداڵ بوون، لەگەڵ خەڵکی بەتەمەن ئەوانە ڕۆژی یەکەم هاتن، بەڵام ڕۆژانی تر ئەوەی دەهاتن بە زۆری پیاو بوون.**

( شادمان سامی به‌گ له مه‌فره‌زه‌ی پزیشكی فه‌وجی چواری ئه‌و كات هاو كاری كردین به هه ندێ ده‌ر مان و گۆزو ده‌رزی و مه‌ر هه‌م، (٢٢) دا نه ئه‌مپولی ( ئه‌تروپین)، هه‌روه‌ها پزیشكێكی میسری له نه‌خۆ شخانه‌ی ناحیه‌یی (چوارقوڕنه) ده‌وامی ده‌كرد به ناوی (د. مه‌جدی) زۆر یارمه‌تی دا ین به دابینكردنی هه‌ندێ ده‌رمان و دابینكردنی دوو سه‌ت دا نه (مه‌ر هه‌م و قه‌تره) و، هه‌روه‌ها خه‌ڵكی گوندی (سه‌روچاوه) ش هاوكار یه‌كی ته‌واوی كردین له گواستنه‌وه‌و یارمه‌تدانی بریندارەکان بۆ نموو نه كام بریندار زۆر خراپ بوا یه ئه‌ویان ز یاتر ئا ماده ده كرد له گه‌ل دابینكرد نی پێداویستی تر گ شتی وه‌ك ئاو خواردن و جل و به‌رگ و هه ندێ پێداویستی پاك كردنه‌وه.

ده‌رباره‌ی ئه‌و ده‌رمانانه‌ی به‌كار هاتوون له‌و كا ته‌دا بۆ چاره سه‌ری بریندارانی به‌ركه‌وتووی چه‌كی كیمیاوی به‌ڕێزیان ده‌ڵێ : (هه‌رچه‌نده ئه‌و كات پزیشكی گشتی كه‌م بوو، به‌لاّم ئه‌و كا ته ته‌نها وه‌ك پزیشكی گ شتی (دكتۆر د لزار عه بدولڕه‌زاق كۆیی) له قه‌زای (ڕاذیه) له گه‌ڵ دكتۆر (مه جدی میسر) ی، له ناحیه‌یی (چوار قوڕنه) بووذیان هه‌بوو، بۆیه ئێمه ناچار بووین له ڕۆژی دووه‌مدا ڕاو ێژیان پێ ب كه‌ین ئه‌وانیش زۆر شاره‌زایان نه‌بوو به‌لاّم ئه‌وه‌ی هه‌بوو، له سه‌ر ئه‌وه ڕێ كه‌وتین به گیراوه‌ی (نۆر مه‌ڵ سه‌لاین) برینه‌كانمان پاك ده كرده‌وه، به مه‌ر هه‌می ( كۆرتیزۆن) ئه‌و پێستانه‌مان چه‌ور ده‌كرد كه تووشی هه ستیاری تو ند بوو بوون، مه‌ر هه‌می ( كۆرتیزۆن و كلۆرافینیی كۆل) قه‌تره‌ی (دیك سۆن) بۆ هه‌وكردنی چاو هه ستیاری چاو به‌كار ده هات، ده‌رزی (كالیی سۆمان) به‌كار هێ نا بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی ده‌ستیان یان قاچیان ڕه‌ق بوو بوو، له بنكه كه‌شمان (٩٨) ده‌رزی (ئه‌ترۆپین) هه‌بوو بۆ ئه‌وا نه‌مان به‌كار هێنا كه تووشی سك ئێشه‌ی توو ند بوو بوون، ئه‌و ده‌رز یه (ئه‌ترۆپینا نه‌شمان) په‌نا دا بوو چونكه مانگ ێك پێش ئه‌و كیمیابارانه زۆرینه‌ی ئه‌مپولی (ئه‌ترۆپین) له لایه‌ن حكومه‌ته‌وه گێڕدرابوو نه‌وه بۆ كۆگا كان به ب یانووی جۆراو جۆر و بیانووی ئه‌وه‌ی خه‌ڵك به هۆی ل ێدانی ئه‌و ده‌رز یه‌وه مردووه به‌لاّم ئه‌و كات ده‌ز گای ته‌ندرو ستی شۆڕ شی سه‌ر به یه‌كێتی نیشتیمانی كوردستان نامیلكه‌یی ده‌ركردبوو كه‌من به ده ستم گه‌ی شتبوو له لا یه‌ن ڕێخ ستنه‌كانی یه‌كێتی نیشتیمانی كوردستان كه ئاماژه‌ی به‌وه دا بوو ئه‌و ئه‌مپو له وا تا ده‌رزی ( ئه‌ترۆپین) سوودی هه یه بۆ به‌ر كه‌وتوانی چه‌كی كیم یاوی م نیش له سه‌ر ئه‌و بذ چینه‌یه‌وه هه‌ڵم گرت و، نه‌مگێڕا یه‌وه‌و له‌و كا ته‌دا سوودمان لێ بی نی بۆ ئه‌و ڕژا نه‌ی بریندارەکانی به‌ر كه‌وتووی چه‌كی كیم یاوی هاتنه بنكه‌كه.

دەربارەی ئەو بریندارا نەی گەیـشتبوونە ئەو بنکە یە لە سەر تە مەن و جۆری ڕە گەز و وو تی : ( بە زۆری ئەو بریندارا نەی گەیـ شتنە بنکە کەما ڕۆژی یەکەم ژن و منداڵ بوون، لەگەڵ خەڵکی بەتەمەن ئەوانە ڕۆژی یەکەم هاتن، بەڵام ڕۆژانی تر ئەوەی دەهاتن بە زۆری پـ یاو بوون.

لەو سەرو بە ندەدا چارە سەری بریندارانی بەرکەوتووی چەکی کیمـ یاوی لە بنکەکەدا دەگاتە فیر قەی (٢٤) وا تا (قیادەی قوات موعتەسەم) لە ناحـ یەیی ( چوارقوڕنە) و، دوای ڕۆژ ێك لە چارە سەری بریـ ندارەکان ئەفـ سەری ئیستیخباراتی فیر قەی (بیـ ست و چوار) ها تە سەرمان، بە هێزێـ کەوە دەورەی بنکەکەی گرت و، ها تە ژوورەوە زۆر بە توندی و بە هەڕشەوە داوای ناوی لیستی بریـ ندارەکانی کرد کە لەو بنکە یە چارە سەریان وەرگر تووە، مـ نیش پیێ ڕانەگەیـ شتم ڕۆژی یە کەمی گەیـ شتنی بریندارەکان بە بنکە کە ناوە کان تۆ مار بـ کەم لە بەر قە ڵەباڵغی چونکە چەند سەعاتی یەکەمی گەیشتنی بریـ ندارەکان بە بنکەکە من بە تەنیا بوو، بۆ یە پێم ووت هیچ ناوێکم تۆمار نەکردووە، بۆ یە ئەو لە سەر ئەوەی من ناوم تۆ مار نەکردبوون زۆر توڕە بوو، دوا تر وو تی بیرت نەماوە ئەوا نە چ جۆرە کە سێك بوون، ووتم بە زۆری ژن و مـ نداڵ بوون ئەویش بە تەعلیق و بە هەڕە شە وو تی یەعنی ئەو گوندا نە پـ یاوی تـ ێدا نەبوو منیش ووتم بەڵێ پیاوی تێدا هەیە، بەڵام ئەو بریندارانە هەمووی مەدەنی و ژن و منداڵ بوون پیاوە کان بە زۆری لە شاخ خەریکی کـ شتوکاڵ و هەندێکیـ شیان بە شوانەتی خەریك بوون چەکی کیمـ یاویش لە ناو گوند بەکار هاتووە بۆیە پیاوەکان ز یاتر پارێزراو بوون ئەوەی ئێـ ستا بریندارە بە زۆری خەڵکی مەدەنی و پیرو پەك کەو تەن و، پیاوە کانیش لە دەرەوەی گوند بوون بۆیە ئەوانە کەمتر بەر کەوتوون، ئەوەبوو وازی نەهێنا ماوەی (٧٢) سەعات مۆ ڵەتی پـ ێدام دەبـ ێت ناوی بریـ ندارەکان بدە مە ئەو ئەفسەرە هەواڵگریە، منیش پەنام بردە بەر کاك ( سەرداری ئەنوەر بەگ) لە قوتابخانەی (سەروچاوە) ئەویش لە گەڵ قائیدی فیرقە قسەی کرد جا واز یان لێم هێنا هەرچەندە من زۆر لە خۆم ئەمین نەبووم ترسم هەبوو ڕۆژێك بگیریم.

لە ڕۆژی دووەمدا هەندێك بریـ ندار هاتن زۆریـ نەیان جە ستەیان سووتابوو لێم پر سین ئەوە بۆ چی وا تان لێ هاتووە ووتیان لەناو گیایی درێژ بووین نەمانزانی ئەو گیایە پیس بووە بە ژە هری چەکی کیم یاوی ئە مەش توو شی پێـ ست سووتانی کردین، هەر لە ڕۆژی دووە مدا پیاو ێك هات کە خەڵکی گو ندی (تووتمەی) بوو، نزیـ کەی تە مەنی (٤٥) بوو بە هەمان شێوە سووتابوو وە تەنگە نەفیسش بوو، لەناو گەنم درێژبوو بوو بە هەمان شێوە جە ستەو پێـ ستی هەموو سووتابوو دوای ئەوەی چارە سەرمان پێدا پێمان ووت مە چۆرە نەخۆ شخانەی ڕانیە چونکە بریندارەکان دەست بە سەر دە کرێن جا ڕۆژی دووەم و سێیەم چەندین بریـ ندار هاتن چارە سەر دوای ئەوەی چارەسەرو تەداوی سەرەتایمان بۆ دە کردن پێـ مان دەوو تن مەڕۆ نە نەخۆشخانەی (ڕانیە) بڕۆن خۆ تان پەنا بدەن لە ما ڵە خز مەکانتان یان هەر شوێنێکی تر، گرنگ ئەوە یە خۆ تان تە سلیم مە کەن، ئەوەی ڕۆژی دووەم دەهات بە زۆری پیاو بوون، کەسی واش هەبوون خز می خۆ یان لە گەڵ بوو ڕێنمایمان دەدا نیێ لە گەڵ چارە سەر لە ماڵی خزمان دەما نەوە دوور لە چاوی بەعس و پیاوەکانیان.

لەسەر چاودێری کردنی بریـ ندارەکان لە ناو گو ندی (سەرو چاوە) لە لا یەن دا ئیرەی ئەم نەوە ئەو وو تی تا بریـ ندارەکان لای ئێـ مە تەداوی کران و بەڕێکران هیچ چاودێریەکی ئەو تۆ یان لە سەر نەبوو، چونکە حکو مەتیش یەکمجار شڵەژانێکی پـ ێوە هەبوو لەو کارەدا، بەڵام بۆ ڕۆژا نی دوا تر بنـ کە تەندروستیەکە کەو تە ژێر چاودێریەکی تو ند لە لا یەن دەزگا ئەمنـ یەکان و بە دوادا چوونیان بۆ زۆر شت دە کرد، چونکە دواتر ئاگادار کرایـ نەوە لە لا یەن کەسێك بەناوی ( کەمال موحە مەد) کە ناسراو بوو بە (کەما لە سوور) خەلکی بێتواتە یە کە کاك ( سەرداری ئەنوەر بەگ) ناردبووی ووتـ بووی هەر کە سێك هەر بریندارێك سەردانی ئەو بنـ کەی کرد بە ڕەوا نی نەخۆ شخانەی (ڕاذ یە) یی نەکات چونکە ئەوانەی نێردرابوونە ئەویێ هەموویان دەست بەسەر کراون، چونکە دواتر خەڵك زۆر هات لە ڕۆژی دووەم و سێیەم کە تێیدا هەبوو فیرار عە سکەری بوو، هەبوو هـ ێزی پـ شتیوانی بوو، ئیتر ئێـ مە ئەوا نەمان ئا گادار دە کردەوە خۆ تان پەنا بدەن با نەگیرێن، لای کە سیش باس مە کەن بـ لێن ئەو

چارە سەرانەم لە فلان شوێن وەرگرتووە.

ئیتر بەم شێوەیە ئەو بریندارانە لە ڕۆژانی (١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ / ١٩٨٧/٤) سەردانی بنکەی تەندروستی (سەرو چاوە) یان کرد و چارە سەری سەرەتایی یان پێشکەش کرا.

کاك ئیبراهیم مەحمود قادر ماوەی بیست و دوو ساڵ لە بواری تەندروستی خزمەتی کرد لە هەردوو کیمیا بارانی (دۆڵی بالیسان) و گوندی (وەرێ) ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە چارە سەرکردنی بریندااران چ لەو کاتەی بنکەی تەندروستی بوو، چ لەماڵەوە کە ژمارە یەکی زۆری برینداری بەنهێنی چارەسەر دەکرد لە کاتێك کە چەندین شەویش دەر چووە بۆ چارە سەری بریندارانی پێشمەرگەی ناوچەکە کە لە شەرگەکاندا بریندار دە بوون و ئەو بەنهێنی چارەسەری بۆ دە کردن چونکە ئەوانە ناتوانرا بچنە نەخۆشخانەکانی حکومەت بە هۆی بوون یان بە پێشمەرگەو، یان هەلهاتوو لە خزمەتی سەربازی.

بە هۆی ئەوەی هەڵوێستی هەبوو لەو کاتەی بریندارانی بەر کەوتووی چەکی کیمیاوی چارەسەرکردوون چەندین جار هەڕەشەی گرتن و سزادانی لە لایەن بەعسەوە لێ کراوە بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە.

وە یەکەم دامەزراندنی لە بنکەی تەندروستی (سەرو چاوە) و بووە، دوا تریش لە مەڵبەندی تەندروستی (شکارتە) چەندین ساڵ خزمەتی کردووە و ئێستاش بە ڕێوە بەری ناحیەیی (بێتواتە) یە.

دەمەوێ لەم نووسینەدا ئاماژە بەوەش بکەم ئەو کات چەند دەرمانخانە یەك لە ماڵان هەبووە لە ناو گوندی (سەروچاوە) وەك نورینگەی دکتۆر (حە مەدەمین و مەحمود سدیق و خدر مەلا ئەنوەر و، سەلاح کۆیی و، سەروەت عە بدولقادر) کە ئەو نورینگە تەندروستیانە هەریەکەو بە دەوری خۆی کاریگەری هەبووە لەسەر چارەسەرکردنی ئەو بریندارانەی ڕوو یان کردۆتە ناو سەنتەری گوندی (سەرو چاوە) کە ئەوانە هەریەکەو لە ماڵی خۆیان چارە سەرێکی سەرەتایی بەشێك لە بریندارەکانیان کردووە کاتێك ڕوویان تێکردوون لە نۆرینگەکانیان بە تایبەتی لە کاتی کیمیا بارانی خەڵکی گوندی (وەرێ) کە بە شێکی زۆر ئەو بریندارانە لەو نۆرینگانە چارە سەری پێویستیان وەرگرتووە چ بە پارە بووبێت چ وەك خۆبەخشی چونکە ئەو دەرمانخانانە دەرمانی باش و چارەسەری پێویستیان لەبەر دەست دا، هەبووەو پشتگیری ماڵی ( ئەنوەر بەگیان) هەبووە و، لە حکومەت نەترساون کاتێك کارێکی لەم شێوەیە لە ماڵ و نۆرینگەی خۆیان ئەنجام داوە واتا پارێزراو بوون.

هەروەها یەکێك لەو کارمەندە تەندروستیانە بە ناوی ( سەروەت عە بدولقادر) پاسێکی گەورەی هەبووە ئەو ڕۆژەی بریندارانی چەکی کیمیاوی گوندی (وەرێ) گەیەشتوونەتە نزیك گوندی ( نواوە) کە نزیکە لە شوێنی ڕوودانی کیمیابارانەکە ئەو ئۆتومبێلەکەی دەخاتە خزمەتی گواستنەوەی بریندارەکان لە شوێنی بریندااربوونیان بۆ ناو گوندی (سەرو چاوە) بەمەش توانیویەتی کەسانێکی زۆری بریندار بە زووترین کات بگەێنێتە شوێنی چارە سەرو ئارام، لەناو ماڵی خۆیشی هەستاوە بە گرتنەوەی دەرمانێك کە تێکەڵە بووە بە نۆرمەڵ سەلاین و چەند گیراوەیەکی تر، برینی زۆرێك لە بریندارەکانی شووشتۆتەوەو دوا تریش مەرهەمی پێویستی بۆ بەکار هێناون بۆ پێستی بریندارەکان.

* سەر چاوە ( چاوپێکەوتنم لە گەڵ سروەت عە بدولقادر لە ساڵی (١١ /٢/ ١٩٩٣).

# مام جەلال: شێخوەسان، دێریاسینی کوردستانە.



ئا. توانا موسلیح

ڕەوانشاد مام جەلال تالەبانی لە ١٩٨٨/٢/٢٠ نزیکەی بیست و سێ ڕۆژ بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە، لە ووتارێکدا کە لە بەرلینی ئەڵمانیا تۆمار کراوە، شێخوەسانان وەک دێریاسینی کوردستان دەناسێنێ و دەڵێ هەرچەندە ژمارەی شەهیدانی شێخوەسانان دووسێ بەرامبەری ژمارەی شەهیدەکانی دێریاسینن... دێریاسین کوێ یەو چی لێی ڕوویداوە؟ بۆچی مام گوندی شێخوەسان بەدێریاسین دەچوێنێ؟ شێخوەسان و دێریاسین لە چیدا هاوبەشبوون؟


دێریاسین گوندێکی فەلەستینی بوو کە دەکەوتە سەر گردێکی ڕۆژئاوای قودس، دانیشتووانەکەی نزیکەی ٧٥٠ کەس بوون و بە ئاشتی دەژیان. زۆربەی خەڵکەکەی سەرقاڵی بەردتاشین و کشتوکاڵ بوون. گرنگیی جوگرافی گوندەکە لەوەدا بوو کە زاڵ بوو بەسەر ڕێگای سەرەکی نێوان قافڵەکانی جولەکە کە بەرەو قودس دەچوون. شێخوەسانیش بەهەمان شێوە گوندێکی سەربەپارێزگای هەولێری باشوری کوردستانە، لە ساڵی ١٩٨٧ دانیشتوانەکەی بە ئازادی دەژیان، گوندنشینەکان سەرقاڵی جوتیاری و ئاژەڵداری و ژینی سادەی خۆیان بوون.

دوو گرووپی نیمچە سەربازیی توندڕەوی جولەکە بە ناوەکانی ئێرگۆن و لیحی لە بەرەبەیانی ٩ی نیسانی ساڵی ١٩٤٨ دانیشتوانی ئەو گوندەیان کۆمەڵکوژ کرد. لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧ ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لە ڕێگەی فڕۆکەوە گوندی شێخوەسان و بالیسان و دەوروبەریان بە بۆمبی کیمیایی بۆردومانکردو کۆمەڵکوژیەکی دڕندانەیان لەو دەڤەرە سەرسەوزو بەهەشت ئاسایەدا ئەنجامدا.

لە دێریاسین، چەکدارەکان ماڵ بە ماڵ دەگەڕان، نارنجۆکیان فڕێ دەدایە ناو ژوورەکان و خانووەکانیان بەسەر دانیشتووانەکەدا دەتەقاندەوە، پیر، ژن و منداڵ بەبێ جیاوازی دەکوژران. هەندێک لە گوندنشینەکان بە دیل گیران و لە شەقامەکانی قودسدا نمایش کران و پاشان گوللەباران کران، ڕاپۆرتە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە هەندێک لە تەرمەکان

شێوێنراون بۆ ترساندنی خەڵکی تری ناوچەکە. لە گوندی شێخوەسانی باشووری کوردستانیش بەهەمان شێوە خەڵکی سڤیل دوای ئەوەی کیمیابارانکران، بریندارەکان لە هەولێر زیندانی کران و ژن و پیاوەکانیان هەڵاوێر کردن و پیاوەکانیان ئەنفالکردن و منداڵ و ژنەکانیشیان بەبرینداری و بە ئیڤای عەسکەری بردن لە دەرەوەی خەلیفان فڕێدان، هەروەها هێرشی زەمینی جاش و سوپا دەستی پێکردو خانوەکانیان سووتاندن. تویژینەوە نوێیەکان و لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی "بیرزێت" ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانییەکانی دێریاسین نزیکەی ١٠٧ بۆ ١١٠ کەس بووە، کە زۆربەیان خەڵکی سڤیل بوون، لەکاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە ٧٥٠ کەس زیاتر بووە. دانیشتوانی گوندی شێخوەسانان نزیکەی حەوتسەد کەس دەبوون و زیاتر لە نیوەیان لەو کۆمەڵکوژیەی ڕژێمی بەعس شەهید دەبن، ئەوانی تر بریندار دەبن کەهەتا ئەمڕۆیش بەبرین و ئازارەکانی ئەوچەکە دەتلێنەوە. کۆمەڵکوژییەکەی دێریاسین بە هەموو فەلەستیندا بڵاوبووەوە. ئەمەش وایکرد دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەر لە ترسی دووبارەبوونەوەی هەمان کارەسات، ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن. بەهەمان شێوە دوای کۆمەڵکوژیەکەی شێخوەسانان خەڵکی هەموو گوندەکانی دەوروبەری بالیسان و شێخوەسان لە ترسی دووبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی دیکە ماڵ و حاڵی خۆیان جێدەهێڵن و ئاوارە دەبن. پاش کۆمەڵکوژییەکە و چۆڵبوونی دێریاسین، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهان و دونیای وولاتانی ئیسلامیدا دروست کرد. مام دەیەویست ئەو پەیامە بگەیەنێ کە بۆ جینۆساید کردنی شێخوەسانی کوردنشینی موسڵمانیش دەبێ هەمان کاردانەوە ببینرێ، پێویستە سنورێک بۆ کۆمەڵکوژی و درندەیی بەعس دابنرێ. دێریاسین تەنها چیرۆکی کوژرانی چەند کەسێک نییە، بەڵکو هێمایە بۆ دەستپێکی پرۆسەی دەرکردنی فەلەستینییەکان لە خاکی خۆیان و بەکارهێنانی "تیرۆری دەروونی و جەستەیی" بۆ چۆڵکردنی ناوچەکان. بەهەمان شێوە کۆمەڵکوژی شێخوەسان و بالیسان تەنها شەهیدبوون و بریندار بووونی هاوڵاتیان نەبوو، بەڵکو بۆ مەرامی چاوشکاندنی کوردو تیرۆری کەسایەتی کوردی و ژەهراوی کردنی ژینواری کوردستان و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان ئەنجامدرا.

ئەمڕۆ ٣٩ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخوەسانی دۆڵی بالیسان تێدەپەڕێ، ئەو ڕۆژە کە بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیان و ژینگەی ژەهراوی کراوی کوردستان کراوە بە ڕۆژی ژینگەی کوردستان، گرنگە حکومەتەکانی هەرێم و بەغدا کار بۆ کەمکردنەوەی ئازاری بەرکەوتوان و قوربانیان بکەن، زۆر پێویستە پەیامی پاراستنی ژینوار و بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەو ڕۆژەدا تەواوی کوردستان بگرێتەوە. هەروەک پێویستە ناوەندە ئەکادیمیەکان ساڵانە بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر کاریگەریە درێژخایەنە تەندروستی و ژینگەییەکان لە جۆرناڵە جیهانی و ناوخۆییەکان بڵاو بکەنەوە.




# خوێندنەوەیەك بۆ گۆڤاری "وەسانان"

یووسف مەنتک - ئەڵمانیا

سەررنج: ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەڵمانیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، بەبۆچوونی من یەکەم بڵاوکراوەیە لەو بارەوە دەرچووبێت. وەسانان کورتکراوەی شێخ وەسانانە، لێرە جیاوازە لە گوندی وەسانانی باڵەیان. دەمێکە داوام کردووە نوسخەیەک لە هەر دوو ژمارەکەم بەدەست بگات و داوام لە هاورێم یوسف مەنتک کرد خوێندنەوەیەکیان بۆ بکات، ئەمە خستنەرووی بابەت و ناوەرۆکی هەر دوو ژمارەکەیە.

**حەیدەر عەبدوڵلا**

گۆڤاری وەسانان، گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری وەرزیی بوو، لەلایەن دەزگەی رۆشنبیری - کۆمەڵەی کولتووری کوردی (کۆک) لە شاری هایدلبێرگ - ئەڵمانیا دەرکراوە. ئەم گۆڤارە دوو ژمارەی لێدەرکراوە بە قەبارەی (A٥).

ناونانی گۆڤارەکە بە وەسانان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە رژێمی لەگۆڕنراوی بەعس بۆ یەکەم جار لە کوردستان گوندی شێخ وەسانانی کیمیاباران کرد لە رێکەوتی ١٦ی نیسانی ١٩٨٧ لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە بە ١٢ فڕۆکەی جەنگی لە جۆری سیخۆ، ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیانی ئەم گوندە بوونە قوربانی بە گەورە و بچووکەوە، زۆربەی خانووەکانیشی خاپوور کرد. گوندی شێخ وەسانان دەکەوێتە دۆڵی خۆشناوەتی، سەر بە پارێزگای هەولێر. دواتر لە هەمان رۆژدا رژێمی عێراق چەندین گوندی تری کوردستانی ژەهر باران کرد.

نووسەری بابەتەکان ناوی تەواوی خۆیان نەنووسراوە، دیارە ئەوەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و دەرەندەیی

**ناوەکەیمان لە ناوی گوندی شێخ وەسانان هێنا، کە یەکەم گوندی کوردستان بوو ژەهر باران کرا.**

و باڵادەستبوونی ئەوکاتی ڕژێمی بەعسەوە هەیە، ناوی نووسەری یەکێک لە بابەتەکانی ژمارە یەک بورهان ناوێک بوو منیش گومانم بۆ بورهان سالح چوو کە ساڵانێکە لە ئەڵمانیا دەژی. بۆ زانیاری زیاتر ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤.١٢.٢٠٢٤ پەیوەندیم بە بورهانەوە کرد، پرسیارم لێکرد: «کە ئەو بورهانە بەرێزتانن؟» ئەنجام گووتی: «ئەرێ وەڵا ئەو بورهانە منم و سەرنووسەری گۆڤارەکەش بووم، ناوەکانی: ئاوەدان و وەسانان هەر من بووم بەم ناوانەش بابەتەم بڵاو کردەوە.» منیش بەدەر لەوەی کۆمەڵێ پرسیارم ئاراستە کرد، لە نێو قسەکاندا پرسیاری پێویستم ئاراستە دەکرد، ئەویش بەم جۆرە لەسەر ڕەوشی گشتی دەرکردنی گۆڤارەکە بۆم دووا و گوتی: «ئەم گۆڤارە تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە، ناوەکەیمان لە ناوی گوندی شێخ وەسانان هێنا، کە یەکەم گوندی کوردستان بوو ژەهر باران کرا. ئەو کاتە قسەم لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئادیش کرد، گوتی: وەسانان وەکو بادینان لە زمانی کوردیدا ئاماژەیە بۆ خەڵکیش و خاکەکەیشی. خۆی شێخ وەسانانە، ئێمە کردمان بە وەسانان بۆ ئەوەی خەڵک و خاکەکەشی بگریتەوە وەکو بادینان.»

دەستەی نووسەرانمان نەبوو، من بە تەنیا سەرنووسەری گۆڤارەکە بووم، نەم دەویست ناوی خۆم بنووسم لەبەر چەند هۆکارێک. خەڵکیش هەبوو یارمەتییان دەداین، بۆ نموونە کاک مەریوان حەمەدی هایدلبێرگ، کاک فەرەیدوون ئیبراهیم هەبوو ئیشی چاپی دەکرد، بابەتەکانیش خۆم پەیوەندیم بە خەڵکەوە دەکرد و پەیدام دەکرد، بۆیان دە ناردین، دوای ئەوەی ژمارەی یەکەم دەرچوو بانگەوازمان بڵاوکردەوە، خەڵک خۆیان پەیوەندییان دەکرد و بابەتیان بۆ دە ناردین تا ڕێبوار سیوەیلیش بابەتی بۆمان نارد. ئەوەی ڕاستی بێت ناوەکانم هەمووی لەبیر نییە، دەبێت لە دەرفەتێکدا دابنیشم و بیرم بێتەوە، چونکە ئەو وەختە لە کۆتایی هەشتاکان ئەم گۆڤارەمان دەرکردووە (من گووتم: ساڵی ١٩٨٩ مانگی کانوونی دووەم). ئاراستە دەکرێت لەو ساڵە بوو، تابلۆکانی ژمارە یەک مام ئاراس کردوویەتی، کورێک بوو ئەو کاتە لە شاری مانهایم دەژیا، گەنج بوو، وابزانم ئێستا لە ئەڵمانیا نەماوە (دیاربوو کاک بورهان بەتەواوی ناوەکەی بیر نەما بوو، منیش بۆ زیاتر ناسینی مام ئاراس تا بزانم ئەو هونەرمەندە کێیە، پەیوەندیم بە هونەرمەند ئاراس شەوقی کرد کە لە شاری مانهایم دەژێت، گوتی: «بەڵێ مام ئاراس دەناسم ئەو خۆی ناوی کرمانج حسن قەرە، کاتی خۆی لێرە دەژیا ئێستاش خوشک و براکانی لێرە ماون بەڵام ئەو لێرە نەماوە.»).

ئەم گۆڤارە کاتی خۆی دەنگدانەوەی باشی هەبوو، بەڵام لە ڕوویی داراییەوە پێمان بەرێوە نەدەچوو، ئەو کاتەیش خەڵکی ئێمە بەو ڕێژەیەی ئێستا لێرە زۆر نەبوون، کتێب ناخوێننەوە و نایکڕن، بەو ژمارانەی ئەو کاتە هەوڵێکمان دابوو، بە ڕگی یەکەم و دووەمی هەر یەکیان دووسەدان دانەمان چاپ کرد، بەڵام ئیتر پارەی تێچووەکەی کۆ نەبۆوە، بۆیە نەمانتوانی بەردەوام بین لەسەری. ئەو کاتە خەڵک زۆر بەناوی خۆی شتی نەدەنووسی، ئەوەش هۆکاری خۆی هەبوو، (من پرسیم ئەو شیرینە کێ بوو؟) ئا ئەو شیرینە، شیرین دزەیی بوو، خێزانی کاک سمکۆ دزەیی، لێرە لە شاری هایدلبێرگ دەژیان، من خۆم بابەتەکەم پێدا تەرجومەی کرد و تەشجیعم کرد

بۆ ئەو ناوانە و بابەتەکان زۆر بن، خۆشم هەڵسەنگاندنێکم لەسەر بابەتەکە نووسی بەناوی: (سەد ساڵ بەکەی بێگانە پەرستی، ئاخیرەکەی دەهێنی نووشستی). بەڵێ ئەو هەڵسەنگاندنە من بۆ ئەو وتارەم نووسیبوو».

داواشم لێکرد ئەگەر شتێکت بیر کەوتەوە بۆم بنووسیت، بۆ بەیانییەکەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥.١٢.٢٠٢٤ ئەم نامەی بۆ نووسیم لێرە وەکو خۆی دامەتەوە:

**دەقی نامەی بورهان ساڵح:**

«کاک یوسف ئەم کاتەت باش کاکە گیان، ئەم گۆڤارە لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵەی کولتووری کوردییەوە




سەرپەرشتی و بڵاو کرایەوە لە ساڵی ١٩٨٩، بەداخەوە لەبەر کەم دەرامەتی توانرا تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچێت، ئەم گۆڤارە دەستەی نووسەرانی نەبوو بورهان ساڵح وەکو سەرنووسەر کارەکانی بەڕێوە دەبرد، لە ڕووی هونەری و چاپەوە چەند کەسانێکی وەکو بەڕێزان مەریوان حەمەدی و فەرهەیدوون ئیبراهیم، و لە کلیشە و خۆشنووسی و تابلۆ بەڕێزان کامەران حەمەدی و کاک کرمانج هاوکارییان دەکرد. لە بەلجیکاش کاک سیروان کە خۆی لە ئەڵمانیا بوو چوو ئەو و کاروان ساڵح کارگەی چی لە چاپی ژمارەی دووهەمی گۆڤارەکە کە لەوێ چاپکرا زیاتر هاوکارییان کردین. گۆڤاری وەسانان برگەیەکی تەرخان کردبوو بۆ تابلۆی هونەرمەندان بەناوی پیشانگەی وەسانان کە لە ژمارە دوودا تابلۆیەک بە ناوی جۆری خوێن هی هونەرمەند مەسعودی مەلا عەلی، تابلۆیەکی هونەرمەند بەهەمەن، بەداخەوە ناوێکی لە تابلۆکە نەناوە، دوو تابلۆی هونەرمەندی دەست ڕەنگین کامەران حەمەدی.»

ژمارە یەکی گۆڤاری وەسانان:

ژمارە یەکی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە، بەرگی ڕەنگدارە، لەسەرەوەی بەرگی یەکەم ناوی گۆڤار نووسراوە: وەسانان، لەخوارتر لە لای ڕاست نووسراوە: گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری وەرزییە، لەبەرامبەری نووسراوە: دانیشتوانی سوتێنراو و گوندی خاپوور کراوی «شێخ وەسانان». لە ناوەڕاستی بەرگ نووسراوە: دەزگای ڕۆشنبیری-کۆمەڵەی کولتووری کوردی دەری دەکەن، لە خوارتر وێنەی وێرانی کەلاوەی گوندێک بە هێڵکاری کێشراوە، لە خوارەوەش مانگ و ساڵ و ژمارەی گۆڤار نووسراوە. لەسەر بەرگی دواوە لەسەرەوە ناوی گۆڤار وەسانان بە لاتینی نووسراوە، لەخوارەوە لای ڕاست نووسراوە: لە بڵاوکراوەکانی «کۆک»، لەبەرامبەری نەخشەی گۆی زەوی کێشراوە بە ئینگلیزی و کوردی نووسراوە: کۆمەڵەی کولتووری کوردی. گۆڤارەکە وەک ئاماژەمان پێدا قەبارەکەی (A٥). دووسەد دانەی لێ چاپکراوە، لە دوو تویێ ٦٨ لاپەڕەدا.

ناوەڕۆک (ناوەخن):

- سه‌روتار: گۆڤاری وه‌سانان پرۆژه‌یه‌كه با گه‌شه‌ی پێبده‌ین - ده‌سته‌ی نووسه‌ران.
- لێكۆڵینه‌وه: كورد و شۆڕشی چاره‌نووس، به‌شی یه‌كه‌م - بورهان.
- له فه‌رهه‌نگی سیاسییه‌وه: دیموكراتی - سیامه‌ند.
- به‌یاننامه‌ی مافی مرۆڤایه‌تی جیهان - سیامه‌ند.
- هه‌وڵێك له ناوخۆی عێراقه‌وه: ڕێڕه‌وه‌ی داد - وه‌رگێڕانی له ئه‌ڵمانییه‌وه شیرین.
- هه‌ڵسه‌نگاندن: سه‌د ساڵ به‌كه‌ی بێگانه په‌رستی، ئاخیره‌كه‌ی هه‌ر ده‌هێنێت نووشستی - وه‌سانان.
- جیهانی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر، كورته چیرۆك: ڕه‌وشتی سپی پێستان - جاك له‌نده‌ن، وه‌رگێڕانی له فارسییه‌وه - كاوه.
- له كه‌شكۆڵی شاعیرانه‌وه: وه‌ته‌ن - مه‌لاكه‌ریمی زاری، وه‌ره - وه‌رگیراو، گۆرانی سه‌گ و گورگ - شیعری شازور بتوخی، وه‌رگێڕانی له فارسییه‌وه
- نه‌كه ڕۆژ.
- به‌ناوی فرمێسكی دایك بۆ كۆرپه‌كه‌ی دووهه‌میشیان پاش بوردومان.
- كاكۆڵ - ڕێبوار.
- وێنه كێشان - ئاوه‌دان.
- شیعری فۆلكلۆری كوردی - وه‌رگیراو.
- پیشانگه‌ی وه‌سانان: دوو تابلۆی هونه‌رمه‌ند مام ئاراس (كرمانج حسن قه‌ر).

ژماره دووی گۆڤاری وه‌سانان:

له‌سه‌ر به‌رگی دووه‌م نووسراوه له‌لای خواره‌وه ناوڕاست: گۆڤارێكی ڕۆشنبیری ئه‌ده‌بییه. له زاویه‌ی به‌رامبه‌ری نووسراوه: ژماره دوو پاییزی ساڵی ١٩٨٩، وێنه‌ی سه‌ر به‌رگی یه‌كه‌م تابلۆیه‌كی هێلكارییه، به ڕه‌نگی ڕه‌ش و سپی كێشراوه. قه‌باره‌كه‌ی (A٥). له دووتوێی ٧٢ لاپه‌ڕه‌دایه. دووسه‌د دانه‌ی چاپ و بڵاوكراوه‌ته‌وه. له‌سه‌ر به‌رگی دواوه به ڕێنووسی لاتینی (Wesanan) و گۆڤارێكی ئه‌ده‌بی ڕۆشنبیری وه‌رزییه نووسراوه.

ناوه‌ڕۆك (ناوه‌خن):

- سه‌روتار: كردنه‌وه‌ی لقی به‌لجیكای كۆمه‌ڵه‌ی كولتووری كوردی.
- لێكۆڵینه‌وه: ڕۆژنامه‌گه‌ری كوردی له ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٧٣، كورته‌یه‌ك له بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامه‌گه‌ری كوردی - وه‌رگێڕانی له عه‌ره‌بییه‌وه - سیروان به‌لجیكا.
- كورد و شۆڕشی چاره‌نووس: به‌شی دووه‌م - بورهان.
- كورده‌واری: سیانزه به‌ده‌ر - كوڵه چوارشه‌ممه، مامۆستا عه‌لائه‌دین سه‌جادی.
- جیهانی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر: یادی سی ساڵه‌ی كۆچی دوایی شاعیر - شێخ سه‌لام.
- ئه‌ده‌ب: شاعیرێكی جوانه‌مه‌رگ له په‌راوێزی له‌بیرچوونه‌وه‌دا - سواره‌ی ئیلخانی زاده.
- هۆنراوه: یه‌كه‌م هه‌نگاو - دلێر، چاڵه‌به‌فریك - كامه‌ران حه‌مه‌دی، ژیانی حاڵی پێشمه‌رگه، لایلایه‌ی دایكه كوردێك بۆ كۆرپه ساواكه‌ی - مه‌لا ئاواره، دایك - هاوس هوقه‌ر - وه‌رگێڕانی له ئه‌ڵمانییه‌وه - حسامی موده‌ریس.
- كورته چیرۆك: شه‌ڕی بچووك - ئارنۆ شمیت - وه‌رگێڕانی له ئه‌ڵمانییه‌وه - هانا.
- پیشانگه‌ی وه‌سانان: مه‌سعودی مه‌لا عه‌لی - به‌هه‌مه‌ن - كامه‌ران حه‌مه‌دی.
- برگه‌ی تایبه‌ت: له بیره‌وه‌ری زه‌وی سوتماكدا شیوه‌ن - قانع، هه‌ڵه‌بجه و پراقداو چاره‌نووس - سیامه‌ند، ده ك خه‌جاڵه‌ت بن له ڕووی مه‌حشه‌ردا - هه‌ورامان، یادی هه‌ڵه‌بجه‌ی شه‌هید - قیامه‌ت - خۆشكه زه‌ند.
- په‌خشان: سۆز - ئاوات ده‌وڵه‌ت، تۆڵه - سیروان - ئه‌ڵمانیای ڕۆژئاوا.
- هۆنراوه: هه‌ڵه‌بجه - نزار خه‌یلانی، شاری شه‌هید - ئاوه‌دان، ئێمه هێشتا له‌ناو پشتی باو كاتبووین - ڕێبوار سیوه‌یلی، مه‌رگی خاوێن - سپیته‌ر شۆت - وه‌رگێڕانی له ئه‌ڵمانییه‌وه - كاكی خۆشناو، هه‌واریت مه - سه‌گڤان بامه‌رنی.
- له دیوی ناوه‌وه‌ی به‌رگی دواوه سێ چوارینه‌ی شاعیرانی كورد: گۆران، سه‌لام، هه‌ژار، نووسراوه.

# ١٦ی ٤ ئەو ڕۆژەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە.



مستەفا عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

١٩٨٧/٤/١٦ من ئەو کاتە تەمەنم تەنیا ١١ ساڵ بوو، بە حوکمی ئەوەی لە نێو ڕووداوەکان ژیاوم و بە چاوی خۆم هەموو کارەساتەکەم بینیوە، پێم خۆشە بۆ خوێنەری ئازیز ڕووداوەکە وەک خۆی بگێڕمەوە.

بەیانی ١٩٨٧/٤/١٦ وەک هەموو ڕۆژەکانی تر، ڕۆژێکی ئاسایی بوو، بەهارێکی زۆر خۆش و باراناوی بوو، گوڵ و گژوگیای بەهاران گوندەکەمانی ڕازاندبوویەوە. چیا سەرکەشەکانی شێخ وەسان چونکە زۆربەیان وەک دارستانێکی چڕ بوون لە داربەڕوو، هەموویان سەوز سەوز دەهاتنە بەرچاو.

بۆ نیوەڕۆکەش کەش و هەواکە زۆر ئاسایی بوو، کاتێک بەرەو نوێژی عەسر ڕۆیشت خەڵک وردە وردە لە کاروکاسبی دەهاتەوە ماڵ، دوای نوێژی عەسر خەڵک زیاتر لە نێو ڕەز و باخەکانی بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. من ئەو کاتە وەک فەقێی مزگەوت لەلای خوالێخۆشبوو (مەلا خدر شێخ وەسانی) قورئانم دەخوێند، نزیکەی دە فەقێ دەبووین.

زۆر پێم باشە ئەوەش باس بکەم کە چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوی ١٩٨٧/٤/١٦ من زۆر باش بیرمە کە چەند جارێک لەلایەن چەند (قاصید)ێک نێردراویکەوە خەڵکی گوندی ئاگادارکرایەوە کە باش وایە ئەم گوندە چۆڵ بکرێت. چونکە بە گوێرەی ئەو دەنگوباسەی گەیشتبوو بەو کەسانە گوایە حکومەتی بەعس لەبەر بوونی (پێشمەرگە و پازدار) گوندی شێخ وەسانان کیمیاباران دەکات.

لەگەڵ هەبوونی ئەم دەنگۆیانە بیرمە چەند ماڵێک گوندەکەیان جێهێشت، بەڵام ئەم هەواڵانە لەلای زۆرینەی خەڵکی وەک پروپاگەندە و گاڵتە لێکدرایەوە.

بۆیە زۆرینەی دانیشتوان لە شێخ وەسان مانەوە و بێ ئەوەی هیچ ترسێکیان هەبێت.

وەک باسم کرد دوای نوێژی عەسر کاتێک خەڵک پۆل پۆل دەهاتەوە ماڵ و گوندەکە قەرەباڵغ دەبوو، کەمتر لە کاتژمێرێکی مابوو بۆ بانگی مەغریب، کاتێک بینیم کۆمەڵێک فڕۆکەی سیخۆ لە ئاسمانی ئەم گوندە بینران و ڕاستەوخۆ زۆر بە خێرایی دەستیان کرد بە بۆمبارانی ئەم گوندە.

بە چاوی خۆم بینی بە بۆمبارانەکە خەڵکێکی زۆر بریندار و شەهید بوو، خەڵک لێی تێکچووبوو و سەری لێ شێوابوو، ئاخۆ ئەمە چییە؟! دەبێت دنیا خەرابوون نەبێت؟! ئەم فڕۆکانە بە خێرایی بۆمبەکانیان لە نێو گوند و دەوروبەری گوند داباراند. دیمەنێکی یەکجار کارەسات و سامناک بوو، کەس کەسی نەدەناسییەوە، زۆرینەی خەڵک چاوی لە دەستدا، ئەو کاتە کاتی هاتنەوەی مێگەڵ و گاران بوو، زۆرینەی ئاژەڵەکان یان گیانیان لە دەستدابوو، یاخود چاویان کوێر بووبوو.

وەک باسم کرد فڕۆکەکان بە خێراییەکی زۆر بۆمبەکانیان



باراند و دواتر ڕۆیشتن، من لەگەڵ خوشک و براکانم ڕامان کردە ژوورەوە. کاتێک شەو داهات ئیتر کاریگەری کیمیبارانەکە زیاتر بوو، ئەگەرچی سەرەتا خەڵک نەیزانی کە ئەمە کیمیابارانە، بەڵام لەگەڵ کوێربوونی چاو و برینداربوونی لاشەیان و وە هاتنی بۆنێک کە وەک سێو بوو، بەمە بۆیان دەرکەوت کە کیمیاباران بووە ئەم بۆمبانە.

زۆرینەی خەڵکی تەندروستیان زۆر خراپ بوو، بەڵام ئەوانەی کە کەمێک باشتر بوون بە هانای خەڵکی لێقەوماو چوون.

دوای کیمیبارانەکە خوا ڕەحمی کرد کە باران باری و تا ڕادەیەک زیانی کەمتر کردەوە.

بۆ بەیانی ئەوانەی کە نەمردبوون تەندروستیان زۆر تێکچوو، من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە بریندار بووم و چاوم لە دەستدا و پێستم ڕەش بووبوو.

خەڵکی گوندەکانی دەروبەرمان بە هانامانەوە هاتن، ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٧ ئێمەی برینداریان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، بەڵام هەندێک کەس هەر لەم گوندە مانەوە، بەشێکی تریش پەڕاگەندە بوون و نەیانزانی بۆ کوێ بڕۆن.

ئێمە کە چووین بۆ ڕانیە بەڕاستی خەڵکی ئەم شارە زۆر خزمەتی ئێمەی کرد، لە نەخۆشخانەکە دوای تیمارکردن و پێدانی پێداویستی پزیشکی بەشێک لە بریندارەکان لەوێ مردن، ئەوانەی مانەوە بۆ هەولێریان گواستینەوە بە پاس.

دوای ئەوەی گواسترابینەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی هەولێر هەموویان دەست بەسەر کردین، تاک تاکە ڕزگاریان بوو، خێزانی ئێمە یەکێک بوون لەو کەسانەی کە خوا دەرووی خێری لێکردنەوە و ڕزگارمان بوو. هۆکاری ڕزگاربوونیشمان خوشکی گەورەم بوو لەگەڵ هەندێک لە خزم و کەسانم.

بۆم دەرکەوت ئەوانەی لەم نەخۆشخانەیە مابوونەوە گواسترابوونەوە بۆ زیندانەکانی ناوەڕاستی عێراق، لەوێش وردە وردە لە گۆڕی بە کۆمەڵ زیندەبەچاڵیان کردن.

هیوادارم ئەم ڕووداوە کارەساتبارەم وەک خۆی گێرابێتەوە، چونکە هەر خودا ئاگاداری هەموو شتێکە.

# چیرۆکی ژیانم لە شاخ و کیمیاباران.



سەنگەر شەهید محمەد بیکەیسی

چیرۆکی ژیانم بە ئازار و ناخۆشی دەست پێدەکات. منداڵێکی کورد بووم کە بە خەون و هیوا گەورە دەبووم، بەڵام ڕۆژگار زوو فێری کردیم کە ژیان تەنها خۆشی نییە. شەڕ و ستەم و کیمیاباران هاتنە ناو ژیانمان و هەموو شتێکیان گۆڕی.

ڕۆژێک لە ڕۆژە تاریکەکانی مێژووی کوردستاندا، ئاسمان بە جۆرێک هاتە سەرمان کە نە باران بوو و نە بایەکی ئاسایی. ئەوە گازی کوژەر بوو. ئەو ڕۆژە ی کە بەر کیمیایی کەوتین لە گەڵ خانەوادەکەم. هەستم کرد هەناسەم توند دەبێت، چاوم دەسووتا و لەشی من هێزی خۆی لەدەست دەدا. ئەو ساتانە وەک خەوێکی ترسناک لە بیرمدا ماونەتەوە.

دوای ئەو کارەساتە، ژیانمان گۆڕا. ناچار بووین وڵات و ماڵ و زێد و جێگەی خۆمان بەجێبهێڵین. من بووم بە ئاوارە. ڕێگای شاخەکان بووە پەناگەی ئێمە. لە ناو سەرما و باران و برسێتی، لە شاخدا دەژین. شاخ بوو بە ماڵمان و ئەو ئاسمانەی سەرمان بووبە چەتر.

بەڵام ئازارەکان کۆتاییان نەهات. لەو ڕێگایەدا دووبارە بریندار بووم. لەش و گیانم هەردووکیان بریندار بوون، بەڵام دڵم هەرگیز نەشکا. چونکە دەزانیم ئەوەی لەسەرمان دێت تەنها بەسەر مندا نەهاتووە، بەسەر هەزاران کوردی دیکەش هاتووە.

دوایی ئەو هەموو نەهامەتییانە، وەک زۆر خێزانە ئاوارەکانی دیکە، ناچار بووین ڕوو لە سنوور بکەین و بڕۆین بۆ خاکی ئێران. لەوێش ژیان ئاسان نەبوو. ئاوارەیی واتە دڵت هەمیشە لە شوێنێک بێت و جەستەت لە شوێنێکی دیکە. واتە هەمیشە بیرت لای وڵات و شاخەکان و ماڵ و زێدەکەت بێت.

ئەمڕۆ کاتێک بیر لەوساڵانەی ڕابردووم دەکەمەوە دەبینم ژیانم پڕە لە برین، بەڵام هەروەها پڕە لە خۆراگری و هیوایش. من هێشتا برینداری کیمیابارانم، بەڵام هێشتا دڵم بۆ کوردستان لێدەدات. هیوام ئەوەیە ڕۆژێک ئەم چیرۆکەی ئازار و ئاوارەیی بگۆڕێت بۆ چیرۆکی سەربەرزی و ئازادی.

ئەمە تەنها سەرەتای چیرۆکی ژیانمە... چیرۆکی من، چیرۆکی هەزاران کوردی دیکەیە کە لە شاخ و کیمیاباران و ئاوارەییدا گەورە بوون، بەڵام هەرگیز هیوا و خەونیان بۆ کوردستان لەدەست نەدا.ڕێگای ئاوارەیی و ژیانی دوورولات هەرگیز نەیگۆڕین.

دوای ئەو ڕۆژە تاریکەی کیمیاباران، ژیانمان هەرگیز وەک پێشوو نەما. هەوا بۆ ئێمە بوو بە ترس، چونکە هەناسەدانیش هەستێکی ئاسایی نەبوو. لەشی من هێشتا لە ئازاری گازە ژەهراویەکان دەسووتا، چاوم دەگریا و هەناسەم توند دەبوو. بەڵام لە ناو ئەو ئازارەشدا دەبوو بژیم، چونکە ژیان هێشتا بەردەوام بوو.

شاخەکان بوون بە پەناگەی ئێمە. شەوە درێژەکانمان لە ژێر ئاسمانی سارد بەسەر دەبرد. جاری وا بوو تەنها دەنگی با و باران دەبیسترا. نە ماڵ هەبوو، نە جێگەیەکی ئارام بۆ خەو. جگە لە چیاکان، بەڵام بە هەموو سەرما و سەختییەکانییەوە، هێشتا لەو وڵاتەی کە لەدەستمان هەڵگرتبوو نزیکتر بوو.



ڕۆژان بە ترس دەڕۆیشتن. هەمیشە ترسی هێرشی دیکە هەبوو. زۆرجار کاتێک دەنگی فڕۆکە دەبیستین، دڵمان بە توندی لێدەدا، چونکە دەزانین ئەو دەنگە دەتوانێت کارەساتێکی نوێ بێنێتە سەرمان.

لەو ڕێگایەدا من دووبارە بریندار بووم. برینەکانی لەشم قووڵتر بوون، بەڵام ئەوەی زیاتر ئازاری دەدا برینی دڵ بوو؛ چونکە دەبینم خەڵکی خۆمان، منداڵ و پیر و گەنج، هەموویان لە ناو ئاوارەیی و ترسدا دەژین.

دوای مانەوەی زۆر لە شاخەکان، هەلومەرج زۆر سەخت بوو. خۆراک کەم بوو، دەرمان نەبوو، و منداڵان بە برسێتی دەگریان. بۆیە زۆر خێزان وەک ئێمە ناچار بوون ڕێگایەکی تر هەڵبژێرن: ڕێگای ئاوارەیی بۆ سنوور.

ئەو ڕۆژەی ڕێگای سنوورمان گرت، دڵم پڕ بوو لە هەستێکی قورس. لە یەک لایەوە کە دەتوانین لە ترسی مردن دوور بین، بەڵام لەلایەکی دیکە دڵم دەگریا چونکە وڵات و خاکی خۆمان بەجێدەهێڵین.

کاتێک سنوورمان بڕی و گەیشتین بە خاکی ئێران، هەستم کرد کە من بووم بە ئاوارە. ئەو وشەیە قورس بوو... زۆر قورس. ئاوارە واتە کەسێک کە وڵاتی خۆی لەدەست داوە، بەڵام هێشتا دڵی لەگەڵ ئەو خاکەیە.

بەڵام هەموو ئەو سەختییانەش نەیتوانی دڵمان بشکێنێت. چونکە لە ناو دڵماندا شتێک هەبوو کە هێزی پێدەبەخشین.. هیوا بەوەی ڕۆژێک دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان، بۆ شاخەکان، بۆ ماڵ و زێدەکانی خۆمان.

سەختیەکانی ئەوکات نانوسرێنەوە، وەرە لە یەک شەودا هەموو ژیانت بگۆڕێت. دوو براکەت لە دەست بدەیت و ببن بە شەهید. گوندەکەت لەبەر چاوتدا وێران بکرێت و ئاگری شەڕ ماڵ و دار و یادەوەرییەکانت بخوات. مامەت لە کارەساتی ئەنفالدا ون بێت و هەرگیز نەزانیت چارەنووسی چی بوو. ئینجا پێت بڵێن: “وڵاتت بەجێبهێڵە... بڕۆ”. ئەو کات دەزانیت ئەو وشانە چەند قورس و چەند بریندارن. چونکە وڵات تەنها خاک نییە؛ وڵات بیرەوەرییەکانتە، ماڵی منداڵیتە، وێنەی دڵڕفێنی شاخەکانتە.

من ئەم هەموو شتانەم بینیوە.. دڵم لەگەڵ هەموو ئەو بیرەوەرییانەدا سووتاوە، بەڵام هەرگیز نەشکاوم.بەڵام با ڕاستییەک بڵێم:ئەمە چیرۆکی ئەفسانە نییە. ئەمە چیرۆکی ژیانە... چیرۆکی من و هەزاران کوردی دیکەیە کە لە ناو شەڕ، کیمیاباران، ئەنفال و ئاوارەییدا ژیانمان بەردەوام بوە ئازار زۆر بوو، برین زۆر بوو، بەڵام دڵی کورد هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.

# کیمیا باران و لێقەومان و ئاوارەیی

موحەممەد جەمال توتمەیی



ساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی لەبەهاری ئەم ساڵەدا بەعسی گۆڕبەگۆڕ ، کیمیابارانی دۆڵی بالیسانی کردو هەردوو ڕۆژ دوای ئەو کارەساتە پڕ لە ئازارە ، تەواوی گوندەکانی خۆشناوەتی روخاندن و خەڵکەکەشی ئاوارەو دەربەدەر بووین ، نەمان دەزانی روو لەکوێ بکەین. بەناچاری ڕێگەی نەهاتمان گرتەبەرو بەرەو شارۆچکەی (سەروچاوە ) بەرێکەوتین ، لەوێ چووینە ماڵی (مام عومەر مەلا فتح الله) ی هەرتەلی ، بۆرە خزمایەتیەکمان هەبوو لەگەڵ یەک ، داپیری من و دایکی مام عومەر پلک و پوورزاییەکیان لەنێوان دا هەبوو، ئەوەی ئەو ماڵە بۆ ئێمەیان کرد، مەگەر برا لەگەڵ برا بیکات لەچاکە ، دوو مانگی ڕێک ئێمە لەماڵی ئەواندا بووین ، بێ ئەوەی دینارێک مەسرەف بکەم ، قەبری پڕ لە نوور بێ نەی هێشت ساتێکیش هەست بە لێقەومان بکەین ، تاماوم لەیادم ناچێ.

دوای ئەو ماوە دوورو درێژە ، ڕۆژێک خزمانی گوندی پێیان گوتم کەوا ماڵی میری هەندێ پارەیان دانایە بۆ بیست ماڵێکی توتمەیی ، ئەگەر پێت باشبی تۆش وەرە لەگەڵ ئێمە بەیەکەوە کەپر دروستەکەین ، بۆ پاییزو

زستانیش خوا کەریمە. کاک جەمالی برازای مام عومەریش خێمەیەکی پێداین و ئیدی بەو پارەیەی کەوا تەرخان کرابوو بۆ ئێمە ، هەندێک دارو ستووندەمان پێ کڕی و چرۆشمان بەهەرەوەز لەنواوە هێناو ، ئیدی دەستمان بە ژیانێکی مەمرەو مەژی کرد.

ئەوەی کەوا هەرگیز لەبیرم ناچێ ، رۆژێکیان (کاک نەوزادی ئەنوەر بەگ ) هاتە لامان ، ئێمەش لەماڵی (مام عەبدوڵڵای حاجی سمایلی رەحمەتی ) کۆبووینەوە ، ئەویش خۆی و جەماعەتی هاتن و لەوانەیە لە ئەرشیفی ڤیدیۆکانیان مابێ کە ئەو کات کەسێک بەناوی (موبارەک) کە ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی لەسەروچاوە هەبوو ، یاوەری بوو و تەواوی دانیشتنەکەی وێنەگرت. لەو دانیشتنەدا کاک نەوزاد زۆر دڵی داینەوە کەوا تێنەگەن لێتان قەومابێ و ئێمەش برای ئێوەین ، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو ئەوەبوو کە وتی(دڵنیابن نایەڵین پێویست تان بە هیچ شتێک ببێ ، مەگەر زێڕی ژنەکانمان بۆتان بفرۆشین ) ، ئەو قسەیەبۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو ، هەموومان دڵ پڕ لە خەم ، ئاوارەو بێ ماڵ و حاڵ و بێ کارو کاسبی ،خۆ سوڕ دەمان زانی کەوا زێڕمان بۆ نافرۆشن ، بەڵام دڵدانەوەیەکی زۆر گرنگ بوو.

هەتاکوو پاییز داهات ئەو بیست ماڵە لەوێ ماینەوە.

دوای ئەوەی ئەمری ئەوە دەرچوو کەوا ئۆردوگایەک لەشکارتە بکرێتەوە ، ئەوەبوو هەریەکەمان زەویەکی ٢٠٠ مەتریمان وەرگرت و ، بەقیست بڕی ١٥٠٠ دیناری ئەوسامان وەرگرت ، هەریەکەمان خانوێکی ژوورێک و هەیوانێکمان دروست کرد و لەخوارەوەش (ئاودەست و حەمام و حەوزێکی ئاویشمان دروست کردو بەتانکەر ئاومان بۆ دەهات ، کارەباشمان نەبوو. هەرچۆنێک بێ سەرلەنوێ ماڵمان بنیات نایەوەو کارو کاسبیش پەیدا بوو ، رۆژانە دەچووینە ئیشکردن ، رۆژانە بە پێنج دیناران ئیشمان دەکرد، چەند برادەرێک لەدەورەی یەکتر کۆبووبووینە، وەکوو جارانی گوند شەو و رۆژ بەیەکەوە بووین.

لەهاوینی ١٩٨٨ بوو کە وا توانیم (چێرێک ، مانگایەک) بکڕم ، ئەو مانگایە ئەوەندە هارو هاج بوو ، ئێواران کەلە گارانێ دەهاتەوە ، هەرکێی لەمنداڵان لەپێشی بایە تێی هەڵ ئەدا ، بەڵام ماستی ئەوەندە خۆش بوو ، بۆیە دڵم نەدەهات بیفرۆشم ، ئەوەبوو لەگەڵ کاک سلێمانی خار فەتاحی کەوتینە کۆکردنەوەی (قەسەڵ) ، دواتر کردمانە کاو ژوورێکی بەنایلۆنم لەتەنیشت خانووەکەم بۆ دروست کرد.

# شازادەی چوار لە بیرەوەری دایکم دا



هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

دایکم (ئامینە حەمەد لاس) یەکێک بووە لەو شێرە ژنانەی کە نەک هەر تاڵاوییەکانی ژیان چۆکیان پێنەدا، بەڵکو هەموو ئەو سوێر و نەهامەتیانەی کە لە ژیانیدا بەسەری هاتووە بەهێزتری کرد، ئەو توانی بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵبێت کە دووچاری هاتوون. ژیانی دایکم ڕۆمانێکە کە کارەکتەرەکەی تەژیە لە ڕاستی و پەڵەوانیەتی.

لێرەدا هەوڵدەدەم بە زمانێکی سادە کارەساتی شازدەی چوار لە بیرەوەری دایکم بنووسمەوە، بە هیوام ئەم گێڕانەوەیەش ببێتە یەکێک لەو ڕاستیانەی کە لە داهاتوودا بتوانین پشتی پێببەستین وەک بەڵگەیەکی ئەم کارەساتە گەورەیە.

دایکم بەم شێوەیە کارەساتی شازدەی چواری ١٩٨٧ی بۆ گێڕامەوە: من ئەو کاتە شەش کوڕ و دوو کچم هەبوو، کچێکم مێردی کردبوو ماڵیان لە شەقڵاوە بووە، خاوەنی نزیکەی دە سەر چێر (مانگا) بووین، مریشکێکی زۆرمان هەبوو، بیری ئاومان لە ماڵ هەبوو. دووکانێکی گەورەی قوماشمان هەبوو، ماڵێکی زۆر خۆش و باشمان هەبوو، کەنتۆرێکم هەبوو پڕ لە بەتانی نوێ بوو. بە نسبەت ئەو کاتی گوند ئێمە لە ماڵە دەوڵەمەندەکانی گوند بووین. چونکە لە چاو ماڵە هەژارەکان ئێمە خۆشتر دەژیاین و خاوەنی کاسبی خۆمان بووین کە قوماش فرۆشتن بوو. وە خاوەنی ڕەز و باغێکی زۆر بووین.

ڕۆژی شازدەی چواری ١٩٨٧ دانی ئێوارەکەی نزیکەی کاتژمێرێکی مابوو بۆ مەغریب، من دۆڵمەی پەلکە ترشۆکەم کردبوو، دوو چێڵ(مانگا)م دۆشی بوو، سەتڵی شیرەکەم هەڵگرت چاوەڕێ بووم تا مانگاکانی تر دێنەوە لە گاران. دوو لە منداڵەکانم ئەو ئێوارەیە گەمەیان بە تۆپە قوماش دەکرد، لە نێو دووکانی ماڵمان.

کاتێک گاران لە دەهاتەوە گوند و شوانەکان مەڕ و بزنەکانیان دەهێنایەوە ماڵ، خەڵکیش بە گشتی لە ئیش و کار و ڕەز بڕین دەهاتەوە ماڵ.

لە پڕ چەند فڕۆکەیەک هاتنە سەرمان و قومبەلەیان بەسەرماندا بەردایەوە. لە نێو گوند و دەوروبەری گوند، گریان و ناڵەی خەڵک دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، من گوتم ئەوە کیمیابارانە بەڵام باوکی منداڵان قەناعەتی نەدەهات و دەیگوت نەخێر چۆن حکومەت کیمیاباران دەکات! منیش گوتم ئاخر بۆنی کیمیایی دێت، بێگومان ئەوە ژەهرە و کیمیابارانە. ئیتر وردە وردە خەڵک زانی بەڵێ ئەوە کیمیابارانە. بابی منداڵان بانگی هەمووانی کرد و کۆی کردنەوە لە ژوورەوە شیری پێدان و سۆبەی دارانی پێکرد.

کە شەو داهات حاڵمان زۆر پەرێشان بوو، گوێمان چاوەکانمان هیچی نەدەبینی، گوێمان لە هەندێک دەنگی خەڵک دەبوو کە بە پێش ماڵماندا ڕەت دەبوون، هاوارمان لێدەکردن و دەمانگوت تکایە فریامان بکەون، ئەوانیش دەیانگوت ئەگەر پێتان بکرێت بڕۆن بۆ چیا. لەمەوە بۆمان دەرکەوت ئەو کەسانەی کە بڕێک تەندروستیان باش بوو دەچوون بۆ شاخ بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بکەن.

کاتێک کیمیابارانەکە کرا زیاتر هەستمان بە بۆنی سێو و کەرەوز و تور دەکرد، بەڵام لە هەموو بۆنەکان زیاتر هی سێو بوو.

شەو هەرچۆنی هەبێت بە ئازار و ئێشەوە بەڕێمان کرد، بەڵام ئەوەی لە هەمووی بە ئازارتر




بوو ئەوەبوو کە من منداڵی بچووکم شەو خستە لانک، بەڵام بۆ بەیانی چونکە کاریگەری کیمیابارانەکە زیاتر بوو زۆر هەوڵمدا منداڵەکەم بۆ دەرنەهات. دواتر کچێکی شوبرام هات منداڵەکەی لە لانک بۆ دەرهێنا.

دواتر دەنگی تەرەکتۆر هات و ئێمەیان بارکرد، منداڵیان هەموو لەلا درێژ کردم، منداڵە بچووکەکەشیان لە سینگ بەستمەوە بە لەچکێک، هەموویان بردین بۆ شاری ڕانیە، لەوێ چووین بۆ نەخۆشخانە و زۆریان خزمەت کردین.

لە نەخۆشخانەی ڕانیە چەند جارێک پێمیان گوت ئەو منداڵەی بە سینگتەوە بەستراوە مردووە، بێدە پێمان با بیبەین، بەڵام من گوتم نەخێر بە کەسی نادەم ئەگەر مردبێش.

هەر لە نەخۆشخانە کوڕێکم بە ناوی (سەعدوڵلا) کە ئەو کات تەمەنی نۆ ساڵان بوو، تەندروستی تا ڕادەیەک لە منداڵەکانی ترم باشتر بوو، پیاوێک لەوێ زۆر تکای کرد کە ئەو منداڵە لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئەوەی بیپارێزێت، وە گوتی دواتر پێتان دەدەمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بریندارانە نەچێت و نەبادا بۆ شوێنێک بچن کە خوانەخواستە بەرەو مەرگ بڕۆن. بەڵام من بە هەموو شێوەیەک ئەمەم ڕەتکردەوە و گوتم با ئەو منداڵەش لە ژیان و مردن هەر لەگەڵمان بێت.

وە هەر لە ڕانیە پێیان گوتین بە هیچ شێوەیەک نەڵێن فڕۆکەی عێراقی بۆمبارانی کردین، بەڵکو بڵێن ئەوە فڕۆکەی ئێران بوو کیمیارانی کردین.

لە ناخی دڵمەوە لێرەوە زۆر زۆر سوپاسی خەڵکی ڕانیە دەکەم کە بە گەورە و بچووک بە پیرمانەوە هاتن و جل و بەرگ و خواردنیان بۆ هێنان. لە کاتی جل گۆڕین لەبەر ئازار من ئاگام لە خۆم نەبوو، ژنێک بە خێری خۆی هاتە لام و پێی گوتم تکایە با پارەکانت لێنەکەوێت لەگەڵ خۆتی بەرە، ئەو کات زانیم کە من پارەم پێ بووە. بۆیە پارەکەی بە پارچە پەڕۆیەک لە پشتم قایم کرد. دیارە پارەکەم هی قوماش فرۆشتن بوو، چونکە جگە لە بابی منداران منیش قوماشم دەدا بە خەڵک.

ئەوەندەی بیرم بێت (٢٠٠) دیناری ئەو کات بوو، ئەو پارەیە بە نسبەت ئەو کات زۆربوو. وە دواتر زۆر بە کەڵکمان هات.
دوای مانەوەی شەوێک لە ڕانیە، هەموویان بە پاس بارکردین بۆ هەولێر، ئەگەرچی بابی مندارانم لەگەڵ ئەوە نەبوو بە هیچ شێوەیەک بچین بۆ هەولێر، چونکە پێی وابوو سەرەنجامان لە هەولێر باش نابێت.
لەگەڵ هەموو ئەو ئازار و گومانانەی هەمان بوو، بەرەو هەولێر هاتین، هەر هێندەم بە بیرە کە مردوو و زیندوو لە نێو پاسدا هەبوون، کاتێک گەیشتین بە نەخۆشخانەکە لە هەولێر کچەکەم هەوڵی دابوو برای خاوێن بکاتەوە، لە پڕ پۆلیسێک قامچییەک بە هەموو هێزییەوە لە کچەکەم دەدا، کچەکەم کە ناوی (حەیات)ە، بەم هۆیەوە دەکەوێتە سەر ئەرز لەگەڵ براکەی. تا بڵێی ئازاریان داین و بە قامچی لێیانداین.
ئەو کاتەش کچی گەورەم کە لە شەقڵاوە بوو ئەم کارەساتەی بیستبوو و گەیشتبووە نەخۆشخانە، پرسیاری کردبوو لە کارگوزارێکی ئەم نەخۆشخانەیە کە ئاخۆ سەرەنجامی ئەو خەڵکە چی دەبێت، ئەویش گوتبووی شتێکت پێدەڵێم بەڵام نابێت شکاتم لێ بکەی، گوتبووی چییە؟ پێی گوتبوو تا زووە ئەو نەخۆشانە لێرە بدزەوە، چونکە ئەگەر هەر لێرەبن شوێن بزر دەبن، هەر ئەو کاتە نەنکی منداڵانم گوتبووی دەستنوێژ هەڵدەگرم، کچە گەورەکەم لەگەڵ هەندێک کەسی تر کاتێک نەنکی بۆ دەستنوێژ دەڕوات دەرفەتێک وەردەگرێت و هەموومانی لە کونی سیم دەباتە دەرەوە، منیشیان لەسەر سیمەکە هەڵدایە خوارەوە، سوپاس بۆ خودا هەموومان ڕزگارمان بوو لە ئەنفال.
هەر لە هەولێر سەرەتا چووین بۆ ماڵی خزمێکمان بە ناوی (ڕەشید)، دواتر بە نهێنی چووین بۆ شەقڵاوە ماڵی مام (حاجی خدر) کە ماڵی کچەکەشم بوو.
فەترەیەکی باش لە شەقڵاوە ماینەوە، بە نهێنی چارەسەرمان وەردەگرت، دوای ماوەیەکی باش بە تراکتۆر گەڕاینەوە گوندی شێخ وەسان، بە حیساب پێشمەرگە دەمانبات بۆ ئێران بۆ ئەوەی چارەسەری وەربگرین، چونکە پێیان گوتین ئەگەر چیتر بمێنەوە کرم دەکەوێتە لاشەتان. بەڵام کە هاتینەوە گوند کەس خۆی لێ نەکردینە خاوەن، هەموو خان و ماڵمان وێران بووبوو، خانووەکەمان دوای تاڵانکردن لەلایەن بەعسیەکانەوە تەقێندرابوویەوە.
بە ناچاری چووین بۆ چیاکانی شێخ وەسان، لە شێوێنێک ماڵمان دانا بە ناوی (کانیە ڕیخ) یاخود، نزیک (بەردی بەر ڕەشماڵ)، لەوێش شەڕ و بۆمباران هەر بەردەوام بوو، ژیانێکی کولەمەرگیمان بەسەر دەبرد.
منداڵەکانم تەندروستیان یەکجار خراپ بوو، لە هەموویان خراپتر کوڕی بچووکم بوو بە ناوی (هاوکار) ئەو چونکە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو، کیمیاباران زۆر کاری تێکردبوو، پێستی هەمووی سوتابوویەوە، هیچ ئومێدی ژیانم پێنەمابوو، بەڵام زۆر غەمم لە یەک شت دەخوارد، ئەویش ئەوەبوو کاتێک دەمدیت ئەو منداڵەم دەمرێت بەڵام کنفم دەست ناکەوێت کە پێی بشارمەوە.
سوپاس بۆ خودا وردە وردە تەندروستی ئەو منداڵەم بەرەو باشی ڕۆیشت و موعجیزە ئاسا چاک بوویەوە.
بەڵێ ئەمەیە چیرۆکی ژیانی کولەمەرگی ئێمە.

# چارەسەری بریندارانن، ئەرکێکی نەتەوەیی بوو.

کەژاڵ عولا تەها

لە کاتی کیمیا بارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان پەرستار بووین و دانیشتوی ئۆردوگای هەریر بووم. لە دوای کیمیا بارانکردنی ئەم دەڤەرە خەڵکێکی زۆر بە کوێری و بە برینداری هاتنە سنوری هەریر، منیش وەکو کادرێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و لێپرسراوی ڕێکخراوی خانزادی سۆران، بەئەرکی مرۆیی و نەتەوەیی خۆمم زانی کە بەهانای ئەو بریندارانەوە بچم، هەرچەندە دەمزانی ئەوکارەم مەترسیەکی زۆر بۆسەر ژیانی خۆم و خانەوادەکەم دروست دەکات!

ڕۆژانە دەچووم بۆ هەولێر و دەرمانم بۆ نەخۆشەکان دەکڕی چونکە لە نەخۆشخانەی کە پەرستار بوم لەوێ هەریر لە ژێر *چاودێری دا* بووم *نەمدەتوانی* لەوێ دەرمانەکان بە دەست بهێنم، خەڵکێکی زۆر بریندار بوبون و لە ماڵەکان خۆیان شاردبوەوە، دەبایە بە نهێنی و پارێزیەکی زۆرەوە لەدوای بریندارەکان گەڕابایین، لەبیرمە لەوێ لەگەڵ پیاوێک بە ناوی کاک (جەردیس) کە خەڵکی سنوری بالیسان بوو شەوانە ماڵ بە ماڵ دەگەڕاین، هەر نەخۆشێک لە هەر شوێنێک با بە پیریەوە دەچووین و چارەسەرمان دەکرد، جا بە هەر جۆرە چارەسەرێک لەتوانای ئێمەدابوایە، بە زۆری دەرزی (ئەترۆپین ) و (مەرهەم ) و (قەترەی چاو) و تەداوی پێستم بەکار دەهێنا. یەکێک لەوانەی کە ئێستا لە بیرمە کاک (زریان شێخ وەسانی) کە پێشمەرگە بوو ئەوکات چارەسەری چاوم بۆی کرد کە بەرکەوتەی ئەم کیمیایە بوو... نەخۆشەکان زۆرر بوون ناوەکانم بە پێی پێویست بیر نایەتەوە چونکە تەمەنێکە وە ئەوەی لە توانام هەبوو بۆ چارەسەرکردنی خەڵک کردم و خەڵکی ئەم سنورەش شایەدی ئەو ڕاستیەن. هەموو جۆرە چارەسەرێک لەسەری داهاتی خۆم بۆم دابین دەکردن. بەداخەوە بە هۆی هەڵکشانی تەمەن و نەخۆشی درێژخایەن ناتوانم هەموویم بیر بێتەوە.

"ڕۆژانە دەچووم بۆ هەولێر و دەرمانم بۆ نەخۆشەکان دەکڕی چونکە لە نەخۆشخانەی کە پەرستار بوم لەوێ هەریر لە ژێر چاودێری دا بووم نەمدەتوانی لەوێ دەرمانەکان بە دەست بهێنم"



# دوای کیمیاباران، چیم بینی!



صالح توتمەیی

دەمەوێ لێرەوە چەند ڕووداوێکی دوای کیمیاباران بگێڕمەوە. لەبەر ئەوەی گوندی توتمە بەردەوام لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆردومان دەکرا، ناچاربووین لەگەڵ چەند ماڵێکی تری گوندەکە ماڵ و منداڵ بگوازینەوە بۆ گوندی سارتکە، کە هەم ماڵی خزمەکانمان لەوێ بوون هەم سەلامەتتر بوو...

ئەو ئێوارەیەی کیمیابارانی شێخوەسان و بالیسان کرا، لە گوندی سارتکە بووم، شەودرەنگ بوو بەڕەحمەت بی مـحەمەدی حاجی ئەحمەدی توتمەیی هاتە ماڵمان، دیار بوو بەو شەوە ڕێگای چیای گرتبوە بەرو لە هەریرەوە هاتبوو، بە باوکمی گوت: جەیش و جاشێکی زۆر کۆبوونەتەوە لە فرۆکەخانەی هەریرو سپیلک و لە ناو هەریر، خزمێکم پێی گوتم، بەیانی هێرشی دۆڵی بالیسان دەکەن، هەتا زووە خۆت و ماڵ و منداڵ دەرباز بکە و بڕۆ. دیار بوو لەگەڵ باوکم خەریکی تەگبیر و ڕا بوون، من یەکسەر خۆم بەستەوەو بە دزی و بێ پرسی دایک و باوک و خزمان، خێزان و منداڵەکانم جێهێشت و هاتمەوە توتمە بۆ بارەگای ڕێکخراو، ئەو کاتە هەموو پێشمەرگە لە سەرکردایەتی لە شەڕدا بوون، تەنها چەند پێشمەرگەیەک لە بارەگا مابووینەوە بۆ پاسەوانی لە مەقەڕەکەی خۆمان. چوار پێشمەرگە مابووین: خۆم و عەلی بالابەرز و شەهید تاهیر و موحسین یوسف توتمەیی.

دواتر بەیەکەوەڕۆیشتینە مەڵبەند لای شەهید حەسەن کوێستانی. دەنگی تەقە لێرە و لە لای دۆڵی ئالانە دەهات. شەهید کوێستانی پێی گوتین: بڕۆن بە پەلە هەرچی کەلوپەل و چەکێکی زیادەتان هەیە بیشارنەوە و وەرنەوە بۆ لای من. هەر بە پەلە هاتینەوە بارەگای ڕێکخراو، هەندێک چەک و دۆشکەیەکی دوانزە ملیم و نیوو و ئامێرێکی ئستینساخی گەورەمان هەبوو، لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی تر. ئەسپێکی بۆرمان هەبوو، لێمان بار کرد و بردمانە ئەشکەوتی ڕازوکان، شاردمانەوە.

گەڕاینەوە مەقەڕ، تا ئەو سەینوبەینەمان کرد سەعات بوو بە یازدەی پێشنیوەڕۆ. تا ئێمە گەڕاینەوە کاک عەلی بالابەرز برنجە سوورەیەکی خۆشی لێ نابوو، زۆر بە پەلە نانمان خوارد و بەشی پێویستمان پێچایەوە و لەگەڵ خۆمان بردمان و بەڕێکەوتین بۆ لای شەهید کوێستانی لە مەڵبەند.

دیار بوو ئەوانیش حازر بوون و چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد. شەهید کوێستانی مەفرەزەیەکی باشی پێشمەرگەی لەگەڵ بوو: مام زرار وەرتی، عەبدوڵا چۆمانی، شەهید خولە، یوسفی ئامۆزای، مامۆستا شێرزاد و عەبدوڵا کرێکار و ساڵح هەولێری و چەند پێشمەرگەیەکی تر. بەرەو گوندی خەتێ بەڕێکەوتین، لەوێش شەهید مەلا سەعید و کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر ڕەگەڵمان کەوتن، بووینە هێزێکی باش. بەڕێکەوتین لە پشتی ئەشکەوتە وەستاین، دەنگی وردە تەقە دەهات. لە لای هەروتە کۆن و شارسینە، شەهید کوێستانی گوتی: پێشمەرگەی بارەگاکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک و هەروتە کۆنن، تەقەی دەکەن. ئێستا ئەوانیش دەگەنە لای ئێمە. وا باشە هەر لێرەوە سەنگەر بگرین و دامەزرێین. کۆی کردنەوە و هەندێک قسەی بۆ کردن، دواتر هێزەکەی دابەش کرد؛ مەفرەزەیەکیناردە خوار



گوندی ئەشکەوتە بە بیکەیسی و ئاربیجییەوە، نزیک جادە. ئێمەشی لەو گرد و چەقەرانەی ئەوێ دانا.

گوتی: هەڤاڵینە، ڕژێم کیمیابارانی کردووین و هێرشی زەمینی دێنن. دەشزانن هێزی پێشمەرگە لە سەرکردایەتی لە شەڕدایە، سەرقاڵە. ئێرە هێزی لێ نەماوە. ئێمەش بەم کەمە تەقەمەنی و هێزە شەڕمان پێ ناکرێ. مەبەستمانە هێزەکەی ڕژێم تەئخیر بکەین و زەرەرێکی پێ بگەیەنین، تا نەتوانن بچنە نەخۆشخانە و ئەو ماڵانەی ماون، چ لە پێشمەرگە و چ لە هاووڵاتی، بەڵکو خۆیان دەرباز بکەن. دواتر ئێمەش دەکشێینەوە بەرەو مەڵەکان، بۆیە من دەگەڕێمەوە خەتێ بۆ هەندێک کار، ئێوەش هەمووتان ئیلتزام بە ساڵح هەولێرییەوە دەکەن و ئەو بەرپرستانە، لە قسەی دەرنەچن.

لەو کاتەدا هێزێکی ٣٠ کەسی هاتە لامان، برادەرانی پارتی و حیزبی شیوعی بوون. دیار بوو شەهید کوێستانی قسەی لەگەڵ کردن، شیوعییەکان مانەوە لامان و سەنگەریان گرت لە پشتی هێزەکەی ئێمەوە. برادەرانی پارتیش گوتیان ئێمە بە گازەکە بریندار بووین و ناتوانین لەگەڵتان بمێینەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لای هێزەکەمان.

شەوێکی بێدەنگ و تاریک، هەور جار جار کەمێک دەجووڵا و پێش مانگی بەردەدا. بەرپێمان تەواو ڕووناک دەبووەوە. ساڵح هەولێریش بە سەر سەنگەرەکاندا دەسووڕا و هاتە لای ئێمە. بە من و موحسینی گوت: بۆ تا لای سارتکەناچن، گوێ هەڵخەن بزانن دەنگ و باس چی هەیە؟ تا دەگەڕێنەوە من لێرە دەبم. لەگەڵ کاک موحسین ڕۆیشتین و هەورازێک بوو، خەریک بوو سەردەکەوتین بۆ سەر گۆڕەنۆک لە پشتی سارتکە. تەماشا دەکەین چی ببینین، نزیکەی ٢٠٠ جاشێک دەبوون، قۆڵ قۆڵ ئاگریان هەڵکردبوو، چایان بەسەر نابوو. خەریکی نانخواردن بوون. دیارە نەخشەی هێرشەکە وا بووە، جەیش بە جادەداو جاشیش بە پشتی گوندەکاندا بڕۆن و لە شێخ وەسانان یەک بگرنەوە.

ئێمە بە هێمنی و لەباری گەڕاینەوە لای ساڵح هەولێری. ئەو هەواڵەمان پێ دا، ئەوان بێ ئاگا بوون لەوەی ئێمە لە پەنای ئەوان لە سەنگەردابین. ئێمەش هەروا، کاک ساڵح گوتی لێیان گەڕێن، بەیانی بۆ خۆیان دێنە بەردەستمان. بەیانی دونیا ڕووناک بووەوە، دەنگی سەیارە و تەقە دەهات و دوژمنیش دەستی بە جووڵە کرد. دوو جێب قیادە و چەند پیکابێک و چەند ئیڤایەک دەرکەوتن. زۆر بەبێ منەتی دەهاتن. گەیشتنە ڕاستی مەفرەزەکەی خوار ئەشکەوتە، بە ئاربیجی و بیکەیسییان لێ دان. هەر بە پەلە سوڕانەوە و خۆیان ئاودیو کرد.

ماوەی سەعاتێک نەهاتنەوە. پێدەچوو لەگەڵ سپیلک پەیوەندییان کردبێ و ڕایانگەیاندبێ مقاوەمەیەکی توند هەیە.هەرچۆنێک بێ هاتن و دەیانویست ڕەتبن. سێ هێلیکۆپتەر دەرکەوتن، هێندە نزم بوون بە ئاسانی

سەرنشینەکانیان دەبینران. لە سپیلکەوە تۆپبارانێکی خەستیان کردین. مەلا سەعیدی خەتێ برینداربوو، پارچەیەکی بە پشتی سەری کەوت. لەگەڵ دوو پێشمەرگە بردیانە خەتێ.

ئیدی جەیش و جاش هات و نەگەڕایەوە. ڕەت بوون بەرەو بالیسان. جاشەکانی گۆڕەنۆکیش هاتن و جەماعەتی حیزبی شیوعی لە پشتی ئێمەوە بوون، لێیان دان و دانەیەکیان لێ بە دیل گرتن. جەیش و جاش هەمووی لە ئێمە ڕەت بوو. ناچار کشاینەوە بەرەو کەڵێتەی خەتێ، کۆپتەرەکان زۆر بە نزمی لە سەر سەرمان بوون، ئەگەر لێیان دابایەنە، کەسمان بە ساغی دەرنەدەچووین. بەڵام پێدەچوو بە جاشمان تێگەیشتبن، ئاشکرا بەبێ ئەوەی خۆ بشارینەوە، غارمان دەدا تا گەیشتینە کەڵێتەی خەتێ. چاوم لێ بوو عەسکەر لە بەردەمی مەکتەبی خەتێ بوو. دکتۆر زریان و ستافی نەخۆشخانەش تازە لە خەتێ دەردەچوون بە کەر و بارەوە. بە هەر حاڵ گەیشتینە ناو ڕەزی گۆڕبەکرۆسک، شەهید کوێستانی لەوێ بوو، دیار بوو شەهید کوێستانی بە دووربین لە جموجۆڵی دوژمنی دەڕوانی. لە جادەی دەشتی توتمە هێلیکۆپتەریش دەسووڕایەوە. دانەیەکیان بە نزمی دەفڕی و ڕەمی کرد لەو شوێنەی ئێستا ماڵی عەبدوڵا کەندۆری لێیە لە سەر جادەی توتمە. کاک حەسەن کوێستانی گوتی: لە خەڵکی هاوولاتی دا، بەداخەوە، شەهیدی کردن.(دواتر زانیمان ئەوە خێزانێکی برینداری کیمیایی گوندی شێخ وەسانان بوین ویستویانە بەرەو دەشتی هەریر بڕۆن و خۆیان ڕزگار بکەن) لەوکاتەدا برادەرانی شیوعیش گەیشتنە لامان، وەک گوتم دیلێکیان پێ بوو. گوتیان ئێمە بۆ خۆمان هیلاک و برسین، ئەوەشمان لێ بووە بە بەڵا . ئەوان ڕۆیشتن و سەد مەترێک لەولاتر دەنگی سێ فیشەک هات و باری خۆیان سووک کرد و دیلەکەیان بەجێهێشت و هەڵکشان بەرەو چیا.



ئێمەش لەگەڵ شەهید کوێستانی ماینەوە. شەو چووینە ئەو کۆڵێت و زنجانەی شێخ وەسانان، شەکر و چایەمان دۆزییەوە و چاییمان لێ نا تا بەیانی لەوێ ماینەوە. بەیانی زوو هەڵساین، شەهید کوێستانی نامەیەکی نووسی و دای بە من، گوتی: ساڵح ئەم نامەیە بدە بە عەزیز بەگ لە مەلەکان. بۆ خۆشت لەوێ بە، ئێمە بەیانی دێین. دیار بوو بروسکە (نامەی بەپەلە) بوو بۆ سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لە هەواڵ و زانیاری ئاگاداریان بکاتەوە، چونکە جهازی 'ڕاکاڵ' لای عەزیز بەگ بوو.

بە تەنیا ڕۆیشتم و بارەگای عەزیز بەگم لە ئەشکەوتێک دۆزییەوە و بروسکەکەم پێ دا. خوێندییەوە.

دەزانم بابەتەکە دوور و درێژە و لەوانەیە حەوسەڵەی بابەتی دوور و درێژتان نەبێ، بۆیە ئەگەر تەمەن باقی بێ ئەوەی ماوە هەڵیدەگرم بۆ کاتێکی تر.

# شازدەی چار لە بیرەوەریماندا کاڵ نابێتەوە



د. سەعید توتمەیی

ئێوارەیە و خۆر خۆی دەسوێ ناوە و جریوەجریوی کوێشکە و کورەکورِی تفتیلک و قاسپەقاسپی کەو دێت، شوێن گوندی (زێنە)یە لە بناری کڵاوقاسم و دەشتێ (توتمە) ی، نسێی شاخی سۆر و زەرتکان و کڵاوقاسم و هەورێ دۆڵی داپۆشیوە، زەردە لە سەرباری خەتێ و خاسۆر و شۆپە و گۆڕبەکرۆسک و دەرەدار و دەرەشیر و کەپرە و ئاراسن ماون، رەنگی سپی کەویەبەفر و زەردی خۆر ئاوێزان بووین و شەبەنگێکی زیوی دروستبووە هەر زێنەتە لێی رامێنێ، هێشتان تاریکی شەوی ئەنگوستەچاوی نیسان دۆڵی بالیسانی دانەپۆشی بوو، مام حاجی عەوڵا تۆپە قوماشەکانی بە گیشەدارێک هەرپەساردبوون ئەو رەنگە کەسک و سۆرو زەرد و شین و مۆر و رەش و سپی یانە تابلۆیەکی تا بڵێی رەنگینیان دروستکردبوو چاو لە دیتنی تێرنابوو. حاجی عەوڵا: هۆییی وەرنە حەتاری حەتار هاتیە حەتارررر.

ژن و ژار و کیژوکار دەورەیان لە مام حەتاری دابوو لەو لاشەوە پیاوەکان دەستیان دەبەرپشتێنێ نابوو بە چاوان رازونیازیان لەگەڵ هاوژینەکانیان ئەگۆڕییەوە.

ئافرەت : پیاوەکە ئەو رەنگە کەسک و سۆرە جوانە ئەویش سەرێکی لەقاند و هەر بە چاو رازی دڵی هاوڕازەکەی رازیکرد ئەرێ واللە هەندی جوانە دەرێی کەسکوسۆری پاش بارانێ بوارێیە، کیژۆرە پارچەرەکەش دەستی لۆ رەنگە شین و مۆرەکە برد لۆ کراس و کەوێ، باوکەکەش گۆتی زۆر جوانە هەی قەزات لە روحێ باوی کەوێ.

پیاو: ئافرەت لۆ منیش ئەو قوماشەی چاوی ماری لای دەستەچەپی بینە زۆری رەش و جوانە لۆ چیتی لەسەر قاتی کری زەرد و کراسی سپی.

سبەینێ ئەچینەوە گوندی لای بەرگدرووی هەتا بوارێ ئەو سار و جێژنێ قوربانێش وەکی سارێ گۆرین رەنگاورەنگ و کەسک و سۆر کەین،تەماشا کەن ئەوە رەوە فرۆکەیەک هاتن، بەڵام هەزار ئاخ و مخابن لەو سەین و بەینە ئەو دوازدە فرۆکەیەی هاتنە سەر دۆڵێ ئەو بوارە خۆشەیان لە دوکەڵی کیمیا رەش کرد و خنکاندیان پێش ئەوەی شەو بە رەنگی رەشی دۆڵ داپۆشێ.

دەنگی قومبەلەکان جیاوازبوو لەچاو جارانی دیکە، تومەز خەرکەکە راهاتبوون و هەموو دەنگەکانیان لێکجوداکردنەوە، دەنگەکە زۆر گەورە نەبوو، ئەوە لۆ دەبی چ بی قومبەلەکان نەتەقیینەوە یان چروکیان کردبی، لە هەر جێیەکی ئەو دۆڵەی رائەمای دوکەڵ بوو. پێدابرِۆ لە دەشتێ توتمە و پشتی کانیێ زێنێ و قوپی تەلانی و کۆرِبەسماق و بالیسان و کانی بەرد و شێخوەسان هەمووی دەرێی تەمومژی دوای بارانێ بوو.

مام حاجی عەوڵا بە پەلەپەل و حەلەحەل بارگەوبۆتکەی خۆی تێکناوە و لە پشتی کەرەبۆری بارکرد و گۆتی لە مە قەوما بە خوای لە شێخوەسانانی دا ،گۆتیان هەی سەربەهەش زوو خۆ بگەینەوە ناو مارومنداری خۆ، هەر لە دووری گوندی دەستی بە کۆخەکۆخ و پشی تەنگی و رشانەوەکرد بە هەزار حەلاو وەلا خۆی گەیاندەوە ناو



گوندی، مەڕومارات و دڕەندەی کیوی ڕکوڕک و لۆ مام حاجی داتن مەزانە کۆرە بووبوون. خەرکی گوندی هەموو لە ناو کۆرانان و بن سواندەخانیان و سەر کانی و ئاوەزێیان کەتبوون و حۆق و هۆڕێ ڕشانەوە و نارونرکەیان بوو، هاوارو قیژەیان ئەگەیشتە عەڕشی فەلەک، بانگی کرد ئامینە ، فەهیمە، حسین، قادر، بەختیار.
ئەی هاوارررر قوڕێ کێندەرێ وەسەری خۆکەم ، خوایە ئەوە خەونە یان راستیە ، دەرێی رۆژێ حەشرێ یە هەر کەسە واوەیلاتی لۆ حاری خۆ، هەر ئێکی دەستەکەفەکی زەردی لەسەر دەموچاوان کەتیە و پیستیان هەموو بوویتە پفکە و خوین و زرزرەیان لێدێت و هەناسەیان نایێت، زراسکەی تازەلەدایکبوو هەندە جوان لەناو قۆنداغەکەی پێچرابوو، هەر دەرێ فریشتە بوو لە عاسمانێ کەتبووەخوارێ، قۆنداغی لۆ بوو بە کفن، لەو لاش کۆرپەی ساوا مەمەی شیری لە تەنیشت کەتیە و ساردوسڕ بوویتەوە و روحی دەبەردانەمایە، بووکی تازەش بە دووگیانی لە بن هەیوانێ لە ناو باوەشێ و لەسەر باسکی زاوا وێکڕان گیانیان سپاردبوو، مامەلاس وەکی منداری ساوا لەسەر لەپان ئەڕۆیشت و چاوەکانی دونیایان نادیت، هەر دەستی ئەکوتان بەرئەبۆوە ئەیگۆ هۆهۆ مێرەم ، مامز ،مامەر لە کێندەرن لۆ وەرام نادەنەوە لۆ ،مەزانە بەسەر لاشەی وان ئەڕۆی و بەرئەبۆوە. ئەویش لەوێ دەنگی نەما و ساردبوویەوە. لە کاتی ڕەز و باخچە کێڵانێ لە هیکەوە ئەو گاجۆتە گەورە و بەوەجانە راداتن و خەتێ جۆتیان راناگرت و بەرەبوونەوە.
حاجی وەسمان و پلکە عەیش دەست بە دەستنوێژ و دەم بەزیکر چاوەڕێی بانگی بوون، نوێژێ بکەن و نانی بخۆن ئەوانیش لە دەوری سۆبە و ئاگردانێ گیانیان فڕی لۆ عاسمانێ گۆتیان لە رۆژێ قیامەتێ گلەیی و گازاندێ خۆ ئەبەینە لای خوای گەورە و پێغەمبەری ئاخیر زەمانێ.
لۆ سبەینێش کەس نەچووە لای بەرگدرووی لەباتی کراس و کەوێ قوماشەکانیان کردە کفنی ئاڵی شەهیدان و ئاڵای گەشی کوردستان و چیتی رەشیان کردە قردێلەی سەر سینگ و ملپێچی لەسەر مل و شان.

# کاتێك دەتوانین وەفا بنوێنین.



نووسینی/ زیرەک کەمال

**یادکردنەوە و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر تایبەت بەو تراژیدیایە تا بڵێی گرنگ و بایەخدارن و بگرە ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی و نیشتمانی سەرشانی هەموومانە.**

شازدەی چواری هەموو ساڵێک، بۆ هەموومان، بەتایبەتی خەڵکی دەڤەری خۆشناوەتی بۆنە و یادێکی خەمناک و پڕ لە سفتوسوییە. من بۆ خۆم لەو رۆژەدا حەجمینم نامێنێت، دڵم ئۆقرەی لێ دەبڕێت و بە وێنەی حەوت خۆشکی تاقانەبرامردوو، دایکێکی کۆستکەوتوو و جگەرسوتاو، گەرمەشین دام دەگرێت. لەو رۆژەدا ئازار و پێچەژانێکی بروسکاوێژ بەناو رۆح و جەستەمدا دێت و دەچێت و برست و ئارامیم لێ دەبڕێت. هەڵبەت گریان و دادوفیغانی من و هەزارانی وەکوو من، شیعر و رۆمان و دەیان دەقی ئەدەبی و هونەری و سیاسی، لەسەر ئەو کارەساتە ناتوانن هەناسە وەبەر جەستەی سوتاو و گوڵی ژاکاوی رۆحی منداڵێکی ناو ئەو تراژیدیایەدا بکەنەوە، ناتوانن ئارامی و سەبووری و سووکنایی بۆ رۆحی هەلاهەلابووی دایک و باوک و خوشک و برای شەهیدانی ئەو کارەساتە بگێڕنەوە، ناتوانن کیمیاباران و رەشەکوژی و سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی لە زاکیرە و یادەوەری هیچ کەسێکی ئەو دەڤەرە بسڕنەوە. هەڵبەت یادکردنەوە و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر تایبەت بەو تراژیدیایە تا بڵێی گرنگ و بایەخدارن و بگرە ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی و نیشتمانی سەرشانی هەموومانە، چونکە لە لایەک کاری لەم شێوەیە نواندنی وەفایە بۆ سەدان لەو مرۆڤانەی تەنها لەبەر شوناسی نەتەوایەتی و کوردبوون کیمیاباران کران و جەستەیان کرا بە خەڵووز و قەرەبرووت، هەم وەبیرهێنانەوە و زیندووراگرتنی ئەو یادەیە لەناو مێژوو و لەسەر لەوحەی یادەوەری هەمووماندا، جگە لەوەش لە بیرمان نەچێت کە جووە ئیسرائیلییەکان لە رێگای زیندووراگرتنی یاد و کارەساتی هۆلۆکۆست و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر و هونەری شانۆگەری گەڕۆک بە وڵاتانی دنیادا، توانییان هەم یاد و مێژووی قوربانیەکانیان بە زیندوویی بهێڵنەوە و هەم هۆلۆکۆستیشیان کردە هەوێنی دروستکردنی یەکێک لە دەوڵەتە هەرە بەهێزەکانی جیهان، بۆیەش ئەرکی سەرشانی حکومەت و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و یەک بە یەکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە کەوا شانبەشانی رێزلێگرتن و بەرزراگرتنی شەهیدەکانمان و وەفاداری بۆیان، دەبێت هەموو کۆست و تراژیدیا و حیکایەت و بەسەرهات و رووداوە خەمناک و خوێناویەکانی نێو هەناوی مێژووی سیاسیمان لە پێناوی ستراتیژ و پرۆژە و بەرنامەی نیشتمانی و نەتەوایەتیمان بەکار بهێنین. دواجار دەڵێم کاتێک دەتوانین بە کردار زیندوویتی و وەفاداری خۆمان بۆ شەهیدانی شازدەی نیسان بسەلمێنین، کە بەرامبەر کەسوکاریان دڵسۆز و بەوەفابین، تا قەتلوعامی ئەرمەن بە دەستی تورک لە زاکیرەی ئەرمەنەکان و هۆلۆکۆست لە یادەوەری مرۆڤایەتی مابێت، شازدەی نیسانیش لە یادەوەری هەمووماندا وەک تراژیدیا و کۆستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

# لەبارەی جینۆساید و ئەدەبیات



ئارام محەمەد

**جینۆساید بەس کردەی لەناوبردنی جەستە نییە، بەڵکوو هەوڵێکی کۆنکریتیە بۆ سڕینەوەی ناسنامە، بیرەوەری و هەموو ئەو نیشانانەی کە مرۆڤ بە جیهان دەبەستنەوە.**

لە خوێندنەوەدا بە گشتی، مەیلی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی تراژیک، هاوشانە لەگەڵ کۆمیک، ڕەنگە تراژیک کاریگەرتر و هەواداری زیتریش بێت. ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە، مرۆڤ بۆ حەز دەکات بەنێو خوێن و شکست و مەرگدا پیاسە بکات؟ بۆچی ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە کە دڵی دەشکێنێت و ئازاری دەدات؟ سەرنج بدەن زۆرینەی شاکارە ئەدەبییەکان، ئەو بەرهەمانەن کە تراژیک هێڵی سەرەکییە تیایاندا، ئەفسانە و بەرهەمە کلاسیکیەکان، کە پانتاییەکی گەورەیان بۆ ئازار دروست کردووە، نەوە لە دوای نەوە دەخوێندرێنەوە. ئایا خوێندنەوەی تراژیک ئەو ڕایەڵە گرنگە چۆن بنیات دەنێت لەگەڵ هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ؟ ئایا ئەوە پەیوەندی بە شکاندنی ترسەوە هەیە، وەک ئەوەی ئەدەبیات مەیدانێک بێت تا مرۆڤ خۆی تێدا تاقی بکاتەوە و هەست و بیرکردنەوەکانی بخاتە دۆخێک کە پێشتر بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە؟

ئایا مرۆڤ لە سپەیسی ئەدەبیاتدا دژ بە ترسەکانی دەوەستێتەوە، ترسی مەرگ، دابڕان و نەخۆشی، ترس لە ژیان بەگشتی؟ دەکرێ بڵێین لە دیوێکی دیکەوە، ئەدەبیات ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خەمدا، مرۆ ناتوانێ ببێتە بارهەڵگرێکی بەهێز و بەردەوامی خەمەکانی، بۆیە لەنێو ئەدەبیاتدا، بەشێ لە قورسایی خەمەکان بە وشە و ڕستەکان دەسپێرێت. ئازار دیوێکی دیکەی ئەم باسەیە، تێکستە تراژیدییەکان پەناگەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئازارەکان، مرۆڤ لەگەڵ ئازارەکانی لە ململانێدایە، ڕێگەیەک هەیە لە ئەدەبیاتدا وا دەکات ئازارەکانت خۆش بوێن، بەم فاکتەرە ئەو ئازارانە باشتر دەناسیت و لەگەڵیان هەڵ دەکەیت.

ئەدەبیاتی کوردی پەیوەندییەکی قووڵ و درێژی لەگەڵ ئازار و خەم هەیە. شیعری کلاسیکمان، لە مەلای جزیری تا حاجی قادری کۆیی، هەمیشە لەگەڵ ئازار و خەمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەییەکان تێکەڵ بووە. ئەدیبی کورد نەیتوانیوە خۆی لە ئازار و خەم جیا بکاتەوە، کوردستان و کورد، واتا چیرۆکی ئازار...

بۆ ڕامان لە پرسی جینۆساید، دەبێت لە ماناکان ورد بینەوە. جینۆساید بەس کردەی لەناوبردنی جەستە نییە، بەڵکوو هەوڵێکی کۆنکرێتیە بۆ سڕینەوەی ناسنامە، بیرەوەری و هەموو ئەو نیشانانەی کە مرۆڤ بە جیهان دەبەستنەوە. ئەدەبیات دژ بەم کردەیە دەوەستێتەوە. پرسیار ئەوەیە: ئەگەر زمان خۆی یەکێک لە قوربانییەکانی جینۆساید بێت، چۆن دەتوانێت گوزارشت لە تاوانەکە بکات؟ ئایا ئەدەبیات دەتوانێت چی لەو گاپە مێژووییە بکات؟ گرفتی گوزارشت باسێکی بنەڕەتییە، ئایا بەهۆی زمانەوە دەتوانین وێنای ئەو تراژیک و خوێن و خەمانە بکەین؟ (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) فەیلەسوفی ئەڵمانی، دەڵێت:

شیعرنووسین لە دوای ئاوشڤیتز بەربەرییەتە. ئەم دەربڕینە مانیفێستی ڕەشبینی نییە، نا، هەوڵ و ئاماژەیە بۆ گرفتێکی گەورە. کاتێک مرۆڤ دەگاتە شوێنێک، کە مرۆڤایەتی بە تەواوی ڕووت دەکرێتەوە، لەو کاتەدا هەوڵە ئەدەبییەکان دەبنە جۆرێک لە سووکایەتی بە ئازار. لە دیوێکی دیکەوە، ئەزموونی ڕزگاربووانی جینۆساید، ئەوە دەردەخات ئەدەبیات هۆکاری مانەوەی مرۆڤایەتییە لە نێو جەستەیەکی پڕ ئازاردا. ئەوانەی لە ئەنفال گەڕاونەتەوە، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەتوانن پێوەندی بە ژیان بکەنەوە. لێرەدا ئەرک و هێزی ئەدەبیات تەنیا گێڕانەوە نییە، بەڵکوو بنیاتنانەوە و دروستکردنەوەی مانایە لەنێو بێماناییدا.

جینۆساید هەمیشە بە زمان دەست پێ دەکات. واتا ئەوانەی جینوسایدی ئێمەیان کرد، سەرەتا گوتارەکە لە فۆرمی زماندا جێگەی کرایەوە، تاوانەکە وەک ڕووداوێکی ئاسایی خرایە بەرباس، زمان وەک دەروازەی تاوانەکە بە کار هێندرا، ئینجا کارەکە چووە دۆخی پراکتیک. هەوڵی ئەدەبیاتی جینۆساید، شیعر و ڕۆمان، کۆشانە تا زمان بگەڕێتەوە بۆ پێگە بنەڕەتیەکەی خۆی، مەبەستم پێوەندی ئازادانەی زمان و تاکە. دوای ئەم دۆخە، ئەدەبیات ژمارەکان بە لاوە دەنێت و جەخت لە ناو و ناسنامە دەکاتەوە. ئەگەر مێژوو بڵێت ئەوەندە هەزار کەس لە کورد ئەنفال کراون، ئەدەبیات دێت و باس لە ڕەنگی کراسی کچێکی نێو زیلەکان دەکات، یان دوا نامەی کوڕێک بۆ دەستگیرانەکەی دەنووسێتەوە. ئیشی ڕۆمان و شیعر ئەوەیە نەهێڵێت قوربانییەکە لەنێو ئامار و ژمارەکاندا بزر بێت. لە ڕێگەی ئەدەبەوە، قوربانییەکە دەبێتە خاوەن چیرۆکی خۆی، ئەمەش مانای وایە وەک تاک جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە.

یەکێک لە خەم و گرفتەکانی ئەدەبیاتی جینۆساید ئەوەیە، بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەکە لای ئەوانەیە، کە نەگەڕانەوە. واتا ئێمە ئێستاکە شاهیدی ڕاستینە نین، زۆرینەی ئەوانەی ئازار و تراژیدیاکەیان دیت، چیرۆکەکانیان لەگەڵ خۆیان برد و نەگەڕانەوە. چارە چییە؟ ئەدیب دێت دەبێتە شاهید، بەڵام شاهیدیەکە کەموکورتی هەیە. گێڕانەوەی ئەدەبی و هونەری، تەقەلا نییە تا هەموو شتێک بگێڕێتەوە، چونکە بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەکان ڕوون نین. جینۆساید وەک پانتایی، تەواو لە سپەیسێکی تاریکە، بۆیە تێکستە کاریگەرەکان، ئەوانەن بێدەنگی و تاریکی دەبنە نێو زمانی گێڕانەوە. ئەو بەرهەمانەی دەتوانن بە خوێنەری بڵێن، وشە



**یەکێك لە خەم و گرفتەکانی ئەدەبیاتی جینۆساید ئەوەیە، بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەکە لای ئەوانەیە، کە نەگەڕانەوە**

ناتوانێت گوزارشت لەو سپەیسە تاریک و نادیارە بکات.
لە ئەدەبیاتی کوردیدا، (شێرکۆ بێکەس) لە –گۆڕستانی چراکان– دا هەوڵی داوە بێدەنگی بکات بە هاوار، بەو هۆیەشەوە لە گێڕانەوە مێژوویەکە دەربازی بووە. بەگشتی پێوەندی نێوان ئەدەب و جینۆساید پێوەندییەکی تراژیدییە. بۆ نووسەری کورد، نووسین لەبارەی ئەنفال و جینۆساید تەنیا ئارەزوویەکی ئەدەبی نییە، بەڵکوو ئەرکێکی ئۆنتۆلۆژیانەیشە. بیابانەکانی عێراق بە گشتی و قەڵایی نوگرەسەلمان بەتایبەتی، وەک ناو و وەک چەمک لە ئەدەبیاتی ئێمەدا تەنیا شوێن نین، بەڵکوو فۆرم و مانای زێتر دەدەن. زۆرتر هاومانا و هاودۆخن لەگەڵ مانا و ئاماژەی نێو قەبرستانەکان، ئەو شوێنانەی زمان تێدا لە جووڵە دەکەوێت، بەم هۆیەوە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسان، پەنایان بردووەتە بەر سپەیسی خەیاڵ، هەوڵیان داوە لە ڕێگەی فەنتازیاوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسوباسانە بکەن. ئەوە ڕوونە، بە ڕێگەی ڕیالیزم ناتوانرێت گوزارشت لە قەبارەی تراژیدیاکە بکرێت. ئاخر واقع ئەوەندە دژوار و سەختە، کەڵکی ئەوەی نییە وەک خۆی بگوازرێتەوە، بۆیە ئەدیبان پەنا دەبەنە بەر خەیاڵ تا لە ڕاستییەکان نزیک ببنەوە و گوزارشت لە دۆخەکان بکەن.

ئەدەبیاتی کوردی لێرە و لەوێ کاری لەسەر جینۆساید کردووە، ئەگەر هەوڵەکان کەم و دەگمەنیش بن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ئاستێ ئەو بەرهەمانە چەمکی جینۆسایدیان لە ئاکت و قەوماوێکی سیاسییەوە گۆڕیوە بۆ پرسێک یان چەمکێک بۆ ڕامان و بیرکردنەوە؟ پرسیاری سەرەتایی ئەوەیە، پێوەندی مرۆڤ و ئێستاتیکا چی بەسەر دێ، کاتێ بەنێو ئازارەکانی تراژیکدا تێپەڕ دەبێت؟

ئەو ئەدەبیاتەی هێڵی ئیشکردنی ئەنفال و کیمیابارانە، خوێنەر دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە. خوێندنەوەی تێکستێک لەسەر ئەنفال، وەک خوێندنەوەی تێکستێکی عاشقانە نییە. کاتێک لە ڕۆماندا باس لە ئەنفال و کیمیاباران دەکەین، ئەوە خوێنەر بەشداری پێ دەکەین لە پرۆسەی یادکردنەوە و بیرهاتنەوەی تراژیدیاکە. یەکێک لە ئامانجەکانی جینۆساید، بردنی مرۆڤە بۆ سپەیسی لەیادکردن و بیرچوونەوە تا ئاستی ئەوەی هیچ شوێنپێیەکی قوربانییەکە دیار نەمێنێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە، نووسەر و خوێنەری نێو بازنەی ئەدەبیاتی جینۆساید، پێکەوە دەبنە پاسەوان تا یادگەکان بپارێزن و یادەوەرییەکان بزر نەبن.

خوێنەر لەنێو ئەدەبی جینۆسایدا، دەبێتە شاهیدێکی نوێ. ئەم شاهیدبوونە ڕێگری دەکات لەوەی تاوانەکە دووبارە ببێتەوە و جەلادەکانیش ناتوانن بە ئاسانی مێژووی تراژیدیاکان بشێوێنن.

کورت و پوخت ئەگەر ئەرکی ئەدەبیاتی جنۆساید و کیمیاباران چڕ بکەینەوە، دەتوانین بڵێین: ئەدەبیات لە ئاستی واقع و بەرجەستە کەمتر کاریگەرە، واتا دەرمان و جادووی پێ نییە بۆ سارێژی برین و گەڕانەوەی لەدەستچووەکان، بەڵام ئەو ئەدەبیاتە دەتوانێت کارێکی گەورە و مێژووی بکات، ئەویش ڕێگریکردنە لە بەئامانجگەیشتن و سەرکەوتنی جەلادەکان، واتا ئەوان ناتوانن بەتەواوی قوربانییەکە لە سپەیسی واقع بسڕنەوە. ئەدەبیات شاهیدی دەدات لەسەر مرۆڤێک کە ناو، بوون و خەونی هەبووە. بەم هۆیەوە درز دەکەوێتە ئامانج و ڕێگەی جینۆساید. ئەدەبیاتی گێڕانەوە لەبەردەم جەلادەکان و پلاندارێژەرانی جینۆساید، ئەوەندە بەهێزە، کە ناهێڵێت خاڵی کۆتایی ونبوون و سڕینەوە بۆ مرۆڤ دابنرێت.

> **ئەدەبیات دەتوانێت کارێکی گەورە و مێژووی بکات، ئەویش ڕێگریکردنە لە بەئامانجگەیشتن و سەرکەوتنی جەلادەکان.**

# جینۆسایدکردنی کورد بە چەکی کیمیاوی

## "هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ کەیسی فرانس ڤان ئانرات"



د.ئاوارە حسێن

**ئەم کەیسە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی پەیوەندیی تەواوی بە پرسی کوردەوە هەیە و بەشێکی سزاکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.**

**فرانس ڤان ئانرانت کێیە؟**

فرانس ڤان ئانرات هاووڵاتییەکی هۆڵەندییە لە ساڵی (١٩٤٢) لە دایک بووە، بازرگانێکی هۆڵەندی بووە لەنێوان (١٩٨٤/٤/١٩ بۆ ١٩٨٨/٨/٢٥) بە مەبەستەوە یانزە تەن مەتری تایۆدیگلیکۆڵی کیمیاوی (گازی خەردەل) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژاپۆن کڕیوە و کارەکەی لە ڕێگای کۆمپانیا جیاوازەکانی وڵاتانەوە بووە و چەکە کیمیاوییەکەی دابینکردووە بۆ حکومەتی عێراق. لەپاش ساڵی (١٩٨٤) تاکە دابینکەری ئەو ماددە کیمیاوییە بووە بۆ حکومەتی عێراقی. لە ساڵی (٢٠٠٥) لە دادگای شاری لاهای دادگایکرا و سزادرا، ئەو تۆمەتانەشی خرایە ئەستۆی بریتی بوون لە (یارمەتیدان و هاندان بۆ جینۆساید، کە لەلایەن سەددام حسەین و عەلی حەسەن مەجید تکریتی، کە لە دژی دانیشتوانی کورد ئەنجامدراون).

فرانس ڤان ئانرات یەکێکە لەو تاوانبارانەی، کە لە دادگای شاری لاهای هۆڵندا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی دادوەریی کەسیی و پرەنسیپی کەسێتی ئەرێنی دادگاییکراوە و سزادراوە. "پێواژووی دادگایکردنەکە لە (٢٠٠٥/٣/١٨) لەدژی ئانرات دەستیپێکرد و پاش (١٦) دانیشتنی دادگایکردن لە دادگای بابەت، دادگا لە (٢٠٠٥/١٢/٢٣) ئانراتی وەک بەشدار لە تاوانەکانی جەنگ بە (١٥) ساڵ زیندانیکردن سزادا و بڕیاریدا کە ئەو ماوەیەی لای پۆلیس ڕاگیرابوو لەگەڵ ماوەی ڕاگرتنی قۆناغی پێش دادگاییکردن لە سزاکەی کەمبکرێتەوە"

**گرنگی کەیسەکە**

ئەم کەیسە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی پەیوەندیی تەواوی بە پرسی کوردەوە هەیە و بەشێکی سزاکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تاوانە ئەنجامدراوەکان، کە ئانراتی لەسەر سزا دراوە لەدژی کورد و بەتایبەتی هەردوو شاری هەڵەبجە و سەردەشت بووە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا (١٥) سکاڵاکار، کە داوای پێبژاردنەوەی زیانەکانیان کردبوو قەرەبوکرانەوە.

دادگایکردن و سزادانی تاوانبارێکی ئەوروپی و خۆرئاوایی بۆ یەکەمین جار لە دادگاکانی ئەوروپا بایەخێکی قووڵی هەیە، کە ناوی کورد و شار و گوندەکانی ڕۆشتووەتە ناو قۆناغە یاساییەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن و بەجۆرێک لە جۆرەکان تاوانە نێودەوڵەتییە ئەنجامدراوەکانی دژ بە کورد بە نێودەوڵەتی بووە و تا ئاستێکی باش لە سەر ئاستی جیهان ناسراوە، کە کورد وەک گروپێکی نەتەوەیی و ڕەگەزیی بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی ڕووبەڕی تاوانی نێودەوڵەتی بووەتەوە، سزادانی ئەم بازرگانە تاوانبارە ئەو پەیامە یاساییەش دەگەیەنێت کە تۆمەتباران ناتوانن لە سزای

یاسایی هەڵبێن با ماوەیەکی درێژیش هەبێت لە نێوان کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیان و دەستگیرکردن و ڕادەستکردنیان بۆ دادگایکردن.

## ئاراستەکردنی تۆمەتەکان و چەسپاندنی تاوانەکان

وەک ئاماژەمان بۆ کردووە تۆمەتە ئاراستەکراوەکانی دژ بە ئانرات بەشداریکردن بووە لە جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ. بەڵام دادگا سەبارەت بە جینۆساید بێتاوانی دەسەلمێنێت ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە هێرشی کیمیاوی دژ بە هەڵەبجە و سەردەشت جینۆساید نین، بەڵکو دادگا بڕیاردەدات، کە "جینۆساید جیاوازە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر، بەهۆی هەبونی مەبەستی تایبەت لە جینۆسایدا، کە لەسەر بنەمای لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێک خەڵک بنیادنراوە. لەبەرئەوە تاوانبارکردنی بە بەشداریکردن لە جینۆساید گونجاو دەبوو گەر تۆمەتبار زانیاری هەبوایا لەسەر مەبەستی جینۆساید لای ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە. لەبەر ئەوە ئانرات زانیاری دروستی لانەبووە سەبارەت بە هەبونی مەبەستی جینۆساید لای ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە، دادگا باوەڕی بەوەنەهێنا، کە بە یاسایی و قایلکەرانەوە ئەوە بسەلمێنێت، کە ئانرات ئەو زانیارییەی هەبووە لە کاتی دابینکردنی چەکە کیمیاوییەکاندا". ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، کە ئانرات زانیاری دروست و تەواوی لا نەبووە، کە سەددام حسەین ئەو چەکانە بۆ جینۆسایدکردنی کورد بەکاردەهێنێت، هەربۆیە وەک تاوانباری جینۆساید تۆمەتەکان لە دژی نەچەسپا.

دادگا لە درێژەی بڕیارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگ جیاوازە، تاوانەکانی جەنگ پێویستی بە مەبەستی تایبەتی ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە نییە. مەبەستی داواکراو یان پێویستی بەشداریکردن لە دەزگای دادپەروەریی تاوانکاریی نێودەوڵەتییدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی جیاواز نییە لە یاسای هۆڵەندی سەبارەت بەم بابەتە". ئەمەش بە مانای ئەوە دێت گەر تۆمەتبار زانیبێتی، کە ئەنجامدەری سەرەکی مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی جەنگە یاخود نا ئەوا بەرپرسیارێتی تاوانکاریی بۆ دروستدەبێت بەو بەشدارییەی، کە لە تاوانەکەدا کردویەتی.

## بەشداری تاوانیی ئانرات لە هێرشی عێراق دژ بە هەڵەبجە

سەبارەت بەو بەشدارییە تاوانییە کە ئانرات لەگەڵ عێراقدا هەیبووە بۆ تاوانەکانی دژ بە کورد لە ناو عێراقدا. دادگا دەگاتە ئەو بڕیارەی، کە "ئانرات بە نیاز و مەبەستەوە ماددەی تایۆدیگلیکۆڵ و کلۆریدی فۆسفۆڕ و ماددەی تری دابینکردووە بە نیازی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی (گازی خەردەل و گازی دەمارەکان) بۆ کۆماری عێراق و ڕاوێژی بە حکومەتی عێراق کردووە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی و کارەکەی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج


فرانس ڤان ئانرانت

بووه، كه به‌شدارییه‌كی بنه‌ڕه‌تیی له پرۆگرامه‌كانی جه‌نگی كیمیاویدا كردووه له عێراق. ئه‌و چه‌كه كیمیاویانه‌ش له‌لایه‌ن سه‌ددام حسه‌ین و عه‌لی حه‌سه‌ن مه‌جید تكریتی و ئه‌وانی تر به مه‌به‌سته‌وه له‌دژی (هه‌ڵه‌بجه و گونده‌كانی، زێوه، گۆپته‌په و بیرجینی) به‌كاریانهێناوه به مه‌به‌ستی سڕینه‌وه‌ی ته‌واوه‌تی یان به‌شه‌كی ئه‌و گرووپه نه‌ته‌وه‌یه یان ڕه‌گه‌زییه. له ئه‌نجامدا بووه‌ته‌هۆی كوشتنی منداڵ، هاوسه‌ران (پیاو ژن) و ئه‌ندامانی خێزان و زیاندانێكی سه‌ختی جه‌سته‌یی و هزریی ئه‌وانه‌ی، كه له مردن ڕزگاریان بووه و ڕزگاربووه‌كان ساڵانێكی زۆره غه‌مێكی به‌رده‌وام ده‌چێژن، كه تا كۆتایی ژیانیان ده‌مێنێته‌وه. ئه‌و هێرشانه‌ش سه‌لمێنه‌ری ئه‌وه‌ن، كه تاوانێكی زۆر مه‌ترسیداری جه‌نگن".

به ته‌نها له بڕیاری كۆتایی دادگای شاری لاهای و سه‌ره‌ڕای بڕیاره‌كانی دادگای پێداچوونه‌وه‌ی شاری لاهای، دادگای باڵای هۆڵندا و دادگای ئه‌ورووپا بۆ مافه‌كانی مرۆڤ، (٩٥) جار ناوی هه‌ڵه‌بجه، (٣٥) جار ناوی زێوه، (٧) جار ناوی گۆپته‌په و (٤) جار ناوی بیرجینی هاتووه.

**به‌شداری تاوانیی ئانرات له هێرشی عێراق دژ به سه‌رده‌شت**

سه‌باره‌ت به به‌شدارییه‌كه‌ی له هێرشی عێراق دژ به ئێران دادگا ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌كات "كه له‌ناو ئێرانیشدا هێرشده‌كه‌نه سه‌ر كه‌سه سه‌ربازیی و سڤیله‌كان و ده‌بێته‌هۆی كوشتن و ئازاردانێكی توندی جه‌سته‌ییان، ئه‌و چه‌كه كیمیاویانه‌ی، كه به‌كارهاتوون دژی كه‌سانێكیش بووه، كه به‌شدارییه‌كی ڕاسته‌وخۆییان له ململانێكاندا نییه، وه‌كو سڤیله‌كانی (خوره‌مشه‌هر، ئالوت، سه‌رده‌شت، ڕه‌شه هه‌رمێ، زه‌رده و شنۆ')".

به هه‌مان شێوه به ته‌نها له بڕیاری كۆتایی دادگای شاری لاهایدا (٥٧) جار ناوی سه‌رده‌شت، (١٣) جار ناوی شنۆ، (١٥) جار ناوی ئالوت، (١٢) جار ناوی ڕه‌شه هه‌رمێ و (١٨) جار ناوی زه‌رده ده‌هێنێت، ئه‌م شار و گوندانه‌ش كوردنشین و كوردستانین كه ڕووبه‌ڕووی هێرشی كیمیاویی حكومه‌تی عێراق بوونه‌ته‌وه.

**چه‌كه كیمیاوییه دابینكراوه‌كان**

سه‌باره‌ت به چه‌كه كیمیاوییه دابینكراوه‌كان دادگای شاری لاهای له درێژه‌ی بڕیاره‌كه‌یدا ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌كات، كه "ناوبراون به مه‌به‌سته‌وه چه‌كه كیمیاوییه‌كانی (گازی خه‌رده‌ل و گازی ده‌ماره‌كان)یان به‌كارهێناوه و یاسا و نه‌ریته‌كانی جه‌نگیان پێشێلكردووه و تاوانه‌كانیان بووه‌ته‌هۆی كوشتن و بریندار‌كردنی سه‌ختی جه‌سته‌یی ئه‌و گرووپه دیاریكراوه، كه ئه‌وه‌ش پێچه‌وانه‌ی یاسای نه‌ریتی نێوده‌وڵه‌تییه، به‌تایبه‌تی پرۆتۆكۆڵی ژنێڤی ساڵی (١٩٢٥)، پێشێلكردنی مادده‌ی (١٤٧) (پێشێلكاری گه‌وره)ی په‌یماننامه‌ی چواره‌می ژنێڤ بۆ پاراستنی كه‌سانی سڤیل له كاتی جه‌نگدا و هه‌روه‌ها پێشێلكاری مادده‌ی سێهه‌می په‌یماننامه‌كانی ژنێڤی ساڵی (١٩٤٩)، كه عێراق وه‌ك حكومه‌تێك ئه‌ندامیانه و چه‌ندین جار به سیستماتیك به‌شێكی گرووپی دانیشتوانی كوردی تۆقاندووه له كاتێدا ئه‌و چه‌كه كیمیاویانه له دژی كه‌سانێك به‌كارهاتون، كه به‌شدارییه‌كی ڕاسته‌وخۆییان له ململانێكاندا نه‌كردووه و كیمیاوییه‌كه بووه‌ته‌هۆی توشكردنی مامه‌ڵه‌یه‌كی نامرۆیی، سته‌مكارانه، شێواندنی جه‌سته و به‌سه‌رهێنانی ئازارێكی مه‌ترسیداری مه‌به‌ستداری ئه‌و كه‌سانه".

**ئامانجی دابینكردنی چه‌كه كیمیاوییه‌كان**

سه‌باره‌ت به ئامانجی دابینكردنی چه‌كه كیمیاوییه‌كان له بڕیاره‌كه‌ی دادگادا هاتووه، كه




"تۆمەتبار بە لێکۆڵەرانی تاوانکاریی وتووە، کە ئامانجی دابینکردنی کیمیاوییەکە بۆ بواری پیشەسازیی چنین و پێکەوەنوساندنی ڕەنگ بووە لەسەر قوماش". بەڵام دادگا بەشێوەیەکی یاسایی و قایلکەرانە مەبەست و نیازی ئانراتی بۆ دەسەلمێت سەبارەت بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگ و دەگاتە ئەو بڕیارەی، کە "هەموو ئەو کیمیاوییانەی، کە ئانرات دابینیکردووە توانراوە بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی، دادگا ئەوەشی بینی، کە پەیوەندییەکی دوانەیی ئاڵوگۆرکراو هەیە سەبارەت بەوەی، کە ئەو کیمیاویانە لە ڕاستیدا بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بەکارهاتوون. کەسێک، کە کیماوییەکان دابین دەکات دەزانێت، کە بۆ بەکارهێنانی گازی کیمیاوی بەکاردێت لەلایەن دەوڵەتێکەوە، کە لە جەنگێکی بەردەوامی درێژدا سەرقاڵە، کە لەلایەن هەمان دەوڵەتەوە دەست بە جەنگەکە کراوە. پێکهێنەرەکانی گازی ژەهراوی، لە ڕاستیدا نەک بە تەنها پێشبینیکراوە، کە بۆ هێرشی کیمیاوی بەکاردێت، بەڵکو بە نزیکەیی لە سەدا سەدە". ئەمەش بە مانای ئەوە دێت دەوڵەتی عێراق، کە ئانرات چەکە کیماوییەکانی بۆ دابینکردووە جەنگی لەگەڵ ئێران هەڵگیرساندووە و لە جەنگدایە لەگەڵی، بۆیە هیچ پاساوێک نییە سەبارەت بەوەی، کە ئانرات بڵێت چەکەکانم بۆ بواری گەشەسەندن و پیشەسازی چنین بۆ عێراق دابینکردووە.

**سەپاندنی سزاکان و هێنانەدی دادپەروەریی**

سەبارەت بەو سزایەی، کە بەسەر ئانراتدا سەپاوە، دادگا لە بڕیارەکەیدا دەڵێت "بە بۆچونی

دادگا و ڕاستینە سەلمێنراوەکان تەنانەت بەرزترین سزاش بسەپێنین ئەوا نابێتەهۆی دادپەروەرییەکی تەواو بۆ قوربانیان. هەروەها تۆمەتبار دەستبەجێ لەپاش بینینی وێنەی قوربانیانی هێرشەکەی سەر هەڵەبجە، ویستویەتی بەردەوامیبدات بە بازرگانییە کیمیاوییەکەی و لە (١٩٨٨/٧/٢٨) یان لەو نزیکانەدا گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد و بە فەرمانبەرەکانی وتووە لە ئەورووپا بە هیچ کەسێک مەڵێن، کە لە کوێ بووە و هەروەها هیچ پەشیمانییەکی پیشاننەداوە. هەروەها دادگا هیچ جۆرە غەمخواردن، پەشیمانیە یان هاوسۆزییەکی لە تۆمەتبار نەبینی بۆ ئەو بابەتە. هەربۆیە بۆ بەشداریکردن لە تاوانی جەنگدا سزاکەی بریتییە لە (١٥) ساڵ زیندانیکردن". ئەم سزایەش بەگوێرەی بەشی پێنجەمی یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکانی هۆڵندا، گونجاوە، کە سزای تاوانەکانی جەنگی بە زیندانیکردنی هەمیشەیی یان سزایەک، کە لە (٣٠) ساڵ تێپەڕنەکات دیاریکردووە. سزای (١٥) ساڵ زیندانیکردن بۆ ئانرات لەلایەن دادگا شاری لاهایەوە لەوەوە بنەمای گرتووە، کە ئانرات بەشداربووە لە تاوانەکە نەک ئەنجامدەری سەرەکی بوبێت.

هەروەها لە ماوەی پێداچوونەوەی کەیسەکەیدا لە "دادگای پێداچوونەوەی شاری لاهای لە (٢٠٠٧/٥/٩) سزاکەی ئانرات زیادکرا بۆ (١٧) ساڵ زیندانیکردن". بڕیاری سزادانی ئانرات وەک تاوانباری جەنگ لەلایەن "دادگای باڵای هۆڵنداوە لە (٢٠٠٩/٦/٣٠) پەسەندکرایەوە، بەڵام سزاکەی بۆ (١٦) ساڵ و نیو زیندانیکردن کەمکرایەوە".

وە پاشتر ئانرات لە دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی ماددەی (٣٤)ی پەیماننامەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە دادگاکە سکاڵا و دادخوازی لە تاکە کەسانیش وەردەگرێت نەک بە تەنها دەوڵەت، سکاڵای پێداچوونەوەی سزاکەی کرد، "دادگاکە لە (٢٠١٠/٧/٦) داواکەی ڕەتکردەوە و ئەو سزایەی، کە بەسەریدا سەپابوو پەسەندی کردەوە".

**سەرچاوەکان:**

(١) Netherlands act containing rules concerning serious violations of international humanitarian law (international crimes act), ٢٠٠٣.

(٢) Netherlands district court of The Hague, criminal law section, case no. ٠٩/٧٥١٠٠٣-٠٤, public prosecutor v. Frans Cornelis Adrianus van Anraat, on December ٢٣, ٢٠٠٥.

(٣) Netherlands, court of appeal The Hague, ٢٢٠٠٠٥٠٩٠٦–٢, the criminal proceedings against Van Anraat, on May ٩, ٢٠٠٧.

(٤) Netherlands, the Supreme Court of the Netherlands, ٠٧/١٠٧٤٢, Frans van Anraat case, on June ٣٠, ٢٠٠٩.

(٥) European court of human rights, third section decision as to the admissibility of application no. ٦٥٣٨٩/٠٩ by Frans Cornelis Adrianus VAN ANRAAT against the Netherlands, on July ٦, ٢٠١٠.

# گرێکوێرەی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، لەناوخۆ و دەرەوە.



شاناز هیرانی

**کورد هێشتا نەیتوانیوە ئەو پرسە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و بیخاتە ناو چوارچێوەو مشتومڕەکانی لەسەر جینۆساید و قڕکردنی نەتەوەیەك هەیە.**

کورد به درێژایی مێژووی خۆی چەندین جار ڕووبەڕوی جینۆساید و هەوڵی لەناوبردن بووەتەوە، کەم ناوچەی کوردستان هەیە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆردومان، کیمیاباران و هەوڵی لەناوبردن نەبووبێتەوە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەشێکی زۆری ئەو ستەمەو هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر خاکی کوردستان؛ دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. دیسان گەر هەر بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان سەیری ڕووداوەکان بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، کارەسات و ڕووداوی زۆر جەرگبڕ کەلە مێژووماندا هەن و شایەدن لەسەر ئەو روداوانە. جینۆسایدش یەکێکە لەو روداوە گرنگان و تراژیدیایەی بۆتە مێژوویەکی بەئازار بۆ گەلی کورد.

لێکەوتەو زیانە مرۆییەکانی جینۆسایدەکان وپرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیاباران کردن، ئەمانە هەمویان بەهۆی توندڕەوی سیاسی و سیستەمی سیاسی داخراوی بەرژوەندی هودو بنەمای خێڵەکی رویانداوە. رژێمی بەعس لەعێراق - یشدا گەیشتە کرۆکی درەندەترین دەسەڵاتەکەی بۆ قڕکردنی نەتەوەی کورد بەئەنجامدانی قێزەونترین تاوان بەرامبەر بە میللەتێک کە تاکە داخوازی دان نان بوو بە مافە رەواکانی وەک گەلێکی ژێر دەستە و ستەم لێکراو. ئەم سیاسەتە تێکدەرانەش بوە هۆی برنێکی قوڵ لەسەر جەستەی نەتەوەیەک کە تا ئێستاش لەتەمەنی خودی رژێمەکە (پاش لەناوچونی)یشی کاریگەرترو درێژترە، تەنانەت تا ئێستا ئەو کاریگەرییە بەسەر نەوەکانی دوای ئەو پرۆسەیەش شوێنەواری هەر ماوەو لەناو نەچوە .

جگە لەوەی کە جینۆسایدەکان دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و داخزانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و لەناوبردنی سیستەمی سیاسی و دروستکردنی ناهاوسەنگی و ناسەقامگیری درێژخایەن، لەهەمان کاتدا ئەو زەبرو ترۆمایەی کە نەوەکانی قوربانیان ئەزمونی دەکەن بەردەوام دەبێتە بەشێک لەدارشتنی پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و بەردەوامی دەدا بە بازنەی ترس و بێ متمانەیی بۆ دورمەودا.

ساڵی ٢٠٠٥ دادگای بەغدا کە بەدادگای باڵای عێراقیش ناسراوە بەفەرمی شاڵاوی ئەنفالی وەک جینۆساید ناساندو بەتایبەتی بە ئامانج گرتنی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی کورد



بەمەبەستی لەناوبردنی ناسنامەو کلتورو ئیتنیکی یان نەتەوەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد هێشتا نەیتوانیوە ئەو پرسە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و بیخاتە ناو چوارچێوەو مشتومڕەکانی لەسەر جینۆساید و قڕکردنی نەتەوەیەک هەیە، هاوشێوەی قڕکردنی جولەکە لەسەردەمی جەنگی دوەمی جیهان (**جینۆسایدی جولەکە (هۆلۆکۆست) لەلایەن ڕژێمی نازی ئەڵمانییەوە لە ساڵانی (١٩٤١- ١٩٤٥)دا نزیکەی حەوت ملیۆن جولەکە جینۆسایدکران.**) یان قڕکردنی ئەرمەنەکان (**جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکانەوە لە ساڵانی (١٩١٥- ١٩١٧)دا کە نزیکەی یەک ملیۆن و نیو جینۆسایدکران.**). هەرچەندە زەبرو مەترسی جینۆسایدی کوردیش بە درێژایی چەندین دەیە هیچی کەمتر نەبوە لەجینجسایدی جولەکە وئەرمەنەکان.

لێرەدا پرسیارکە ئەوەیە: ئایا کورد دوای بەدەستهێنانی ئازادی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لەچەندین ساڵی رابردوو بۆ نەیتوانیوە بیرکردنەوە، عەقڵ، لێکدانەوە، سیاسەت و دبلۆماسیەتی لەئاستی جولەکەدا بێت و جینۆسایدی گەلەکەی بگەیەنێتە بەرچاوی وڵاتان ودونیا؟ بۆ نەیتوانی تراژیدیای میللەتەکەی بکاتە کارتێکی بەهێز و بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی گەل؟ رەنگە بەشێکی زۆرمان کۆک بین لەسەر ئەوەی کە دوای راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پرۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣ کورد ئەوەندەی خەریکی پرسی حزبایەتی و بیرکردنەوەی بەرژەوەندی تەسکی حزب و شەخسی بوبێ ئەوەندە کاری لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان نەکردبێتەوە، چونکە کارکردن لەسەر ئەو جۆرە کەیس و پرسانە پێویستی بە هزری سیاسی و هۆشیاری سیاسی و پلان و بەرنامەی تۆکمە هەیە.

جولەکەکان توانیان ئەو پرسە بخەنە خزمەتی پرسی گەلەکەیان و لۆبیەکی بەهێزی بۆ بکەن و کاری جیدیان لەسەر پرۆسەی نیشتمانسازی کردوە بەجۆرێک کە هۆلۆکۆست یان بەدونیای دەرەوەی خۆیان ناساند. ئەوان وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو لێزانانە کاریان لەسەر ئەو پرسە کردو هۆلۆکۆستیان کرد بە ئەدەب، یاسا، فەلسەفە، سینەماو هونەر. لەهەموو رەهەندەکانەوە کاریان لەسەر کرد و کردیان بە بەشێک لەویژدان و یادەوەری تاک بەتاکیان. ئەوان جینۆسایدی گەلەکەیان بۆ نەوەکانیان دەگێرنەوە و چەندین سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان بۆ ئە مەبەستە دامەزراندووە.

کاتێک دەتوانین جینۆساید بناسێنین کە بیکەین بە بینراو بیستراو و پیشانی هەموانی بدەین. تەنانەت لەڕوی دروستکردنی مۆنۆمێنتەکانیش کەمتەرخەمی زۆر هەیە، لەهەمان کاتیشدا کەمترین جار کارکراوە لەسەر بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لەسەر جینۆسایدو بەشێوەیەکی زۆر کەمیش لەپرۆگرامەکانی خوێندن خراوەتە ڕوو. لە کاتێکدا دەبوایە ببێتە وانەیەکی سەرەکی بۆ نەوەکانمان.

پێویستە لەهەموو رەهەندێکەوە کاربکرێت لەسەر روداوەکانی جینۆساید، چونکە تەنیا بۆ لەناوبردنی بەشێکی خەڵکی کوردستان نەبوە، بەڵکو هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی کۆمەڵایەتی و وێران کردنی دۆخی تەندروستی و دابڕانی خەڵکی کوردستان بووە لەئاوو خاک و ژینگە و جوگرافیای ناوچەکە بەگشتی.

ئەوەی شایانی باسیشە زۆرجار مرۆڤ دەخاتە بیرکردنەوەو تێڕامانەوە ئەوەیە: بۆچی ئەو پرسە بەهەند وەرنەگیراوە لەلایەن خودی کورد خۆی (مەبەست لەحکومەتی کوردستانە)ە بەدرێژایی ئەم هەموو کاتە!! لەکاتێکدا چەندین گەل و نەتەوە هەن کە بەکەیسی جینۆساید دەوڵەتیان دروست کردوە وەکو (ئیسرائیل، سربیا، مەکدۆنیا، کرواتیاو باشوری سودان.... هتد). تەنانەت لەسەر ئاستی عێراقیش چوار کەیس لەلایەن دادگای باڵای عێراقەوە وەکو جینۆساید دانی پێنراوە، کە خۆی بە سروشتی دەبێتە چەکێکی بەهێزو کارتێکی فشار بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بتوانێت لەسەر ئاستی جیهان کاری لەسەر بکات. لەلایەکی تریشەوە بەشێک لەو نەتەوەو گەلانەی جینۆسایدی تێدا ئەنجام دراوە هەڵساون بە دوبارە خۆ رێکخستنەوەو خۆ دروستکردنەوەو کردویانەتە هەلێک بۆ نیشتمانسازی و بەهێزکردن و لۆبیکردن و دبلۆماسیەتی ژیرانە و دروستکردنی پەیوەندی جۆراوجۆر بۆ بەهێزکردنی قەزیەکە بەگشتی و بەکارهێنانی ئەو ئازارانە بۆ بەدەست هێنانی مافی گەلێکی ستەم لێکراو.

بۆیە ئەوەی کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت بۆ ئەو مەبەستە بەستنی کۆنفرانس و سیمناری زانستیانەیە لەبارەی جینۆساید لەمەیدانی نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی سەدان توێژینەوە بۆ ئەوەی ببێتە رێگایەک بۆ ناساندنی ئەو پرسە و دان پێدانانی لەڕووی سیاسی و یاسایی و نێودەوڵەتی. قۆستنەوەی هەندێک هەلی بەردەست و رۆیشتن بە شوێن پێی ئەو وڵاتانەی توانیان پرسی جینۆساید بکەنە کارتێکی بەهێز بۆ دەستبەرکردنی مافی نەتەوەکەیان.

# هێزی دۆکیومێنتکردن لەناساندنی جێنۆساید دا

## خوێندنەوەیەکی بەراوردکاریی لە نێوان جێنۆسایدی کورد و ئەزموونی ئەوانیدیدا.



هۆمەر موحەمەد
٢٠٢٦/٣/١٣ -سلێمانی

**دۆکیومێنتکردن تەنها کۆکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی زانستی و یاساییە بۆ پاراستنی راستییەکان لە شێواندن**

### بەرایی

جێنۆساید تەنها پرۆسەی کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی جەستەیی گروپێکی نەتەوەیی یان ئایینی نییە، بەڵکو هەوڵێکی سیستماتیکە بۆ سڕینەوەی مێژوو، کولتوور و شوناسی هەر گروپێکی دەستنیشانکراو لەلایەن ئەنجامدەری تاوانەکەوە. بۆ ئەوەی تاوانێکی وا گەورە لە بیرەوەری مرۆڤایەتیدا بمێنێتەوە و ببێتە هەوێنێک بۆ دادپەروەری، دۆکیومێنتکردن و ئەرشیفکردن وەک کۆڵەکەی سەرەکی بۆ ئەو پرسە پێویستن. کورد لە مێژووی هاوچەرخیدا یەکێک بووە لەو نەتەوانەی کە بەردەوام رووبەڕووی سیاسەتی سڕینەوە و پاکتاوی رەگەزی بووەتەوە، بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کورد تا چەند توانیویەتی ئەم تاوانانە بە جیهان بناسێنێت؟ کاتێک بەراوردی دۆخی کورد لەگەڵ گەلانی وەک جوو و ئەرمەن دەکەین، دەبینین جیاوازییەکی گەورە لە ئاستی گرنگیدان بە بەڵگەنامە و دۆکیومێنتکردندا هەیە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ناساندنی دۆزی ئەوانیدی هەبووە. بۆنمونە جووەکان چۆن توانییان لەرێگەی گێرانەوەوەی چیرۆکی قوربانییەکانیانەوە سەرنجی دونیا رابکێشن و هاوسۆزیی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن لەتەواوی جیهاندا. لەکاتێکدا لەکوردستاندا هیشتا هاوسۆزی کورد لەناوخۆی کوردستاندا لەگەڵ خودی قوربانییەکانیشدا وەک پێویست نییە.

### وێنایەکی گشتی لە جێنۆسایدی کورد

مێژووی کورد لە سەدەی بیستەمدا پڕە لە رووداوی تراژیدی و خوێناوی، هەر لەشەڕوو کوشتاروو رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگەو سوپای عێراقەوە هەتا، بۆردوومانی گوندو ئاوایی و گودەنکان و کوشتنی گەنجەکان دەگات لەنێوەندی شارەکان و لەسەرشەقامەکان بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەو دیمەنانە شتێک نین لەبیر خەڵکی کوردستان بچنەوە، بەڵام ئەمە ئەگەر دۆکیومێنت نەکرێ و نەپارێزرێن ئەوا لەساڵان و سەدەکانی داهاتوودا لەبیردەچنەوە. ئەوە جگە لەو تاوانانەی کە سنوری ناوخۆیان بەزاندووەو دەچنە چوارچێوەی

پێناسـەی نێـودەوڵەتیەوە کە بە (جینۆساید) ناسراوە.

جێنۆسـایدی بەرچـاوی کـورد لە عێراقدا لە کۆمەڵکوژی و وڵاتبەدەرکردنی فەیلییەکانەوە بۆ کۆمەڵکوژی بارزانییەکانەوە، بەبەرچـاوی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی و ڕێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤەوە دەسـتی پێکـرد بێـدەنگی دونیـا ملهـوڕی بەعسـیەکانی دەسـت ئـاوالاکرد هەتـا گەیشـتە کیمیابـارانی کوردسـتان و پەلامارەکـانی ئەنفال و دواتـر کیمیابـارانکردنی شارە گەورەکان .

ئەگەرچی ڕژێمی بەعس و هێـزە ئاسـمانییەکانی سـوپای عێـراق هەر زوو لەمەیـدانی جەنگادا بەتـایبەتیش سـاڵی ١٩٨٣ لەبەرەی جەنگی حـاجی ئۆمەران بەرێژەیەکـی کەم چەکـی کیمیاییـان بەکارهێنـابوو، بەهـۆیەوە هەنـدێک پێشـمەرگە برینـدار ببـوون، بەڵام یەکەمـین بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی بەرێـژەی زۆر لەدژی خەڵکـی مەدەنـی لەم نـاوچەیەو بەدیـاریکراویش لە ڕۆژی ١٦ی نیسـانی سـاڵی ١٩٨٧دا لەهەردوو گونـدی شـێخ وەسـان و بالیسـان بەکارهێنراو زیانی گیانی و ماڵی زۆری لـێکەوتەوە. دیسـان بێـدەنگی دونیـاو لاوازی ڕاگەیانـدنی کـوردو نەبـوونی پەیوەندی دبلۆماسی زەمینەی بۆ هەلمەتـی فراوانتـر ڕەخسـاند کەدواجار لەشاری سەردەشت و شاری هەڵەبجەو لە هەڵمەتەکانی ئەنفال لەمـاوەی شـەش مانـگ و هەشـت قۆناغـدا چەنـدین جـارو لەشـوێنی جیـاواز بەرێـژەی زۆر چەکـی کیمیـایی بەکارهێنـدراوە. هەمـوو ئەو لێـدانە کیمیاییـانە زەمینەی بۆ کوشتارێکی فراوانتر ڕەخساند کە تەواوی کوردستان بروخێنـدرێ و گوندنشـینەکانیان بگیرێن و بێ سەروشـوێن بکرێن کە سـەرئەنجام نزیکەی ١٨٢٠٠٠ هەزار مرۆڤـی گوندنشـین بـێ سەروشـوێنکران هەتـا سـاڵی ٢٠٠٤ چارەنوسیان لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەرکەوتەوە.

کیمیابـارانکردنی دۆڵـی بالیسـان و گـۆپتەپەو عەسـکەرو سێوسـێنان، سەردەشـت و هەڵەبجە تەنها نیشانەیەک نەبوو بۆ درندەیی ڕژێمی بەعس، بەڵکو تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی کە لە ئاستیدا بێدەنگ بـوو. جگە لەمـانە، جینۆسـایدی کوردانی فەیلی و لە دوای سـاڵی ٢٠١٤ جێنۆسـایدی کـوردانی ئێـزدی لەسـەر دەسـتی داعـش، زنجیـرەیەک بـوون لە هەوڵـی بەردەوام بـۆ لەنـاوبردن و ڕیشەکێشـکردنی ئەم نەتەوەیە لەناوچەکەدا.

ئەوەی لە هەمـوو ئەم تاوانـانەدا خـاڵی هاوبەشـە، سیسـتماتیکی ئەنجامـدانی تاوانەکـانە. واتە دەوڵەت بە هەمـوو دامەزراوە سـەربازی و کارگێڕییەکـانییەوە پلانـی بـۆ داڕشـتوون. نەک تەنهـا ڕقـی کەسـی بێـت وەک هەنـدێک لەدرنـدایەتی (سـەدام و عەلـی حەسـەن مەجیـد)دا کـورتی دەکەنەوە. ئەفسـوس کێشـەی کـورد لە دوای ڕوودانـی ئەم تاوانـانەدا زیـاتر دەرکەوت بەتـایبەتیش لە بێبـاکی و خوێنسـاردی دەسـەڵاتدارانی کـورد و نەبـوونی سـتراتیژێکی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بـۆ کـۆکردنەوەی وردەکارییەکـان و گۆڕینیان بۆ زمانێکی یاسایی و نێودەوڵەتی کە دادگاکانی جیهان و ناوەنـدە ئەکادیمییەکـان ناچـار بە دانپێدانان بکات.

**ڕۆڵـی دۆکیـومێنتکردن لە ناساندنی تاوانەکاندا**

دۆکیـومێنتکردن تەنهـا کـۆکردنەوەی وێـنە و گـرتەی ڤیدیۆیی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی



زانستی و یاسابییە بۆ پاراستنی راستییەکان لە شێواندن. لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەوەی نەنووسرێتەوە و بەڵگەی بۆ کۆنەکرێتەوە، وەک ئەوە وایە رووی نەدابێت. دۆکیومێنتکردن چەند رەهەندێکی گرنگی هەیە:

**یەکەم:** رەهەندی یاسایی، کە دەبێتە بنەما بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و بەدەستهێنانی قەرەبوو بۆ قوربانییان.

**دووەم:** رەهەندی مێژوویی، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بزانن چی گوزەراوەو تاوانەکان چۆن ئەنجامدراون و کێ ئەنجامیداون و بۆ ئەنجامدراون بەلای کەمەوە نەوەی نوێ مافی ئەوەیان بەسەر نەوەی دوای جینۆسایدوە هەیە بزانن چی بەسەر باو و باپیرانیاندا هاتووە هەتا ئەوانیش بەرپرسیارانەتر شوناسی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

**سێیەم:** رەهەندی سیاسی، کە دەبێتە فشارێک لەسەر دەوڵەتی میراتگر و بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە بۆ ئەوەی بەرپرسیارانە وەک ئەرکێکی سیاسی و ئەخلاقی رێگری لە دووبارەبوونەوەی تاوانی هاوشێوە بکەن.

ئەفسوس کورد لەم رووەوە کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، جگەلە هەندێک هەوڵی تاکە کەسی و هەندێک دەربڕینی سۆزدارانە کە زۆرتر پشتی بە گێڕانەوەی دەماودەم و شیعر و ئەدەبیات بەستووە. ئەگەرچی ئەمە بۆ پاراستنی هەستی نەتەوەیی گرنگە، بەڵام لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهاندا کێشی یاسایی کەمە. نەبوونی ئەرشیفێکی نیشتمانی یەکگرتوو کە هەموو بەڵگەنامەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و تاوانەکانی تری تێدا کۆبکرێتەوە، گەورەترین کەلێنە لە دۆزی کورددا. کە بەپلەی یەکەم دەسەڵاتداران و بەپلەی دووەم ناوەندە رۆشنبیری و زانستییەکان و بەپلەی سێهەمیش تاکەکان لێی بەرپرسیارن.

### بەراوردێک لە نێوان ئەزموونی کورد، جوو و ئەرمەن

بۆ ئەوەی لە گرنگی دۆکیومێنتکردن تێبگەین، بێ

سود نابێت ئەگەر تەماشای ئەزموونی ئەو گەلانە بکەین، کە توانیویانە دۆسیێ جێنۆساید و کۆمەڵکوژییەکانیان بکەنە ناسنامەیەکی جیهانی.

**یەکەم : ئەزموونی جووەکان لە (هۆڵۆکۆست)دا**

جووەکان نموونەی سەرکەوتوون لە دۆکیومێنتکردندا. ئەوان لە کاتی رووداوی تاوانەکان و دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم، قۆڵیان لێهەڵماڵی و بەگەرموو گوڕی و دڵسۆزییەوە بەرپرسیارانە دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی بچووکترین زانیاریی دەربارەی تاوانەکە و چیرۆکی قوربانییەکان. دامەزراوەی (یاد ڤاشێم) لە قودس تەنها مۆزەخانەیەک نییە، بۆ تەماشاکردن، بەڵکو ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی جیهانییە کە ناوی ملیۆنان قوربانی و وردەکاری ژیانیانی تێدا تۆمارکراوە. جووەکان توانییان هۆڵۆکۆست بکەنە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن نەک هەرلەناوخۆی وڵاتەکەیاندا بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا. ئەوان لە رێگەی سینەما، گێڕانەوەی چیرۆکی قوربانییەکان و دۆکیومێنتکردن و ئەدەبیات و ئەرشیفی پارێزراوەوە، وایان کرد کە نکۆڵیکردن لە هۆڵۆکۆست لە زۆر وڵاتدا ببێتە تاوان. ئەمە بەرهەمی گرنگیدانی بێ وێنەیە بە دۆکیومێنت. هاوکات دڵسۆزی و پابەندبوونی سیاسەت و کەلتووریی جووەکان بوو بەقوربانیەکانیانەوە.



**جووەکان توانییان هۆڵۆکۆست بکەنە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندن نەك هەرلەناوخۆی وڵاتەکەیاندا بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا.**

خاڵێکی تری جووەکان کەهێزێکی ئەفسووناوی داوە بەدۆسیێ هۆڵۆکۆست سزادانی تاوانباران و دادگایی کردنی تۆمەتبارانە، دەزگای مۆسادو دەوڵەت بەهەموو توانایەوە پشتیوانی چالاکانی ئەو بوارەیە بە ئیستاشەوە بەدوای هەر تۆمەتبارێکدا دەگەڕێن کە دەستی لەتاوانەکەدا هەبێت، بەپێچەوانەی کوردەوە، کەزۆربەی تاوانباران و گومان لێکراوانی جێنۆساید لەناو دەزگا حزبی و حکومیەکاندا دەسەڵاتدارن.

**دووەم : ئەزموونی ئەرمەنەکان**

ئەرمەنەکان دوای زیاتر لە سەد ساڵ لە کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩١٥، هێشتا نەوەستاون و ناوەستن و بەردەوامن لە کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکانی دەوڵەتی عوسمانی. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو توانییان لۆبییەکی بەهێز لە ئەمریکا و ئەورووپا دروست بکەن، کە تەنها لەسەر بنەمای بەڵگەنامە مێژووییەکان کار دەکات. ئەرمەنەکان وێنە، نامە، و تەنانەت کلیلی ئەو ماڵانەی کە لێی دەرکراون وەک بەڵگەی زیندوو پاراستووە. ئەمە وای کردووە کە ساڵ دوای ساڵ دەوڵەتانی زیاتر لەم دۆسیێیە نزیک ببنەوەو هاوسۆزی دەرببڕن و دان بە جینۆسایدی ئەرمەندا بنێن، سەرەڕای دژایەتی توندی دەوڵەتی تورکیا.

**دۆخی کورد لەم بەراوردەدا:**

لێرەدا جیاوازییەکی ئازاربەخش دەبینین. کورد بەقەد جوو و ئەرمەن قوربانی داوە، بەڵام بەقەد ئەوان گرنگی بە ئەرشیف نادات. زۆربەی بەڵگەنامەکانی ئەنفال دوای راپەڕینەکە کەوتنە دەست لایەنە سیاسییەکان و زۆریان لێ بەفیرۆ چوو یان بۆ ململانێی ناوخۆیی بەکارهێنران. کورد تا ئێستا نەیتوانیوە مۆزەخانەیەکی نێودەوڵەتی وەک یاد ڤاشێم دروست بکات کە بە زمانە زیندووەکانی جیهان تاوانەکان چیرۆکی جەلاد و قوربانی بگێڕێتەوە. سەیرە هەتا ئێستاش دیاردەی خوێندنەوەی وتاری سیاسییەکان و قسەی لەقوتونراوو حازربەدەست یەکێکە لە سیمای یادەکردنەوەی تاوانەکان کەسوکاری قوربانییەکانیش لەبری ئەوەی قوڵی لێهەڵماڵن و کۆتایی بەم بێباکی و خوێنساردییە بهێنن زیاتر لە یادەکاندا دەگرین و هەتا ئێستا شتێکی تریان لەدەست نەهاتووە، هەر لەبەرئەوەشە لە رووی زانستی و ئەرشیفییەوە کارەکان کاتی و راگوزەرو کەم بایەخن.

**هۆکارەکانی گرنگی نەدانی کورد بە دۆکیومێنتکردن**

چەند هۆکارێکی سەرەکی هەن کە وایان کردووە کورد لەم بوارەدا بەجێ بمێنێ و پەرێزێکی باش و بەرهەمداری نەبێت.

١. نەبوونی دەوڵەت و دامەزراوەی سەروەری: جووەکان دەوڵەتی ئیسرائیلیان هەیە، کە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی سەیری ئەرشیفکردنی دەکات، بەڵام کورد بەهۆی نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆوە، هەمیشە بەڵگەنامەکانی لەژێر مەترسی فەوتاندا بووە. ئەمە جگەلەوەی لێکەوتە نەرێنیەکانی شەڕی ناوخۆوو دوو ئیدارەیی و پابەندی بنەماڵەیی بەسەر عەقڵی دەسەڵاتداری کورددا زاڵەو رێگەنادات هەستی نەتەوەیی لەخێل وبنەماڵەوە بگوازرێتەوە بۆ کامڵ بوون و خەملێن و لەم دۆخە رزگاری بێت.

٢. کولتووری زارەکی: کوردی وەک نەتەوە زیاتر پشتی بە گێڕانەوەی زارەکی بەستووە. چیرۆکەکان لە سینەی پیرە ژن و پیرە پیاوەکانەوە نەگواستراونەتەوە بۆ تۆمارکردن، لەکاتێکدا مێژووی زارەکی گرنگترین سامانی نەتەوەییە بەتایبەتیش کە تاوانەکان لەسەردەمێکدا روویانداوە کورد زۆری ئاشنایەتی لەگەڵ کامێراو وێنەدا نەبووە، بۆیە خاوەنی چیرکەکانیش بەرەبەر دەمرن ولەگەڵ مردنی هەر کەسێکیش چیرۆکێک یان زیاد لەچیرۆکێک دەمرێت.

٣. ململانێی سیاسی ناوخۆیی: وەک لەخاڵی یەکەمیشدا ئاماژەم

پیدا بەهۆی ململانێی سیاسی و شەڕی ناوخۆوە کۆمەڵگای کوردی پەرت و دابەش بووە بۆیە مێژووی ڕووداوە خوێناویەکانیش فەرامۆشکراون و کراونەتە قوربانی بەرژەوەندی حیزبی، کەلەبنەرەتدا بەرژەوەندی بنەماڵەیین ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی راستییەکان فەرامۆش بکرێن و بەڵگەکان کۆنەکرێنەوە.

٤. کەمی پسپۆڕی: لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا، بەشێکی تایبەت و پرۆفیشناڵ بۆ ئەرشیفکردنی جینۆساید بە شێوازە نوێیەکەی نییە یاخود زۆر دەگمەن و کارنەکەرە.

**چۆن ئەم واقیعە بگۆڕین؟**

بۆ ئەوەی جینۆسایدی کورد تەنها وەک یادەوەرییەکی ناوخۆیی نەمێنێتەوە، پێویستمان بە وەرچەرخانێکی فیکری هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەنامەکاندا. دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر:

١/ دامەزراندنی ناوەندێکی نیشتمانی بۆ ئەرشیف کە سەربەخۆ بێت لە ململانێی حیزبی و هەموو بەڵگەنامە، وێنە، گرتەی ڤیدیۆیی و شایەتحاڵەکان لە چەندین شوێنی پارێزراودا کۆبکاتەوە. باشترین ئەوەیە هەرناوچەیەک مۆنۆمێنتی تایبەت بەخۆی هەبێ و هەمووشیان کۆپییان لە مۆنۆمێنتی نیشتمانی هەبێت.

٢/ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و دیجیتاڵی بۆ هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستدان، بۆ ئەوەی لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا لەناو نەچن.

٣/ وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان بۆ زمانە جیهانییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارە ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکاندا.

٤/ هاندانی سینەماکاران و نووسەران بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەنامانە، بەرهەمی جیهانی بخولقێنن کە کار بکاتە سەر رای گشتی جیهان.

٥/ هاوکاریی و پشتیوانی کردنی ئەو کەس و ڕێکخراوە چالاکانەی جێگەی متمانەن و کاری باش و بەسوود لەم بوارەدا ئەنجام دەدەن.

٦/ راهێنانی نەوەی نوێ لەو ناوچانەی تاوانی گەورە و کۆمەڵکوژی زۆری تێدا ئەنجامدراوە بۆئەوەی کادر و پسپۆڕی شارەزایان تێدا هەڵبکەوێ.

جینۆسایدی کورد تەنها ڕووداوێک نییە لە ساڵێکدا ڕووی دابێت بەڵکو هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەلای کەمەوە نیازەکانی دەرکەوتوون و لە پەراوێزخستن و نکۆڵیکردن لە هاونیشتمانی بوونی فەیلیەکانەوە دەستی پێکردووەو لە ئەنفال و شەنگالدا گەیشتووەتە لوتکەی تاوان، ئەفسوس هەتا ئیستاش برینێکی سارێژنەکراوی جەستەی ئەم نەتەوەیەیە. ئەگەرچی لە رووی مرۆییەوە کورد باجێکی گەورەیداوە، بەڵام لە رووی پاراستنی ئەو مێژووەوە کەمتەرخەم بووە. بەراوردکردنی دۆخی کورد لەگەڵ جوو و ئەرمەن بەڵگەی ئەو راستییەیە کە تەنها مەزڵوومیەت بەس نییە بۆ ئەوەی جیهان هاوسۆزت بێت، بەڵکو دەبێت بەڵگەت پێ بێت و بزانیت چۆن بەڵگەکانت دەخەیتە ڕوو. دۆکیومێنتکردن چەکێکی بێدەنگە بەڵام کاریگەرییەکەی لە هەموو چەکێک بەهێزترە بۆ پاراستنی مافەکانی نەتەوەیەک کە مێژوو نەک هەر نادادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە. بەڵکو زۆر دڵرەق بووە بەرانبەری بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کورد بەرەو نووسینەوە و ئەرشیفکردنی زانستی هەنگاو بنێت، تاوەکو خوێنی قوربانییان نەبێتە قوربانی فەرامۆشی.

# قیامەتی سێو!





حەیدەر عەبدوڵڵا

ئەو ئێوارەیە، ئاسمان گەروویەکی شقار شقار بوو، خوێنی سەرمەدی بەسەر گوندی شێخوەسانادا دەچۆڕاندەوە. سووریی ئاسمان؛ ڕەنگێکی نامۆ و غەریب بوو، وەک ئەوەی گەردوون پێشوەختە لەو حەقیقەتە سوورە ئاگادار بێت، کە بڕیار بوو دابڕژێت. من ئەو دەمە منداڵێکی ساویلکە بووم، لەو تەمەنە مرۆڤ وا دەزانێت جیهان لە سنووری دیوارەکانی ماڵی باوکی تێناپەڕێت و مەرگیش بۆ ترساندنی شەوانە گێڕانەوەیەکی دوورە !

دایکم لە ناوەڕاستی ماڵەوە، وەک فریشتەیەکی میهرەبان خەریکی پێچانەوەی دۆڵمە بوو. ئەو دەستانە، کاتێک سوغانە سپی و بریقەدارەکانیان دەپێچایەوە، وەک ئەوە وابوو بەردی بناغەی ئارامی بۆ جیهان دابنێن. هەر دانە دۆڵمەیەک دەخرایە ناو مەنجەڵەکەوە، پەیمانێک بوو بۆ بەردەوامیی ژیان .

سێ پێشمەرگە میوانمان بوون؛ سێ قارەمانی ماندوو تۆزی شاخ و تەمومژی خەباتیان بە جەستەوە مابوو. ئەوان وەک پەیامهێنانی نێوان ئاسمان و زەوی لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتبوون و چاوەڕوانی ئەو نیعمەتە بوون، کە لە ژێر پەنجەکانی دایکمدا دەخولقا. باوکم بە دەم میوانداریییەوە، زەردەخەنەیەکی لەسەر لێو بوو،

**هەر کاتێک بۆنی سێو دەچێتە ناو سییەکانمەوە، یەکسەر دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ئێوارەیەی تێیدا گەردوون بێدەنگ بوو و مرۆڤەکان لەناو شیرینترین بۆندا، بە تاڵترین مەرگ تاقی کرانەوە.**

**بۆنێکی سەیر وەک مۆسیقایەکی ژەهراوی بەناو درزەکانی دیوارەکەدا دەخزا؛ بۆنی سێو! لەو چرکەساتەدا، گەردوون قێزەونترین گاڵتەجاڕی خۆی پیشان داین.**

پڕ لە شکۆ و مەبەست؛ وەک ئەوەی بڵێت تا کاتێک ئەم سینییە دۆڵمەیە هەبێت، هیچ هێزێک ناتوانێت ئەم خاکە تێک بشکێنێت.

کەچی مێژوو، ئەو جەلادە بێدەنگەی هەمیشە لە کاتی نانخواردنی هەژاراندا دەردەکەوێت، نەخشەیەکی دیکەی کێشابوو. لە چرکەساتێکدا، هێشتا باوکم دەستی بۆ نانەکە درێژ نەکردبوو، زەوی لە ژێر پێماندا وەک جەستەیەک لە ساتی سەرەمەرگدا بێت، لەرزییەوە. چەند «زرمە»یەکی قورس و نائاشنا، وەک ئەوەی کێوێک لە ئاسمانەوە هەڵبرژێت، هەمووومانی تێکهەڵقژاند. ئەوە هەر دەنگی تەقینەوە نەبوو، دەنگی پارچەپارچەبوونی ئەو ئارامییە بوو، ساڵانێک لە دەوری ڕۆحمان چنیبوومان.

» چی بوو؟ «

ئەم پرسیارە لە ناو گەروومان‌دا خنکا، چونکە وەڵامەکە لە شێوەی ئاگر و ئاسن نەهات، بگرە لە شێوەی «بۆنێک»دا دەرکەوت. بۆنێکی سەیر وەک مۆسیقایەکی ژەهراوی بەناو درزەکانی دیوارەکەدا دەخزا؛ بۆنی سێو! لەو چرکەساتەدا، گەردوون قێزەونترین گاڵتەجاڕی خۆی پیشان داین. سێو، لای ئێمە هەمیشە سیمبولی بەهەشت و جوانی بووە، ئەو ئێوارەیە بوو بە جەلاد. خەڵکی گوند، بەو سادەییە پیرۆزەی لە مرۆڤە دابڕاوەکاندا هەیە، دەیانگوت: «ڕژێم هیچی پێ نەماوە، وا بەرمیلی بەتاڵ دەخاتە خوارەوە!» ئاخر مەحاڵە مرۆڤ بڕوا بەوە بکات مەرگ دەکرێت هێندە شیرین بێت، وێنای ئەوە بکات دوژمن ژەهر لەناو بەرگی سێودا دەپێچێتەوە و بۆ منداڵانی دەنێرێت.

زۆری نەخایاند، ئەو بۆنە، ڕووکارە ڕاستەقینەکەی خۆی پیشان دا. ئەو هەوایەی دەبوو ژیانمان پێ ببەخشێت، گۆڕا بۆ قوزەڵقورت و ژەهری مار. جیهان لە پێش چاوماندا ڕەش بوو. کوێربوون، نەک وەک ونبوونی ڕووناکی، بگرە وەک داخرانی دەروازەکانی ڕۆح بەرەو دەرەوە، یەکە یەکە هەمووومانی داگیر کرد. ئێستا دایکم  بە کوێری و بە لەپکوتان، وەک غەریبەیەک بەدوای منداڵەکانیدا دەگەڕێ. باوکم و پێشمەرگەکان، ئەو پیاوانەی لەبەردەم فیشەکدا چۆکیان نەدەدا، ئێستا لە بەرامبەر ئەم تەمە بێدەنگەدا، دەستەوەستان بوون و چاوەکانیان وەک مۆمێکی سووتاو دەکوژایەوە .

هیچ کەس ئاگای لە حاڵی کەس نەما. جیهان بوو بە ژوورێکی

تاریک و هەر دەنگی هەناسەبڕکێ دەبیسترا. تەنانەت ئەو دۆڵمە نازدارەی پڕ بوو لە سوغانی سپی، لە ناو ئەو تەمە چلکنەدا ون بوو. کەس نەیدەبینی، کەس تامی نەدەکرد، وەک ئەوەی پاشماوەی شارستانیەتێک بێت و مێژوو فەرمانی سڕینەوەی دابێت.

بەیانییەکەی، کاتێک تروسکاییەکی لاواز لەناو چاوە سووتاوەکانمدا مابوو، سەیری ناو سینییەکەم کرد. ئەو دیمەنە هەتا مردن لە ناو قوڵایی ڕۆحمدا دەمێنێتەوە. دۆڵمەکان، بێدەنگ و ڕێکوپێک لەسەر سینییەکە پاڵیان دابووەوە. سوغانەکان هێشتا بریقەیەکی غەریبیان هەبوو، وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەو دەستانە بکەن کە هەرگیز نەگەڕانەوە. ئەوان وەک شاهیدێکی بێوەفا، لە تەنیشت جەستە نیوەمردووەکانی ئێمەوە مابوونەوە. ئێمە لە لێواری نەبووندا بووین، خەریکی «ئاوزینگدان» بووین؛ ئەو ساتی سەرەمەرگەی مرۆڤ تێیدا نە دەمرێت تا بحەسێتەوە و نە دەژی تا هەست بە بوونی بکات. وەک ماسییەک لە دەریا فڕێ درابێتە ناو بیابانێکی ژەهراوی، لەناو ئەو هەوایەی هێشتا پاشماوەی بۆنی سێوی لێ دەهات، دەست و پێمان دەکوتا. چەندە تاڵە کاتێک مرۆڤ لەبەردەم سینییەکی خواردنی دایکیدا، خەریکی ماڵاوایی بێت لە ژیان.

ئەو ئێوارە سوورە، تەنێ کارەساتێکی سەربازی نەبوو، بگرە قیامەتی هەموو ئەو مانا جوانانە بوو لە ژیاندا فێریان بووبووم. لەو ڕۆژەوە، سێو هەر میوە نییە، فیلێکی گەورەی گەردوونە لە مرۆڤ. سوغانە سپییەکانی ناو دۆڵمەکە، بۆ من بوون بە سیمبولی ئەو هیوایانەی لە نیوەی ڕێگادا خنکان. ئێمە نەوەیەکین لەناو بۆنی سێودا کوێر بووین، نەوەیەکین بینینمان لەناو تەمێکی کیمیاییدا بەجێهێشت. هەر کاتێک بۆنی سێو دەچێتە ناو سییەکانمەوە، یەکسەر دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ئێوارەیەی تێیدا گەردوون بێدەنگ بوو و مرۆڤەکان لەناو شیرینترین بۆندا، بە تاڵترین مەرگ تاقی کرانەوە. زمان و مانا شکستیان هێنا؛ شوێنێک تێیدا «سێو» بوو بە «ژەهر» و «ماڵ» بوو بە «گۆڕستانێکی بێدەنگ». ئێستاش، کە بیری لێ دەکەمەوە، هەست دەکەم هێشتا لەناو ئەو تەمەدا ونم، هێشتا چاوەڕێم دەستێک بێت و ئەو دۆڵمە ساردانە لەبەردەممان لاببات، ئەو دۆڵمانەی بۆ هەمیشە تامی غەریبی و مەرگیان گرت.

ئەمەیە مێژووی ئێمە؛ مێژوویەک تێیدا جوانی و مەرگ هێندە تێکەڵ دەبن، ئیتر جیاوازییەک لەنێوان سێوێکی ناو باخ و ژەهرێکی ناو تاقیگەکاندا نامێنێت. ئەو برینە هێندە قووڵە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئاوەکانی جیهانیش بڕژێن بەسەر چاوە سووتاوەکانماندا، هێشتان ناتوانن ئەو تەمە ڕەشە بشۆنەوە. ئێمە بۆ هەمیشە لەوێ ماوینەتەوە، لە تەنیشت ئەو سینییە دۆڵمەیەی کەس نەیخوارد و ئەو بۆنە سێوەی هەموومانی خنکاند. ئێمە نەوەی قیامەتی سێوین، نەوەیەک بینینی خۆمان گۆڕییەوە بە مەرگێکی پڕ لە عەتر، لە گوندێکدا، کە هەر تاوانی ئەوە بوو، دەیویست لە ساتی ئاوابوونی خۆردا، کەمێک بە ئارامی پێکەوە نان بخوات.

# لاوکی هەڵەبجە

## ئەو شیعرەی بووەتە مارشی تراژیدیاکان



ئەحمد مستەفا زەکی

ئەمساڵ دەچینە ناو سی و نۆیەم ساڵی تاڵاوی کیمیابارانی بالیسان ــ شێخ وەسان، هێشتان لەو ناوچەیەدا دەنگی هاوار و ناڵەی زمدارانی ئەو کارەساتە بە ناو گێتیدا دەگوزەرێت، من گوێم لە سەدان گازندە و لۆمەی کەس و کاری قوربانیان و خودی بریندارانە تەنانەت گوێم لە قوربانیەکانیشە چ قورپیانێک بەسەر ئەو مەملەکەتەی کە لە ١٦/٤/١٩٨٧ ناوچەی خۆشناوەتی ( شێخ وەسان ــ بالیسان) ی گرتەوە، لێرە و لە زۆرترین ناوچەکانی کورستان ئەگەر ئێمە قسەمان لەسەر مێژوو هەبێت سەیر نابێت توشی شۆکێکی سەرسورهێەر ببینەوە، هەموو کاردانەوەیەک هۆکار گەلێکی خۆی هەیە، کیمیاباران و ئەنفال و سێدارە و زیندان و تێکدانی هەزاران گوند و چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان و چەندین کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی ژینگە ودیمۆگرافیای نیشتمان ئەمانە گشتیان تەنها دوو هۆکاریان هەیە ئەویش کوردبوون وکوردستانی بوونی ئەم جوگرافیایە کە لەگەڵ هەبوونی زەویدا باب و باپیرانی کوردی لەسەر ژیاوە، لە بەرامبەر ئەو کاردانەوانەی نەیاران و ناحەزانی مرۆڤایەتی و پرسی نەتەوایەتیمان دەیان دەقی ئەدەبی و هونەری سەریان دەرهێناوە، بەڵێ ئەم تراژیدیایانە بوونەتە سەرچاوەیەکی تۆکمە و دەوڵەمەندی ئەدیبان و هونەرمەندان و سیناریستانی کورد، دەشێ لەم بابەتەماندا وێرای گلەیی و رەخنەی زۆری خاوەنداریەتی ئەو کارەساتانە لە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانتارانی ( هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ) و فراکسیۆنە کوردیەکان و تەنانەت شەقامی کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆرێک لە نوسەرانی کورد، نەتوانراوە بچوکترین هەنگاوی ناساندن بۆ کۆی ئەو تراژیدیایانە بکرێت، بەتایبەتی حوکمەتی هەرێم نەک هەر نەیتوانیوە بەم ئەرکە هەڵسێت بگرە هۆکارێکیش بووە بۆ سرکردنی ئەو پرسانە، تیشک بخەینە سەر یەکێک لە شاکارە ئەدەبیەکانی کوردی بەتایبەتیش کە دەقەکە پەیوەست بێت بە کارەساتی کیمیاباران و ئەنفال و کۆی تراژیدیەکانی سەر گەلی کورد، لەم دەرفەتەدا دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو شاکارەی ( لاوکی هەڵەبجە) ی شاعیر رەفیق سابیر رابکێشم.

جێی داخە ئەمساڵ شاعیر و روناکبیری کورد رەفیق سابیر کۆچی دوایی کرد، بەمەش کەلێنێکی گەورەی خستە ئەدەبیاتی کوردیەوە، بەڵام تا ژیان ماوە ئەم شاعیرە لەناو شیعر و مێژوو و ئەدەبی کوردی دەمێنێتەوە، دیارە شاعیر جگە لەوەی خاوەنی کۆبەرهەمی زۆرە لە بوارەکانی ئەدەب و گوتاری سیاسی و فەرهەنگیەوە، دوای کارەساتە تراژیدەکانی کوردستان شاعیر توانی بەهۆی شیعری لاوکی هەڵەبجە ببێتە خاوەنی شیعرێک کە دەتوانین ناوی بنێین مارشی تراژیدیاکان، شاعیر لە دەقی لاوکی هەڵەبجەدا زۆربە قوڵی و هەستی ئینسانیەوە دارژاوە و ناسۆریەکانی بە دەقی شیعری گەیاندوون، شاعیر زۆر باش لە ئازاری تەنیایی و زریان و تەم

## فەیاڵگەی شاعیر لەوەندە کاریگەرە ڕوداوەکان دەبنە جۆرێك لە مارشی تراژیدیا و مەرگەساتی گەلی کورد

ومژو ڕفاندن گەیشتووە، کە دەیەوێ هەموو ئازاری ئەو بەشەی مرڤایەتی لە ناو گەلەکەی لە چوار چێوەی شیعر بکاتە مێژوو، بەم چوارینە دەست پێدەکات :

*بەتەنیا جێی مەهێڵن*
*ئەمشەو زریان دەیچێنێت*
*تەمومژ دایدەپۆشێت*
*مانگەشەو دەیرفێنێت*

لێرە دەپرسین ئەگەر ئەو کارەساتە پڕ تراژیدیا نەبووایە و گریان و ژانی کارەکتەرەکانی ناو کارەساتەکان هێندە بەسوێ نەبان، شاعیر چۆن دەیتوانی گوێی لەو ناڵەیە بێت و چۆن ئاوا قوڵبێتەوە ؟

چ هەستێك لە ساتی گزنگدا هەیە ببێتە پاڵنەرێک بۆ دونیا بینی شیعری لای شاعیر ؟ ئەمە چ کاتێکە شاعیر داوا دەکات، گەروی بەگزنگ تەڕ بکرێت، بەشیلانیش زامەکان، لێرەدا شاعیر مەبەستی لە شیلان عەتری جۆرە گوڵی شیلانە یاخود شێی گوڵە شیلان، هەرکامێکیان بێت ئەو وێنەیە چەندە سادە و ساکارە زۆرتروێنەیی و هەستیاریە، کە دەڵێ بەگۆرانی داپۆشن یا بەسەوزی دارستان میللەتێک سەرتاپای قوربانی دان و ئازار و ناڵە بوبێت دەشێ لەبری خۆڵ بەگۆرانی داپۆشرێت بۆ ئەوەی گۆرانی لاوکی هەڵەبجە بە هۆی گۆرانیەوە بەردەوام چیرۆکی ڕاستەقینەی ئازارەکان بۆ داهاتووی ژیان بگێڕێتەوە، سەوزایی دارستان هێمایەکە بۆ زیندوو مانەوەی هەم یادەوەری قوربانیەکان و هەم کاردانەوەی تراژیدیا، شاعیرایەتیەکی ئینسانیانە بەدی دەکەم :

*گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن*
*زامەکانی بە شیلان*
*بە گۆرانی داپۆشن*
*یان بە سەوزیی دارستان*

زۆترین ڕووداوەکان کە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەدیبان زیاتر دەبن بە دەقی چیرۆکی، بەڵام خەیاڵگەی شاعیر ئەوەندە کاریگەرە ڕوداوەکان دەبنە جۆرێک لە مارشی تراژیدیا و مەرگەساتی گەلی کورد، (سەری بە شەپۆلان کەن... با ئەمشەو ڕایژێنێت )، جگە لەوەی شاعیر دیمەنەکان وەک شانۆ بەرجەستە دەکات هاواهەست خودی دیمەنەکان هونەری و شیعریانە دەبنە خاوەنی تەکنیک، لێرەدا وەزیفەی شیعر هەر تەنها گێڕانەوەیەکی چیرۆک ئاسا نیە بەڵکو دیقەتی خوێنەر دەکەوێتە ئەو لایەنە هونەریەی شیعری، لەڕووی ماناوە شەپۆل وەزیفەی لەو وێنەدا بریتیە لە ڕاژەنینی سەری، لە بری ئەوەی سەری وەسەرینکەن، شاعیردەشیتوانی بلێت سەری وە شەپۆلانکەن، گەیاندنی هەواڵی ڕووداو بە بروسکە و با لەم دێرەدا بە تەکنیکێکی سادە وناسک و وێنەیی دەداتە خوێنەر :

*سەری بە شەپۆلان کەن*
*با ئەم شەوە ڕایژێنێت*
*باڵای لە هەور بگرن*
*بروسکە و - با - دەچێنێت*


شاعیر فۆکسی لەسەر جۆری قوربانیەکی تراژیدیایە، منداڵێک بەو هەموو خەونە جوانانەوە بەتەنیا لەکوێ جێنەهڵێن ؟، لە خەونەکانیش خواستی ئەو منداڵە بریتی بێت لەوەی مانگ بکاتە کۆلارە، لێرە شاعیر بە مەبەست چەمکی لاساری بەکار هێناوە لە پاڵ منداڵدا، ئەمە زیندویتی وەچەی ئەم میللەتە دەسەلمێنێت، هەر لاساریە شار بەردەباران دەکات، ئەمەش جۆرێکی تری ڕووداوە :

*بەتەنیا جێی مەهێڵن*
*منداڵێکی لاسارە*
*شار بەردەباران دەکات*
*مانگ دەکات بە کۆلارە*

شاعیر لەهەموو وێنەکاندا ئامانج و مەبەستەکانی لە پاڵ چەمک و وێنە شیعریەکان

دەخاتە ڕوو، سوارە ئەو چەمکەیە وەک کارەکتەرێک دێتە ناو دەقی شیعریەوە، و دەبێتە خاوەن ڕووداو، لەپێناو ئازادی ڕۆڵی خۆی لە شۆڕشی ئاشتی و مرۆڤایەتی دەبینێت لە پاڵ وێنەی شیعری ( ئەسپی هەتاو زین دەکات)، دواتر سوارە ئامانجی لەو شۆڕشە بەرینی سەر زەمینێکە کە جێی ئاشتی و سەربەستی مرۆڤی تیا بێتەوە، بەهۆی گۆرانی و تیشکی ئەسپی هەتاو و ماچی خۆشەویستی خاک :

*سوارە، چ شۆڕەسوارێ*
*ئەسپی هەتاو زین دەکاتێ*
*بە گۆرانی و تیشك و ماچ*
*سەرزەمین بەرین دەکاتێ*



**ڕەفیق سابیر بە شیعری لاوکی هەڵەبجە بووە بەخاوەنی مارشی تراژیدیاکانی گەلێکی خاوەن زۆرترین قوربانی و ڕووداو.**


ئاخر شاعیر هێندە ئینسانیانە و بەهەستی خۆشەویستیەوە وابەستەی وێناکانی شیعری و،خەیاڵگەی مرۆیەتی بووە، بە هەستیاریەوە کۆنتاک لەگەڵ مەرگ و تراژیدیا دەکات، کەژاوەیەک لە گوڵ داوا دەکات کە کەژاوەی نوسینەوەی دوا یادەوەری ژینی پڕ ژان و تاڵاوی کۆست، شایستە بە قورباایەکانی نێو ڕووداوە سامناکەکان بێت، گەیشتنی شاعیر بەم هەستە قوڵە بەڵکەی بەشداری شاعیرە لەیادەوەریەکانی ئەم کۆمەڵگا مرۆڤایەتیە و کۆی تاڵاوەکانی ژیان، کەژاوە لە گوڵ بێت یا لە پەلکە زێڕینە ئەمە دوو خواست و بژاردەن شایستە بەم قوربانیەکان، زەماوەندی خوێن، لوتەکەی قورباایدانە لە پرۆسێسی ئازادی و خواستی ئاشتیدا، قوربانیەکانی زەماوەندی خوێن هەڵگری پەیامی پاشای ئەوین و پاکیەتی کۆمەڵگەی کوردیە:

*یا کەژاوەی لە گوڵا بێتێ*
*یان لە پەلکەزێڕینە*
*زەماوەندی خوێن دەگرێتێ*
*ئەم شەو پاشای ئەڤینە*

مارشیەتی ئەم شیعرە لە گشت وێنە و چەمک و بینای دەقەکە و دەلالەتەکان بەدی دەکرێت، ڕەفیق سابیر بە شیعری لاوکی هەڵەبجە بووە بەخاوەنی مارشی تراژیدیاکانی گەلێکی خاوەن زۆرترین قوربانی و ڕووداو، ئەگەر دڵدار بەشیعری ئەی ڕەقیب ببێتە خاوەنی مارشی نەتەوەیی و بێکەس بەشیعری داری ئازادی و هێمن بە عیشق و ئازادی و شێرکۆ بە دووسروودی کێوی توانیان نەمری ئەدەبی خۆیان ببەنە ناو مێژوو ئەوا ڕەفیق سابیر لاوکی هەڵەبجەی کردە مارشی تراژیدیاکا، کاتێ قسەمان لەسەر دەقی لاوکی هەڵەبجە هەبێت، دەگەیەینە ئەو شایەدیە کەخودی ئەو شیعرە تەنها ڕەفیق سابیر خاوەنی مارشی تراژیدیاکانە و هەر دەستکاریەکی کە لەو شیعرەدا کراوە پێشێلی مافی شاعیرایەتی شاعیری کۆچکردوو ڕەفیق سابیرە، هەموومان دەزانین لاوکی هەڵەبجە دوای کارەساتی کیمیا باران لە لایەن خودی شاعیرەوە نوسراوە و،من بەشانازیەوەوەک مارشی تراژیدیاکان ناوی دەبەم. و لە دەرفەتێکی تردا ئاماژە بەو جۆرە دەستکاریەکی شیعری لاوکی هەڵەبجە دەکەم لە لایەن هەر کەسێکی ئەدیبەوە بێت.

*ئاشقێکی لاسارە*
*پروسکە و – با – دەچێنێتێ*
*بەتەنیا جێی مەهێڵن*
*مانگەشەو دەیفڕێنێتێ.*

# هەڵوێستی گێتیی، لە بێ دەنگی دوونیا و لە کەڕی نەبوو!



سەعید عوسمان ـ خەلیفان

## مرۆڤ و تەنانەت گیانەوەران و دارو درەخت و گژوگیاش پێکەوە کەوتنە بەر ستەمی بێ ویژدانی سەرانی دەوڵەتی ئەو کاتی عێراق

کاتێ لەخوێندنەوەی مێژووی کورد ڕوودەچین یان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و هونەری لاوک وحەیران و گۆرانی، گوێ بیست دەبین یا دەیبینین، لەو کارەسات و ڕوداوە جەرگ بڕانە کەلەلایەن دوژمنان ئاراستەی کراوە، هەموو دەمێ ژیانی ئەو گەلەی بردۆتە پەناگە و ئەشکەوت و شوێنە بژوێن و سەختەکانی نێودۆڵ و شاخەکانی نیشتیمان بۆئەوەی هیچ نەبێ کەمێک باڵی ئاسودەیی دایان پۆشێ. هەست دەکەین هەمیشە ژیان ئاڵۆز و تەمگرتوو و پڕ لە زەحمەتی و برسیەتی و ترس، سەرما و گەرمابردوو بووە، هەرگیز پشووی ئارام بونەوە نەبۆتە هەوێنی داچوون بە خەوێکی قوڵ هەرنەبێ خەونەکانی تێدا بینی بوایە.

ئەم شێوە ژیانەش دەمان گەیەنێتە گەواهی دانێک کە کەمیش بە خۆژیاندن وکارو کاسبی ڕۆژانەیان ڕاگەیشتوون.

ئێمە ئاگاییمان لەو پانتا جوگرافیایە یان تەنها ئەو چوارچێوەیەبووە کە ژیانمان تێدا کردووە، نەپەڕیوینەتە ناوچەیەکی تری هەندێ دوورتر، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات سنوری بێ ئاگاییش بەرتەسک و کورتتر دەبوەوە، ئەویش لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم بووە هەم بۆ هاتن و چوون هەمیش بیستنی هەواڵ لەناوچەکانی تر لەڕێگای بڵاوکراوەکان بەگشتی، کە بەگوێی داداوین. بەڵام ئێمە لێرە دەچینە زەمەنێک کەیادگاری و بیرەوەرییەکان تێیدا بوونە تاڵترین و تاریکترین ساتەکانی ژیان.

ساڵانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ کورد بە گشتی دڵخۆشکەر نەبوون، بەتایبەت لە باشوری کوردستان، چونکە دوو شێوازی لەناوبردنی بەکۆمەڵی خەڵکی دێهات و هەندێک لەشارۆچکەو شارە سنورییەکان کەوتنە بەر گەورەترین و قێزەوەنترین کۆمەڵکوژی کە ئەنفال و کیمیا باران بوو، هەرگیز باوەڕ نەدەکرا ئەوە ڕوو بدات بەتایبەت کیمیا باران چونکە بەقەوڵی گەلان چەکێکی قەدەغەکراوە و یاسا نێودوڵەتییەکان ڕێگای بە بەکارهێنانی نادەن،

بەڵام ئەوە ڕویدا، کارەساتێکی گەورەیی مرۆڤایەتی بەدوایی خۆیدا هێنا کەلەبەرامبەریدا وڵاتانی زلهێز کەوتنە زەلکاوی شەرمەزاری، چونکە ئەوان ئاگادار بوون بەڵام ئێمە تێنەگەیشتین لەپای چی ئەم چەکە بەکارهێنرا لە دژی گەلێک کە ئەویش کورد بوونی بوو، ئەی بێ دەنگی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و چاو نوقانیان لەپای چی بوو ؟

دەگەڕێینەوە ڕۆژانێک بۆ ئەم دوو شێوازەی ڕژێم بۆ لەناوبردن و هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کورد کە تێیدا ڕەچاوی دەرهاویشتنی تەمەن و ڕەگەز نەکران، وەک لە بەڵگە تۆمارکراوە وێنەیی و وێنەی جوولاو دا دەیبینین کە چ



کاره‌ساتێکی گه‌وره بوو، مرۆڤ و ته‌نانه‌ت گیانه‌وه‌ران و دارو دره‌خت و گژوگیاش پێکه‌وه که‌وتنه به‌ر سته‌می بێ ویژدانی سه‌رانی ده‌وڵه‌تی ئه‌و کاتی عێراق، ئه‌وه جگه له‌وه‌ی کۆمه‌ڵ کوژی به‌دوایی خۆیدا هێنا، ئاسه‌وارێکی خراپی ته‌ندروستیشی له جه‌سته‌ی ڕزگاربوان له‌و شوێنانه‌ی ئه‌م کاره‌ساته تێیاندا ڕویدا جێهێشت، بۆ گه‌لی کوردیش ئاسه‌وارێکی خراپی ده‌روونی که ئێستاش به‌ڕوونی له یادکردنه‌وه‌ی ساڵانه که‌س وکاری قوربانیان و خه‌ڵکی په‌رۆشی ئه‌م کاره‌ساته هه‌ستی پێ ده‌کرێ.

له‌پێشکه‌وتنی زانست و ته‌کنه‌لۆژیایی سه‌ربازی سه‌رده‌م دا کورد قوربانی له‌پێشینه بووه، چونکه هه‌م چه‌که‌کانی له‌سه‌ر تاقی کرانه‌وه هه‌میش که‌ڕو لاڵی کۆمه‌ڵگای نێو ده‌وڵه‌تیمان ده‌بینی له‌ئاست ئه‌و ڕه‌شه کوژییه‌ی هه‌مبه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌کی چه‌ند ملیۆنی.

ئه‌و دیارده‌یه‌ش ئازاری ژانه‌کانی جه‌سته‌یی و ده‌رونی پتر ده‌کرد. کوردیش چونکه ده‌وڵه‌تی خۆی نه‌بوو، نوێنه‌ری نه‌بوو له کۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان، هیچ وڵاتێکیش ئه‌و پرسه گه‌وره‌یه‌ی نه‌وروژاند، ئه‌و کات ڕاگه‌یاندنی بینراویشمان نه‌بوو تا کاره‌ساته‌که بخه‌ینه به‌رچاوی هه‌موو دونیا، هیچ نه‌بوایه ئه‌وکات سۆزو به‌زه‌یی شه‌قامی وڵاتانی ڕۆژئاوا و کیشوه‌ره‌کانی تر ده‌جولا و کاریگه‌ری به‌سه‌ر بێده‌نگی و هه‌ڵوێستی سه‌رکرده‌کان و نوێنه‌رانیان ده‌بوو.

ئه‌وه‌ی ڕوویدا ئه‌وکات هه‌روا به‌بێ نازی و بێ خستنه به‌رچاو و ئاشناکردنی گه‌لاندا تێپه‌ڕی تا ڕاپه‌ڕینی به‌هاری نه‌وه‌دو یه‌ک و دامه‌زراندنی چه‌ند که‌ناڵێکی کوردی به‌تایبه‌ت میدیا تیڤی دواتر کوردستان تیڤی و گه‌لی کوردستان و کوردسات و چه‌ندین که‌ناڵی تر، ئه‌و دیمه‌نه کاره‌سات باریه گه‌ورانه خرانه به‌ر چاوی هه موو جیهان.

ئه‌مه‌ش وای کرد تا ئه‌ندازه‌یه‌ک هه‌ڵوێستی گه‌لان بکه‌وێته به‌رده‌م چاوخشاندنه‌وه ی بێده‌نگی به‌رێیان له ئاست گه‌وره‌یی ڕوداوه‌که له‌به‌رامبه‌ر گه‌لی کورد، به‌ڵام ده‌بوایه کۆی ئه‌و به‌ڵگانه‌ی خراونه‌ڕوو بۆ سه‌ر کۆی زمانه‌کانی جیهان وه‌رگێڕدرابان و ئاڕاسته‌ی دادگای لاهای و په‌رله‌مانه‌کانی ئه‌وڕوپا و وڵاتانی عه‌ره‌بی و تورکیا و ئێران و دونیا کرابان.

# دۆڵی بالیسان ئەو دۆڵەی بۆنی سێو لێی بو بە ژەهر وشیرینی گۆڕا بە مەرگ.



زریان ڕەحمان سەدر

**بالیسان تەنها وەك یادەوەرییەکی خەمناك نابینین، بەڵکو وەك سیمبولی خۆڕاگری دەیناسێنین**

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە کارەساتی جۆراوجۆر، بەڵام کەم کارەسات هەن وەک کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان ویژدانی مرۆڤ هەژێنن. لەوێدا، لە کاتێکی کتوپڕی بەهاری ساڵی ١٩٨٧دا، چەمکی ژیان و مردن ئاڵوگۆڕیان پێ کرا؛ ئەو بۆنەی کە هەمیشە لای ئێمە نیشانەی میوەیەکی شیرین و ژیانێکی تەندروست بوو، بوو بە پەیامی کۆتایی و مەرگێکی بێدەنگ.

### کاتێک بەهار ڕەنگی گۆڕی

لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧دا، سروشتی دۆڵی بالیسان لەوپەڕی جوانی و سەوزاییدا بوو. خەڵکی گوندنشین، کە دڵیان وەک چیاکانیان پاک بوو، چاوەڕێی هاتنی ئێوارەیەکی ئارامیان دەکرد. بەڵام کاتێک فڕۆکە جەنگییەکان کانی و باخەکانیان کردە ئامانج، تەمومژێکی سپی و زەرد باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا. ئەو "بۆنی سێوە" سەیرەی کە بڵاو بووەوە، نەک هەر هەناسەی مرۆوەکانی بڕی، بەڵکو باڵندە لە ئاسمان و ماسی لە ناو ئاوەکانیشدا بێدەنگ کرد.

### تاقیگەیەک بۆ جەستەی مرۆڤ

بالیسان تەنها شوێنێکی جوگرافی نەبوو کە لێی درابێت، بەڵکو کرابووە تاقیگەیەکی گەورەی تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی (خەردەل و سارین). ئەوەی ئەم برینەی قووڵتر کردووە، ئەو بێدەنگییە نێودەوڵەتییە بوو کە لەو کاتەدا هەبوو. بریندارانی بالیسان کە گەیەنرانە نەخۆشخانەکان، لە جیاتی ئەوەی وەک قوربانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، وەک "تاوانبار" دەستگیر دەکران و ڕەوانەی زیندانە تاریکەکان دەکران. ئەمە گەورەترین نادادی بوو کە مرۆڤێک هەم جەستەی بە ژەهر بسووتێت و هەم لەبەر کوردبوونی مافی چارەسەری لێ زەوت بکرێت.

### پەیامی هاوسۆزی دۆڵی ئاکۆیان:

برینمان یەکە و هاو ئازارین

ئێمە وەک دانیشتوانی دۆڵی ئاکۆیان و گوندەکانی سنووری قەزای ڕواندز، کاتێک باس لە بالیسان دەکەین، باس لە پارچەیەکی جەستەی خۆمان دەکەین. لە هەمان ئەو ڕۆژەدا کە ژەهری ئاسمانی بالیسانی داپۆشی، هەمان ئەو فڕۆکە جەنگییانە مەرگیان بۆ ناوچەکەی ئێمەش گواستەوە. ئێمە تەنیا هاوسۆزی مێژوویی نین، بەڵکو "هاوژەهر" و "هاوئازارین". ئەو سێوە تفتەی لە بالیسان چێنرا، لە بناری چیاکانی ڕواندز و دۆڵی



ئاکۆیـان هەمـان تـامی هەبـوو. خوێنی ڕۆڵەکانمان لە یەک کاتدا ڕژا و خەمەکانمان بوون بە یەک چەپکە گوڵی ژاکاوی بەهار.

هاوسۆزی و پەیامی ئێمە

ئەمـرۆ کە دوای چەنـدین سـاڵ سـەیری ئەو ڕووداوە دەکەیـن، بالیسـان تەنهـا وەک یـادەوەرییەکی خەمنـاک نـابینین، بەڵکـو وەک سـیمبولی خـۆڕاگری دەیناسـێنین. هاوسـۆزی ئـێمە بـۆ قوربانیـانی ئەو دۆڵە لە چەنـد خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

وەفـاداری بـۆ برینـدارەکان: ئەوانەی تـا ئێسـتاش بە دەسـت کـاریگەرییە درێژخایەنەکـانی گازەکەوە دەنـاڵێنن و پێویسـتیان بە ئاوڕدانەوەی جدی هەیە.

پاراسـتنی ژیـنگە: ئـاوەدانکردنەوەی دۆڵـی بالیسـان و پاراسـتنی سروشـتەکەی، باشـترین تـۆڵەیە لەو دوژمـنەی دەیویسـت ژیـان لەوێ بوەستێنێت.

گەیانـدنی دەنـگ: دەبێـت جیهـان بزانێت کە "بۆنی سێوی بالیسـان" بەشـێکە لە مێژووی جینۆسـایدی گەلێک.

بانگەوازێک بۆ دادپەروەری

خزمەتکـردن و ئـاوڕدانەوەی جـدی لە سـنووری بالیسـان بەگشتی، ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ویـژدان زینـدووە. بەتـایبەت حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت کـار بـکەن بـۆ دەسـتگیرۆیی زیانمەنـدبووان و کەس و کـاری شـەهیدان. هەروەها لێکۆڵینەوەی زانستیی ورد لەسـەر کاریگەرییە ژینگەییەکـانی ئەو چەکە قەدەغەکـراوانە بکرێـت کە تـا ئێسـتاش کاریگەرییـان لەسـەر خاک و ئاوی ناوچەکە ماوە.

وەک پاداشـت و وەفـایەک بـۆ خەڵکی بەشـمەینەت و سـەربەرز، پێشنیاز دەکەین حکومەتی ناوەند و هەرێـم کـار بـکەن بـۆ بە قەزاکردنی ناحیەی بالیسـان. ئەم هەنگـاوە تەنیـا گـۆڕینی ناوێـک نیـیە، بەڵکـو گەیانـدنی خزمەتگـوزاری و ئـاوڕدانەوەی شایسـتەیە لەو مێـژووە پـڕ لە قوربـانییەی کە خەڵکـی تێکۆشـەری ئەم سـنوورە پێشکەشیان کردووە.

# لەئاوێنەی سیاسەتی هەرێمییەوە، بۆ دەڤەرەکەت بڕوانە.



عزەدین زەکیزادە

**پێویستە بەرپرس و پلەدارەکانی دەڤەرەکە لە هەموو حزبەکان، دوور لە ئایدیای حزبییان و بە ڕۆحیەتی ئینتیمای ناوچەیی یەکگرتووانە بۆ دۆخی دەڤەرەکەیان بکۆشن.**

خۆشناوەتی زۆرترین خزمەتی پێشکەش کردووە و کەمترین خزمەتی پێشکەش کراوە! یەکلا نەبوونەوەی کۆمەڵی خۆشناوەتی بۆ یەک لایەنی سیاسیی و هەمەڕەنگی ئایدیای سیاسی ناوچەکە ، لە خزمەتی هەردوو بەری دەسەڵات کەمبەشی کردووە ، چونکە حزبەکان وا هەڵکەوتوون ئاڵوگۆڕی خزمەت بە دەنگ ئەنجام دەدەن ، کاتێک دەنگی خەڵکی خۆشناوەتی بەسەر هەموو حزبەکاندا دابەش ببێت وەک خزمەتی سەردەمی شۆڕشی شاخ پێشمەرگەی هەموو حزبەکان بەسەر ماڵەکانیاندا دابەش دەبوون ، خەسارەتمەند دەبن ، هەموو دامەزراوەیەکی سیاسی زۆرترینی دەوێت ، خۆشناوەتیش کە بڕوای بە ئازادی بیروڕا هەیە و هەرکەسە و باراشی خۆی لە ئاشی حزبەکەی خۆی لێدەکات سەرنجەکان لەسەرخۆی دەرەتێنێت و بە کەم ئومێدکردنی حزبەکان لەخۆی، کەم ئومێد دەکرێت. ڕوونتر بڵێم حزبەکان ماسیگرانە مامەڵە دەکەن، لە گۆمی پڕ دەگەڕێن خەرجی لە گۆمی کەمبەرهەم ناکەن . لە ئاوادۆخێکدا پێویستە بەرپرس و پلەدارەکانی دەڤەرەکە لە هەموو حزبەکان، دوور لە ئایدیای حزبییان و بە ڕۆحیەتی ئینتیمای ناوچەیی یەکگرتووانە بۆ دۆخی دەڤەرەکەیان بکۆشن ، ئەم ئایدییایەش لە ئاوێنەی سیاسەتی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەو کاتەی مەترسییەکی نەتەوەیی یان نالەبارییەک لە بەغداوە بۆ سەر هەرێم دروست دەبێت ، کۆدەنگی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دێتە ئارا و ناکۆکییە ناوخۆییەکان وەلادەنرێن و لە یەک سەنگەر بۆ نەیار دادەنیشن، دواتریش لەسەر ناکۆکییە ناوخۆییەکان دیسان دانوستان و وەبەریەکهەڵچوون بەردەوام دەبێت ، دەکرێ بەرپرسانی ناوچەکەش بە هەمان شێوە جا سەر بە هەر حزبێک بن ، هاوچەشنی هەڵوێستی سەرکردایەتی حزبەکان لەئاست دەرەوەی هەرێم ، ناکۆکییە حزبییەکانیان لە خورجێنی حزبایەتییان هەڵگرن و لەسەر خوانچەی خۆشناوەتی هاوژەم و هاورا ، کوک و تەبا بکێش بکێشی خزمەت بکەن. خۆ ئەگەر دوو برا لە ماڵەوە ناکۆکی و شەڕیشیان بکەوێتە نێوان کە لە کۆڵان یەکێکیان دووچاری گێچەڵێک ببێتەوە برایەکەیدی پشتی تێناکات خوێنی برایی گەرم دادێت و ڕاماڵ بۆ نەیاری براکەی دەبات، خۆشناوەتیش وەک دایکێک بێ جیاوازی شیری کانییەکانی داوەتە هەموو ڕۆڵەکانی خۆی و گۆشی کردوون بێ ئەوەی جیاوازی ڕەنگ و بیرکردنەوەی کردبێت، بۆیە دەکرێ بڵێین هەموومان لە شیری مەمکی کانییەکان براین ، ناکرێ ڕاجیاییمان ببێتە هۆی بێنازبوونی دایکە دەڤەر .

# جینۆسایدی کورد لە بازنەی ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتیەکان



شالاو عەبدوللا شێخ وەسانی

**بەڵگەی پێویست و سەلمێنەر لە سەر ٢٥ کۆمپانیایان کۆکراوەتەوە، کە پێی ئەو بەڵگانە دەسەلمێندرێت ئەو کۆمپانیایانە مادەی کیمیاویان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە**

چەمکی جینۆساید یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لە بوارەکانی سیاسەت ویاسادا بەکاردەهێندرێت .ئەم چەمکەبۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەیە، کە مەبەست لێی کۆمەڵکوژکردنی گەلێک یان نەژادێکە. ئەم چەمکە لە بنەمادا دوو بەشە: جینۆ، واتا نەژاد، ساید واتە ئیبادە یان بە کۆمەڵ کوشتن.

بە پێی ڕێکەوتننامە وپەیماننامە نێودەڵەتیەکان، بە زۆر دەرکردنی کۆمەڵە خەڵکێک لە سەر ماڵ و زەوی وشوێنی ژیانیان و ڕاگواستنیان بۆ شوێنکی تر، قەدەغەکردنی زمان وکولتوریان، کوشتن و لە ناوبردنیان ، ڕێگریکردن لە شێوەی ژیان و لە ناوبردنی سەرچاوەی ئابووری و بژێوی ژیانیان کۆمەڵکوژکردنیان بە جینۆساید دائەنرێت.دوای ئەو کارەساتەی لە هۆلۆکۆستدا نازییەکان بەسەر جولەکەکانیدا هێنا، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا بڕیارێکی بۆقەدەغەکردنی کۆمەڵکوژیی گەلان دەرکرد. وە بڕیارێکی بۆ سزدانی ئەو دەسەلاتانە دەرکرا، کە بەوکردەیە هە ڵدەستن، دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٥٩ واژووی لە سەرئەو پرۆژە بڕیارەی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد. هە رچەندە بە هیچ شێوەیەک حکومەتی بەعسی عێراقی پابەند نەبوو پێوەی.

بۆ یەکەمین جار کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی١٩٤٦بڕیاری ژمارە(٩٦)(١) دەرکردو جینۆسایدی بە تاوانێک دانا لە یاسای نێودەوڵەتیدا. وە لە بڕیارە کەدا هاتووە کە جینۆساید نکوڵی کردنە لە مافە کانی تاک و کۆمەڵ و دژی ڕەوەشتی یاسا و ئامانج و گیانی نەتەوەیەکگرتووەکانە وە تاوانێکی هزر و ویژدان هە ژێنە و دەبێتە هۆی لە دەستدانێکی گەورەی مرۆڤایەتی وجیهانی شارستانی سەرزەنشتی دەکات دوو ساڵ پاش تێپەڕبوونی ئەم بڕیارە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیگرتووەکان لە ساڵی١٩٤٨ بەبڕیاری ژمارە (٢٦٠) ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی جینۆساید لە شاری پاریس دەرکردبۆ یەکەمین جار جینۆساید بووبە یاسا ئەو ڕێککەوتنامەیە لە (١٩)مادە پێک هاتووە لە ساڵی (١٩٥١) وە کاری پێدەکرێت تا ئێستا (١٤٧) دەوڵەت لەو ڕێککەوتنامەیەدا ئەندامن ئەو ڕێککەوتننامە یە ناسراوە بە ڕێککەوتننامەی نەتەوەیککگرتووەکان بۆ جینۆساید .

لە پرۆتۆکۆڵی جنێف ساڵی (١٩٢٥) داهاتووە بەهە موو شێوەیەک قەدەغەیە چەکی کیمیایی ، گازی خنکێنەر و ژەهراوی و چەکی بایۆلۆجی لە کاتی جەنگدا بە کار بێت. هە روەها لە نیسانی ساڵی (١٩٧٢) جارێکی تر پشت ڕاست کرایەوە کە چەکی بایۆلۆجی بە هە مووشێوەیەک بەر هە مهێنان وبەکارهێنانی قەدەغەیە. لە ساڵی ١٩٦٨وە دوای پێکهێنانی لیژنەی

داماڵینی چەک باس وخواستی چەکی کیمیایی هاتە گۆڕێ وە هەروەها لە ساڵی (١٩٩٢) کۆنگرەی داماڵینی چەکی کیمیاویی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەواوی باسی لە نەهێشتی چەکی کیمیایی کردووە لە ئەیلولی (١٩٩٢)دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پشتراستی کردەوە و واژۆ کرا، پاشان لە ڕێکەوتننامەی پاریسدا لە ساڵی (١٩٩٣)بە تەواوەتی چەسپا و کەوتەبواری جێبەجێکردنەوە وە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاویی لە ساڵی(١٩٩٧)ئەم ڕێکەوتننامە لە سەر ئاستی جیهان جێبەجێدەکرێت.

**کێ چەکی کیمیاویی بە ڕژێمی بەعس فرۆشت ؟**

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دی تاگستایتونگ-(Dietagezeitun)ی ئەڵمانی کە لە ١٧دیسەمبەری٢٠٠٢دا بڵاویکردووەتەوە،زیاترلە (١٥٨) کۆمپانیای جیهانی بەرێگەی نایاسایی یارمەتی ڕژێمی سەدام حسێن یان داوە بۆ دەستهێنانی کەرەستەی جەنگی قەدەغەی جۆراوجۆر بە چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییەوە لەوانەش(٨٠)کۆمپانیای ئەڵمانی،(٢٤)کۆمپانیای ئەمریکی، (٨)ی فەرەنسی، (١٧)ی بەریتانی، (٥)ی یابانی ،(٦)ڕووسی، (٧)ی بەلجیکی، (٣)ی چینی، (٣)ئیسپانی،(٣)هۆڵەندی و(٢)ی سویدی بوون. **تاوەکو ئێستا بەڵگەی پێویست و سەلمێنەر لە سەر ٢٥ی کۆمپانیایان کۆکراوەتەوە ، کە پێی ئەو بەڵگانە دەسەلمێندرێت ئەو کۆمپانیایانە مادەی کیمیاویان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە** وە ئەو مادە کیمیایەشیان لە دژی دانیشتوانی هەڵەبجە و شێخ وەسانان و بالیسان بەکارهێنراون. لەسەرئەو بنەمایەش کار بۆ ئەوە دەکرێت کە سکالا لە سەر ئەو٢٥کۆمپانیایە تۆمار بکرێت و بدرێن بە دادگا نێودەوڵەتیەکان.

**دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی**

لە ساڵی١٩٩٨لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئیتاڵیا بەڕێوەچوو بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٩٤٨ بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بەتاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، بڕیاری پێکهێنانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی درا، نوێنەری١٢٠دەوڵەت ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون ٩٢وڵات بە بەڵێ دەنگیان دا و٧وڵات دژ بوون ٢١دەوڵەتیش خۆیان دەنگیان نەدا وە عێراق یەکێک بوو لەو ٧وڵاتەی کە دەنگی نەخێری دا(ئەمریکا ، ئیسرائیل، چین، عێراق.قەتەر،لیبیا، یەمەن)دەنگی نەخێریان دا.

شایانی ئاماژەپێکردنە پرۆسەی جینۆساید و کۆمەڵکوژی وئەنفال لە گەورەترین تاوانە ترسناکەکانی بەعسن لە دژی گەلی کورد کە بەپێی پیلانێکی تۆکمە وبەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنفال بە هەشت قۆناغ ئەنجام درا کە ١٨٢هەزار کەس بوونە قوربانی... شایانی ئاماژەپێکردنە کەیسەکانی ئەنفال و کیمیاباران یەکێک بوون لەدۆسیەکانی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقیدا کە یەکەم دانیشتنی دادگا لە (٢١-٨-٢٠٠٦)دەستی پێکرد. پاش ٦١دانیشتن دادگا لە (٢٤-٦-٢٠٠٧)کەیسی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند و بڕیاری لەسێدارەدانی دەرکرد بۆ ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید و ئەنفال.

لیستی سەرچاوەکان

١-ئاوارە حسێن، جینۆسایدی گەلی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیەوە،(٢٠١٧،چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.
٢-تەها سلێمان، جینۆسایدی کوردستان،(٢٠١٦)چاپی یەکەم،چاپخانەی حەمدی.
٣-پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی ساڵی(١٩٩٣).

# دوایین یادەوەری ڕۆژانی ڕۆژنامەگەریم... لە دوڕجونیدا دەکوتم



ئەدیبە شێخ عوسمان بالیسانی

**لەو سی و پێنج ساڵەدا نەیانتوانی ئەم کەیسە و هەموو کەیسەتراژیدیاکانی تری کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان بە جینۆساید بناسێنن.**

زۆر لەمێژ نیە، ئەوڕۆژانەی بە خولیا و هیوایەکی زۆرەوە دەستمان بە تۆمارکردن و نوسینەوەی پاشماوەکانی کارەساتی کیمیاباران کردنی ڕۆژی ١٦/٤/١٩٨٧ ی شێخ وەسان و بالیسان برد، لە پێناو ئامانجێک کە هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتیمان نەبوو جگە لە بە ئەرشیفکردن و ناساندنی ڕووداوەکانی کیمیاباران و پرسی ئەنفالی خۆشناوەتی بە دونیای دەرەوە، زۆر کۆدی شارەوە هەبوون دەمانویست بەسەر دونیای میدیایی و یاساییدا بیانکەینەوە، وەک هۆکار و دروستکەری هۆکارەکانی چەکی کیمیایی کە ئەمەیان زۆر تاوانبارترن لە بکەرکانی کارەساتەکان، بەڵکو ئەرکی بەرپرسیارێتیشیان لە ناوانکار زۆر زیاترە.

هێندە نیە توانا و خۆشەویستی خۆمان خستبووە گەڕ تا بتوانین بیینە خاوەن دیکۆڕوداوی تراژیدیای مەرگەساتەکانی هاونیشتمانیانمان بە تایبەتی لە هەردوو گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسان، بەڵێ لەگەڵ چەندین دڵسۆز و خەمخۆری ناوچەکە هەوڵەکانمان چڕکردەوە بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، لەوەشدا ئەگەر بمانەوێت تیە چاوێک بە ڕابردووی ئەو چەند ساڵەمان بخشێنینەوە بە شانازیەوە وەک ئاسمانی بێگەرد هەموو هەوڵەکان دەدرەوشێنەوە، لە دەرکردنی یەکەم بلاوکراوەی شازدەی چوار و کۆرەنگ و ئاوێر و ڕەنج و شانۆ و فیلمی دیکۆدرامی لاگۆڕ و دەیان هەوڵی تری دڵسۆزانی ناوچەکە.

کاتێک شانازی بەو هەموو ماندووبونانەمانەوە دەکەین، ناتوانین لەخۆبایی بین، لەناو ئەو هەموو ساڵانەدا ئەو دیالۆگەم هەرگیز لەگەڵ پوور حەلیم شێخ وەسانی لەبیر ناچێتەوە، ساڵی ٢٠٠٣ بوو دیمانەم لەگەڵ پوور حەلیم ئەنجامدا، لەوەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانم سەبارەت بە دیکتاتۆری گەورەی بەعس (صدام حسین) وتی ئەگەر بکەوێتە بەردەستانم توند توند لەناو جونیدا دەکوتم، بێگومان ئەو دەستەواژەیە لە ڕووی ویژدانی و دەروونیەوە هێندە قوڵ ناخهەژێن وکاریگەربوو، لەو دەستەواژەیە تێگەیشتین دڵی ئەو ژنە بەسەڵاچووە چەندە پڕ ئازار و پڕ کۆستە، لەوە تێگەیشتین ئەم قسەی پوور حەلیم لە دڵی کەس و کاری هەموو قوربانیەکان یادەوەریەکی خواستراو و زیندووە، زۆری نەبرد دوای ئەم دیالۆگە، گەورە دیکتاتۆری سەدەی ڕابردوو، صدام حوسێن و بەشێکی زۆری داروەدەستەکەی کەوتنە بەردەست و لەبەردەم یاسادا بە سزای خۆیان گەیشتن، بەمەش ئاواتی پوور حەلیم و هەزاران ستەملێکراو هاتە دی، هەرچەندە صدام حوسێن نەگیشتە سزای کوتینی لەجونیدا بە دەستی پوور حەلیم بەڵام لەوە شایستەتری پێبرا.



لەم ساڵیادەدا وێڕای هاوخەمیمان گلەیی زۆرمان لە حوکمرانی خۆماڵی هەیە، لەو سی و پێنج ساڵەدا نەیانتوانی ئەم کەیسە و هەموو کەیسەتراژیدیاکانی تری کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان بە جینۆساید بناسێنن، لایەنەکانی ناو حکومەت ئەوەندەی خەریکی دووبەرەکی و بەرژەوەندی تایبەتیان بوون، لایان لە بنەما نەتەوەیی و داخوازیە نەتەوەییەکان نەکردۆتەوە، بەهەر حاڵ ئەوە مێژووە کەس ناتوانێت خۆی لە پەنا هیچ پاساوێک بشارێتەوە، داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە روحم بە هیچ کەمتەرخەمیەک و بەرپرسیارێتیەکی خراپ ناکات بەتایبەتی ئەو کەیسانەی پێویستیان بە هەڵوێستی دڵسۆزانە و چالاکانە هەیە، مەگەر ئەمە کاری لە پێشینەی حکومەت نەبووبێت ئەی کاری کێیە؟ دەکرا حکومەتی هەرێم بەسیستەمێکی تۆکمە و بە ئەرکدارکردنی دڵسۆزان لە پێشینەی کارنامەکانیدا بودجەیەکی باش و تایبەتی بۆ ئەم کەیسانەی کیمیا باران و ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکان و وێرانکردنی ئەو هەزاران گوند و شێواندنی پۆتۆگرافیای کوردستان دابین کردبا، ئەمە خەمی ڕۆژنامەنووسان و نوسەران نەبووە، بەڵکو نوسەران تەنها توانیویانە قسەیان لەسەر ئەو پرسانە هەبووبێت.

ئەرکی ئێستامان چی یە؟

کێیە ئەو پرسیارەی ئاڕاستە دەکرێت؟ ناکرێ دەزگا و دامەزراوە یاسایی و حکومیەکان چیتر بێ خەمی لە بەرامەر ئەو هەموو پرسانە بنوێنن و بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستن، ئەمە هەمووی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بۆیە لەپێشەوە حکومەت دەبێ هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکات و لە ڕووی کردارییەوە ئەو ئەرکە جێبەجێبکات ، دەنا دەبێ شەقامی ڕۆژنامەنووسان و چالاکە مەدەنیەکان بۆ ئەو پرسە بجولێندرێن.

پێم وانیە چیتر لاواندنەوە و نوزانەوەمان لە ساڵڕۆژەکانی کارەساتەکان کاریگەر بن، بۆچی ئەو یادانە بکرێنەوە کاتێک نەشەقام و نە بەرپرسانی پەیوەستدار شان نەدەنە پڕاکتیزەکردنی بەرپرسیارێتی مرۆیی و ژینگەیی گەلی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان؟

# یادەکان لە یاد مەکەن



مەلا هەندرێن بالیسانی
(ابن الشهيدين)*

**هەر میللەتێك رابردووی خۆی لە یاد بکات هیچ تەمایەکت پێی نەبێ، داهاتویەکی بەتاڵو بۆشی هەیەو هیچ ئاواتێکت بۆی نەبێ.**

بە حوکمی تێپەڕبوونی ٣٩ ساڵ بەسەر تاوانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان‌و خۆشناوەتیدا وا وردە وردە ئەو کارەساتە تراژیدیە جەرگبڕە دێتە لەبیرکردن و پشت گوێ خستن، بە تایبەت لە لایەن دەسەلاتدارانی حکومەتی کوردی ... ئەوان بە واستەی ئەو قوربانیدان‌و گیانفیداییەی گەلی کورد ئەمڕۆ بونەتە دەسەلاتدارو لە تەڕی دەخۆن و لە وشکی دەخەون‌و میللەت رۆڵەی شەهید دەبێ‌و دەبنە قوربانی ئەوانیش لە خۆشترین‌و چاکترین‌و پاکترین ژیان لە ناوەی وڵاتو دەرەوەدا دەژین، ئەو پشتگوێ خستن‌و لە یاد کردنەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

١_ تێپەڕبوونی چەند دەیەیەک بەسەر ئەم تاوان و کیمیابارانەداو ئەو برینە قوڵانە تەنها لە یادو بیری ئەو کەسانەدا دەمێنن کە پلە یەک ئازاری زۆر قوڵیان دیتوەو چەشتوە هەم لەناو کارەسات‌و دوای مانەوەیان لە دوای شەهید بوونی ئەو ئازیزانەدا بە تەنهایی‌و بێکەسی‌و بێ نازی، یا ئەوانەی مرۆڤدۆستی‌و رەحمو سۆزیان زۆرەو دڵسۆزی قوربانیەکانن ئەوانەی تر کە هیچ تاڵی‌و سوریەکان نەدیتوە لە وشکی و خۆشی بۆ وشکی‌و خۆش ژیانی ئەو بۆنەو کارەساتانەیان لە لا وەک شتێکی ئاسایی یەو هەبوون‌و نەبوونی وەک یەکە تا بۆم هاتۆتەوە خەڵکی وا هەبووە تا پلەداریش فشەی بەم یادو بۆنانە هاتووە کەچی بەم یادانەو لە بەرووبومی ئەو قوربانیانە باش باش خۆی قەڵەوو زل کردووە.

٢_ ڕوودانی کارەساتی تری ناو نەتەوەکەمان وا دەکات ئەوانەی رابردوو لە یاد بکرێن‌و نوێکان یاد بکرێنەوەو کۆنەکانیش لە بیر بچنەوە، هەر میللەتێکیش رابردووی خۆی لە یاد بکات هیچ تەمایەکت پێی نەبێ، داهاتویەکی بەتاڵو بۆشی هەیەو هیچ ئاواتێکت بۆی نەبێ، بۆیە گوتویانە (خسر من نسی) وە گوتراوە ( النسيان نعمة ونقمة) على مستوى الافراد النسيان نعمة وعلى مستوى ذاكرة الشعوب والأوطان النسيان نقمة، لە یاد کردن بۆ تاک تا ژیانی خۆی بکات و بەردەوام بێت نیعمەتەو بەخششە، بۆ گەل‌و حکومەت و دەسەلاتدار کارەساتەو بێ وەفایی یە.

٣_ بێ وەفایی دەسەلات بۆ خوێنی شەهیدان‌و نەبوونی حوکمی رەشیدو نا دادي لە نێوان هاوڵاتیان‌و بونی ستەم‌و جیاوازی لە نێوان رۆڵەکانی وڵاتدا وا دەکات قوربانی‌و شەهیدان‌و کارەساتەکان لە یاد بکرێن، وەفاداربوون ئەوەیە مرازو نیازو خەباتی ئەوان بکرێتە کردار لە خزمەت‌و ئاوەدانی‌و دادگەری‌و هەوڵدان بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی‌و پڕ خزمەت بۆ هاوڵاتیەکان‌و حیسابی کەس‌و کاری شەهیدان جیاوازتر بێت لە هەموو کەس، تا خەڵکی تریش ئاوات بە شەهید بوون‌و قوربانیدان بۆ ئەو خاکە بخوازێت نەک سەیر دەکات هەرچی جاش‌و بن بۆش و خائین‌و خۆفرۆش‌و دژە کورد هەیە ژیانی لە پێشمەرگەی

دێرین‌و کەس‌و کاری شەهید خۆشترە، ئەو کاتە نەفرەت لە قوربانیدان دەکات‌و ئامادە نیە منداڵی خۆی بێ ناز بکات، چونکە بە چاوی خۆی دیویەتی رۆڵەی شەهید چەندە بێ نازن‌و منداڵی مەسولو کارو خائین‌و خۆفرۆش چەندە نازاندی و کارپێکراون.

بۆ نمونە گەر سەیری ناوچەی خۆمان خۆشناوەتی‌و دۆڵی بالیسان بکەین بێ نازترین ناوچەیە لە چاو دەروبەری خۆی پارەی پرۆژەی شوێنانی تر دەیان قاتی ئێمەیە، شەقامێکی سەرەکی هەیە ئەوە حوکمی کوردان بوە نزیک ٤٠ ساڵ تا ئێستا تەواو نەکراوە، کارتی نیشتمانی لە ناحیەی بالیسان هەبوو گواستیانەوە، گەر کارێکی بچوکت لە نفوس و کارتی نیشتمانی هەبێت دەبێ زیاد لە ١٢٠ کیلۆمەتر بکوتیەوە تا ئیشەکەت دەکەی دەبێ جارێکی تریش بچیەوە بۆ هیران هیلاکی و زەحمەتی زۆرو مەسروفی زیاتر درایە بەر کەس‌و کاری شەهیدان‌و بەرکەوتوانی کیمیاو خەڵکی لێقەوماوی ناوچەکەمان، دەیان شتی تریش، بۆیە بێ خزمەتگوزاری‌و پشتگوێ خستنی ئەم ناوچەیە وای لە خەڵکی کردووە بێزار بن‌و رۆژانە ناوچەکەمان بەرەو چۆڵ بوون بچێت و ماڵەکان وردە وردە بار دەکەن‌و دەگوازنەوە شوێنەکانی تر.

کاتی خۆی تا ساڵی ٢٠١٩ دائیرەی نفوس لە بالیسانێ بوو ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ ئەم خزمەتگوزاریە گرنگە گواسترایەوە ناحیەی هیران غەدرێکی گەورە بوو لەو هەموو خەڵکە هیلاکەی دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی، دەبێ ئەو رێگە دوورە بگرینە بەر چون و گەرانەوە زیاد لە ١٢٠ کم دەبڕی دوو سعات زیاتر لە رێگە دەبێ بۆ یەک کاری بچوک بۆ سورەت قەیدێ بۆ کارت دەرهێنانێک ئەوە جگە لە مەسروف و خەتەریات .... جا نازانم ئەمە بێدەنگی ئێمەی خەڵکی دۆڵی بالیسان بوو ؟؟ یا بێ مەوقیفی قسە بەدەستەکانمان بوو ؟! یا بێ ئەمەکی و بێ منەتی دەسەڵاتداران ؟!

دەبێ وەک واجبێک و خێرێکی گەورە هەموومان هەوڵ بدەین بۆ گێرانەوەی ئەم دائیرەیە بۆ ناحیەی بالیسان ئێمە چیمان کەمترە لە شوێنانی تر ؟! بالیسان و هیران هەردووکیان ناحیەن بۆ هی ئێمە بچێتەوە هیران ؟؟

هەر باشتر وابوو نەقلی قەزای شەقلاوە کرابایە.

گەر بڵێن ناحیەی بالیسان نوێیە بۆیە لادراوە، ناحیەی باسرمەش نوێیە دوای بالیسان بۆتە ناحیە و ئەوەتە کارتی نیشتیمانی لێیە .... چەند شوێنێکی تریش.

هەموو خەڵکی ناوچەکەمان بە کیمیادارو کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوانیشەوە زەرەرمان کرد لەم کارە ناحەقیە و نارەوایە...

بۆیە پێویستە ئێمە لەو ناوچەیەدا، یەکگرو یەک دەست و یەک هەڵوێست بین بۆ مافە رەواکانی خۆمان واز لە یەک خوێندن و دژایەتی و دووربەرەکی بێنین و ناوچەکەمان بچوکە، هەموومان یەک لاشەو یەک ئاوازبین با بەس بێت گوند چیەتی و حیزبایەتی و دژایەتی و منافەسەی یەکتر کردن، کاتی خۆشی بە داخەوە خەڵکانێک وەک ئێستا هەر خەریکی شکایەت و خۆ بردنە پێش بوون بۆ دەسەڵاتداری بەعس و رژێمی فاشیست و عەفلەقی بە زانیاری پێدانی رژێم بە بوونی پاسدارو فلان و فیسار لەو ناوچەیە تا سەری ئەو خەڵکەیان بردە قورێ ئەم ناوچەیە ئەنفال و کیمیاباران کرا.

**تکایە ئەو یادانە لەیادمەکەن، تا نەوەی داهاتوو ئازارو مەینەتیەکانی گەلەکەی بزانێت**




لەم پشتگوێ خستنەدا ئەو یادانە نەک هەر لە یاد دەکرێن بگرە هەندێ جار گوێ بیست دەبین کەسانێک ئاوات بە دوژمنو رژێمی پێشوو دەخوازن، کە ئەم ئاوات خواستنە بە زاڵمو خوێنرێژو کافرانە کارەساتەو لە رووی شەرعیشەوە حەڕامەو خودا تورە دەکات.

زۆر جاریش هەندێ لە بەرپرسان تەنها کاتی یادەکان هەندێ قرۆمەی گەورەو بێ کردارو بێ خزمەت دەردەبڕنو بەس، لە هۆنراوەیەکمدا لە کاتی یادی کیمیادا دەڵێم:

هەمووی دەڵێ هۆ بالیسان و
هەڵەبجە
زمان لوسە لێزانۆك بە لارو لەنجە
بە کیمیادار دەڵێ چیەتی ؟؟
ئۆی چەند قنجە
مافت نادا بۆ خۆی دەخوا
قەت تێر نابێت
کەڕو بەنجە

کیمیاباران ئەو برینەیە بە تایبەت لای ئێمەی بەرکەوتەو ڕزگاربووی ئەم چەکەو بێکەسەی دوای ئەو پرۆسانە بە هیچ شێوەیەک سارێژ نابێت..

تکایە ئەو یادانە لەیادمەکەن، تا نەوەی داهاتوو ئازارو مەینەتیەکانی گەلەکەی بزانێت، چ ساڵانە بێت یا لە پرۆگرامی خوێندن و لە خوێندنی باڵاو بەرنامەی تیڤی و فیلم و هتد باس بکرێ...

میللەتانی تر وەک ئێمەیان بەسەر نەهاتوە زۆر زیاتریان بە دەست هێنا، ئێمەش نەمانتوانی بیکەینە چەکێک بۆ داواکاری مافی گەلەکەمان نەک هەر ئەوە بەرپرسی وا هەیە هەر ناوێرێت بچێتە ناو کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ؟؟

بە هەر حاڵ ئەو تاوانانە هەموو جارێ کە یاد دەکرێنەوە برینەکانمان نوێ دەبنەوە تێر تێر دەم گرییێن و دەمگێڕنەوە ڕۆژانی شاخ و ناو ئەشکەوتەکان و کیمیاباران کردنمان و شەهید بوونی گشت خانەوادەم بەڵام بۆ نەفەوتانی ئەم مێژووە ناتوانم پشتگوێی بخەم و باسی نەکەم ئەوەندەی لە یادگاریم دامابێت باسی دەکەم چونکە ئەو کاتەی کەوتمە بەر کیمیا دەمگوت دایە بۆنی غاز دێت بابم پەڕۆکی بۆ تەڕ دەکردین تا بمان پارێزێت .. ڕاگەیاندنەکانیش زۆر داوا دەکەن جاری وا هەبووە گوتومە من موقابەلە ناکەم با خۆشەویستانی تری ناوچەکەم بیکەن گوتویانە واللە تۆ بەشدار نەبیت ئێمەش چاوپێکەوتن ناکەین و دەگەڕێینەوە.

خۆشەویستان زۆر لەوانەی ئیمڕۆ قسەی گەورە گەورە دەکەن ئەو کاتیش قرۆمەیان گەورە بوو و دەسەڵاتیان زۆر بوو، پاروویان چەورو لە لای بابە گەورە سید الرئیس (لعنه الله) بە حورمەت و پلەداروو ئێمەش موخەڕیب و پیاوی ئێران و دژی شەرعیەت و چی و چی و قسەی قۆڕی ئەوان بووین !

گەر کوردپەروەریەکەمان و خۆشەویستی نیشتیمان نەبوایە قسەی ئەوان ڕاستتر بوو ئێمە لێمان نەزانی گەر نا دەبوایە وەک ئەوانمان بکردبایە هەر ڕۆژەی رووومان لە شوێنێ بوایەو پیاوی ڕۆژ بواین و سەری شوانمان بە پێشمەرگە لە قەڵەم بدابا بۆ ئەوەی ئیمڕۆش هەم ڕێزدارو پلە بەرزو کار لە بەر ڕۆیشتوو باین و پیاویش نەدەوێرا تەماشامان بکات!...

نەوەک وەک ئێستامان، خوێنمان بەخشی و ماندووبووین و خزمەتیشمان کردن ئێستاش بە خاتری ئەوەی ئەوان خیانەتیان کردو جاسوسیان کرد کیمیاباران کراین و بێکەسیان کردین و بێکەس ماینەوە و ئەوانیش لە یادیان کردین و چۆن کەسیشمان نەما چاویان لێ سوور بکاتەوە بە فیتی ئەملاو ئیملاش هەڵناپەڕین چەندەها جار لە سایەی دەسەڵاتی کوردی غەدرمان لێکراوە،

کاکە ئەوەندەی سید الرئیس (صدام حسین لعنه الله وعلی أمثاله) کە ڕێزی لە بنەماڵەی شەهیدەکانی دەگرت ئەوەندە ڕێزەمان لێبگرن ئاهــ بەسسە ....

صدام دروشمێکی هەبوو نوسرابوو (الشهداء أکرم منّا جمیعا) ئەو خەفەتانە تەواو نابن.

ئەو جۆرە خەباتی کوردایەتیە هەر ئەوها دەبێت و چاکتر نابێت، هەر کوردستان خەراپتر نەبێت قیرۆسیا !

نوسەر بە کورتی:

لە ١٩٨٣ لە دایک بووم و لە ١٩٨٧/٤/١٦ لەگەڵ خانەوادەم کەوتینە بەر کیمیابارانی یەکەمی بالیسان (خوای گەورە لەم کیمیابارانە رزگاری کردین.(

بەڵام لە کیمیابارانی دووەمی بالیسان- کونەسیخور لە ١٩٨٨/٧/٣١ ئەم خۆشەویستانەم شەهید بوون" ئەو کاتە لە کیمیابارانی دووەم منیان لەگەڵ نەبوو لە ماڵی باپیرم بووم ...

١_ شەهید جعفر حمد بالیسانی" باوکم: لە تەمەنی ٣٢ ساڵی پێشمەرگە بوو شەهید بوو. موالید ١٩٥٦.

٢_ شەهید ئامینە رسول ابراهیم: دایکم لە تەمەنی ٢٣ ساڵی شەهید بوو.موالید ١٩٦٥.

٣_ شەهید بەناز جعفر : خوشکم " لە تەمەنی ٢ ساڵی شەهید بوو. موالید ١٩٨٦.

٤_ کۆرپەی دایکم: دایکم ئەو کاتەی شەهید بوو حامیلە بوو، لە دوای شەهید بوونیان سووتان و ئاگر لە لاشەیان بەربوو.

بابی شەهیدم لە ١٩٧٠-١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووەو، لە ساڵی ١٩٧٩ بوەتەوە بە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ " ئیتر ئەم خۆشەویستانەم شەهید بوون منیشیان بە تەنها جێهێشت" ئەو کاتە تەمەنم ٥ ساڵ بوو....

*تاقانەی ئەنفال و ڕزگاربووی کیمیاباران.

پێشنوێژو وتارخوێن و قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین.

# بەرکەوتوانی گازی کیمایی (کاریگەری زەبری دەروونی و هەنگاوەکانی چاکبوونەوە)



**یوسف عوسمان بالیسانی**
پسپۆری دەروونزانی

**لەوانەی لە ژەهراویبوونی گازی دەماری ڕزگاریان بووە بەگشتی بەدەست حاڵەتە درێژخایەنەکانی دەمارەوە دەناڵێنن و دەروونی قوربانییەکەش کاریگەری لەسەر دەبێت.**

بێگومان بەرکەوتن بە گازە کیمیاییەکان و چەکەکان دەبێتە هۆی زەبرێکی قوڵ وئاڵۆز، نەک تەنها جەستەیی بەڵکو پەڵەی دەروونی بەردەوام بەجێدەهێڵێت. لێکۆڵینەوە زانستییە کان، بەتایبەتی لێکۆڵینە وەکانی ڕزگاربووانی هێرشە کانی وەک هەڵەبجە  وبالیسان وبادینان، دەریدەکەوێت کە کاریگەرییە دەروونییەکەی کەمتر نییە لە کاریگەری فیزیکی وکەبۆ دەیان ساڵ کاریگەری دەرونی بەردەوام بێت.

گازە دەمارییەکان کە هەندێک جار پێیان دەوترێت مادەی دەمار، مادە کیمیاییە ئۆرگانییەکانن کە میکانیزمەکانی گواستنەوەی دەمارەکان بۆ ئەندامە جیاوازەکان تێکدەدەن. ئەم تێکچوونە بەهۆی ڕێگریکردن لە ئەنزیمەکەی ئەسیتیلکۆلین ڕوودەدات کە ئەسیتیلکۆلین کە گواستەرەوەیەکی دەمارییە دەشکێنێت.

ژەهراویبوونی گازی دەمار دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەی بیبیلەی چاو و زیادبوونی لیک و تەشەنوج و میزکردن وپیساییکردنی بێئیرادە، یەکەم نیشانەکانیش لە چەند چرکەیەکدا دەردەکەون دوای بەرکەوتن. مردن دەتوانێت لە ماوەی چەند خولەکێکدا ڕووبدات دوای ژەهراویبوون بەهۆی خنکان یان وەستانی دڵ کە لە ئەنجامی لەدەستدانی کۆنترۆڵی ماسولکەکانی هەناسەدان و ماسولکەکانی ترەوە دروست دەبێت. هەندێک لە گازە دەمارییەکان بە ئاسانی بە هەڵم یان ئایرۆسۆل دەبن و خاڵی سەرەکی چوونە ژوورەوە بۆ ئەم گازانە سیستەمی هەناسەدان. هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی پێستەوە هەڵبمژرێن، ئەمەش پێویستە ئەوانەی کە ئەگەری بەرکەوتەی ئەو جۆرە گازانە دەبن، جل و بەرگی پاراستنی تەواوی جەستە و ماسکی هەناسەدان لەبەر بکەن.

کاریگەرییە بایۆلۆژییەکان: زۆربەی مادە دەمارییەکان وەک ناوەکەیان دەردەکەوێت، هێرش دەکەنە سەر کۆئەندامی دەمار. ئەوان زۆر بە هەمان شێوە کاردەکەن: ڕێگری لە ئەنزیمێک دەکەن کە ئەسیتیلکۆلین ئیستراز دەشکێنێت، ئەو گواستەرە دەمارییەی بەرپرسە لە شکاندنی ئەسیتیلکۆلین لە پەیوەندییەکانی نێوان دەمارەکاندا کە کۆنترۆڵی گرژبوونی ماسولکەکان دەکەن. ئەگەر مادەی دەمار بەهێز بێت، ئەوا کارکردنی ماسولکەکان تێکدەدات، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ئیفلیجی بەشەکی یان تەواوەتی جەستە یان بەشەکانی. مادە دەمارییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دڵ و

ماسولکەکانی هەناسەدان هەیە. بەزۆری نیشانەکانی لە چەند چرکەیەکدا دوای بەرکەوتن دەردەکەون و مردن بەهۆی خنکان یان وەستانی دڵ لە ماوەی چەند خولەکێکدا ڕوودەدات.

کاریگەرییەکانی ماددە دەمارییەکان درێژخایەنن و لەوانەیە بۆ ماوەیەک بەردەوام بن. ئەوانەی لە ژەهراویبوونی گازی دەماری ڕزگاریان بووە بەگشتی بەدەست حاڵەتە درێژخایەنەکانی دەمارەوە دەناڵێنن و دەروونی قوربانییەکەش کاریگەری لەسەر دەبێت. کاریگەرییە ئەگەرییەکان لەوانەیە بۆ ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ دوای بەرکەوتن بەردەوام بن، و قوربانییەکە لەوانەیە هەست بە کاڵبوونەوەی بینین، ماندوێتی، لەدەستدانی بەشەکی بیرەوەری، دەنگە دەنگ، لێدانی دڵ، کەمخەوی و گرژبوونی چاوەکان بکات.

**ئەمانە هەندێک لە کاریگەرییە دەروونییە بەڵگەدارەکانن:**

_ تێکچوونی درێژخایەنی دەروونی: ڕێژەیەکی بەرزی بەرکەوتن لەو کەسانەدا بەدی دەکرێت کە تووشی:تێکچوونی فشاری دەروونی دوای کارەسات .(PTSD) لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە ئەوانەی بەرکەوتەی ئەو غازە دەبن زیاتر لە پێنج هێندە زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە PTSDزیاترە لە چاو ئەوانەی بەرکەوتەی ئەو گازە نین.واتە پێنج هێندە زەبری دەروونیان زیاترە لەوانەی دیکە.

_ خەمۆکی توند و دڵەڕاوکێی بەردەوام، کە لە باوترین نیشانەکانی درێژخایەنن.

_ بیرکردنەوەی خۆکوشتن کە لە ئەنجامی ئازاری درێژخایەن دروست دەبێت.

_ ڕەشبینی و بێ ئومێدی لە ژیان کە هەندێکجار بەرکەوتووان هیچ هیواک نابینن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان.

دابەزینی توانای مەعریفی: ماددە کیمیاییەکان (وەک گازی خەردەل و ماددە دەمارییەکان) دەتوانن ببنە هۆی تێکچوونی ئۆرگانیک بۆ سیستەمی دەمار، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی بیرەوەری و کێشەی تەرکیزکردن و گرنگیدان و خاوبوونەوەی خێرایی پرۆسێسکردنی زانیاری. و لە بیرچوونەوەی بەردەوام.

_ (هەلوەسەی) بەردەوام و خەونی ناخۆش . تێکچوونی سیستەمی خەو.

**دڵەڕاوکێی پیسبوونی کیمیایی:**

_ ئەمە ترسێکی نەخۆشییە کە تاکێک هێشتا "پیست بووە" یان ژەهر لە جەستەیدا هەڵگرتووە. واتە کەسێک هەست دەکات باش چەندین ساڵ جەستەی هەڵگری ئەو ژەهرە کیماوییە و خاوێن نەبۆتەوە ، ئەمەش ترسێکی بەردەوام هاوتا دەبێ لە گەڵ کەسە بەرکەوتووەکە.

_ ئەم دڵەڕاوکێیە دەبێتە هۆی دابڕانی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی کەسەکە لە ترسی کەسانی دیکە یان هەستکردن بە چەواشەکاری لە کۆمەڵگا دەکشێتەوە.

_ کاریگەری قووڵی لەسەر بڕیارە سەرەکییەکانی ژیانی هەیە، وەک ترس لە هاوسەرگیری یان منداڵبوون بەهۆی دڵەڕاوکێ لە گواستنەوەی کەموکوڕیەکانی لەدایکبوون بۆ نەوەکان.

_ کاریگەرییە دەروونی کۆمەڵایەتییەکان: کێشە و شێواوییە درێژخایەنەکانی جەستەیی دەبێتە هۆی لەدەستدانی کار و بێکاری و سۆزی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش لە بەرامبەردا هەستکردن بە خەمۆکی و گۆشەگیری توندتر دەکات.

**کاریگەرییە دەروونییەکانی چەکی کیمیایی درێژخایەن و بەربڵاون و قوربانییەکان پێویستیان بە چاودێری تەندروستی گشتگیر هەیە**



**جیاوازی کاتەکان لە کاریگەری دەروونی بەرکەوتووانی ژەهری کیمیایی:**

_ کورتخایەن (توند): وەکو ترسێکی بەهێز و زۆر و دڵەڕاوکێی توند، نیشانەکانی دەروونی جەستەیی (لێدانی خێرای دڵ، لەرز)، و سەرلێشێواوی دەروونی.

_ درێژخایەن (درێژخایەن): ئەوتێکچوونانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد خەمۆکی، PTSD، دڵەڕاوکێ، کە ڕەنگە دوای کۆتایی هاتنی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بۆ چەندین ساڵ دەربکەون یان بەردەوام بن یان بەدرێژایی ژیانی لەگەڵی بێت بەڵام بە سووکتر لە یەکەم جار.

کاریگەرییە دەروونییەکانی چەکی کیمیایی درێژخایەن و بەربڵاون و قوربانییەکان پێویستیان بە چاودێری تەندروستی گشتگیر هەیە (دەروونی و جەستەیی) بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە چاکبوونەوە لە زەبر و زەنگی کیمیایی (یان هەر زەبرێکی توند) کارەساتێکە نەک یەک ڕووداو. هیچ ڕێگایەک بۆ چاکبوونەوە نییە، بەڵام لێکۆڵینەوە و ئەزموونی کلینیکی ئاماژە بەوە دەکەن کە قۆناغ و هەنگاوی زانستی هەن کە یارمەتی ڕزگاربووان دەدەن ژیانیان بنیات بنێنەوە بە تایبەت لە ڕووی دەروونی. چونکە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕدا دەتوانێت کاردانەوەی دەروونی جددی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی بەرکەوتەی چەکی کیمیایین و بۆ کۆمەڵگاکان بە گشتی. ئەم کاریگەریانە بریتین لە:

١_ دڵەڕاوکێ و ترس بە تایبەتی لە ژن ومندال: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکەن لە بەرکەوتنیان.

٢- خەمۆکی: ئەوانەی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی لە شەڕدا دەبنە هۆی زیانێکی مرۆیی و ماددی لە ئەنجامدا بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت کەوا بیردەکەنەوەهەم ماڵ و ژیان و خۆیان لە دەست دا.

٣_ تێکچوونی دەروونی: ئەو تێکچوونە دەروونیانەی کە قوربانیانی چەکی کیمیایی لەوانەیە تووشی ببن بریتین لە ، بەرزبوونەوەی ئاستی فشاری دەروونی، دڵەڕاوکێی توند،

تێکچـــوونی خەو، فۆبیـــای بەردەوام بە تـایبەتی لە بـۆن و دوکەڵ لە ئاسماندا.

٤ــ کـاریگەری لەســەر منـداڵان: منــداڵان دەتوانێــت کــاریگەری نەرێنــی لەســەر بێـت بەهــۆی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی لە شــەڕدا، کە ئەگەری هەیە ببێـتە هـۆی زەبـر و زەنگـی دەروونـی درێژخایەن کە کاریگەری لەسەر ژیانی داهاتوویان دەبێت.

٥ــ برینداربوونی جەستەیی: ئەو کەسـانەی لە جەنگدا بەر چەکـی کیمیــــــایی دەکەون، لەوانەیە تووشی برینێکی جەستەیی توند و هەمیشــــەیی بــــبن کە چارەسەرکردنی قورسە، ئەمەش دەبێـتە هــۆی زەبــر و زەنگــی دەروونـی قـووڵ هەسـتکردن بە کەمئەندامی.

**ئەو هەنگـاوانە چـین کە دەبێـت ئەنجامبـدرێت بـۆ ئەو کەسـانەی کە بەرکەوتــووی کیمیــایین لە رووی دەروونــیەوە چ بکرێـت واتە هەنگاوەکان وەکو:**

١ــ ســەقامگیری و ســەلامەتی پــێش هەمــوو شـتێک دەبێـت کەســەکە هەسـت بە سـەلامەتی جەسـتەیی بکـات. لە چوارچێوەی زەبـر وزەنگـی کیمیاییـدا ئەمە بە واتای:

ــ جێهێشــــــتنی ژیــــنگەی هەڕەشـەئامێز: دڵنیـابوون لەوەی کە مەترسییەکە نەماوە. جارێکی دیـکە ئەمە روونـادات چـونکە دووای کارەســاتی هەڵەبــچە خەڵکــی کوردســــتان ئەو مەترسیەی هەر مابوو بە تایبەتی لە شـەری کەنـداو ،کە جـارێکی دیکە رژێمی فاشی چەکی کیمایی بەکـار بهێنێـت لە دژی کـورد . بۆیە دەبێت ئەو دڵنیـاییە هەبێت کە جارێکی دیکە ئەمە روونادات.

ــ چــــاودێری پزیشـــکی: چارەســەرکردنی کــاریگەرییە جەستەییە توند ودرێژخایەنەکان. ئــازاری جەســتەیی بەردەوام ســووتەمەنی دەدات بە ئــازاری دەروونی واتە ئازاری جەستەیی هۆکارێکە بۆ ئازاری دەروونی.

ــ شــــــوێنی حەوانەوە و پێداویســتییە ســەرەتاییەکان: دابینکردنی خانووی سـەلامەت و خــۆراک و ڕۆتینێکــی ســادەی ڕۆژانە. ئـاژاوە دڵەڕاوکـێ زیـاد دەکـــات، لەکاتێکـــدا ڕۆتـــین هەســـتکردن بە کـۆنترۆڵکردن دروست دەکات.

٢ــ پاڵپشـــتی دە روونـــی و کۆمـە لایـە تـی دە ستبە جـێ وەکو:

ــ پەیوەنـدی لەگەڵ ئەوانـی تـر: گۆشـەگیری خراپتـرین دوژمـنە دوای زەبـــر و زەنـــگ. پەیوەنـــدیکردن لەگەڵ خێـــزان، هـــاوڕێ، یــان گـــرووپە پشـتیوانییەکان (بەتـایبەت لەگەڵ رزگـاربووانی دیکە) هەسـتکردن بە تەنیـــایی و گۆشــەگیری کەمـدەکاتەوە و کەسـەکە دڵنیـا دەکـــاتەوە کە ئەوەی پێیـــدا تێـدەپەڕێت خەڵکـی و کەسـانی دەوروبەر لێی تێدەگات.

ــ فریـــاگوزاری ســـەرەتایی دەروونـــی: ئەمە وەڵامێکـــی پشـتیوانی و مـرۆییە کە ئامـانجی رزگارکردنی نارەحەتی دەروونی ســـەرەتاییە، پێشکەشـــکردنی یـــارمەتی پراکتیکـــی و پەروەردەکردنـــی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان. بە تەنهـــا بەجێنەهێشتنی.

٣ــ دەســـــــتێوەردانەکانی چارەسەری تایبەتمەند (کلیل): لەگەڵ جێگیربـــوونی حـــاڵەتەکە، پرۆســـەی بەکرداریکردنـــی یـــادەوەرییە زەبربەخشـــەکان و کەمکـــردنەوەی نیشـــانەکان دەســـتپێدەکات. هەنـــدێک لە چارەسـەرە کاریگەرەکان بـریتین لە:

ــ چارەســــەری دەروونــــی (چارەسـەری قسـەکردن) واتە لە رێـــگەی قســـەکردن و گفتوگۆکردن.

ــ چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی لەسـەر زەبـر (TF-CBT): ئەمە یـــارمەتی کەســـەکە دەدات لە تێگەیشـتن و گـۆڕینی شـێوازی بیرکـردنەوەی نەرێنـی پەیوەسـت بە زەبـــر و زەنـــگ (وەک هەسـتکردن بە تاوانبـاری یـان بێدەسـەڵاتی). بـۆ بیرکـردنەوەی خۆڕاگری و بەهێزی ئەرێنی.

ــ هەســـتیارکردن و دووبـــارە بەکرداریکردنـی جووڵەی چاو (EMDR): ئەمە زۆر کـاریگەرە

بۆ تێکچوونی فشاری دەروونی دوای کارەسات. یارمەتی مێشک دەدات یادەوەرییە زەبربەخشەکان "ریسایکل" بکاتەوە بە شێوەیەک کە نابێتە هۆی نارەحەتی توند، ئەمەش بیرهێنانەوەی یادەوەرییە ئازاربەخشەکان و کابوسەکان کەمدەکاتەوە.

ـ دەرمان (لە ژێر چاودێری پزیشکی دەروونی) :دەرمانەکان (دژە خەمۆکی، جێگیرکەری باری دەروونی) دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کۆنترۆڵکردنی نیشانەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێی توند، مێشک ئامادە دەکات بۆ ئەوەی سوود لە چارەسەری دەروونی وەربگرێت.

٤ـ بنیاتنانەوەی مانا (قۆناغی پێشکەوتوو) وەکو:

ـ زەبر وزەنگ، بەتایبەتی زەبر و زەنگی دروستکراو (وەک کیمیاباران)، بڕواوەرە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە جیهان دەشکێنێت (وەک "جیهان سەلامەتە"، "مرۆڤەکان باشن"). ئەو بڕواوەرەی لادروستبێت کە مرۆڤەکان باشن کەسی باش ماوە، بەها کومەلایەتییەکان هەرماون.

ـ گەڕان بەدوای مانادا: ڕەنگە ڕزگاربوو لە ڕێگەی یارمەتیدانی ئەوانی دیکە (چالاکی کۆمەڵایەتی)، بەشداریکردن لە دۆزی دادپەروەری، یان دەربڕینی هونەری (کێشان، نووسین) مانای نوێ لە ژیاندا بدۆزێتەوە. هەست بکات کە لە ڕێگای ئەو چالاکیانە ژیان مانایەکی دیکەی هەیە کە ئەوکەسە خۆی بیدۆزێتەوە و هەستی پێبکات.

ـ پێناسەکردنەوەی خود: گواستنەوە لە ناسنامەی "قوربانی" بۆ ناسنامەی "ڕزگاربوو"، و دواتر..ئەو کەسەی ڕزگاری بووە و چیرۆک و وانەی هەیە کە ئەبێتە سوود بۆ ئەوانی دیکە وە بەشێک لە لێکۆلینەوەی مێژوو

٥ـ چاکبوونەوەی جەستەیی بەردەوام:

لەبەر ئەوەی گازە کیمیاییەکان دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئۆرگانیک (بە سییەکان و پێست و دەمارەکان)، چاودێری پزیشکی بەردەوام بەشێکی دانەبڕاوە لە چاکبوونەوەی دەروونی. باشتربوونی تەندروستی جەستەیی وزە و توانای بەرەنگاربوونەوەی خەمۆکی و گرفتە دەروونیەکان بۆ تاکەکەس دەبەخشێت.ئامۆژگاری کرداری( پراکتیکی )بۆ خۆ یارمەتیدان (جگە لە چارەسەرکردن) کەسە تووشبووەکە ئەبێت خۆی بەردەوام ئەم هەنگاوانە ئەنجامبدات تا بتوانێت قەلغانێکی دەروونی بۆ خۆی دروستبکات دژی گۆشەگیری و ڕەشبینی وەکو:

ـ هەناسەدان و وردبینی: ڕاهێنانی هەناسەدانی قووڵ سیستەمی دەماریی زۆر هێور دەکاتەوە.

ـ چالاکیی جەستەیی سووک: ڕۆیشتن بە پێ، تەنانەت مەودای کورتیش یارمەتی ڕێکخستنی هۆرمۆنەکانی فشار دەدات.

ـ کەمکردنەوەی وورژێنەرەکان: دوور بکەوەرەوە لە بەرکەوتنی زۆر بە هەواڵ یان ئەو ماددانە کە ڕەنگە زەبر وزەنگیان لێبکەوێتەوە بە تایبەتی لە ڕۆژی یادکردنەوەی کارەساتەکە کە بۆ هەندێک کەس کە خۆی بەرکەوتوو بوە کەس وکارەکەی لەدەست داوە زۆر ناخۆش دەبێت هەمان شت دووبارە دەبێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا رووی داوە.

لە کۆتاییدا: چاکبوونەوە هێڵکاری نییە (ڕەنگە ڕۆژی باش و ڕۆژی خراپی هەبێت)، بەڵام دەکرێت. گەشتێکە کە پێویستی بە سەبر و پشتیوانی پیشەیی و هاودەنگی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو کەسەی بەم ئەزموونەدا تێدەپەڕێت، لاواز نییە، بەڵکو شەرکەرێکە لە شەرێکی دەروونی ڕۆژانەدایە ئەبێت ئەو شەرە ببەاتەوە دەروونداروستێکی سەرکەوتوو بێت بۆ خوی و ئەوانی دیکە کەناتوانن هەنگاوی چاکبوونە ئەنجم بدەن.

# خود پێوەری

## (قیاس النفس )



صالح ئەکرەم حەیدەری

**پەیرەوکردنی ئەو بابەتە دەروونیە لە کاری رۆژانەمان، سودی زۆری دەبێت بۆ لێکگرێدانەوەی ئەلقە ونبوەکانی کۆمەلایەتی و خۆشەویستیەکی رادە بەدەر بۆ خاک و نیشتمان دەهێنێتە کایەوە.**

مرۆڤە بە ویژدانەکان، ئەوکاتە دەتوانن پاداشتێکی راستەقینە بدەن بەلایەنی بەرامبەر، کاتێ خود پێوەرییان بۆ هەموو ئەو کەس و دەستە و خەلکانە کرد کە لەبوارێ قوربانیان داوە، تێکۆشاون، داهێنانیان کردووە.... هتد...

گەر خۆت هێنا شوێنی ئەو مرۆڤانە رووبەروویان دەبیتەوە، بەووردی لە ژیانیان گەیشتی و رادەی قوربانی و چەرمەسەری ئەوانت بۆ دەرکەوت، ناچار دەبێ رێزی بگری و هاوکاری بیت بۆ مەیسەر کردنی کارەکانی، خزمەت کردنی بەئەرک بزانی، ئەوکات ئەو مرۆڤە قوربانیدەرە دەزانێت هەولەکانی، جوانیەکانی، بەهەدەر نەچووەو ئەنجامی هەبووەو خەلک لەپایەی ئەو خزمەت و قوربانیەی رێزی دەگرێت.

پەیرەوکردنی ئەو بابەتە دەروونیە لە کاری رۆژانەمان، سودی زۆری دەبێت بۆ لێکگرێدانەوەی ئەلقە ونبوەکانی کۆمەلایەتی و خۆشەویستیەکی رادە بەدەر بۆ خاک و نیشتمان دەهێنێتە کایەوەو ئەو ئینتمایەی پێمان وایە نەماوە، بە شێوەیەکی تر و پڕ سۆزتر و جوانتر لە نێو نەوەی نوێدا لە دایک دەبێت...

خوێنەری بەرێز...

ئەو رۆژانە کتێبی (وەرزەکانی بەرەنگاری)م دەخوێندەوە، کە یادەوەری پێشمەرگەی دێرین شۆرش اسماعیل ە کە ئێستا جەنابیان وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

ئەو کتیبە، زۆر زانیاری و یادەوەری پر شانازی لەخۆ دەگرێ، ئەوەی کە جێگای باسی منە لە لاپەرەی ١١٩بە ناونیشانی (میوانی ئەمنەکان)باسی گیرانی خۆی دەکات لەناوەراستی سالی ١٩٧٦لەلایەن دەزگا تۆقێنەرەکانی بەعس لە سلێمانی، گیراوە، ماوەی گیرانەکەی چەند هەفتەیەک بووەو ئەو ماوەیە زۆر ئازار وسوکایەتی و چەرمەسەری زۆری بینیووە، زۆر لە زیندانیانی ناسیووە، هەندێکیان بۆ ئەو بونەتەمامۆستا هەندیکیشیان بە بێ دەنگی لێ ی روانیون بۆ بزانێ لە زیندان چ دەگوزەرێ.

شۆرش اسماعیل دەلێ من هەرکاتێ زیندانیەکی سیاسی دەبینم، کە دلنیا دەبم بەوەی هیچی نەدرکاندووەو بۆتە قەلا و سندوقی رەش بۆ رێکخستن و خەلک، لەسەر حسابی ئازار و مەینەتیەکانی زیندان هەموویانی پاراستووە، ئەومرۆڤە وەک پالەوان سەیر دەکەم و هەمیشە حەزم لێ یە رێزبەرامبەریان بنوێنم، چیم پێ بکرێت بۆیان مەیسەر بکەم، چونکە من دەزانم چەندە سەختە بتوانی بەرامبەر ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی ئەو زالمانە بوەستی و بەسەربەرزیش لێ ی دەرچی.

ئەمەیان نمونەیەیەک، نمونەیەکی تر حەزدەکەم بیخەمە ناو چوار چێوەی نوسینەکەم ئەمەی خوارەوەیە...

ئەو رۆژانە لە پرسەیەکی ئازیزانی بەرگرکە گەرامەوە بۆ

رانیە لە رێگادۆلی خانەقا – وەرتێ، دوو ئازیزم لەگەڵ بوون، لەلای چەپی رێگای قیرەکە، چاوم کەوتە سەر پیادە رێگای کۆنی خانەقا-وەرتێ، گوتم کورپینە سەیر کەن ئەو رێگا تەسک و باریک و لێژەی کەن، کاتی خۆی تاکە رێگای پیادەی خەڵکی گوندی وەرتێ بووە.

گوندی وەرتێ یەکێکە لە ناوداترین گوندەکانی کوردستان، جوگرافیایەکی سەختی هەیەو زستانان هەمیشە جەنرالی بەفر بەسەریەوەیە و دەور دراوە بە چیاو شاخی حاسێ، هاوینانی فێنک و پاییزی پر بەرهەم بووە، لەبەر ئەو خاسیەتانە کەم پێشمەرگە و تێکۆشەری کورد هەیە ماوەیەک لەوێ نەبووبێ، خەڵکەکەشی تا بلێ ی فیداکار و تێکۆشەر بوینە بۆ کورد و کوردستان.

گوتم...

بەو پیادەیە رێیە، پر مەترسی یە، ولاخەکەت بار بکەیت لە پێداویستی خۆراک بۆ ماڵ و مناڵ ببەیتەوە، حەفتاکان و هەشتاکانیش دەست کەوتنی فەردە ئاردێک، برنج، شەکر.... هتد بۆ خەڵکی گوندەکان زۆر ئەزیەت بوو بەتایبەت ئەو گوندانەی دوژمن دەیزانی پێشمەرگە هاتوچۆیان دەکەن و ئەیانزانی کە خەڵکی ئەو گوندانە، جگە لە دڵی خۆیان، دەرگای ماڵەوەشیان بەو پەری سۆزەوە بۆ کردونەتەوەوبە کوری خۆیان دەزانن.

ئەو جوامێرانەی گوند، نە ژەمێ نەدوان، نە رۆژێ نەدوان، نەسالێ نەدوان، بەردەوام لەو بارە دەژیان، چیان پێ کرابێ بۆ خزمەتی پێشمەرگە کردویانە، ئینجا بێنە بەرچاوی خۆت، ئەو پێشمەرگەیەی دوێنی کە ئیمرۆ دەستەڵاتدارە، خود پێوەری بۆ خۆی بەرامبەر خەڵکی ئەو گوندە تێکۆشارانە بکات، دەبێ ئەرکی چەندە قورس بیت کە بەدلسۆزی جێ بە جێ ی بکات، ئەی دەبێ دەرەنجامی چەندە مەزنی بۆ خۆشەویستی خاک و نیشتمان لێ بەرهەم بێت، ئەی گەر پێچەوانە ئەو خود پێوەریە نەکات، کە بەداخەوە زۆرینەیان وان، دەبێ دەرەنجامی چەند خراپێ هەبێت کە ئێستا خۆمان رۆژانە دەبینین....

بۆیە مرۆڤەکان بەگشتی لەکۆمەڵگای خۆمان بێن، خود پێوەری بکەن بە چەکێکی مەزن و تێگەیشتن لە ئەو مرۆڤانەی رووبەرویان دەبینەوە...

بە نمونە...

جوامێرێ ناوەراستی حەفتاکان و سەرەتایی هەشتاکان



بوبێتەپێشمەرگە، دەبێ چ مرۆڤێکی ئازاو بوێر بوبێت، بەپارەی خۆت چەک و گولله و پێداویستی پێشمەرگایەتی بکری، لە کاتی ئاشکرا بوونی، خانەوادەکەی دەگیران، ژن و دایک و خوشک ئازاری جەستەی و دەروونی دەدران تا دەگەیشتە دەست بردن بۆ ناموس، خانەوادە لە ترس گرتن و ڕەدونان هەر شەوێ لە ماڵێ، زۆرینەش بەترس داڵدەیان دەدان و یان دەستیان لە ڕوویان دەنان و دەیان گووت بە خوای ناوێرین، ماڵمان کاول دەبێ، بێ ئومێد دەکران و هەستێکی ناخۆشی بۆ دروست دەبوو، ئاخر ئەمە هەر بە قسە خۆشە، بۆیە خود پێوەری بۆ پێشمەرگە و خانەوادەکانیان، مەزنی بۆ نیشتمان دروست دەکات...

خانەوادەی شەهیدان، زیندانیەکان، ڕێکخستنی نهێنی، تێکۆشەری دیهاتەکان بە خەلکی مەدەنی و هێزی پشتگیری، کەس و کاری ئەنفالکراوان، بریندارانی کیمیا باران، بنەماڵە تێکۆشەر و دەولەمەندەکان، تا دەگاتە ئەو جاش و خەلکانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە نێو ڕژێم بووینە، بەلام موجازەفەی زۆر مەزنیان کردووە بۆشۆرش و کورد و کوردستان، هەریەکەیان خاوەنی دەیان چیرۆک و کەرەسات و قوربانی و کار و بەخشین بووە، بۆیە شیتەلکردنیان و ڕێزگرتن لەهەر بەشەی کەلەسەرەوە باسم کردووە، خزمەتکردنیان و پەسن کردنیان لەکاتی خۆی بە حەقی ئەو کاروئەو بەخشینەیان کە ئەنجامیان داوە، ئەوە خزمەتێکی زۆر بە خەبات و تێکۆشان دەکات و ئەنجامەکەشی وا دەبێت کەسووی لە قوربانی و تێکۆشانی خۆی نابێتەوە، چونکە دەزانێ ئەو ڕێز گرتن و پاداشتە مەعنویە ئەوە ئەنجامەکەیەتی...

من وا بەباش دەزانم دەستەیەک لە مامۆستایان و پسپۆرانی دەروونزانی پرۆژەیەکی ووردی پەروەردەی ئامادە بکەن، لەگەل حکومەتی هەرێمی کوردستان دانوساندنی پێویست بکرێت، کە چۆن هەر وەزارەتێک و دەستەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کار بکات بۆ ئەوەی وەک تاک و وەک کۆ، جێگا بکاتەوە لە بەرنامە و پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل ئەو کەس و لایەنەی کە درێغی نەکردووە لەقوربانی دان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، کە شایستە بێت لەگەل قوربانیەکان.

هەر بۆ نموونە...

کاتی خۆی لەسەردەمی حکومەتەکانی عیراق بە دوایین حکومەتی دیکتاتۆریش، کە فەرمانبەرێکیان خانەنشین بوایە ئەوا نیشانەیەکیان پێ دەدا بە بەرۆکیەوە دەکرد لایەنی کەم لە نێو وەزارەت و دەزگاکانی سەربەوەزارەتەکەی ڕێزی لێ دەگیرا و کارەکانی بۆ ڕایی دەکرا، کە ئەنجامەکەی هەستێکی دەروونی مەزنی پێ دەبەخشی.

ئەرکی وەزارەتەکان و دەستەکانی حکومەت بە پێ ی تایبەتمەندی خۆی دەگۆڕێ بۆ چۆنیەتی مامەلەکردن لە بونیات نانی ئەو ڕێز و خۆشەویستی و خزمەتە بەرامبەر خەلکە قوربانیدەرەکەی کوردستان.

خوێنەری ئازیز

ڕەنگە ئەو بابەتە بە بابەتێکی سادە و سەرپێ ی سەیر بکرێت، بەلام گەر وەک پرۆژەیەکی گشتگیر کاری لەسەر بکرێت و کۆمەلگا هوشیار بکرێتەوە و تاک و کۆ بە گیانێکی مەزن خود پێوەری جێ بەجێ بکەن ئەو ئەنجامەکەی خۆشەویستی نیشتمان و بەرگری لەهەموو بستێکی ئەو خاکە پیرۆزە لە لایەن هاونیشتمانیان دەبێت بە ئەرکێکی پیرۆز و لەکۆتاییدا ئەو ئینتمایەی کە هەموومان پێمان وایە بۆ نیشتمان نەماوە زۆر مەزنتر دەبێ و خوێنی نوێ لە لایەن نەوە تازە پێگەیشتووەکان تیادەرژێت و گەیشتن بە ئاواتی سەربەخۆی کوردستان نزیکمان دەکاتەوە.

# ترس

## پاش تەواو بونی جەنگ و بێدەنگ بوونی چەکەکان



جێگر فەقێ شێخ وەسانی

**کاتێك مرۆڤ لە ترسدا ڕزگاری نەبێت (واتە نەیتوانیوە شەڕ بکات یان ڕابکات)، لەو وزەیەی ترس لە جەستەدا دەمێنێتەوە. دواتر، هەر دەنگێك، بۆنێك، یان هەستێك کە بیرت بفاتەوە سەر ڕووداوەکە، لەو هەموو وزەیە جارێکی تر چالاك دەبێت.**

ئەوکاتە قورسترین بەشەکانی کاری گەری دەرونی دەست پێدەکەن ،جەنگ لەناخ و دەرون و پەیوەندیەکاندا بەردەوام دەبێت ،ترسێک دروست دەبێ کە هیچکات دونیا ئارام نیەو ترسی دوبارە شەرو ماڵویرانی و کوشتن وەک تراومایەک بەردەوام لەگەل مرۆڤ دادەبن ،بەردەوام ترس لەئاینیدەیەکی نادیار ژیان بکات و بریارەکانی ژیانی زۆر قورس دەبن ، خاڵی هەرە خراپ سەرەرای لێکەوتە دەرونیەکانی پەروەردەکردنی نەوەکانمانە بەترس و ئایندەی نادیار ،ئەمەش وادەکا تاکی کورد ژیان نەکا ،بەلکوو بەردەوام لەبیری خۆپارێزی دابێ و بێ متمانەیی بەنەتەوەکانی دەورووبەرمان گەیشتۆتە لوتکەو تەنیا چیاکان بەشوێنی ئەمان و بێ ترسی خۆمان بزانین

جاری بابزانین ترس خۆی چیە:

ترس یەکێکە لە شەش هەستی بنەڕەتی مرۆڤ (لەگەڵ خۆشی، خەم، تورەیی، سەرسورمان، و قێزەون). ئەرکی سەرەکی ترس پاراستنە: مێشک و جەستە بە ترس وەڵام دەدەنەوە بۆ ئەوەی لە مەترسییە ڕاستەقینەکان ڕزگاریان بکەن.

جۆرەکانی ترس:

١_ ترسی سروشتی: ئەم جۆرە ترسە لە وەڵامی مەترسی ڕاستەوخۆدا دروست دەبێت، وەک ترس لە شەڕ، ترس لە بەرزی، ترس لە ئێمێڵی.

٢_ ترسی دەروونی: ئەم جۆرە ترسە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و هەستە نەرێنییەکانەوە دروست دەبێت، وەک ترس لە شکست، ترس لە ڕەخنە، ترس لە دابڕان.

٣_ ترسی فۆبیا: ئەم جۆرە ترسە لە شتێک یان حاڵەتێکدا دروست دەبێت کە لە ڕاستیدا مەترسی نییە، وەک ترس لە شوێنی داخراو (کلاستروفۆبیا)، ترس لە باڵندە (ئۆرنیتۆفۆبیا).

کاریگەرییەکانی ترس:

جەستەیی: زیادبوونی لێدانی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەناسە تەنگی، شڵەژان و دڵەڕاوکە.

دەروونی: دڵتەنگی، ترس، خەمۆکی، توڕەیی.

کۆمەڵایەتی: دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ، کێشەی پەیوەندییەکان.

لە ڕوانگەی زیندەوەرناسییەوە:

١_ ترس لە ئەمیگدالا (Amygdala)لە مێشکدا سەرچاوە دەگرێت.

_ کاتێک مەترسی هەست دەکات، ڕاستەوخۆ سیستەمی دەماری هاوخەری (Sympathetic Nervous System)چالاک دەکات.

_ ئەنجام: لێدانی دڵ خێرا دەبێت، هەناسە تەنگ دەبێت، ماسوولکەکان توند دەبن، خوێن بەرەو ئەندامە سەرەکییەکان دەڕوات. ئەمە ئامادەکارییە بۆ

"شەڕ یان ڕاکردن (Fight or Flight).
لەم ئاستەدا، ترس دۆستێکە. بەبێ ترس، مرۆڤ نەیدەتوانی لە مەترسییەکان ڕزگاری ببێت.

٢_ ترس وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر نادیاری

ترس تەنها کاردانەوەیە بەرامبەر مەترسییەکی ڕاستەقینە، بەڵکو لە ئاستی باڵاتردا، ترس کاردانەوەیە بەرامبەر نادیاری و نەتوانینی پێشبینی کردن.
مرۆڤ مێشکێکی هەیە کە بەردەوام هەوڵ دەدات داهاتوو پێشبینی بکات. کاتێک ڕووداوێکی ترسناک ڕوویداوە (وەک جەنگ، کیمیایی، کوشتن)، مێشک فێری ئەوە دەبێت کە "هیچ کاتێک ئەمن نییە". ئەو کاتە ترس لە کاردانەوەیەکی کورتخایەن دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی هەمیشەیی بوون.
لەم حاڵەتەدا، ترس چییە؟
_ ترس بیرەوەرییەک نییە کە تەواو ببێت.
_ ترس پێشبینییەکی بەردەوامە کە "شتێکی خراپ ڕوودەدات."
_ ترس ئێستا دەخوات، چونکە مێشک لە ڕابردوودا گیری خواردووە و لە ترسی دووبارەبوونەوە، ئێستا وەک مەترسی لێکدەداتەوە.

٣_ ترس وەک شتێک لە جەستەدا کۆدەبێتەوە

ترس تەنها لە مێشکدا نییە. دەروونناسەکانی ترومای جەستە (وەک بێسێل ڤان دێر کۆڵک) دەڵێن: ترس لە جەستەدا کۆدەبێتەوە.
کاتێک مرۆڤ لە ترسدا ڕزگاری نەبێت (واتە نەیتوانیوە شەڕ بکات یان ڕابکات)، ئەو وزەیەی ترس لە جەستەدا دەمێنێتەوە. دواتر، هەر دەنگێک، بۆنێک، یان هەستێک کە بیرت بخاتەوە سەر ڕووداوەکە، ئەو هەموو وزەیە جارێکی تر چالاک دەبێت.
لەم ئاستەدا، ترس چییە؟
_ترس وەڵامدانەوەیەکی جەستەییە کە مێشک دەتوانێت پێی بواسێت، بەڵام جەستە بەردەوامە.
_ ترس بەرگرییەکە کاتێک مەترسی ڕابردووە، بەڵام جەستە هێشتا "لە شەڕدا"یە.

٤_ .ترس وەک نەبوونی کۆنترۆڵ

لە ڕوانگەی فەلسەفی و بوونییەوە (Existential) ، ترس لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە نەتوانینی کۆنترۆڵکردن. مرۆڤ دەترسێت لەوەی:
_ ناتوانێت لەش و گیانی خۆی بپارێزێت.
_ ناتوانێت کەسە خۆشەویستەکانی بپارێزێت.
_ ناتوانێت داهاتوو پێشبینی بکات.
_ لە کۆتاییدا، دەترسێت لە مردن و نەمان.
ترسی کیمیایی، ترسی جەنگ، ترسی دووبارەبوونەوە—هەموو ئەمانە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەم ڕاستییە کە مرۆڤ دەزانێت لە جیهانێکدا دەژی کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەویش هێز هەن.

٥_ ترس وەک ڕێبەر یان زیندان

ترس دوو ڕووی هەیە:
ڕووی یەکەم: ترسی تەندروست
_ پارێزەرە.
_ سنوور دادەنێت.
_ وا دەکات لە مەترسییە ڕاستەقینەکان دوور بکەوینەوە.
_ ئەگەر لەسەر بنەمای ڕاستیی ئێستا بێت، ڕێبەرێکی باشە.
ڕووی دووەم: ترسی ناتەندروست (Pathological Fear)
_ کاتێک ترس لە ڕاستییەکە جیا دەبێتەوە.
_ کاتێک ترس دەبێتە خاوەنی مرۆڤ، نەک مرۆڤ خاوەنی ترس.
_ کاتێک ترس وا دەکات مرۆڤ لە ژیان دوور بکەوێتەوە، نەک لە مەترسی.
_ کاتێک ترس دەبێتە "ترسی ترس—(fear of fear)" مرۆڤ نەک لە مەترسییەکە دەترسێت، بەڵکو لەوەی کە ترسەکە جارێکی تر بێتە سەری.
لەم حاڵەتەدا، ترس چییە؟
_ ترس دەبێتە زیندان. زیندانێک کە دیوارەکانی لە دەرەوە نییە، لە ناوەوەی مێشک و جەستەدا دروست بووە.

٦_ ترس وەک پەیامێک

لە ڕوانگەی چارەسەری دەروونییەوە) بەتایبەت لە شێوازەکانی وەک Somatic Experiencing وInternal Family Systems)، ترس پەیامێکە. ترس دەڵێت:

_ "شتێک ڕوویداوە کە زۆر قورس بووە".

_ "هێشتا ئەمن نییە".

_ "پێویستە وریا بم".

_ "ئەزموونێک هەیە کە هێشتا پرۆسێس نەکراوە".

کاتێک گوێ لەم پەیامە ناگرین، ترس بەردەوام دەبێت. کاتێک فێردەبین پەیامەکە وەربگرین بەبێ ئەوەی ڕێگە بە ترس بدەین کە هەموو ژیانمان کۆنترۆڵ بکات، ئەو کاتە ترس دەگۆڕێت بۆ هۆشیاری و ئاگایی.

**کیمیاوی لە ڕێگەی هەوای هەناسەوە دێت. لەمە وا دەکات خودی کرداری هەناسەدان ببێتە جێی ترس. مرۆڤ لە ترسی لەوەی هەر هەناسەیەك دوا هەناسەی بێت**

١_ تایبەتمەندییەکانی ترسی بەرکەوتنی کیمیاوی

ترسی بەرکەوتنی کیمیاوی لەگەڵ جۆرەکانی تری ترسی جەنگدا هاوشێوەیی هەیە، بەڵام تایبەتمەندییەکی جیای هەیە:



_ نادیاری :(Invisibility) چەکی کیمیاوی نادیارە. مرۆڤ ناتوانێت دوژمن ببینێت یان بزانێت کەی و لە کوێوە دێت. ئەمە وا دەکات مێشک بەردەوام لە حاڵەتی هۆشیاریی بەرزدا بێت، چونکە "هیچ شتێک نییە کە ببینرێت، بەڵام هەموو شتێک دەتوانێت ببێتە هەڕەشە."

_ پەیوەندی بە هەناسەوە: کیمیاوی لە ڕێگەی هەوای هەناسەوە دێت. ئەمە وا دەکات خودی کرداری هەناسەدان ببێتە جێی ترس. مرۆڤ لە ترسی ئەوەی هەر هەناسەیەک دوا هەناسەی بێت، دەچێتە حاڵەتی گرژی و خەفەت.

_ کاریگەریی درێژخایەن لەسەر جەستە: نەخۆشییەکانی پاش بەرکەوتنی کیمیاوی (وەک شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی هەناسە، و کێشەکانی لەدایکبوون) دەتوانن ساڵانێک دوای ڕووداوەکە دەربکەون. ئەمە وا دەکات ترس ببێتە ترسێکی بێکۆتا کە هەموو ڕۆژێک دەتوانێت هەواڵێکی نوێ بهێنێت.

٢_ کاریگەریی دەروونی و جەستەیی

أ_ لە ئاستی جەستەدا:

_ تەنگەنەفەسی دەروونی (Psychogenic Dyspnea): زۆربەی کەسەکانی بەرکەوتنی کیمیاویان بینیوە یان ترسیان لێی هەیە، هەست بە تەنگەنەفەسی دەکەن تەنانەت کە جەستەیان لە ڕاستیدا کێشەی هەناسە نییە. مێشک هەست بە "کەمی هەوا" دەکات.

_ هەستیاریی زۆر بە بۆن و گەرد: بۆنە لاوازەکان (دەنگی گاز، بۆنی کلۆر، دووکەڵی پلاستیک) دەتوانن وەک "ترێگەر" کاربکەن و وا لە جەستە بکەن وەڵامی ترس بداتەوە، تەنانەت ئەگەر مەترسییەکی ڕاستەقینە لەبەردەست نەبێت.

_ نیشانەکانی سۆماتیک (Somatic Symptoms): سەرگێژان، لەرزین، و هەستی "نەخۆشیی نادیار" لەنێو ئەو کەسانەدا باوە کە ترسی کیمیاییان هەیە.

ب_ لە ئاستی دەروونیدا:

_ ترسی پیسبوون (Contamination Fear): مرۆڤ لە ترسی ئەوەی کە "ژینگە پیسە" و "ئەم پیسییە لە جەستەمدا ماوەتەوە"، دەچێتە حاڵەتی شوشتن و پاکردنەوەی زۆر لە حەد.

_ ترسی بە نەوە گواستنەوە: کەسەکانی خۆیان بەرکەوتووی کیمیان، یان لە ناوچەی بەرکەوتوودا دەژین، ترسی زۆریان لەوەیە کە "ئەم نەخۆشییە بگوازنەوە بۆ منالەکانیان". ئەمە دەبێتە هۆی خۆتۆمەتبارکردن و نیگەرانیی بەردەوام.

_ گومان لە دەزگا تەندروستییەکان: کاتێک دەزگا تەندروستییەکان ناتوانن وەڵامی ڕوون بدەنەوە یان پزیشکەکان خۆیان لەم بابەتە ئاگادار نین، متمانە بە هەموو سیستەمی تەندروستییەوە لەناو دەچێت.

٣_ کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

ترسی بەرکەوتنی کیمیاوی پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی تایبەت تێکدەدات:

_ دوورکەوتنەوە لە شوێنە گشتییەکان: بازاڕ، قوتابخانە، یان تەنانەت کۆبوونەوەی خێزانی لە دەرەوە دەبنە جێی ترس. ئەمە دەبێتە هۆی گوشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی.

_ گومان لە کەسانی تر: مرۆڤ لە ترسی ئەوەی کە کەسی تر "کیمیای لەسەر جلەوە هێنابێتە ژوورەوە"، لە نزیکبوونەوە و پێکەوە ژیان دوور دەکەوێتەوە.

_ بێدەنگی و شەرمەزاری: زۆربەی قوربانیانی کیمیایی لە ترسی "بە لاواز دیارنەکەوتن" یان لە ترسی ئەوەی کە "خەڵک بڵێن شێتانە"، باسی ترسەکانیان ناکەن. ئەم بێدەنگییە ترسەکە قووڵتر دەکات

کۆتایی

ترسی شەڕ و ترسی جینۆساید لە ناو کورددا، تەنها کاردانەوەیەکی دەروونی نییە بەرامبەر مەترسییەکانی ڕابردوو. ئەم ترسە بووەتە بەشێک لە بوونەوەری کۆمەڵایەتی (collective being)ی کورد. لە ناخی خێزان و کۆمەڵگادا، لە پەیوەندی لەگەڵ خاک و زماندا، لە شێوازی پەروەردەکردنی منالاندا، ئەم ترسە بەردەوامە.

چارەسەر لەوەدایە کە:

١_ بەبێ شەرمەزاری دان بە بوونی ئەم ترسەدا بنرێت.

٢_ ڕاستییەکانی مێژوو بە شێوەیەکی گشتی دانپێدانان و تۆمار بکرێن.

٣_ لە ئاستی کۆمەڵگادا پێکهاتەکانی ئەمنی کۆمەڵایەتی (دادپەروەری، پەروەردە، تەندروستی دەروونی) بنیات بنرێنەوە.

٤_ لە ئاستی تاک و خێزاندا، ڕێگە بە گێڕانەوەی چیرۆک و دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی متمانە بدرێت.

ترسی جینۆساید لە ناو کورددا برینێکی کراوەیە کە هێشتا خوێن لێی دەڕوات. چاکبوونەوە پێویستی بە کات و سەبر و پێکهاتەکانی پشتیوانی هەیە، بەڵام ڕێگای چاکبوونەوە بە داننان و گێڕانەوە و دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی متمانە دەست پێ دەکات.

لەکۆتایی ئەمەوێ ئەوە بڵێم ترس بۆتە شوناسمان ،شەرو کاولکاری و ماڵوێرانی بونەتە قەدەری ئێمە ،میلەتی هۆشیار بیر لەخۆیەکاتەوە ،گرفت و تەگەرەکانی تێدەپەڕێنێ ،ئاگایی دروست دەکا ،بەرامبەری خۆی باش دەناسێ،هەولی هەلسانەوەی ڕۆحی و تێپەراندی ترسەکانی دەدا ،دروست کردنی ئاگایەکەی ،لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە و نێو دەولەتی دەبێ،لەهەمو ئاستەکانی پەروەردەیی و فەرهەنگی ....بەلام پێم وایە لەهەمویان گرنگتر هەولدانمان چربکەینەوە بۆ دروستکردنی ئەمنی یاسایی و دەستوری لەئاستی هەرێمی نێودەولەتی ،بۆ ئەوەی مەحکوم نەبین بەدوبارەبونەوەی کارەسات و گرفتاریەکانمان و ترسی بەردەوام.


### پرۆژەی ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی کوردستان

# کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستان و کەیسی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان(١٩٨٧)

## لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس، چوارچێوەی یاسایی و دادپەروەری راگوزەریدا



عەدالەت عومەر
نوسەر و لێکۆڵەری بواری جینۆساید



**ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەیەکی یاسایی–مێژوویی (legal-historical approach)کار دەکات و ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستی و بەڵگەدار، هێرشە کیمیاییەکان دژی گەلی کوردستان هەڵسەنگێنێت و کورتکراوی توێژینەوەکەیە.**

**توێژینەوەکە پشت بە سێ جۆر سەرچاوە دەبەستێت:**

**یەکەم، بەڵگەنامە ئەرشیفییەکان، بە تایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی لەلایەن ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی کوردستان (KGNA)کۆکراونەتەوە؛**

**دووەم، سەرچاوە یاسایی و دادگایی، وەک بڕیارەکانی دادگاکان و کەیسە نێودەوڵەتییەکان؛**
**سێیەم، ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق.**

**لە هەمان کاتدا، ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی دادپەروەری ڕاگوزەری (transitional justice)دا کار دەکات، هەوڵ دەدات تاوانەکان نە تەنها وەک ڕووداوێکی مێژوویی، بەڵکو وەک بەشێک لە پرۆسەی دادگاکردن، ناساندنی ڕاستی و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان هەڵسەنگێنێت.**

**ئەم توێژینەوەیە لە هەمان کاتدا لە دوو ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی کار دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی یاسایی تاوانەکان، و هەوڵ دەدات بە یەکگرتنی ئەم سەرچاوانە، چوارچێوەیەکی زانستی بۆ جینۆساید دژی گەلی کورد پێشکەش بکات.**

## پێشەکی

کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستان یەکێکە لە ڕەشترین تاوانەکانی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، و یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی کە بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەکاری هێنرا. چەکی کیمیاوی، وەک چەکێکی قەدەغەکراو لە یاسای نێودەوڵەتی، بە شێوەیەکی سیستەماتیک دژی دانیشتووانی مەدەنی بەکار هاتوو، کە ئەمە دەچێتە ناو چوارچێوەی تاوانە گەورەکان لە یاسای نێودەوڵەتی.

## چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی

پرۆتۆکۆلی ژنێڤ (Geneva Protocol)ساڵی ١٩٢٥، کە لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٥ پەسەند کرا و لە ٨ی شوباتی ١٩٢٨ جێبەجێ کرا، یاسایەکی سەرەکییە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازە ژەهراوی و ماددە خنکێنەرەکان، هەروەها چەکی بایۆلۆجی و بەکتریالۆجی لە شەڕدا. ئەم یاسایە بە شێوەیەکی ڕوون بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە هەموو شێوەیەک قەدەغە دەکات.

حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٣١ بوو بە ئەندامی ئەم پرۆتۆکۆلە، بەڵام بە هەمان کاتدا بە مەرجێک پەیوەست بوو کە لە ئەگەری بەکارهێنانی سەرەتایی ئەم چەکە لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە، خۆی پابەند نەبێت. لەگەڵ ئەمەش، ڕژێمی بەعس خۆی دەستپێشخەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد، کە ئەمە پێشێلکردنێکی ڕوون و ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتی بوو.

## پەرەپێدانی بەرنامەی چەکی کیمیایی لە عێراق

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی عێراق دەستی بە پەرەپێدانی بەرنامەی چەکی کیمیایی کرد، و لە ساڵی ١٩٨٢ گەیشتە قۆناغی بەرهەمهێنانی جۆرە جیاوازەکانی ماددە کیمیاییەکان. لەوانە:

- ماددە تاڵە مووەکان (گازی خەردەل)
- ماددە دەمارییەکان (گازی تۆبان، سارین و ڤی ئێکس)

ئەم ماددانە بە شێوەیەکی فراوان لە ساڵانی ١٩٨٤–١٩٨٨ بەکار

هێنـــران، نە تەنهـــا لە شـــەڕی عێـــراق–ئێـــران، بەڵکـــو بە شـــێوەیەکی سیســـتەماتیک دژی گەلی کوردستانیش.

**کیمیابـــاران وەک بەشـــێک لە سیاسەتی جینۆساید**

دەوڵەتـی عێـراق، بە تـایبەتی لە ســـەردەمی ڕژێمـــی بەعـــس، بەردەوام پێشێلکاری بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە و گوێی بە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەداوە. لەم چوارچێـــــــــوەیەدا، کیمیابـــاران تەنهـــا کردارێکـــی ســەربازی نەبوو، بەڵکو بەشـێک بوو لە سیاسـەتێکی فراوانتر بۆ لەناوبردنی گەلی کورد.

هەروەهـــــا، دەســـــەڵاتداران و بەرپرســانی ڕژێـم لە گفتوگـۆ و لێدوانەکانیانــــدا نکۆڵیـــان لە بەکارهێنـــــــــانی ئەم چەکە نەکـردۆتەوە، بەڵکـو هەرەشـەی بەکارهێنـانی چەکێکی کاولکارتر و گەورەترشـــیان کـــردووە، کە ئەمە نیشانەیەکی ڕوونی نیەت و سیاســـــەتی ڕێکخـــــراوی ئەم تاوانانەیە.

**بەڵگەنامە و سەرچاوەکان**

زۆر بەڵگەنــــامەی فەرمـــی لە ســـەردەمی ڕژێمـــی بەعســـدا دەرچـــــوون کە بـــــاس لە جینۆســـایدکردنی گەلـی کـــورد دەکەن، لەوانەش بەڵگەنامەکـــانی کیمیابـــــــارانی ناوچەکـــــــانی کوردســـــتان. ئەم بەڵگەنامـــــانە، لەگەڵ شـایەتحاڵی دەربـازبووان، بنـاغەیەکی گرنگـی تـوێژینەوەی ئەم بابەتەن.

بەپێـی ئەم ســـەرچاوەیە، هەوڵ دەدرێـت بە وردی ڕۆژ، مانـگ و ساڵانی کیمیابارانکردنی نـاوچە و شـوێنەکانی کوردسـتان دیـاری بکرێـــــــت. بەڵام بەهـــــــۆی تۆمـــــــــارنەکردنی ســــــاتی ڕووداوەکــــان، ژمــــارەی وردی قوربانیـــان بە تەواوی نادیـــارە. لەگەڵ ئەمەش، هەوڵەکـــــــانی تـــوێژینەوە بەردەوامـــن بـــۆ دروســـــتکردنی داتابەیســـــێکی گشتگیر لەم بارەیەوە.

**ڕۆڵی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان**

دوای جەنگی دووەمـی کەنـداوی فـارس، لێکـۆڵینەوەیەک لەلایەن پسـپۆڕان و تـوێژەرانی عێـراقەوە ئەنجامدراوە و ڕاپۆرتێک لەسـەر عێـــراق پێشـــــکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکـان کـراوە، کە تیایـدا ٢٠٧ کۆمپانیـــای نێـودەوڵەتی لە ئەمریکا و ڕووسیا و ئەرجەنتین باسـیان لە پڕچەککردنـی عێـراق کـرد. لەوانە (ئەڵمانیـا، ئیسـپانیا، ئیتاڵیـــا، بەریتانیـــا، بەرازیـــل، بەلجیکـــا، جێرســـی، فەرەنســـا، ژاپـــۆن، هیندســـتان، هۆڵەنـــدا، مۆنـاکۆ، میسـر، پۆڵەنـدا، سـوید، سویسـرا و یۆنـان). هەمـوو ئەو زانیارییــــانە لە کتێبێکـــــــدا بەناونیشـــــانی (ڕەخـــــنە و لێکـۆڵینەوە لە جەنگـی ئێـران و عێراق)دا هاتووە، هەروەها ڕۆلف ئیکیـۆس، ســـەرۆکی پێشـــووی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێـــراق، ڕایگەیانـــدووە کە لە ساڵی ١٩٩٣ ئەنجومەنی ئاسایش داوای لە پشــــــکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان و ئاژانســـــی نێـــودەوڵەتی وزەی ئەتـــۆمی کـــــردووە، ناســـــنامەی ئەو کۆمپانیایانە ئاشکرا نەکەن. کە ٩٠٪یـان ئەوروپـی، ئەمریکـی بـوون، ١٠٪ی دیکەیـان خەڵکـی وڵاتانی دیکە بوون. وەک یەکێک لە گرنگتـــــرین بەڵگەکـــــانی پشتڕاســـتکردنەوەی هاوکـــاری کۆمپانیاکـــانی ڕۆژئـــاوا لەگەڵ بەرنامەی چەکی کیمیایی عێراق،

**بەڵگەی یاسایی: کەیسی فرانس ڤان ئەنرات ٢٠٠٥**

یەکێـک لە گرنگتـرین ســەرچاوە یاســــاییەکان لە بــــارەی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی لە عێراق، کەیسـی ڤـان ئەنـراتە، کە لەلایەن دادگـــای نـــاوچەیی لە لاهای لە وڵاتی هۆڵندا لە ساڵی ٢٠٠٥ هەڵســــــــەنگێندرا. لەم کەیسـەدا، تاوانبـار فـرانس ڤـان ئەنرات بەهۆی دابینکردنی مـاددە خاوەکـان بـۆ بەرنـامەی چەکـی کیمیـایی عێراق، بە هاوبەشبوون لە تاوانەکانی جەنگ تاوانبار کرا.

گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە کە دادگا، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، هێرشەکان دژی دانیشتووانی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراو وەسف دەکات، و ئەمەش بە بنەمایەکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی یاسایی ئەم تاوانانە دادەنرێت.

## چوارچێوەی یاسایی و هەڵسەنگاندنی تاوان

لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی دانیشتووانی مەدەنی، بە تایبەتی کاتێک بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراو ئەنجام دەدرێت، دەکەوێتە ناو خانەی تاوانە گەورەکان وەک تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. هەروەها، ئەگەر ئەم کردارەکان بە نیتی لەناوبردنی بەشێک یان هەمووی گرووپێکی نەتەوەیی یان ئەتنیکی ئەنجام بدرێن، دەتوانرێت وەک جینۆساید هەڵسەنگێندرێن.

لەو بارەیەوە، دادگای هۆڵەندا لە کەیسی ڤان ئەنراتدا، بە شێوەیەکی ڕوون دیاری دەکات کە گەلی کورد وەک گرووپێکی پارێزراو لە چوارچێوەی پەیماننامەی جینۆسایدا دەکەوێت، و چەوساندنەوە و هێرشە سیستەماتیکەکان دژیان دەتوانرێت وەک نیشانەی بوونی نیەتی جینۆساید هەڵسەنگێندرێت.

دادگا بۆ ئەم مەبەستە پشتی بە ڕاپۆرتی کۆمسیونی باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستوە، ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٣ سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق، کە تێیدا باس لە چەوساندنەوەی توند و بەردەوامی گەلی کورد کراوە، و لە هەندێک حاڵەتدا ئەم کردارە وەک جینۆساید هەڵسەنگێندراون.

## بەراوردی ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی

ئەگەرچی کەیسی فرانس ڤان ئەنرات لە ئاستی نێودەوڵەتی بە یەکێک لە گرنگترین بەڵگە یاساییەکان دادەنرێت بۆ سەلماندنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و هەڵسەنگاندنی سیستەماتیکی تاوانەکان دژی گەلی کورد، بەڵام لە ئاستی ناوخۆیی عێراقدا، ئەم تاوانانە بە شێوەیەکی ڕوونتر و فەرمیتر لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هەڵسەنگێندراون.

لەو چوارچێوەیەدا، کەیسی جینۆسایدی ئەنفال (١٩٨٧–١٩٨٨) و هەروەها کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی وەک جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسراون. ئەم بڕیارانە، کە پشت بە بەڵگەنامە حکومییەکان، شایەتحاڵان و بەڵگەکانی مەیدانی دەبەستن، یەکێکن لە گرنگترین بنەما یاساییەکان بۆ سەلماندنی نیەتی جینۆساید دژی گەلی کورد.

## ئەنجامی زانستی

کۆکردنەوەی ئەم دوو ئاستە—نێودەوڵەتی و ناوخۆیی—بە شێوەیەکی بەهێز پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات کە هێرشە کیمیاییەکان دژی کورد، تەنها کردارێکی سەربازی نەبوون، بەڵکو بەشێک بوون لە سیاسەتێکی ڕێکخراو بۆ لەناوبردنی نەتەوەیی کورد، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا وەک جینۆساید پێناسە دەکرێت.

## هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەکانی ٦١٢ (١٩٨٨) و ٦٢٠ (١٩٨٨)، نیگەرانی قووڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق، و بە توندی ئەم کردارەی ئیدانە کرد.



گوندی شێخ وەسان ١٩٨٧/٤/١٦

## کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستان (١٩٨٧)

لە ماوەی (١٩٨٧/٤/١٥ تا ١٩٨٧/٥/٢٧)، ڕژێمی بەعس زنجیرەیەک هێرشی کیمیایی بەرەو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوەبرد، کە ناوچەکانی سەرگەڵو و بەرگەڵو، شاخی گوجار، ماوت، جافەران، سیرکو بلی، دۆڵی مەلەکان، هەڵەدن و یاخسەمەری گرتەوە. بەڵام لە نێوان ئەم ناوچانەدا، بالیسان و شێخ وەسان وەک یەکێک لە ترسناکترین و کاریگەرترین شوێنەکان دەردەکەون، کە لێیاندا زیان و قوربانییەکان بە شێوەیەکی فراوان تۆمار کراون.

دۆڵەکانی جافایەتی و شارباژێر یەکەم شوێنە لە کوردستان بوون کە ڕژێم بە بەکارهێنانی گولەتۆپ، لە (١٥ی نیسانی ١٩٨٧)دا هێرشی کیمیاییان لێکرد. ئەم ڕووداوە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە دانیشتووانی مەدەنی. بەڵام سەرەڕای ئەم مەترسییە، بەهۆی ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگەکان، خەڵکی ناوچەکە پێشتر ئاگادار کرابوون کە ناوچەکەیان دەبێتە ئامانجی هێرشێکی کیمیایی. یەکێک لە ئەو کەسانەی کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لە شوێنی بۆردومانەکەدا ئامادە بوو، ئەم شایەتحاڵە دەگێڕێتەوە:

"پێشتر ئامۆژگاری ئەوەمان پێکرابوو کە لە کاتی پەلاماردانی کیمیاییدا، پەڕۆی تەڕ بدەین بە دەم و چاوماندا و ئاگر بکەینەوە، یان بچینە شوێنەکانی کە کاریگەریان کەمترە.

بەڵام کاتێک بۆردومانەکە کرا، ئێمە نەماندەزانی ئەوە کیمیاییە. دەنگەکەی وەک دەنگی تۆپبارانی ئاسایی زۆر بەهێز نەبوو، بەڵام بۆنێکی نامۆی سێوی گەنیو و سیرمان هەست پێدەکرد. بۆمبێکی زۆر بەسەرماندا باران، بەڵام لە سەرەتادا وامان وەبوو کاریگەرییەکی زۆری نییە".

## کیمیابارانی بالیسان و شیخ وەسان (١٦ی نیسانی ١٩٨٧): ڕووداو و شایەتحاڵ

ڕۆژێک دوای کیمیابارانکردنی دۆڵی جافایەتی، واتە لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧، هێزەکانی ڕژێمی بەعس هێرشێکی نوێیان ئەنجامدا و ئەمجارەیان ناوچەی خۆشناوەتی، بە تایبەتی دوو گوندی بالیسان و شیخ وەسان، بوون بە ئامانجی سەرەکی کیمیاباران.

ئەم هێرشە لە دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا ڕوویدا، کاتێک گوندنشینان لە کێڵگە و زەوییەکانیان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆ پشودان. پێش خۆرئاوابوون، دەنگی فڕۆکەکان بە شێوەیەکی بەرەوپێش نزیک دەبێتەوە، کە هەندێک لە دانیشتووان هەر لە ماڵەوە دەمێننەوە، بەڵام هەندێکی تر بە خێرایی خۆیان دەگەیننە شوێنە پاراستنیان (کونە تەیارەکان).

بەم شێوەیە، فڕۆکەکان هەردوو گوندەکە بە چەکی کیمیایی بۆمبباران دەکەن. ئەو گرتە

ڤیدیۆیە لە کیمیابارانی دۆڵی بالیسان کە لە لایەن جاشێک تۆمار کراوە کە لە بنەماڵەی ئەنور بەگی بێتواتەیە، ستونی پان و پۆڕی دووکەڵی سپی، بۆر و پەمەیی لە ئاسماندا دەبینرێت، کە ئەمە یەکێکە لە نیشانە دیارەکانی بەکارهێنانی ماددە کیمیایی.

**لە گوندی شێخ وەسان لە لایەن دەرباز بووان باس لەوە دەکرێت کە ژنێك لە گوندی شێخ وەسان، دوای کوێربوونی هەردوو چاوی، منداڵەکەی بە توندی لە باوەش گرتبوو، بەبێ ئەوەی بزانێت کە منداڵەکەی مردووە.**

لە شایەتحاڵەکاندا هاتووە کە لەو کاتەدا "ئەو دەمە لەچیاکانیشەوە شنەبایەکی مەیلەو ساردی لای ئێوارە هەڵی کردبوو بۆنێکی نامۆی لەگەڵ خۆی دەهێنا، کەسەرەتا بۆنێکی خۆشی هەبوو وەک بۆنی گوڵ وابوو، بەڵام دوایی بۆنی سێوو سیری لێ دەهات، کە ئەمە بە شێوەیەکی زانستی نیشانەی گازە کیمیاییەکانە.

هەروەها شایەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆنەکە تا ڕادەیەک وەک بۆنی ماددەی مێروو کووژ (insecticide) بووە، کە ئەمەش پەیوەندی هەیە بە جۆری گازە بەکارهاتووەکان.

لە ڕووی کاریگەرییە مرۆییەکانەوە، شایەتحاڵەکان وەسفێکی زۆر خەمناک و دڵتەزین دەکەن: ژنێکی بەساڵاچووی خەڵکی بالیسان دەڵێت بەجارێک وا تاریک داهات نەماندەتوانی هیچ شتێک ببینین و کەس کەسی بەدی نەدەکرد و یەکپارچە دنیا بوو بەتەم ومژ، لەدواییدا هەموو کورە و نابینا بووین، هەندێک دەرشانەوە، دەم و چاو هەموو ڕەش دادەگەڕاو خەڵکی بەدەست هاڵاوسانی بەئازاری بن باڵیانەوە دەیان ناڵاند و ژێر سینگی ئافرەتانیش، تووشی هەڵئاوسان بوو و ئێش و ئازارێکی سەختیان هەبوو، دواتریش زەرداوێک لەچاوو لوتیانەوە دەهاتەدەر، زۆر لەوانەی کە لە مردن دەرباز بوون، بەسەختی تووشی کێشەی بینین بوون، و هەندێکیان ماوەی مانگێک زیاتر بە تەواوەی کوێر بوون.

هەر لە گوندی شێخ وەسان لە لایەن دەرباز بووان باس لەوە دەکرێت کە ژنێک لە گوندی شیخ وەسان، دوای کوێربوونی هەردوو چاوی، منداڵەکەی بە توندی لە باوەش گرتبوو، بەبێ ئەوەی بزانێت کە منداڵەکەی مردووە. ئەم بەسەرهاتانە نیشان دەدەن کە هێرشەکە تەنها زیانێکی فیزیکی نەبوو، بەڵکو کاریگەرییەکی مرۆیی و دەروونیی قووڵی هەبوو.

هەروەها ژمارەیەک لە گوندنشینان بەرەو چیاکان هەڵاتن، ئەوانەی کە لەشوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانەوە نزیک بوون هەر لە جێوە گیانیان سپارد وشەهید بوون."

**دوای هێرشی کیمیایی:** تاوانی دووبارە، ئاوارەبوون و ڕەفتاری سیستەماتیک دژ بە قوربانیان

لە دوای کیمیابارانی ناوچەکە، بۆ بەیانی، هێزەکانی پیادەی ڕژێمی بەعس بە هاوکاری جاش، چوونە ناوچەی بالیسان و دەستیان کرد بە تاڵانکردن و دزینی سەروماڵی دانیشتووان. دواتر، بە شێوەیەکی سیستەماتیک خانووبەرەکان ویران و خاپور کران. لە هەمان کاتدا، بە مەبەستی ڕەوینەوەی گازە کیمیاییەکان، بەشی ئەندازیاری سوپا گوندی شیخ وەسانیان بە دینامیت تەقاندەوە، کە ئەمە نیشانەیەکی دیارەی هەوڵی ڕژێم بۆ شارەزایی و پەنهانکردنی کاریگەرییەکانە.

لە شەوی هەمان ڕۆژدا، دانیشتووان و بریندارەکان بە شێوەیەکی بێڕێک و بێئامادەکاری هەڵاتن بەرەو شارەکانی نزیک، وەک سلێمانی،

ڕانیە، هەولێر و شەقڵاوە. بەڵام زۆربەیان ڕێگەی ڕانیەیان گرت، چونکە نەخۆشخانەیەک لەوێ هەبوو. لە ڕێگادا، خەڵکی گوندەکان یارمەتییان دەدان، وەک خەڵکی گوندی بێراوە کە بە دەیان عەرەبانەی تراکتوریان بۆ گواستنەوەی بریندارەکان نارد.

لە گوندی سەروچاوە، تراکتۆرەکان راوەستان بۆ ناشتنی ٥٠ تەرم کە تازە گیانیان لەدەست دابوو. ئەو بریندارانەی گەیشتنە ڕانیە، تەنها شەوێک لەوێ مانەوە؛ پزیشکان برینەکانیان شۆردن و قەترەی چاویان پێدان، بەڵام ئەم چارەسەرییە سادانە نەیتوانی کاریگەرییە توندەکانی گازەکە کەم بکاتەوە.

یەکێک لە شایەتحاڵەکان دەڵێت:

"ئەو شەوە شەوێکی نائارام و بێحەوانەوە بوو؛ ئاگر لە زۆربەی گەرەکەکان هەڵکرابوو بۆ ئەوەی گازی کیمیایی کەم کاریگەری هەبێت، و نەخۆشخانەی ڕانیەش پڕبوو لە گریان و هاوار".

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جوامێری و مرۆڤایەتی خەڵکی ڕانیە بدرێت، کە بە ئازایەتی و هاوکاری، بە تەنگ قوربانیانەوە چوون.

**گواستنەوەی برینداران و بێسەروشوێنکردنیان**

بەرەبەیانی، دەزگای ئەمنی (ئیستخبارات) چوونە نەخۆشخانەی ڕانیە و فەرمانیاندا کە بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بگوازنەوە، بە هۆکاری درۆیینەی ئەوەی کە "ئێران بە چەکی کیمیایی لێیان داوە". کە ژمارەیان ٣٤٦ کەس بوو، جگە لەو قوربانییانەی کە لە شوێنەکەدا دەست بەجێ گیانیان لەدەست دابوو.

لە نەخۆشخانەی هەولێر، پزیشکان دەستیان کرد بە چارەسەرکردن و دەرزی ئەترۆپینیان بۆ برینداران لێدا. بەڵام، دوای ماوەیەکی کەم ، ئەفسەرێکی ئەمنی بە ناوی نەقیب حسن الدوری، کە (نەقیبی ئەمنی هەولێر و ئەندامی فەرماندەیی هۆبەی حزبی بەعس لە تیمی گولله بارانکردنی خوێندکارانی برایەتی هەولێر بوو، لەگەڵ ابراهیم زەنگەنە (پارێزگاری هەولێر) و هێزێکی چەکدار، گەیشتنە نەخۆشخانەکە و فەرمانیاندا کە برینداران بۆ نەخۆشخانەی سەربازی بگوازنەوە.

ئەگەرچی پزیشکان ڕەخنەیان گرت، بەڵام لەژێر هەڕەشەی چەک، گواستنەوەکە ئەنجامدرا. ئەم بریندارانە هەرگیز بەنەخۆشخانەی سەربازی نەگەیشتن یان گەیشتن و لێی دەرباز نەبوون. بە پێی زانیارییەکان، ژن و منداڵەکان لەپیاوان جیاکرانەوە و بۆ شوێنە جیاوازەکان (ئەمنی هەولێر و بنکەی پۆلیسی مخمور) گواسترانەوە، و دواتر بۆ شوێنێکی نادیار بردران.

ژن و منداڵەکان لە نزیک خەلیفان لە دۆڵی ئالانە فرێدران. هێندێکیان لە لایەن خەڵکی خەلیفان داڵدە دران و هێندێکیش بەرەو سلێمانی ڕوویشتن. ئەوەتە نەجیبە فەقێ ڕەسول دەڵێ لە لایەنی خێزانێک لە خەلیفان داڵدە دراوە.

**ژمارەی قوربانیان**

ژمارەی قوربانیانی کیمیابارانی بالیسان و شیخ وەسان، بە پێی زانیارییەکان، وەک خوارەوەیە:

- ٦١ شەهید لە بالیسان لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی چەکی کیمیایی، کە ٢٢ کەسیان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵی گوندەکەدا نێژراوەن. و ٢٥ شەهید بالیسان لە گۆرستانی معمل قیری هەولێر لە ١٩٩١ دۆزرانەوە. ئەوانی تر تاکو ئێستا بێسەروشوێنن.
- ١٢٦ کەس لە شیخ وەسان لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی چەکی کیمیایی گیانیان لەدەست داوە و

شـەهید بـوونە، لەگەڵ زیـاتر ٥٠ کەس کە لە گـۆڕێکی بە کۆمەڵـدا لە گوندی سەروچاوە نێژراوەن.

لە نێوان ئەمانەدا:

- ٣٣منـداڵی خـوار تەمەنـی ٤ ساڵ
- ٢٨منـــداڵی تەمەنـــی ٥-١٤ ساڵ
- ٩کەســـی تەمەنـــی ٦٠-٨٥ ساڵ
- ٩یـــان ١٠ کەس لە نەخۆشخانەی رانیە مردن.
- ٤حـاڵەتی مـردن لە کـاتی گەیشـتن بـۆ نەخۆشـخانەی فریاکەوتنی هەولێر.
- لە نێوان ٦٤-١٤٢ شـەهید لە بەنـدیخانەی ئەمنی هەولێر، بەهـــۆی برســـیکردن و پشتگوێخستن لە چارەسەر.
- لەوانەش:
- سلمی مستەفا حمید
- عادیلە شینکۆ
- حەوسـەت عبـداللە خـدر (٩ ساڵ)
- ٧٠-٧٦ پیاوی گەنج لە دوای بردنیـــان لە نەخۆشـــخانەی فریـاکەوتنی جمهـوری هەولێـر بێسەروشوێن کران. وانەش:
    - ٢٢کەس لە بالیسان
    - ٥٠کەس لە شیخ وەسان
    - ٤کەس لە گوندە دەوروبەر

لەوانەش:

محمد ئیبـراهیم خـدر (١٨ سـاڵ) موحسـین ئیبـــراهیم خـــدر (١٢ سـاڵ) کە کـوڕی مەلای بالیسـان بوون.

**بە پێـــی بەدواداچـــوون و هەڵســـەنگاندنەکان ســـەبارەت بە ژمـارەی گشـتی قوربانیان شـێخ وەسان و بالیسان و گوندەکانی دەوروبەریـــان وەک مەلەکـــان، خەتێ، تۆتمێ، کانی بەرد، بیراوە، دەراش لە نێـوان ٣٧٦کەس تـا ٤٣٥کەس، کە بە شـــێوەی راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ لە ١٩٨٧/٤/١٦ بەر چەکی کیمیـایی کەوتـوون، و نـاوی شـەهیدان و بریندارانی چەکی کیمیایی دیاری کراوە.**

**دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەردەوامی ئازار**

لە دوای راپەڕینـــــــی ١٩٩١، لە ١٩٩١/٩/١٨، ژمـــارەی ٢٥ کەس لە قوربانیـانی کیمیابـارانی دۆڵـی بالیسـان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نـاو گۆرسـتانی کـارگەی قیـری هەولێـــــــــر دۆزرانەوە. بەڵام زۆربەی قوربانیـــان هێشـــتا بێسەروشـوێنن، و برینـدارانیش تا ئێستا لە ژیانێکی پڕ لە ئازار و چەرمەسەریدا دەژین.

**فراوانبوونی هێرشە کیمیاییەکان و بەردەوامـــی سیاســـەتی لەناوبردن(١٩٨٨-١٩٨٧)**

## بەکارهێنانی چەکی کیمیایی تەنها تاکتیکی کاتی نەبوو، بەڵکو بەشێك بوو لە سیاسەتی گشتی لەناوبردنی گەلی کورد.

دوابەدوای هێرشـــەکان ســـەر دۆڵی جافایەتی، شـاربازێر، دۆڵـی بالیسـان و شـیخ وەسـان، رژێمـی بەعـــس تەنهـــا بەو قۆنـــاغە نەوەســـتا، بەڵکـــو بـــازنەی پەلامارەکـــانی بە شـــێوەیەکی بەرچـــاو فراوانتـــر کـــرد و هێرشـــــەکان قـــــۆلتر و سیســـتەماتیکتر بـــوون. ئەم گەشـــەپێدانەی هێرشـــەکان نیشـانەیەکی روونـی هەبـوونی ســـتراتیژییەکی پێشـــەنگ و داڕێـژراو بـوو بـۆ بەکارهێنـانی چەکی کیمیایی دژی دانیشتووانی مەدەنی.

لە ١٩٨٧/٥/٧، بە هاوبەشـــــی فـڕۆکە، راجـیمە و گـولە تـۆپ، ناوچەکـانی (جـافەران، قەرەداخ، گونـدەکانی بەرگەڵـوو، هەڵەدن، یاخسەمەر و سێکان) کیمیابـاران



کران، کە زیان و زەرەرێکی ئێجگار زۆری لێکەوتەوە. هەروەها لە ١٩٨٧/٦/١٩، ڕژێم هێرشێکی دیکەی کردە سەر دۆڵی مەلەکان (سەروچاوەی باران)، کە لە ڕۆژهەڵاتی بالیسان و شێخ وەسان نزیکەی چەند میلێک دوورە. لەم هێرشەدا نزیکەی (٣٠) سی کەس بەس بینایی چاویان لەدەستدا و دانیشتووانی ناوچەکە ئاوارە و دەربەدەر بوون.

هێرشەکان تەنها لە ساڵی ١٩٨٧ نەوەستان، بەڵکو لە ١٩٨٨/٥/١٥ گوندی وەرێ (سەر بە ناحیەی بێتواتە) کیمیاباران کرا و (٣٦) کەسی ئەو گوندە بە چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستدا. هەروەها لە ١٩٨٨/٧/٣١، ناوچەکانی قاسماوا، بالیسان و خەتێ لە کاتی شاڵاوەکانی جینۆسایدی ئەنفال جارێکی تر بەر هێرشی کیمیایی کەوتن. ئەم بەردەوامییە نیشان دەدات کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی تەنها تاکتیکی کاتی نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە سیاسەتی گشتی لەناوبردنی گەلی کورد.

## جۆری ماددە کیمیاییەکان و هەڵسەنگاندنی پزیشکی

سەبارەت بە جۆری ماددە کیمیاییە بەکارهاتووەکان، ڕاپۆرتی پزیشکانی مافی مرۆڤ Physicians for Human Rights ئاماژە دەدات کە نیشانەکان و ئەوەی کە گوندنشینان باس دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کاریگەرییەکانی گازی خەردەل (Mustard Gas)دەگونجێت.

بەڵام، هەندێک لە حاڵەتەکان—بەتایبەتی ئەوانەی کە قوربانیان دەسبەجێ گیانیان لەدەستدا—پێدەچێت پەیوەندییان بە بەکارهێنانی گازە دەمارییەکان هەبێت. چونکە گازی خەردەل، هەرچەندە زۆر خەست بێت، بە شێوەیەکی خێرا کوشندە نییە و زۆرجار پێویستی بە نیو کاتژمێر هەیە بۆ دەرکەوتنی کاریگەرییە کوشندەکانی.

## ◆ بەڵگەنامە فەرمییەکان: ڕەزامەندی و پیلانێکی داڕێژراو

یەکێک لە گرنگترین بەڵگەنامەکان، نووسراوی ڕەزامەندی سەرۆکی کۆماری عێراق، سەدام حۆسین، کە بە شێوەی (ئەوپەڕی نهێنی، تایبەت و بەپەلە) بە ژمارە ٩٦٥/٩٥٣/ک لە ١٩٨٧/٣/٢٩ دەرچووە. لەم بەڵگەنامەدا هاتووە:

“ڕەزامەندی درا لەسەر لێدان... چونکە مەبەست لەم لێدانە تەنها تێکدەران نین، پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ فەیلەقی پەیوەندیداردا بکرێت و ئاگادارمان بکەنەوە پێش لێدانیان”.

لە نووسراوێکی تر کە وەڵامی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی عەسکەرییە، بە ژمارە (ش٣/ق٢/٦٨٨٥ لە ١٩٨٧/٣/٢٥)، کە خۆی پشت بە نووسراوێکی پێشوتر دەبەستێت (م١/ش٣/ق٢/٦٤١٤ لە ١٩٨٧/٣/١٨).

لە ناوەرۆکی ئەم ڕاپۆرتەدا، بە شێوەیەکی ڕوون داوا دەکرێت کە:

- چەکی تایبەت (کیمیایی) بەکاربهێنرێت
- لە رێگای هێزە ئاسمانی و ئەرزییەکان
- و بە تایبەتی لە کاتی شەودا

هەروەها بە وردی باس لە ناوچە هەڵبژێردراوەکان دەکرێت، وەک:

- دۆڵی بالیسان (بالیسان، توتمە، خەتێ، شیخ وەسان)
- ناوچەکانی تکە، بلکجار و سیوسینان (سەر بە قەرەداغ)

راپۆرتەکە هەروەها ئاماژە بە کێشەی کەمی ماددە کیمیاییەکە دەکات و دوو چارەسەری پێشنیار دەکات:

١. تێکەڵکردنی ماددە کیمیاییەکان لەگەڵ ماددەی تر بۆ زیادکردنی بەرهەم
٢. دواخستنی پرۆسەکە تا دابینبوونی ماددەی زیاتر لە مانگی نیسان

بەڵام لە کۆتایی راپۆرتەکەدا، رایان وایە کە رێگای یەکەم باشترە، نەک دواخستن، کە ئەمە نیشانەیەکی دیارەی پەلە و ئامادەکارییەکی سیستەماتیک بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانە.

هەروەها، لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا ئاماژە بە جۆری ماددە کیمیاییەکان وەک سارین (Sarin)و گازی خەردەل کراوە.

🔷گرنگیی بەڵگەنامەکان لە رووی یاسایی و مێژوویی

ئەم بەڵگەنامانە—کە لە ٢٥ لاپەرە پێکهاتوون—لە لایەن ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی کوردستان (KGNA) پارێزراون و بە شێوەیەکی فەرمی لە دادگای ئەنفال و هەڵەبجە، و سوودی یاسایی لێوەرگیراوە.

ئەم بەڵگەنامانە نیشان دەدەن کە:

- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بریارێکی سەرەوە و سیاسی بوو
- پلانێکی دارێژراو و هەماهەنگ هەبوو
- و ئامانج تەنها هێزە چەکدارەکان نەبوون، بەڵکو دانیشتووانی مەدەنی بوون.

**دادپەروەری راگوزەری و کێشەی جێبەجێکردن لە عێراق**

**لە چوارچێوەی دادپەروەری راگوزەری، هەوڵ دەدرێت بە شێوەیەکی سیستەماتیک رووبەرووی تاوانە گەورەکان ببنەوە، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناغی دوای کۆتایی هێژمۆنیی سیاسەتە سەرکوتکارەکاندا دەگەنەوە. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی گشتی چوار بنەمای سەرەکی لەخۆ دەگرێت:**

**(١) دۆزینەوەی راستی، (٢) دادگاکردن و سزادان، (٣) قەرەبووکردنەوەی قوربانیان، و (٤) گەڕاندنەوەی متمانە و رێکخستنەوەی کۆمەڵگا.**

**لە عێراق، هەرچەندە هەندێک هەنگاو هەڵگیرا، بە تایبەتی بە رێگەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە دوای ٢٠٠٣ کە تاوانەکانی وەک جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەی وەک جینۆساید ناساند، بەڵام ئەم هەنگاوانە تەنها بەشێکی سنووردراوی دادپەروەری راگوزەریان جێبەجێ کرد.**

**لە ئاستی، بنەماکانی دادپەروەری راگوزەری**

- **قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوەی**
- **چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی**
- **دانانی مۆنۆمێنتی یادەرەوەری تاوانەکان**
- **ناساندنی فەرمی و نێودەوڵەتی تاوانەکان**

- **نەبوونی زەمانەت بۆ دووبارە نەبوونەوە و دڵنیایی**

**کەموکوڕی گەورە دیارە. زۆرێک لە قوربانیان و خێزانەکانیان هێشتا لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دارایی گونجاو بۆ قەرەبووکردنەوە بێبەشن، و هەروەها ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران لە ئاستی نێودەوڵەتی هێشتا جێبەجێ نەکراوە.**

**بەم پێیە، دەتوانرێت بڵێین کە پرۆسەی دادپەروەری راگوزەری لە عێراق هێشتا بەرامبەر بە دۆسیەکانی جینۆسایدی کوردستان لە دوای دادگا سنووردار بووە و دەستی پێنەکردوە، و بە شێوەییەکی گشتی بە بێ ئەوەی هەموو بنەما سەرەکییەکانی دادپەروەری راگوزەری جێبەجێ بکرێن. ئەمەش کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبووە لەسەر مافەکانی قوربانیان و پرۆسەی دادپەروەری و ئاشتی کۆمەڵایەتی.**

**ئەنجام(Conclusion)**

لێکۆڵینەوەی ئەم بەڵگەنامانە و شایەتحاڵانە بە شێوەیەکی ڕوون دەردەخات کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی بەعس تەنها کردارێکی سەربازی کاتی نەبوو، بەڵکو بەشێکی سەرەکی و سیستەماتیک لە سیاسەتی گشتی دەوڵەت بۆ لەناوبردنی گەلی کورد لە چوارچێوەی جینۆسایدا.

بەڵگەنامە فەرمییەکان، بە تایبەتی نووسراوەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕاپۆرتەکانی ئیستخباراتی عەسکەری، نیشان دەدەن کە:

- بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئاستی باڵاترین دەسەڵاتدا دراوە؛
- هێرشەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک و پێشتر داڕێژراو ئەنجامدراون؛
- دانیشتووانی مەدەنی و گوندنشینان بە شێوەیەکی ئاشکرا بوونە ئامانج.

هەروەها، شایەتحاڵەکان و داتاکانی پزیشکی پشتراستی ئەوە دەکەن کە بەکارهێنانی گازەکانی وەک خەردەل و گازە دەمارییەکان بووەتە هۆی کوشتنی دەستبەجێ و یان برینێکی درێژخایەن، کە کاریگەرییەکانیان تا ئێستاش لە ژیانی قوربانیاندا بەردەوامە.

لە ڕووی یاساییەوە، ئەم کردارە دەگونجێت لەگەڵ پێناسەی جینۆساید لە چوارچێوەی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزا دان بە تاوانی جینۆساید ١٩٤٨، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە:

- مەبەست(intent) نیەت بۆ لەناوبردنی نەتەوەیی کورد هەیە؛
- کردارەکان کوشتن، و ئانجامدانی زیانی جەستەیی یان دەروونیی گەورە بە ئەندامانی گرووپ، بە شێوەیەکی ڕوون جێبەجێ کراون.

بۆیە، هەموو ئەم بەڵگە و ڕاپۆرتانە بە یەکەوە نیشان دەدەن کە هێرشە کیمیاییەکان دژی کوردستان لە ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨ دەبێت وەک بەشێکی سەرەکی لە جینۆسایدی ئەنفال بڕیاری لەسەر دراوە

**ڕاسپاردەکان لە چوارچێوەی دادپەروەری راگوزەری**

بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشێکی گرنگ لە هەنگاوە سەرەتاییەکان پێشتر ئەنجامدراون، ئەم ڕاسپاردانە پێشنیار دەکرێن:

١. **پاراستن و بەهێزکردنی ئەرشیفی دیجیتاڵ(KGNA)**

بەڵگەنامەکان و سەرچاوەکان پێشتر بە شێوەیەکی دیجیتاڵ لە

چوارچێوه‌ی ئه‌رشیفی نه‌ته‌وه‌یی جینۆسایدی کوردستان (KGNA)دا پارێزراون، که‌ ئه‌مه‌ هه‌نگاوێکی بنه‌ڕه‌تییه‌ بۆ پاراستنی یاده‌وه‌ری نیشتمانی و به‌لگه‌سازی. به‌ڵام پێویسته‌ ده‌زگایه‌کی ئه‌رشیفی نه‌ته‌وه‌یی دابمه‌زرێت

**٢. قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی مادی و مه‌عنه‌وی**

قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی قوربانیان و بنه‌ماڵه‌کانیان هێشتا جێبه‌جێنه‌کراوه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی بریندارانن ساڵانه‌ به‌ هۆی برینه‌کانیان گیان ده‌سپێرن.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ پێویسته‌:

- پێویسته‌ هه‌موو هه‌وڵه‌کان له‌گه‌ڵ حکومه‌تی عێراقی فیدراڵ بخرێته‌ گه‌ر تاچیتر قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ دوا نه‌خرێت
- سیسته‌مێکی یاسایی و دارایی ڕوون بۆ قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ دابنرێت؛
- پشتبه‌ستن بکرێت به‌ نموونه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کان (وه‌ک هۆلۆکاست، ڕواندا، بۆسنیا)؛
- و مافی قوربانیان به‌ شێوه‌یه‌کی کرداریی دابین بکرێت، وه‌ک مووچه‌ و هاوکاری بریندارانی چه‌کی کیمیایی و چاره‌سه‌ر کردنی بریندداران و لیژنه‌کانی هه‌ڵسه‌نگاندن جیدیتر هه‌نگاو بنێن بۆ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کان و دابین کردنی خزمه‌تگوزاری.

**٣. ناساندنی نێوده‌وڵه‌تی تاوانه‌که‌**

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌ندێک دادگای باڵای تاوانه‌کانی عێراق له‌ چوارچێوه‌ی که‌یسی ئه‌نفال تاوانه‌که‌یان وه‌ک جینۆساید ناساندووه‌، به‌ڵام هێشتا:

- ناساندنی نێوده‌وڵه‌تی بۆ نه‌کراوه‌

بۆیه‌ پێویسته‌ کار بکرێت له‌ ئاستی:

- نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان
- دامه‌زراوه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کان
- ناوه‌نده‌ ئه‌کادیمییه‌کان

بۆ ئه‌وه‌ی جینۆسایدی کورد وه‌ک به‌شێک له‌ مێژووی جیهانی جینۆساید به‌ فه‌رمی ناسرێت.

**٥. داتای یه‌کگرتوو و ستاندارد**

زانیارییه‌کانی په‌یوه‌ندیدار به‌:

- ناوی قوربانیان
- شوێنی ڕووداوه‌کان
- جۆری زیانه‌کان

له‌ ڕاستیدا تا ڕاده‌یه‌ک کۆکراونه‌ته‌وه‌ و دیاریکراون، که‌ ئه‌مه‌ هه‌نگاوێکی زۆر گرنگه‌. به‌ڵام پێویسته‌:

- ئه‌م داتایه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی یه‌کگرتوو و ستانداردی نێوده‌وڵه‌تی دابنرێت؛
- و بکرێته‌ بنه‌مایه‌ک بۆ پرۆسه‌کانی دادپه‌روه‌ری، قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ و یاده‌وه‌ری.

**کورته‌ی ڕاسپارده‌کان (Academic Insight)**

ئه‌م تویژینه‌وه‌یه‌ نیشان ده‌دات که‌ له‌ بواره‌کانی به‌ڵگه‌سازی و دادگاییکردندا پێشکه‌وتنی گرنگ به‌ده‌ست هاتووه‌، به‌ڵام هێشتا دوو بوار سه‌ره‌کی پێویستیان به‌ کارکردنی زیاتر هه‌یه‌:

١. قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی مادی و مه‌عنه‌وی که‌سوکاری شه‌هیدان
٢. چاره‌سه‌ر کردنی بریندااران
٣. چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی هاوکاری بریندارانی
٤. ناساندنی نێوده‌وڵه‌تیی جینۆسایدی کورد

## کۆتایی

کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان یەکێکە لە تاریکترین لاپەڕەکانی مێژووی کوردستانە. ئەم تاوانە، کە لەلایەن ڕژێمی بەعس بە دیکۆمێنت کرا و دواتر لە دادگای ئەنفالدا سوودی لێ وەرگیرا، ئێستا تەنها بابەتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو بەشێکە لە مافخوازییەکی بەردەوام بۆ دادپەروەری، قەرەبووکردنەوە و پاراستنی یادەوەری. ناساندنی یاسایی ئەم تاوانە وەک جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی هەنگاوێکی گرنگ بوو، بەڵام دادپەروەری تەنها بە ناساندن تەواو نابێت؛ دادپەروەری کاتێک تەواو دەبێت کە قوربانیان مافەکانیان وەربگرن، بێسەروشوێنکراوان بناسرێن، و یادەوەریی ئەم کارەساتە بە شێوەیەکی فەرمی و نیشتمانی بپارێزرێت.

## پەراوێزەکان:

١. پرۆتۆکۆلی ژنێف بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازە ژەهراوی و ماددە خنکێنەرەکان، ١٩٢٥، نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کەیسی ئەنفال (١٩٨٧–١٩٨٨)، بەغدا، ٢٠٠٧.

٣. Physicians for Human Rights, *Winds of Death: Iraq's Use of Poison Gas Against Its Kurdish Population*, ١٩٩٣.

٤. Human Rights Watch, *Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds*, ١٩٩٣.

٥. ڕاپۆرتی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە چەکی کیمیایی عێراق، ١٩٩٨.

٦. بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٦١٢ (١٩٨٨) و ٦٢٠ (١٩٨٨)، نەتەوە یەکگرتووەکان.

٧. نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ، ڕاپۆرتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق، ساڵی ١٩٩٣.

٨. بڕیاری دادگای ناوچەی لاهای، هۆڵەندا، کەیسی فرانس ڤان ئەنرات، ٢٠٠٥.

٩. KGNA، بەڵگەنامەکانی ئیستخباراتی عەسکەری عێراق، ژمارە (ش٣/ق٢/٦٨٨٥) ، ١٩٨٧/٣/٢٥.

١٠. KGNA، بەڵگەنامەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ژمارە ٩٥٣/٩٦٥/ک، ١٩٨٧/٣/٢٩.

١١. KGNA، تۆمارەکانی دادگای ئەنفال، بەڵگەنامەکانی کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان، ٢٠٠٦.

١٢. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە ٥ چاوپێکەوتن لەفەڵ نەجیبە فەقێ ڕەسول

١٣. KGNA، شایەتحاڵی دەربازبووانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە سەرەکییەکان:

- ئەرشیفی KGNA، بەڵگەنامەکانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان، ١٩٨٧
- بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس، پێشکەشکراو بۆ دادگای ئەنفال
- شایەتحاڵی دەربازبووان، کۆکراوەی KGNA
- دادگای لاهای (هۆڵەندا)، کەیسی Frans van Anraat، بڕیارنامە، ٢٣ی کانونی یەکەم ٢٠٠٥.
- نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ، ڕاپۆرتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق، ساڵی ١٩٩٣.

### سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان:

- Human Rights Watch. *Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds*. ١٩٩٣
- Physicians for Human Rights. *Winds of Death*. ١٩٩٣
- United Nations Security Council Resolutions ٦١٢ & ٦٢٠ (١٩٨٨)

# دڕندەیی داگیرکەر وبێدەنگی میدیای جیهان لە کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان



ئا : سەردار شێخ وەسانی

**لێدانی بالیسان پێش هەڵەبجە و پێش شاڵاوەکانی ئەنفال، وەك تاقیگەیەك بوو بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی چەکە کیمیاییەکان لەسەر مرۆڤ و ژینگە.**

کارەساتی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧، تەنها وێستگەیەکی خوێناوی نەبوو لە مێژووی کورددا، بەڵکو پەڵەیەکی ڕەش بوو بە نێوچەوانی مرۆڤایەتییەوە. ئەم هێرشە کە بە گازی خەردەل و سیانید ئەنجام درا، گەورەترین بەڵگەی "نیەتی" ڕژێمی بەعس بوو بۆ قڕکردنی نەتەوەیەک، و لە هەمان کاتدا ئاوێنەیەک بوو بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**دڕندەیی ڕژێمی بەعس؛ تاقیگەیەک بۆ مەرگی بەکۆمەڵ**

ڕژێمی بەعس لە بالیسان تەنها هێرشی سەربازی ئەنجام نەدا، بەڵکو شێوازێکی نوێی لە دڕندەیی تاقی کردەوە. لێدانی بالیسان پێش هەڵەبجە و پێش شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک تاقیگەیەک بوو بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی چەکە کیمیاییەکان لەسەر مرۆڤ و ژینگە. دڕندەیی بەعس لێرەدا کۆتایی نەهات؛ ئەو بریندارانەی کە بەهۆی کاریگەری گازەکانەوە چاویان نابینا بووبوو و گوازرابوونەوە بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر، لەناو جێگاکانیاندا ڕفێندران و بێسەروشوێن کران. ئەمە گەورەترین پێشێلکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو، کە تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا نابێت نەخۆشخانە و بریندار بکرێنە ئامانج. ڕژێمی بەعس بەم کارەی سەلماندی کە ئامانجی تەنها سەرکەوتنی سەربازی نییە، بەڵکو سڕینەوەی جەستەیی و دەروونیی مرۆڤی کوردە.

**کەمتەرخەمیی نێودەوڵەتی؛ ویژدانێک لە خزمەت بەرژەوەندیدا**

لە ساڵی ١٩٨٧دا، کاتێک دووکەڵی ژەهراوی بە ئاسمانی بالیساندا بڵاو دەبووەوە، ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهان لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ و پاریس بێدەنگییەکی گوماناوییان هەڵبژاردبوو. کەمتەرخەمیی نێودەوڵەتی لەو کاتەدا تەنها بێدەنگی نەبوو، بەڵکو پاڵپشتییەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ بەعس. زلهێزەکان بە بیانووی هاوسەنگیی هێز لە جەنگی عێراق-ئێراندا، ڕێگەیان بە سەدام حوسێن دا کە بەبێ ترس لە سزادان، چەکی قەدەغەکراو دژ بە هاوڵاتیانی خۆی بەکار بهێنێت. ئەم بێدەنگییە وای کرد کە ڕژێم بوێرتر بێت و ساڵێک دواتر کارەساتی هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی ناوچەکانی تر دووبارە بکاتەوە. ئەگەر لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧دا جیهان هەڵوێستێکی توندی وەربگرتایە، ڕەنگە ڕێڕەوی مێژوو بگۆڕدرایە و هەزاران مرۆڤ لە مردن ڕزگاریان بووایە.

**میدیای جیهانی لە فەرامۆشییەوە بۆ بەڵگەکردن**

میدیای جیهانی لە کاتی ڕووداوەکەدا بەهۆی سانسۆری توندی بەعس و بەرژەوەندییەکان، بێدەنگی هەڵبژارد. بەڵام دوای ساڵانێک، چەندین دەزگای ناودار دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد:

ڕێکخراوی Human Rights Watch: لە ڕاپۆرتی "Genocide in Iraq"دا ئەم کارەساتەی وەک سەرەتای جینۆساید ناساند.

نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست: تیشکیان خستە سەر بێدەنگیی ئیدارەی ئەمریکا و تاقیکردنەوەی چەکەکان لە بالیسان پێش هەڵەبجە.

بی بی سی و سی ئێن ئێن: لە ڕێگەی بەڵگەفیلم و ڕاپۆرتی مەیدانییەوە، چیرۆکی بریندارە ڕفێندراوەکانی نەخۆشخانەکانی هەولێریان بۆ جیهان گێڕایەوە.

ڕۆژنامەی گاردیان و لۆمۆند: باسیان لە تێوەگلانی کۆمپانیا ئەوروپییەکان کرد لە دابینکردنی کەرەستەی کیمیایی بۆ ڕژێم.

**میدیای ناوخۆیی عێراق و عەرەبی لە نێوان پروپاگەندە و حەقیقەت**

لە ناوخۆی عێراقدا، میدیا ئامرازێکی "پڕۆپاگەندە" بوو. ڕۆژنامەکانی وەک (الثورة و القادسیة) تاوانەکەیان دەشاردەوە و قوربانییەکانیان بە "بەکرێگیراو" ناوزەد دەکرد. میدیای زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش (جگە لە سوریا و لیبیا) بە هەمان شێوە بێدەنگیان هەڵبژارد و هێرشەکانیان وەک بەرگری لە "نەتەوەی عەرەب" وەسف دەکرد. لە بەرامبەردا، تەنها "ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق" و بڵاوکراوەکانی شۆڕش بوون کە وێنە و ناوی قوربانییەکانیان دەگەیاندە جیهان.

**ڕۆڵی میدیای کوردی لە ئێستادا**

لە ئێستادا میدیای کوردی لە قۆناغی تەنها "باسکردن"ەوە پەڕیوەتەوە بۆ "بەڵگەکردنی ئەکادیمی":

کوردسات: تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییە تەندروستییە درێژخایەنەکان (وەک گازی خەردەل).

ڕووداو و کوردستان ٢٤: بەدواداچوونی یاسایی و چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحاڵەکان ئەنجام دەدەن.

ئێن ئاڕ تی: ڕەخنە لە پشتگوێخستنی خزمەتگوزارییەکان بۆ برینداران دەگرێت.

گۆڤاری دۆسیێی ئەنفال: بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەعس و ناوی ئەو فڕۆکەوانانە بڵاو دەکاتەوە کە تاوانەکەیان ئەنجام داوە.

میدیای کوردی لە ساڵانی ڕابردوودا دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە زیندووڕاگرتنی یادی کارەساتەکە، بەڵام هێشتا لە بازنەی گریان و نیشاندانی قوربانییەکاندا ماوەتەوە. کاتی ئەوە هاتووە میدیا ببێتە فشارێکی نێودەوڵەتی؛ پێویستە دۆکیۆمێنتارییەکان بە زمانە جیهانییەکان بەرهەم بهێنرێن و لە پلاتفۆرمە جیهانییەکانی وەک "نێتفلیکس" و "بی بی سی" بڵاو بکرێنەوە. دەبێت چیرۆکی بالیسان لە "چیرۆکێکی ناوخۆیی"یەوە بکرێتە "دۆسیەیەکی مرۆیی جیهانی".

**کەمتەرخەمیی ناوخۆیی؛ زانکۆکانی هەرێم و عێراق لە کوێی دۆسیەکەدان؟**

یەکێک لە خاڵە هەرە بە ئازارەکان، کەمتەرخەمیی ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستانە. زانکۆکانی عێراق بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک ئامرازێکی پروپاگەندەی بەعس کاریان دەکرد و ڕاستییەکانیان دەشاردەوە. بەڵام دوای ڕاپەڕین و دوای ٢٠٠٣ش، هێشتا زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە وەک پێویست کار لەسەر ئەم دۆسیەیە بکەن. زانکۆکانی ئێمە کەمتەرخەمن لە:

**١_ نەبوونی توێژینەوەی زانستیی جیهانی:** هێشتا زۆر کەم توێژینەوەی ئاستبەرز بە زمانە



**زیندووڕاگرتنی ئەم یادە تەنها وەفانیە بۆ خوێنی شەهیدان، بەڵکو گەرەنتییەکە بۆ ئەوەی چیتر مرۆڤی کورد نەبێتە قوربانیی بێدەنگی و خیانەتی سیاسی.**

زیندووەکانی جیهان (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی) لە لایەن مامۆستایانی زانکۆوە لەسەر ڕەهەندە جینۆسایدییەکانی بالیسان ئەنجام دراون.

**٢_ بەڵگەنەکردن (Documentation):** زانکۆکان نەبوونەتە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان و گێڕانەوەی زارەکیی شایەتحاڵەکان بە شێوازێکی ئەکادیمی کە لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا وەک بەڵگە دان بنرێت بە برستیاندا.

**٣_ فەرامۆشکردنی لایەنی تەندروستی و ژینگەیی:** توێژینەوەی پزیشکیی کەم لەسەر کاریگەرییە درێژخایەنەکانی گازەکان و گۆڕانکارییە جینییەکان لەسەر نەوەکانی دوای کارەساتەکە ئەنجام دراون.

**هەوڵەکان بۆ ناساندن وەک جینۆساید؛ ڕێگەیەکی سەخت**

بۆ ئەوەی کارەساتی بالیسان و شێخ وەسان وەک "جینۆساید" لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بناسێنرێت، پێویستە لە قۆناغی دروشمی سیاسییەوە بپەڕینەوە بۆ قۆناغی کاری یاسایی و دیپلۆماسی. تا ئێستا چەند هەوڵێکی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی هەبوون، بەڵام ئەمە پێویستی بە ستراتیژییەکی نەتەوەیی هەیە. ئەم دۆسیەیە دەبێت وەک "هۆلۆکۆست"ی کورد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێویستە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی تیمە یاساییەکانیەوە فشار بخاتە سەر ئەو کۆمپانیا بیانییانەی کە کەرەستەی خاوی کیمیاییان بە بەعس فرۆشتووە. تەنها کاتێک ئەم دۆسیەیە دەبێتە جینۆساید کە جیهان ناچار بکرێت دان بە بەرپرسیارێتیی خۆیدا بنێت.

**کۆتایی**

٣٩ ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر کارەساتی بالیساندا بەس نییە بۆ لەبیرکردن. درندەیی بەعس، بێدەنگیی جیهان، و کەمتەرخەمیی زانکۆکانی خۆمان، سێ چوارچێوەی ئەو تراجیدیایەن کە دەبێت نەوەی نوێ لێی تێبگات. زیندووڕاگرتنی ئەم یادە تەنها وەفانیە بۆ خوێنی شەهیدان، بەڵکو گەرەنتییەکە بۆ ئەوەی چیتر مرۆڤی کورد نەبێتە قوربانیی بێدەنگی و خیانەتی سیاسی. پێویستە بالیسان بکرێتە ناوەندێکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تا مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە.



# هەرمك

## پایتەفتی فۆشناوەتی



حەمەرەش مێرگەسەری

لای هەمووان ئاشکرایە و لە چەندین پەرتوک و سەرچاوە باسکراوە کە گوندی هەرمک جێنشینی میرانی خۆشناوەتی بووە، هەر لە میر شەرک هەتا ئەمبێزخان و مێژوویکی کۆن و پڕ لە بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشە، ناچینە سەر ئەو بابەتانەی لە سەرچاوەکانی تر باس کراوە تەنها چەند زانیاری و کەسایەتیەکی ترتان بۆ باس دەکەین کە لەوانەیە یەکەم جار بێ باس کرابێ، بێگومان گوندێک کە لە سەردەمانێکدا پایتەختی خۆشناوەتی بوو بێ مێژوویکی تایبەت و ناوازەی دەبێ، لە هەرمک چەندین شوێنەواری لێیە کە جێی سەرنجن، قەراتە جوو کە کەوتۆتە باکورێ ڕۆژهەڵاتی گوند و تەنها یەک دەرگای هەیە و قەڵایەکی قایم شاراوەیە و لە گوندی زێوەوە بە بۆڕی قوڕی ئاوی بۆ هاتوە و لەو سەردەمەدا هێنانی ئاو بۆ ئەو شوێنە بەرزە و لەو دووری دووریەو بەو شێوازە تەنها کاری ئیمپڕاتۆریەتەکانی وەک ئاشوری و ساسانی و بابلی مادەکان بووە، چەندین شوێنەواری تری لێیە کە شاراوە و پەنهانن و پێویستە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار پشکنین و کنەی بۆ بکرێ و ئاشکرا بکرێ، تاکو دوای ڕاپەڕین بە نۆین و لەژێر زەویەوە ئاو لە زێوەوە بۆ هەرمک هاتوە بۆ کشتوکاڵ چونکە گوندەکانی زێوە و بێناتان و مەلۆک مێرگەسەر و زیخان(پڕکانیان) بەشێک بوون لە گوندی هەرمک.

هەرمک چەند گەڕەکێک بووە (بەکرە، حاجیە پیرە، میرەسێنی، ئەوبەر)

وە هەرمک کەوتۆتە نێوان شاخەکانی(ملمازین، مۆتە،بەڕاک، باسکی قەسابان، تات فەرەنگ) و چەند کانیەکی لێن بەناوەکانی(گرەزەد، کانی گەرمک)

دوو کانی ژنانی لێبوون (قونەبانان، کانی گەرمک)

لە هەرمک دوو مزگەوت هەبوون (گەرمک ، خانزاد)

لە کەسایەتیە سەرنج ڕاکێشەکانی گوندی هەرمک هەر

یەک لە (پەستەک ڕەش) کە لە تورکە عوسمانیەکان یاخی بووە و لە گەری هەرمک بە تەنها سەنگەری بەرامبەر تورکەکان لێداوە و تاکو شەهید بوونی بەرگری کردوە و تاکو ئەو ساتەش سەنگەرەکەی ماوە، کەسایەتیەکی تری هەرمک (عەودەڕەش) بووە کە لە هاتنی عروس(روسەکان) بۆ ڕواندز و لە لە کاتی شەڕکردن لەگەڵیان شەهید بووە و یەکێک بووە لەو قارەمانانەی کە بە پێچەوانەی تاکتیکە سەربازیەکانی ئەو کات و لەناو لەشکری خۆشناوان بەڕۆژ و دوای نوێژی نیوەڕۆ هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ڕوس لە هەندرێن و ئێستاش گۆڕی لە گوندی (بنمێرد) بۆتە مەزارگە هەر لەو شەڕەدا بوو کە خۆشناو بەوە ناسران کە دوای نیوەڕۆیان هەڵدەچن و تورە دەبن. یەکێکی تر لە کەسایەتیەکانی مێژووی کورد مستەفا خۆشناوە کە یەکێکە لە چوار ئەفسەرەکەی کۆماری مهاباد و لە بنەچەدا خەڵکی گوندی هەرمکە و لە گوندی بێتواتە لەدایک بووە لە بنەماڵەی ماڵی ولیای هەرمکە، هەرمک لەسەرژمێری ساڵی١٩٥٧ بریتی بووە لە٣٥٨کەس

وە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بریتی بووە لە ٣٢٣ کەس هۆکاری کەمبوونەوەی دانیشتوانی هەرمک لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بەشێکی زۆری خەڵکەکەی بۆ خوارووی عێراق ڕاگوێزران یان بەهۆی تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول و ڕووداوەکانی ئەو کاتە بۆ شارەکان کۆچیان کردوە،

لە گوندی هەرمک چەندین پیشەوەری لێ بوون وەک ؛ حاجی حەمەدی، نەجار بوو نیر و ئامورر و خوانە و دەرکە و دەسکە پێمەڕە و ئەو بابەتانەی دروست دەکردن. وەستایەکی شارەزای دیواری بەردین بوو بەیتار، حاجی عەولای فەقێ قادری و خارە مستە، ئەو دوو کەسە کاری بەیتاری و هەڵبەستەوەی دەست و لاقی شکاویان کردوە و شارەزایەکی تەواویان لەو بوارەدا هەبووە و خەڵک لە گوند و ناوچەکانی تر سەردانیان کردوون. دکتۆر(،عەنیفێ حاجی عەولای فەقێ قادری و پلکە ڕابیێ سۆفی حمدامینی،دوو ئافرەتی دەست ڕەنگین و دکتۆر و دەرمانسازی باش بوون و دوو دەرمانیان دروست کردوە (بیرۆ بەردکە) کە لە کەڕووی بەرد دروستیان کردوە و بۆ زۆر بابەتی هەوکردن و هەستیاری بەکاریان هێناوە لەگەڵ (چرگە )کە لە توێکلی هەنار و خۆڵ و چەند مادەیەکی تر دروستیان کردوە بەزۆری بۆ برین و نەخۆشیەکانی پێست و سوتاوی بەکاریان هێناوە. )

لە گوندی هەرمک چەند بنەماڵەیەک دەژین وەک
بنەماڵەکەی بەکرە
بنەماڵەی ماڵی کوێخا عەولای(حمد بەگ، حاجیە پیرە) سەرۆکەیی
مەلا عەلی
ماڵی عالی قەلاغ
ماڵی حاجی میرەسێنی
ماڵی حەمەدی ولیای قلیج
ماڵی فەقێ قادری
وە چەند خێزانێکی تر کە گوندەکانی ترەوە هاتوون و لە هەرمک جێگیر بوون وەک:
حەمەقادر(مەلازادە بەڕۆژەی)
احمد تەها(زێوەیی)
حسن سەوە(شێخ وە سانی )
حەمەدە گوج(ئەندێکی)
عەولا رۆستەم (بەرسیلین)
ماری حاجی کامەلای(بێتواتی)
وەستا عەولا(شێخ وەسانان)
احمدی حاجی عەولای(زێوەیی)
حسێنی محمودی(چیوەیی)
حەمەد روباری(بلەیی)

جێگەی ئاماژە پێکردنە لە گوندی هەرمک چەند ماڵێکی جولەکەی لێبووە کە پیشەوەر بوون و ببوون بە بەشێک لە دانیشتوانی هەرمک وەک

یاقۆ (یاقوب)،ژنی ناوی خاتوون بووە ،کچێکی هەبووە بەناوی عەز (عەزیزە) کە زۆر جوان و بەرچاو بووە گەنجانی گوند شێت و شەیدای بوون.

ئیلیا، کاری خم گرتنەوە بووە، ڕۆژێک ئیلیا بە عەولا ڕەشی بێتواتی دەڵێ کە ئەو کات ماڵی لە گوندی هەرمک بووە کە مریشکێکی بۆ بباتە لای مالم لە گوندی بێتواتە و لەوێی سەری بڕێ چونکە جولەکەکان ئاژەڵیان لای مالم سەردەبڕی کە ئەو کات لە بێتواتە بوو، عەولا ڕەش دەچیتە کونەکەرێ نزیک گوندی چەند سعاتەک خۆی لەوێ دەخافرینی و مریشکی سەردەبڕی و دێتەوە، ئیلیا دەڵێ ئەو مریشکە مالم سەری نەبڕیە، لەلای حاجی پیرە شکاتی لێدەکات و ئاشکرا دەبێ و سزا دەدرێ پارەی مریشکەکەی لێ وەردەگرنەوە.

داودۆک، جۆلا بووە رانک و چۆغەی دروست کردوون و شارەزایەکی باشی لەو بوارەدا هەبووە لە کۆتایی ساڵی چلەکان بۆ خاکی فەڵەستین کۆچیان کردووە.

هەرمک چەند گۆڕستانێکی لێن وەک:

کێل بەرەک،سەرگۆڕ تایبەتە بە منداڵ،کۆمی قەبرە جوو تایبەتە بە جولەکە،پیرسیلە، باسکە قەلک. چاکی کونداوان، مام ڕەشک

گۆڕستانی مام ڕەشک: لە نێوان گوندی هەرمک و گوندی مێرگەسەردا، گۆڕستانێکی یەکجار گەورەو بەرفراوان بەرچاو دەکەوێت، بەناوی گۆڕستانی مام ڕەشک، مرۆف سەری دەسوڕمێ! لە بینینی ئەو گۆڕستانە پڕ لە گڵگۆیە، وای بۆ دەچم بە هەزاران گۆڕی تیادابێت، ئاخۆ چ ئاوەدانی یەک لەو دەڤەرەدا بووبێت! ئەوەی لێمان دیارە لە ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا، مردوی گوندی هەرمکی گەورە دێی پشتگەری خۆشناوەتی لێ ناشتراون، لە هەمان کاتدا مردوی چەند گوندێکی تری دەوروبەر بۆ نمونە: شێخەکانی بالیسانی لێ ناشتراون. تاکو ئێستا بۆمان ڕوون نەبووەتەوە، ئاخۆ سەرەتای ناشتنی مردو لەو گۆڕستانە بۆ کامە سەدە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە دەزانین، گۆڕستانی موسڵمانانە و ژمارەیەکی زۆر داربەڕوی گەورەو بە تەمەنی تیادا ڕواوە.

لە دامێنی گۆڕستانەکە، هەتاکو ساڵانی ١٩٩٠ گۆڕێکی کێل مەڕمەڕی بە نەخش و نیگار هەبووە، لە شەوێکی تاریکیدا، چەند کەسێکی نەناسراوەوە، گۆڕەکە هەڵدراوەتەوە و کێلەکانیش بە تاڵان براون، وای بۆ دەچم ئەو گۆڕە، گۆڕی کەسایەتیەکی دیار و دەستەڵاتداری دەڤەرەکە بووبێت.



گۆڤارێکی تایبەتە، ساڵانە لە یادی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسان دەردەچێ.

## مێرگەسەر

لە بنەڕەتدا مێرگەسەر گوند نەبووە بەڵکو زەوی کشتوکاڵی خەڵکی گوندی هەرمک بووە و لەدوای ساڵی ١٩٤٧و سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ئاوەدان بۆتەوە و یەکەم ماڵیش ماڵی حەمەد بەگی هاتۆتە مێرگەسەر و سەر زەوی کشتوکاڵی خۆی هەر بۆیەش تەواوی خەڵکی مێرگەسەر لە ناسنامەی باری شارستانی شوێنی لەدایک بونیان هەرمکە، وە دەتوانین دوای ساڵی ١٩٨٠ مێرگەسەر هەژمار بکەین بە گوند چونکە لەو ساڵەدا ڕێگەی نێوان سەروچاوە — خەلیفان قیرکراو و بەناو ئەو پارچە زەویانەدا ڕەتبوو کە بە مێرگەسەر ناسرابوو وە خاوەنداریەتەکەیان بۆ خەڵکی گوندی هەرمک دەگەڕایەوە و لەو ساتەوە و بەهۆی ڕێگەی قیرەوە ئاوەدانی رووی لە مێرگەسەر کرد و بوو بە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی دۆڵی خۆشناوەتی و بەشێکی خەڵکی هەرمک لەو شوێنە خانویان دروستکرد بەڵام زۆرینەی لە هەرمک مانەوە و دوای تێکچوون و رووخاندنی تەواوی گوندەکانی خۆشناوەتی و کوردستان گوندی هەرمک بە مێرگەسەریشەوە خابوور کران و لە دوای راپەڕین و بە تایبەتی لەساڵی ١٩٩٢ زۆربەی خەڵکی هەرمک لە مێرگەسەر نیشتەجێ بوون و مێرگەسەر بوو بە شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوونی خەڵکی هەرمک و تەنها چەند ماڵێک کە زۆربەیان بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون لە هەرمک مانەوە و ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ خێزانی گوندی هەرمک و هەندێک گوندی تری ناوچەکە لە مێرگەسەر نیشتەجێن و تەنها چەند ماڵێکی کەم کە بەپەنجەکانی دەست هەژمار دەکرێن لە گوندی رەسەنی هەرمک ماون. لە مێرگەسەر چەند کانیەک هەن وەک (جویزیان، ماسی دڕ، کارێزی مام قادری، کانی گویز، کارێز،رەشەکانیان، کانیێ عەودی،کانیێ کۆریتی،کانیێ سپیلک، گۆمی گۆنەری، کارێزی حاجی عەزیزی، دەنگارە،کارێزی مام سێودینی،کانیێ پسێکی، کارێزی حاجی مەلای،شابەدین، مەندۆران) چەند مزگەوتێکی لێن (مزگەوتی گەورە، مزگەوتی رێبواران، مزگەوتی مەلیک محمود، مزگەوتی خواریێ، مزگەوتی سەیدان

## مەلۆک

مەلۆک زەویەکی گوندی هەرمک بووە هی ژنێک بووە کە دواتر بۆتە خێزانی حاجی محمد بەگی کوری میرانی قادر بەگ و کانیەکی لێ بووە بەناوی ملوکە و دواتر حاجی محمد بەگ هاتۆتە ئەو زەویە و یەکەم کەس بووە ئاوەدانی کردۆتەوە. بێناتان ، هی بابی رابیێ سۆفی حمدامین بووە بە قەیمەسی هەرتەلیانی فرۆشتووە و گوندی بێناتانی لێ دروست بووە. واتا پێشتر بێناتان بەشێک بووە لە گوندی هەرمک.

زێوە، وەک مێرگەسەر هاوینەهەواری هەرمکی و نواوەییان بووە و تاکو ساڵی نەوەدەکان زۆربەی باخچەکانی هی خەڵکی هەرمک بوونە، ئیستاش بەشێکی زۆری باخچەکانی هی خەڵکی هەرمکن.

گوندی زیخان(پرکانیان) لە بنەڕەتدا زیخان کە پێشتر بە پرکانیان ناسراوە، زەوی یەکێک بووە بەناوی سلێمانی دۆت فاتمە کە خەڵکی هەرمک بووە و ئاغاکانی مەلۆکی ئەو کات تەماعیان چۆتە ئەو زەویانە و بە رێگایەکی نامرۆڤانە کە لە (خۆشناو و دۆ و دۆشاوی فەقێ شێخ وەسانی بە دوورو درێژی باس کراوە) لە مام سلێمانی زەوت دەکەن و دواتر دەیدەن بە فەقێ حمدامینی سورچی، سۆسێ ئەو بەری زێی گەورە (شێخ محمدامینی زیخان) کە لە بێراوە مەلا بووە و خانەقای لێ دروست دەکات و دەبێتە گوندێکی سەربەخۆ و ناوی دەبێتە زیخان.

# کوردستان لە ئەرشیفی تەمومژاویدا

## خۆشناوەتی و ڕواندز لە چاوی گەڕیدە بەریتانییەکاندا



ئامادەکردنی: شازاد سەردار

لە ناوەڕاستی تەمومژی مێژوودا، کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو ئاوابوون دەچوو و سوپای بەریتانیا وەک هێزێکی نوێ بەرەو ناوچەکە دەهات، ناوچەی خۆشناوەتی و دەوروبەری بووبوونە جێگەی سەرنجی سیخوڕ و گەڕیدە و ئەندازیارانی ڕۆژئاوا. ئەو بەڵگەنامانەی لە نێوان ساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩٢٣ لەلایەن کەسایەتیی وەک "جۆن جۆردون لۆریمەر" و "مێژەر سۆن" تۆمارکراون، تەنها ڕاپۆرتی وشک نین، بەڵکو گەشتێکی قووڵن بۆ ناو سروشتێکی کێوی و جوگرافیایەکی سەخت.

**گەشتەکەی لۆریمەر و دۆزینەوەی "پردی وشکانی"**

لە نیسانی ١٩١٠دا، جۆن جۆردون لۆریمەر، یەکێک لە دیارترین ئەفسەری هەواڵگریی بەریتانیا، پێی نایە ناوچەی خۆشناوەتی. ئەو کاتە کوردستان بۆ بەریتانییەکان وەک "پردێکی وشکانی" (Land-bridge) دەبینرا کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبەستێتەوە. لۆریمەر لە تێبینییەکانیدا باس لەوە دەکات کە ئەم ناوچەیە هەرگیز وەک یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ نەماوەتەوە، بەڵکو هەمیشە گۆڕەپانی ململانێی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان بووە. بەڵام ئەوەی لۆریمەری سەرسام کردووە "ئازایەتی و مانەوەی کورد" بوو؛ نەتەوەیەک کە سەرەڕای تێپەڕبوونی سوپای فارس، ڕۆم، مەغۆل و تورک، توانیویانە شوناس و جۆرێک لە "سەربەخۆیی خۆیان" لە ناو شاخەکاندا بپارێزن.

**گوندەکان و سیمای دیمۆگرافی**

لۆریمەر لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی خۆشناوەتی و چیای بەنی هەریر، بە وردی ناوی ئەو گوندانەی تۆمار کردووە کە کەوتوونەتە ژێر قەڵەمڕەوی میرەکانی خۆشناو (میرانی بابیز بەگی شەقڵاوە، خدر بەگی هیران و ئەحمەد بەگ). لێرەدا هەندێک لەو ئامارە دەگمەنانە دەخەینە ڕوو کە ١١٥ ساڵ پێش ئێستا تۆمارکراون:

| ناوی گوند/شارۆچکە | پێکهاتەی دانیشتووان (١٩١٠) | تێبینیە جوگرافییەکان |
|---|---|---|
| **شەقڵاوە** | ٢٣٠ ماڵ موسڵمان، ١٣٠ مەسیحی، ٥ جوولەکە | ناوەندی پێنج ئاشی ئاو و باخە میوەکان بووە. |
| **هیران** | ٨٠ ماڵی کورد | بنکەی سەرەکی میر یوسفییەکان بووە. |
| **سیساوە** | ٤٠ ماڵی کورد | بە دەشتاییەکی بەپیت و چەمێکی خوڕ ناسراوە. |
| **نازەنین** | ٢٥ ماڵی کورد | گوندێکی شاخاوی لە دامێنی بەنی هەریر. |
| **بالیسان** | ٦٠ ماڵی کورد | دۆڵێکی پارێزراو بە درەختی گوێز و چنار. |
| **شەویسیان** | ٣٠ ماڵی کورد | ڕێڕەوێکی سەرەکی بەرەو دەشتی باتاس. |

**ژینگەی کوردستانی ١٩١٠**

ئەوەی لە ڕاپۆرتەکانی لۆریمەر و سۆن دا جێگەی سەرنجە، تەنها ژمارەی چەکدار و گوندەکان نییە، بەڵکو وەسفێکی شاعیرانەی سروشتی ناوچەکەیە. لۆریمەر لە کاتی گەشتەکەیدا لە بەهاردا، باسی ئەو ڕەنگاڵەییە دەکات کە دەشتی هەریر باتاس و دامێنی سەفینی داپۆشیوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە لەو کاتەدا ناوچەکە پڕ بووە لە :

ـ **نێرگز و بەیبوون:** کە هەموو گردەکانی دەوروبەری هەریریان داپۆشیبوو.

ـ **شیلان و گەڵای چنار:** کە لە دۆڵی بالیسان دیمەنێکی ئەفسوناوییان دروست کردبوو.

ـ **قەزوان و مازوو:** کە سەرچاوەی سەرەکیی بژێوی و پیشەسازیی ناوخۆیی بوون.

لۆریمەر دەڵێت: "جوانیی ئەم شاخانە بە جۆرێکە، هەست دەکەیت لە ناو باخچەیەکی جیهانیدایت، بەڵام ئەم باخچەیە پڵنگی تێدایە!" ئەو وەسفی پڵنگی شاخی سەفین دەکات، کە ئەو کات بوونیان هەبووە و هەڕەشە بوون بۆ سەر ئاژەڵی گوندنشینەکان.

**لە سەفینەوە بۆ بەنی هەریر**

**١. چیای سەفین و لوتکە بەفرینەکان:**

لۆریمەر دەڵێت "شاخی سەفین پڕبووە لە بزنە کێوییەکان". ژینگەی ناوچەکە هێندە دەوڵەمەند بووە کە دار چنارەکان ئەستوورییەکەیان دەگەیشتە ٥ بۆ ٦ مەتر. بەفر لەسەر لوتکەکان تا کۆتایی بەهار نەدەتوایەوە، ئەمەش وایکردبوو کە ئاوی کانییەکان هەمیشە بەخوڕ بن.

**٢. بەنی هەریر و نهێنیی کارێزەکان:**

لە ڕاپۆرتەکاندا "بەنی هەریر" وەک ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ هاتووە. لۆریمەر ئاماژە بەوە دەدات کە لەم ناوچانەدا سیستمێکی پێشکەوتووی ئاودێریی ژێرزەوی بە ناوی **"کارێز"** هەبووە. کارێزەکان لە دەشتی هەریر هێندە زۆر بوون کە بەریتانییەکان هۆشدارییان دەدا کە تانک و ئۆتۆمبێلە قورسەکان بەسەریاندا تێنەپەڕن، نەوەک سەقفی خاکەکە (کە تەنها ١٠ پێ ئەستوور بوو) بڕوخێت.

**سیاسەت و ململانێی هێزەکان**

لە ڕووی سیاسییەوە، خۆشناوەتی لە ژێر فەرمانڕەوایی "میرانی باییز بەگی خۆشناو"دا بووە. بەریتانییەکان تێبینی ئەوەیان کردووە کە هەرچەندە عوسمانییەکان بە ناو

حاکم بوون، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە لای میرەکانی خۆشناو بووە. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە لە ناوچەی ڕواندزیش بەدی دەکرا، کاتێک "عەبدوڵڵا پاشا" (نەوەی پاشای کۆرە) وەک هێمایەکی میرنشینی سۆران ڕێزی لێ دەگیرا. بەڵام ئەم ئارامییە سروشتییە بەبێ خوێن نەبوو. ڕاپۆرتەکان باس لە "ڕاوەدوونانی ئەرمەنەکان" دەکەن لەلایەن تورکەکانەوە، کە تێیدا هەزاران کەس بوونە قوربانی. ئەم توندوتیژییانە وایکرد کە دیمۆگرافیای ناوچەکە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و زۆرێک لە مەسیحییەکان پەنا بۆ ناوچە پارێزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی میرە کوردەکان ببەن لە شەقڵاوە و کۆیە.

### ستراتیژیی هێڵی ئاسن و گۆڕانی سیمای ناوچەکە

لەگەڵ نزیکبونەوەی ساڵی ١٩١٧ و هاتنی فەرمی سوپای بەریتانیا، تەرکیز لەسەر سروشت گۆڕا بۆ "تەکنەلۆژیا". بەریتانییەکان خەریکی کێشانی هێڵی ئاسن بوون لە "قزل ڕوبات"ەوە بۆ کەرکوک. ئەوان دەیانویست کەرکوک و نەوتەکەی بە بەسرەوە ببەستنەوە. لەم قۆناغەدا، ڕێگاکانی وڵاخ و کاروان جێگەی خۆیان بۆ لۆرییە سەربازییەکان چۆڵ کرد. ڕێگای "موسڵ-ئاڵتوون کۆپری-کەرکوک" بووە جێگەی بایەخی ئەندازیاران، هەرچەندە خاکە قوڕینەکەی باکووری حەمرین لە کاتی باراندا دەبووە گەورەترین بەربەست لە بەردەم لۆرییە بەریتانییەکاندا.

### میراتی جۆن جۆردون لۆریمەر

ئەو ڕاپۆرتانەی لۆریمەر و هاوکارەکانی نووسیویانە، ئاوێنەیەک بن بۆ بینینی کوردستانی ١١٥ ساڵ پێش ئێستا. ئەو وێنەیەی ئەوان کێشاویانە، وێنەی وڵاتێکە کە تێیدا نێرگزەکانی بەنی هەریر و بەفرەکانی سەفین، لە پاڵ قەڵا کۆنەکانی میرنشینی سۆراندا، مێژوویەکیان دروست کردووە کە پڕە لە بەرگری و مانەوە. ئەمڕۆ کە سەیری ئەو بەڵگەنامانە دەکەین، تێدەگەین کە "ڕێگای لۆریمەر" تەنها ڕێگایەکی جوگرافی نەبوو، بەڵکو سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە بوو کە کوردستانی لە سیستەمێکی میرنشینی و خێڵەکییەوە بەرەو ناو جەرگەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان و نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست برد. مێژوویەکی کە تێیدا پڵنگەکانی سەفین و کارێزەکانی هەریر، شایەدی گۆڕانی سەردەمەکان بوون.



**سەرچاوەکان :**

_ گەشتنامەی سۆن بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا, مێژەر سۆن, ١٩٠٨-١٩٠٩

_ ڕێبەر یان (فەرهەنگی جوگرافی)ی کەنداوی عەرەبی، عومان و ناوەڕاستی عەرەبستان بەرگی دووەم ( Geographical and Statistical)، جون جوردون لۆریمەر, ١٩٠٨ بۆ ١٩١٥

تێبینی : ئەم کتێبە لە کاتی خۆیدا وەک نهێنی پۆلێن کرابوو و تەنها بۆ بەکارهێنانی ئەفسەرانی بەریتانی و دەزگای هەواڵگری بوو، چونکە وردەکاریی سەربازی و خێڵەکی زۆر هەستیاری تێدایە.

# فەرهەنگ و ناوی جوگرافی چیاو دەشت و دەر



محەمەد جەمال تۆتمەیی

_ چیا: کێو کێڤ، کەژ، کۆ، بەو شوێنە بەرزانە دەگوترێ کە بریتیە لە (تاشەبەرد، تەپۆلکە، لووتکە.. .. . هتد) وەکوو چیاکانی (هەورێ، سەفین، ئاوەگرد، شۆپە، ئاراسن، ماکۆک).

_ شاخ: بریتیە لەچیای بەردین، کەمتر خۆڵ و نەرمایی هەیە، بەڵکوو ڕێژەیەکی زۆری تاشەبەردی گەورەو عاسێی هەبێ، وەکوو شاخەکانی (شاخی سۆر، شاخی عەوشێ، شاخی شیشار....هتد).

_ تەلان: لەشاخی گچکە ترەو هێندە سەخت نیە، سەر لووتکەکەی کەمێک شاخی بەردەلانە، فەدامێنیشی خاک و خۆڵ و تێکەڵەیە.

_ چەقەر: بەرزاییە لە دامێنی چیاکان، بریتیە لە بەردەڵان و چوار دەوریشی خاک و خۆڵەو تێکەڵەیە، وەکوو (چەقەری سپی، چەقەری لاتێ، چەقەری فاتەرێ.. .. هتد).

_ کراو یان (کڵاو): بەرزایی یەکە وەکووگردێک و لووتکەیەک، هەروەک شێوەی کڵاو، وەکوو (کڵاو قاسم، کڵاوی داوەرێ، کڵاوی دێوانە).

_ باسک: بەرزایی یەکە لەشێوەی باسک، هەندێک دوورو درێژ بێ، بە ئاسانی ڕێگای هەبێ بۆ سەرکەوتن، وەکوو (باسکی مێرگەسێنێ، باسکی بێرۆیێ).

_ بەن: ئەو پانایی یەی کە کەوتوونەتە سەر بەرزاییەکان، واتا شیاو و گونجاون هەم بۆ ئاوەدانی، هەمیش بۆ چاندن، بەتایبەتی ڕەزی دێمی، چەند نموونەیەکمان هەنە وەکوو: بەنی هەریر، کەهەم چیایەو هەم شاخەو لووتکەیەو کەپکەو ملە، هەمیش سەر بەرزاییەکەشی پان و بەرینە.

سەربەن: سەر بەرزایی پیرمامی ئێستا کاتی خۆی سەربەنیان پێدەگوت، دواتر بوو بە ئاوەدانی و شوێنی گەشت و گوزار.

_ بەنەباوی: بەهەمان شێوە بریتیە لە چیاو لووتکە، سەر بەرزاییەکەشی شوێنێک و دەشتێکی بەرینەو شیاوە بۆ کاری چاندن.

_ زین: شوێنێکی نەوی لە نێوان دوو بەرزایی، هەڵکەوتەکەشی وەکوو زینی ئەسپە، چەندین زینمان هەن وەکوو (زینەتیر، زینی شێخوەسانان، زینی هەرتەل، زینی سەران، زینی وەرتێ، زینی گەرەوان ).

_ هەرست: بەرزاییەکی هەڵستاو لە شاخ و کێو نزم ترە، بەواتای بەرزایی یەکی کەمێک هەڵستاو، وەکوو هەرستی باویان، هەرستی میراوێ.

_ پانەسەر: سەر بەرزاییەک کە پان بێ، زۆر بەرین و گەورەنیە.

_ تیش: گردۆلکەی زۆر بچووک، تاشەبەردی درێژو پان، وەکوو (تیشی گەرەوان، تیشی باسرمێ، تیشی میراوێ ).

_ دەنگارە: ئەو شاخانەی کە بانگ دەکەی دەنگ دەدەنەوە، جاران ئەیان گوت (دەنگارە ماینێ میری زایە؟)، شاخەکەش دەنگی دەدایەوە.

***هەموو دەنگارەیەک بوارەکانیەکی هەیە.***

_ زیخ: هەندێ بەرزایی هەن لە جیاتی خۆڵ، شوێنەکەی زیخەڵانە، وەکوو (زیخی گەرەوان، زیخان ).

_ زیخمار: لە دامێنی بەرزاییدا هەندێ شوێن خۆڵەکەی مەیلەو سپیە، جێماوە، هیچ گیایێکی لێ ناڕوێ، لە زۆربەی گوندان زیخمار هەن.

_ چەنە: ئەو شوێنەی لەچیاو لێژاییەکان دا دارماون، خاکەکە لە شوێن خۆی لەیەک ترازاوە،

وەکوو نیمچە بورکانێک وایە، لەشوێنی رەسەنی خۆی خزاوە.

ــ گرد: بەرزاییەکە زۆر بڵند نیە، هەندێکیان تێکەڵن لەتاشەبەردو خاک و خۆڵ، هەندێکیشیان دەست کردن یان خۆڵ رێژن، تەنها بریتین لە خۆڵ و لەسەر یەکەوە کۆکراوەتەوە، وەکوو ( گردی تلێ، گردی دێگەی، گردی کانی کەرەکێ، گردی باروکاوێ).

***ــ دوڕ،یان دڕ: گەریەکی کەمێک قوول، شوێنێک هەندێ ئاوی بارانی تیادا بمێنێتەوە،وەکوو دڕێ ماوان.***

ــ گەری: قووڵاییەکە ئەو لاو ئەولای شاخ و چیان، رێگایەکی بەر تەسکی بەنێودا بڕوات، وەکوو (گەری عەلی بەگ، گەری زێنێ، گەری خوارووکی، گەری بێشێخێ، گەری نیشاوێ، گەری ساریجی).

ــ تیوەڕەشاخ: زنجیرە شاخێکی کەمێک درێژبێ، زۆر بەرز نەبێ، مرۆڤ و ئاژەڵ بتوانێ بە ژێریدا گوزەر بکات.

ــ قووپ: واتا لووتکەیەک کە زۆر بەرز نەبێ، سەرەوەی قووپ و تەختایی بێت، وەکوو (قووپی تەلانی، قووپی سۆر ).

ــ بەرەسەر: بەو شوێنە دەگوترێ کە پێش ئەوەی بگەیتە سەر بەرزاییەک، ئەو رێیەی کە دەتوانی پێیدا بڕۆی و سەخت نیە.

ــ کەپک: بەرزاییەک کە بڕوانێتە لێژی، بەرزی و سێبەری پان و بەرینە، جاران ئەیان گۆت (ئاوێ دێمکی، سیبەرێ کەپکی )، وەکوو (کەپکی حەمەداغەی، کەپکی شیلانە، کەپکی گەرۆتەی ).



ــ کۆم: لەگەری بەرین ترەو بریتیە لە نیمچە دۆڵێک بەڵام دوورو درێژنیە، وەکوو (کۆمێ بەردەگردی، کۆمێ خوارووکی ).

ــ مل: کاتێک لەسەر گردێک بەسەر دەکەوی، لووتکەیەکت دێتە پێش، دامێنی لووتکەکە بۆ دوو لا دەڕوا، وەکوو ملی مرۆڤ وایە، بەوە ئەڵێن مل، وەکوو (مل بەکرت، ملمازین ).

ــ بان: سەر بەرزایی دەبێتە پانایی یەک، وەکوو (بانە نۆک، بانە قەڵا، بانە زێوک ).

ــ کەونە بەیار: بەو شوێنانە دەگوترێ کە ماوەیەک رەزی دێمی لێ بووە، دواتر وازیان لێهێناوەو وشک بووە، لە زۆربەی شوێنان کەونە بەیار هەن.

ــ شیو: لە گەری گچکەترەو رێگایەک لەبناری بەرزاییەک وەکوو دۆڵێکی بچووک وایە وەکوو (شیوچاران، شیواشۆک، شیوە سەخەل).

ــ نیشاو: دۆڵێکی دوورو درێژ، بەڵام ئاوی باران لەو شوێنە کۆنابێتەوە و وەکوو ئەڵێن غەور بووەو نیشتووە، ئاوەکەی ون دەبێ و دەنیشێ.

ــ سەرگۆڕ: دوای ئەوەی ماوەیەک بە شوێنی هەورازی سەخت دا سەرەکەوی، لەناکاو دەگەیتە شوێنێکی پان و بەرین، ئەو شوێنە سەر گۆڕانیان پێدەرێن.

***ــ گۆڕ تارین، یان گۆڕبەتارین: ئەو گۆڕوپانابیانەی کە لە چیان***

***و تاریشکی لێ شین دەبێ. واتا تاریشـــــــکی کێــــــوی.***

ـ تەمۆخ: زیخەڵانێکی زۆر ورد، بەهۆی کۆنی هەندێ تاشەبەرد، بن بەردەکان ئەگەر هەڵ بکۆڵی دەبینی ئەو تاشەبەردانە رزیون و بوونەتە زیخ، بەوەی دەڵێن تـــــــــــــــــەمۆخ.

ـ بەردە خوێ: جۆرە بەردێکە شێوەو وێنەی لە خوێ دەچێ.

ـ بەردەستێ: بەردێکی گردارە، جاران بۆ پێکردنی ئاگر بەکاریان دێنا، بەهۆی لێخشاندنی پارچە ئاسنێکی بچووک، لەبەرانبەریشدا هەندی ناوکی داریان دادەنا، کەئاسنەکەیان لەبەردەستێیەکە دەخشاند، پرووشکی ئاگری لێپەیدا ئەبوو، پرووشکەکە بەر ناوکە دارەکە دەکەوت و ئاگری دەگرت، دواتر لەسەر قەلنەیان دائەناو ئەیان کێشا.

ـ ســــــــــۆرک:گردی گەورە و کەمیک بەردین، خۆلەکەی رەنگی سورە، هەندێ تیوەرە شاخیشی هەیە، سۆرک شوێنە لێژەکانی کە تەنها خۆڵی لێ هەیە داروباری لێ ناروێ، بەلام سەرەوە و دامێنەکانی داری لێ هەیە وەکو زنجیرە سۆرکی شەقلاوە کە درێژدەبێتەوە تا هیران, بە هۆی بوونی رێژەیەکی زۆر لە توخمی ئاسن لەو چیایە بە تێپەربوونی کات ئاسنی ناو خۆڵەکە ژەنگ هەڵــــــدێنێت و بە ســــــۆری دەردەکەوێت، بۆیە هەموو جۆرە رووەکێک لەو خاکە ناروێت.

ـ راز:لە نێوانی لووتکەی بەرز بەرەوخوار، یەعنی هەڵدێر نییەو دواتر دەبێتەوە شاخ وەکو رازەکانی بناری چیای شۆپە، واتە مرۆڤ دەتوانێ پێی دا بڕوا بۆ کردنی گیای بەهاری و کوارگ هەروەها ئاژەڵی کێویش دەتوانی لێیدا بلەوەڕێ.

ـ بەردەبـــاز: ئەو بەردەیە کە لە ناوەندی جۆگە یان چەند بەردێکی گەورە لە رووبارێک دادەنێن بۆ پەڕینەوە.

هەروەها لە رێگا سەختەکانی چیاشدا بەردەباز هەیە بە تایبەت لەو شـــــوێنانەی کەوا رێگـــــا بەرتەسک دەبێتەوە، بەردێک ئاسان بێ بۆ سەرکەوتن.

نالی شاعیری مەزن وشەی بەردەبازی بەکار هێناوە و دەڵێت:

"سەر بەردەبازی رێتە

تەختە بەندی زێتە

دڵ مەیلی خاکی پێتە

رۆح ماڵی خۆتە، بیبە

ـ خوێ رز:چەند تاشەبەردێکی پان و بەرین لە تەنیشت یەکن بۆ مەڕ و بزن خوێی بەسەر وەدەکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تاشە بەردانە خوێیەکە بخۆن.

ـ بەرد: هەر تاشە بەردێکی گەورە لە چیاکان ئەگەر بێت و لە حەددی ئاســـــــایی گەورەتر بێت ناوی خۆی هەیە وەکو(بەردەبەش، بەرد بێــراوە، بەردەگــرد، بەردی بووکان)

ـ کەنــد: لێـــژاییەکە بەرەو قووڵایی دەچێ کەمتر بەردی هەیە بەڵکو خۆڵێکی سادەیە



وه‌کو(که‌نده‌گور، که‌ندی کافران، که‌نده‌سپی)

_ هه‌رکه‌و: له‌سه‌ر به‌رده گه‌وره‌کاندا هه‌رکه‌و درووست بووه، هه‌رکه‌و واتا ئاوی کۆبوویه‌وه‌ی باران له‌سه‌ر ئه‌و به‌ردانه‌ی که‌وا که‌مێک قوولن، هه‌یه ده‌ستکرده و هه‌شیانه سرووشتییه، ئه‌و ئاوی بارانه تا ماوه‌یه‌ک له‌ناوی دا ده‌مێنێته‌وه، شوان و گاوان و کاره‌وان و ڕێبوار گه‌لێک جار ئاوی لێده‌خۆنه‌وه، وه‌کو هه‌رکه‌وه‌کانی(به‌رده‌لانکی، هه‌رکه‌وی داک ئایشێ)

_ تات: تاشه به‌رده‌کی پان و به‌رین بۆ نوێژ کردن له‌سه‌ری به‌کار دێ

_ کۆسپه: به هۆی هات و چۆی وڵاخ له کۆڵانه‌کانی ته‌نگه‌به‌ری چیاکاندا وه‌کو قادرمه و کۆسپێک له شاخه ته‌مۆخه‌کان درووستبووه، وڵاخ ده‌توانێ پێیدا سه‌رکه‌وێ

پ_ بیستانجاڕ: پارچه زه‌وییه‌کی گه‌وره‌ی به‌راو، ئه‌و زه‌وییه به‌راوانه ده‌گرێته‌وه که گه‌وره‌ن و چوار ده‌وریان چیله به‌رده، جاران ده‌کران به توونن.

_ تیرێشک: پارچه زه‌وییه‌کی بچووک، واته قیناج ده‌بێته تیرێشک



_ ته‌خته‌عارد(ته‌ختۆکه): پارچه زه‌وییه‌کی زۆر گچکه

_ کانه‌شتر: پارچه عارده‌کی زۆر گچکه، به‌هاران هه‌ر به پێمه‌ڕه‌و خاکه‌ناس ده‌یانکێرا وده‌یانکرد به شتری توتن و ته‌ماته

_ ئاوڕێژ: شوێنێکه له چیا و شاخه‌کاندا لێژه کاتێک که باران زۆر ده‌بارێت ئاوه‌که به‌و شوێنه‌دا شۆڕده‌بێته‌وه

_ لات: پارچه‌یه‌ک له زه‌وی کێلان، وه‌کوو ئه‌ڵێن: ڕۆژو لات، هه‌موو وڵات.

لات به‌مانای ئه‌وه دێت که‌وا پارچه‌یه‌ک زه‌وی که بۆ کێڵان شیاوبێ که‌وتبێته نێوان دووبه‌رزایی

_ سه‌ران: هه‌موو به‌رزایی و لوتکه‌یێک که به‌یانیان تیشک و گزنگی ڕۆژی به‌رکه‌وێ.

_ سه‌رده‌ران: به‌رزاییێک که له دامێنیدا چه‌ند توله ڕێییێکی هه‌بێت، توله ڕێیه‌کان به‌رته‌سک و ته‌نگبن

_ نسێ: واتا سێبه‌ر به‌ڵام نسێ ته‌نها سێبه‌ری چیا و شاخ و لوتکه ده‌گه‌یێنێ، واتا ناکرێ بڵێین نسێی مرۆڤ، یان نسێی دار، ئه‌و ناوه ته‌نها سێبه‌ری چیایه که دوای نیوه‌ڕۆیان ده‌بنه سێبه‌ر ده‌ڵێن ( نسێ هاتن ).

_ شووتک: بریتییه له ڕێگای ناو شاخ و چیا، واتا ڕێگای باریک و لاو و نیو و لۆفه‌ی گچکه.

_ ڕازووکان: چه‌ند ڕازێکی له‌یه‌ک نزیک واتا چه‌ند پارچه شاخێک که ماوه‌یه‌ک زه‌ویان له نێوان بێ، زه‌ویه‌که بۆ کێڵان نابێ به‌ڵکو هه‌ڵدێره و به‌رده‌لانه.

_ نزار: شوێنی په‌نا که ئێواران هه‌تاو و تیشکی ڕۆژی پێناکه‌وێ.

_ قان: پارچه زه‌ویه‌کی گچکه.

# لەژینگەی حکومەتەوە بۆ حکومەتی ژینگەیی



ئەندازیار
عەبدولڕەحمان سدیق*

ژیذ گە چەمکێکی یەکجار فراوا نەو هەموو روو بەرو پانتاییەکی ئەم جیها نە لەخۆ دەگر ێت، بۆ یە ولا تان بەمەبە ستی دابە شکردنی ئەر کەکان وەزارەت یێك یان ئاژاذ سیێك یان دە ستەیەك بۆ ژیذ گە دادە مەزرێنن وەك لا یەنێکی چاودێرو راو یێژکار، ئەم دامەزراوە یە نوێنەرا یەتی فەرمیی ژیذ گەی حکو مەت دە کات، بەلاّم کاتێك کە ئەنجو مەنێکیش لەوەزارەت و دە ستە جێ بەجێکارەکان دادە مەزرێنن بۆ جێ بەجێکردنی مەر جە ژینگەیی یەکانی ذ یێو یا ساکانی ژیذ گە ، ئەم ئەنجومە نە بۆ ئەوە یە پر سی ژیذ گە فراوانتر ب یێت و حکو مەتێکی ژیذ گەیی بەرهەم بهێنێت بەم شێوەیە:

### دەستەی ژینگە:

دە ستەیەکی چاودێریی و هەما هەنگیی ژینگەیی یەو کارە سەرەکییەکانی بریتییە لە :

هەلّ سەنگاندنی کاریگەری ژیذ گەیی پرۆژە کان و ، رەزامەندیی یدان لەسەریان ، چاودێرییکردنیان.

سەرۆکایەتیکردنی کۆبوو نەوەکانی ئەنجو مەنی ژیذ گە بۆ هەما هەنگیی لەگەلّ وەزارەت و دەستەکان

بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی.

ئەو کارا نەی کە وەزارەت و دە ستە جێبەجێکارەکان ئەنجامی دەدەن

ئە مەش ئەو کارا نەن کە وەزارەت و دە ستە جێ بەجێکارەکان ئەنجامی دەدەن بەهەما هەنگیی لە گەلّ دە ستەی ژیذ گە لەچوار چێوەی ئەنجو مەنی ژیذ گەو بۆ گفتو گۆ لەبارەی ئەر کە ژینگەیی یەکانیان وەك ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

### وەزارەتی ناوخۆ

کاراکردنی پۆلیسی ژیذ گەو دار ستان لەڕووی پێکها تەو پێداویستییەکانییەوە

هەموارکرد نەوەی یا سای هاتو چۆ بەئارا ستەی رێگر یی لەسەرپێچییەکان

پ ێداگیریی ز یاتر بۆ هەبوونی مەر جە ژینگەیی یەکان لەهۆکارەکانی گواستنەوەدا.

رێکخ ستنەوەی ئارا ستەکانی هاتوو چوونی هۆکارە کانی گواستنەوە لەسوودی ژینگەدا.

رێ گرتن لەما نەوەی ئۆتۆ مۆبێلی تە مەن ٢٠ سالّ لە سەنتەری شارەکاندا.

وەر گرتنی باجی ژیذ گەیی تەنها لەئۆتۆمبێ لە سەرپێ چیکارەکان ب ێت نەك لەهەمووان

### وەزارەتی داد

دا نانی دادوەری ژیذ گەیی لەدادگاکاندا

پێکهێ نانی دادگا یەکی ژیذ گەیی بۆ تاوانە ژینگەییەکان

خێراترکرد نی پە سەندکردنی رێنماییە ژینگەیی یەکان لەئەنجو مەنی شورای هەرێم

### وەزارەتی پێشمەرگە

بایە خدان بە پارا ستنی ژیذ گە وەك بەشێك لەئاسایشی نیشتمانیی

خاوێنکرد نەوەی شوێنەکانی مە شق و راهێ نان لەپاشماوەی تەقەمەنییەکان

مامە لّەکردنی زاذ ستیانە لە گەلّ ئەو ماددانەی لەنێو تەقەمەنییەکاندان

پ یادەکردنی پرۆ سەی رز گاربوونی زانستی لەپاشماوەی تەقەمەنییەکان

بەکارهێنانی کەل و پەلی دۆ ستی ژینگە لەدامەزراوە سەربازییەکاندا



بەکارهێنانی هەلیکۆپ تەر بۆ چاودێری گۆڕا نە ژینگەی یەکان و فرەجۆری بایۆلۆجی.

تۆ مارکردنی ژ یانی خۆڕ سکی گیانلە بەرو رووە کەکان لە ناو چە تایبەتە سەربازییەکان

## وەزارەتی دارایی و ئابووریی

پالپ شتییکردن لەپرۆژەکانی ک شتوکاڵکردنی ز یرەك و پیشە سازیی ژینگەدۆست

هەنگاونان بەرەو وە بەرهێنانی سەوزو ، چەمکی ئابووری سەوزی بەردەوام و پرۆژە سەوزەکان

ها ندانی کەرتی تای بەت بۆ کاراکردنی چەمکی بانکی سەوزو ، پارەدارکردنی سەوز بۆ پرۆژەکان

هەما هەنگیی و هاو کاریی نێودەو ڵەتیی بۆ گوا ستنەوەی ئەزمونی ئابوری سەوزی وڵاتان

وەزارە تی کارو کارو باری کۆمەڵایەتیی

کەمکرد نەوەی هەژاریی و بێ کاریی بۆ ئەوەی ژینگەپارێزی خەمی هاوڵاتی بێت

پالپ شتییکردنی خاوەن پرۆژە ژینگەی یەکان بەپ ێدانی قەرزی بچووك.

بنیاد نانی پەی کەری گو نجاو بۆ پەڕینەوە یەکی ئارام بەرەو ئامانجەکانی پلانی ٢٠٣٠.

## وەزارەتی شارەوانیی

کۆکرد نەوە و جیاکرد نەوەی زاذ ستییانەی جۆرە کانی ز بلّ و خاشاك

بەگەڕخ ستنی سیذ ستمێکی پێشکەوتووی ریسایکلین

ز یادکردن و پارا ستنی روو بەری سەوزایی پارك و باخچەکان

## وەزارە تی خوێ ندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

کرد نەوەی بە شی زاذ ستەکانی ژیذ گە لە کۆل ێژە پەیوەند یدارەکانی زاذ کۆ حکومیی و ئەهلییەکاندا

بایە خدان بەتوێژی نەوە ژینگەی یەکانی ئا ستی سەردەم بۆ دۆزی نەوەی چارەسەر بۆ کێشە ژینگەییەکان.

## وەزارەتی پەروەردە

دا نانی بابە تە ژینگەیـ یەکان لەنێو پرۆگرام یی گ شت قۆنا غەکانی خوێندندا.

ز یادکردنی چالاکییە ژینگەیـ یەکان لەناوەندەکانی خوێندندا

پابە ندبوون بەروو بەری سەوزایی ستاندارد لەناوەندەکانی خوێندندا

## وەزارەتی پلاندانان

جێکرد نەوەی ژینگە لەنێو پلا نی ساڵانەی وەزارەتەکاندا

جەختکرد نەوە لە سەر با سە ژینگەییەکان لە دیدگای ٢٠٣٠ دا.

پ شتگیرییکردنی پارەدارکردن بۆ پرۆژە ژینگەییەکان

وەزارە تی ک شتوکاڵ سەر چاوەکانی ئاو

گە شەپێدان بەدار ستان و روو بەری سەوزایی بەپێی میکانیز مە نوێییەکانی سەردەم

درو ستکردنی بە نداوو گۆل بۆ کۆکردنەوەی ئاو

ئ یدارەدانی زاد ستییانەی ئاوو پرۆ سەی ئاودان و داهێ نانی کشتوکاڵکردنی زیرەکانە

سوود وەرگرتن لەپەینی سروشتی.

## وەزارەتی تەندروستیی

رز گاربوونی زاد ستییانە لەپاشماوەی نەخۆشخانەکان

بەکارهێنانی سیـ ستمی ئۆتۆک لەیڤ لەحاڵەتی پێویستدا

تەرخانکردنی روو بەری سەوزایی ستاندارد بۆ نەخۆشخانەکان

وەزارەتی بازرگانیی و پیشەسازیی

دا نانی باجی ز یاتر لە سەر هاوردەکردنی ماددە پلا ستییەکان و کیسەی نایلۆن

گێڕا نەوەی کەلو پەلی ماوە بەسەر چوو بۆ شوێنی خۆ یان نەک لەخاکنانی لەنێو هەرێمدا

قەدە غەکردنی هاوردەکردنی ئامێری ساردکەرەوەی زیاد بەخش بە چینی ئۆزۆن

ها ندان بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆ مۆبێلی دۆستی ژینگە

## وەزارە تی سامانە سروشتییەکان

با شترکردنی کوالێتی سووتەمەنییەکان

قەدە غەکردنی دا نانی پالاو گەی نایاسایی

راگرتنی سوتاندنی غازی هاوەڵ

وە بەرهێنان لەبەر هەمهێنانی غازی ئازادو سوتەمەنی پاك و وزەی نوێبووەوە

دابینکرد نی ئامێرو ئامرازە کانی پێوا نەکردن و چاودێریکردنی پیسکارەکانی هەوا

هاوردەکردنی نوێترین تەکنۆلۆژیای سەوز لەبواری بەرهەمهێنانی نەوتدا.

## وەزارە تی ئەوقاف و کارو باری ئاینیی

دامەزرا ندنی سیـ ستمی دابینکرد نی کارەبا بەوزەی خۆر

بە ستنی شێرەی ئاو لەجۆری هە ستیار بۆ پارا ستنی برِی ئاوی بەکارهاتوو

دا نانی سیـ ستمی ریـ سایکین بۆ ئاوی بەکارهاتوو، بەکارهێنانەوەیـ شی بۆ شتن و ئاودان

تەرخانکردنی روو بەری سەوزایی ستاندارد لەمزگەوت و پەرستگاکان

تەرخانکردنی کات بۆ با سی ژینگە لەوتاری هەینیـ یدا لە چاپدانی با بەتی پەیوەست بەئایین و ژینگە

## وەزارەتی کارەبا

ز یادکردنی برِی کارە بای بەر هەمهاتوو لەسەر چاوەی وزە نوێبووەکانەوە

دا نانی یە کەی چارە سەر بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا

## وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

بەکارهێنانی هۆ کاری هاتو چۆی ژینگەدۆ ستە کە ئەم مەرجا نە لەخۆ بگرێت

سەلامەتیی گەیا ندن و پارا ستنی ژینگە وتەندروستیی مرۆڤ

سنووردانان بۆ گازە دەردراوە کان و پاشماوەکان

ز یاتر بەکارهێنانی دەرا مەت و وزە نوێبووەکان

ژاوەژاوی کەم و نرخی گونجاو

وەزارە تی ئاوەدانکرد نەوەو نیشتەجێکردن

کەمکرد نەوەی پا شماوەی خانووبەرەو رێگەوبان

بایە خدان بەبینای ستوونی و بیناسازیی سەوز

بەکارهێنانی ئەو ماددەو کەرەستانەی دۆستی ژینگەن

بەکارهێنانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە



پە لەکردن لەدامەزرا ندنی هێ ڵی شەمەندەفەر بۆ گوا ستنەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی.

### وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

ز یادکردنی بەرنا مەو بابە تە ژینگەیـ یەکان لەگ شت هۆکارە کانی راگەیاندندا

هۆ شیارکردنەوەو کاراترکردنی رۆ ڵی لاوان لەپاراستنی ژینگەدا

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

گەیا ندنی هەو ڵە کورد ستانییەکان لەبواری ژینگەپارێزییدا بەدەرەوە

بنیاد نانی پردی پەیوە ندیی لەنێوان دا مەزراوە ژینگەیـ یەکانی جیـ هان و دەستەی ژینگەدا

رەخـ ساندنی هەلی بە شداریی هەرێمی کورد ستان لە چالاکییە ژینگەیـ یەکانی دەرەوەدا

### فەرماذ گەی رێک خراوە ناحکومییەکان

هەما هەنگیی لە گەڵ دە ستەی ژینـ گە لەپـ ێدانی مۆ ڵەت بەرێکخراوە ژینگەییەکان

جێگیرکرد نی پـ سپۆڕێتی ورد لەکاری هەر رێکخراوەیەکی ژینگەییدا

پێدا چوونەوە بەمۆ ڵەتی رێک خراوە ژینگەییە ناکاراکان

### دەستەی وەبەرهێنان

سەپاندنی مەر جە ژینگەیـ یەکان لەگشت پرۆژەکانی وەبەرهێناندا

ها ندانی کۆمپانیا کانی بۆ وە بەرهێنان لەبوارەکانی ژینگەدا

### دەستەی گەشتوگوزار

تەرخانکردنی بڕ ێك لە دا هاتی گەشتوگوزار بۆ شیاندنەوەی ژینگە

گە شەپێدان بەگە شتییاریی ئاینیی ، گە شتیاریی شوێنەواریی ، بایە خدان بەمۆزەخانەکان

کارکردن بە مەر جەکانی پارا ستن و چاککردنی ژینـ گە لە پرۆژە کانی گەشتوگوزار.

### دەستەی کاروباری مین

سوود وەر گرتن لەرێککەوتننا مە نێودەوڵەتیـ یەکان بۆ خێراترکرد نی پووچەڵکردنەوەی مینەکان

رە چاوکردنی مەر جە ژینگەیـ یەکان لە چۆنییەتی ناوبردنی مینە کۆکراوەکان

### ئەنجو مەنی باڵای کاروباری خانمان

کاراکردنی ز یاتری چەمکی ژینـ گەپارێزیی لەکارو چالاکییەکانی خانماندا.

گێڕا نەوەی رۆ ڵی خا نمانی کورد لەبایە خدان بەجوان مامە ڵەکردن لەگەڵ پێکهێنەرەکانی ژینگەدا.

سوود وەر گرتن لە ئەزموونی خا نمانی جیـ هان لە خەباتی رێکخراوە یی ژینگەییدا.

لەکۆتاییدا:

گرنـ گە ئا ماژە بەو را ستییەش بدەین کە ئەم بوارە فراوا نەو دەکر ێت لەئێـ ستاو لەداهاتوودا. ئەرکی ژینـ گەیی ورد تریش بۆ هە ندێك وەزارەت و دە ستەو دا مەزراوەی دیـ کەش د یار بـ کرێن لە گەڵ ز یاتر پەرە سەندن و قووڵبوو نەوەی زاذ ستەکانی ژینـ گە لە هەردوو بواری تیۆریی و پراکتیکی.

*یە کەم وەز یری ژینـ گەی عـ ێراق لە (٢٠٠٣ – ٢٠٠٤)

– سەرۆکی دە ستەی ژینـ گەی هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠ – ٢٠٢٥)

–راو ێژکاری ژینـ گەیی ئەنجو مەنی وەزیرا نی حکو مەتی هەرێمی کوردستان .

# کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان، یەکێك لە تاوانە مێژووییە گەورەکان.



نەرمین عوسمان

**پاشماوەکانی چەکی کیمیایی، کە پاشماوەی ژەهراوین، لە ژینگەدا دەمێننەوە و کاریگەریی بەردەوام بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و بوونەوەرەکان بۆ چەندین نەوە دروست دەکەن.**

لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧دا، فڕۆکەکانی رژێمی عیراقی فاشیست، گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانیان لە دۆڵی بالیسان، بە چەکی کیمیایی جۆری گازی خەردەل و مادە دەمارییەکان بۆمبباران کرد و قوربانییەکی زۆری مرۆیی و ژینگەیی لێ کەوتەوە. کە دەڵێم ژینگەیی، چونکە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، تەنیا کاریگەری لەسەر مرۆڤ نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی کارەساتبار و درێژخایەن لەسەر ژینگە، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە (خاک، ئاو، هەوا و جۆرەکانی زیندەوەر...)، جێ دەهێڵێت. ئەو مادە کیمیاییە جێماوانە، دەبنە میراتێکی ژەهراوی، کە ساڵانێک یان دەیان ساڵ ئیکۆسیستەمەکان وێران دەکەن.

رژانی ئەو مادە ژەهراوییانەی بەهۆی چەکی کیمیاییەوە دەکەونە سەر خاک، دواتر رۆ دەچن بەرەو ناو خاکەکە و بۆ ماوەیەکی درێژ لەوێدا دەمێننەوە و پێکهاتەی خاکەکە لە رووی تفتی و ترشییەوە دەگۆڕن، کە ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت پاکیان بکاتەوە، بەوەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کشتوکاڵ و رووەکە خۆڕسکەکان دەبێت. هەروەها زیان دەگەیەنن بە ئاژەڵ و مێروو و مایکرۆزیندەوەرەکان، ئەمە جگە لە کەڵەکەبوونی کانزا قورسەکان و پاشماوەی تەقینەوەکان لە خاکدا.

ئاویش وەک یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی ژینگە، پشکی شێری لە پیسبوون بەردەکەوێت بەهۆی مادە کیمیاییە زیانبەخشەکانەوە. ئەو مادانە دەکەونە ناو ئاوی سەرزەوی، پاشان لە رێگەی راڕەوی ئاوی سەرزەوی بۆ ژێرزەوییش دەگوازرێنەوە و ئەوانیش پیس دەبن. لە ئەنجامدا بوونەوەرە ئاوییەکان دەکوژن و ئاوی خواردنەوە پیس دەکەن، هەروەها ژێرخانی ئاو (بیرەکان و تۆڕەکان) لەناو دەبەن. بەپێی ئامارەکانی ئەو شوێنانەی کیمیاباران کراون، زۆربەی جار، لە سەدا پەنجای بیرەکان وێران دەکەن.

سەبارەت بە پیسبوونی هەواش؛ دەردانی گازە ژەهراوییەکان، کە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبە کیمیاییەکانەوە دەردەچن، گەردیلەکانی مادە کیمیاییەکان و گازە ژەهراوییەکان بەهۆی هەواوە بڵاو دەبنەوە و هەوا بۆ مەودایەکی دووردرێژ و بەرفراوان پیس دەبێت. هەروەها ئەو سووتانەی بەهۆی تەقینەوەکانەوە لە دارستاندا دەکەونەوە، ئەوانیش مادەی ژەهراوی دەڕژێننە ناو هەواوە.

لەناوبردنی رووەک و ئاژەڵ بە راستەوخۆ، جگە لە رەوکردنی دەیان جۆر لە باڵندە و ئاژەڵ، کە ئەگەری هەیە هەرگیز نەگەڕێنەوە بۆ ناوچە پیسبووەکان، لەناوچوونی دارستانەکان و زەویی کشتوکاڵی، گۆڕانکاری لە پێکهاتە سروشتییەکان هەموویان پێکەوە، کاریگەرییان لەسەر



**پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی زیاتر بدات بۆ قەدەغەکردنی تەواوی ئەو جۆرە چەکانە و پاککردنەوەی ناوچە بەرکەوتوو و زیانلێکەوتووەکان**

باڵانسی ژینگە دەبێت و ئەو کاریگەرییانەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێننەوە.

پاشماوەکانی چەکی کیمیایی، کە پاشماوەی ژەهراوین، لە ژینگەدا دەمێننەوە و کاریگەریی بەردەوام بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و بوونەوەرەکان بۆ چەندین نەوە دروست دەکەن. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، زیانێکی زۆر بە ژینگە دەگەیەنێت، کە چاککردنەوە و پاککردنەوەی، بەئاسانی بەدەست نایەت و پێویستی بە هەوڵی فرەلایەنە، بۆ نموونە؛ هەوڵی نێودەوڵەتی لەگەڵ دامەزراوە ناوچەییەکان بۆ بووژاندنەوە و پاککردنەوەی ژینگەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان. خۆ ئەگەر نەشکرێت، ئەوا کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی بەردەوام دەبێت.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی داوە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، چەند ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆڵێکیش لەو بارەیەوە هەن، لەوانە: پرۆتۆکۆڵی ژنێڤ (١٩٢٥)، سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گاز لە شەڕدا، هەروەها ڕێککەوتنی بایۆلۆژی (١٩٧٢)، دەربارەی قەدەغەکردنی چەکی بایۆلۆژی و ڕێککەوتنی چەکی کیمیایی (CWC) لە ساڵی ١٩٩٣، سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی... بەڵام وەک هەر ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵێکی تری نێودەوڵەتی، پێویستە چاودێریی بەهێز بۆ جێبەجێکردنیان و سزا بۆ سەرپێچیکەران و بەکارهێنەرانی چەکی کیمیایی هەبێت.

چەکی کیمیایی، یەکێکە لە مەترسیدارترین تاوانەکان لە دژی مرۆڤایەتی و ژینگە. کاریگەریی ئەم چەکانە، تەنیا لە کات و شوێنی بەکارهێنانیاندا نییە، بەڵکوو بۆ دەیان ساڵ و لە ناوچەیەکی بەرفراواندا بەردەوام دەبێت. مێژوو شایەتی ئەوەیە کە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بۆ نەوەکانی داهاتووش بەردەوام دەبێت، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی زیاتر بدات بۆ قەدەغەکردنی تەواوی ئەو جۆرە چەکانە و پاککردنەوەی ناوچە بەرکەوتوو و زیانلێکەوتووەکان.

# ئۆنتۆلۆژیای مەرگی ژەهراوی و مانیفێستی ژیانەوەی سەوز

## (خوێندنەوەیەك بۆ فەلسەفەی ئیکۆلۆژی لە یادی ١٦ی نیسانی ١٩٨٧)



ڕێبوار بالیسانی*

**کیمیابارانی ناوچەکە تەنها ڕووداوێکی سەربازی نەبووە، بەڵکو تاوانێکی ئۆنتۆلۆژی بووە بەرانبەر بە (نشینگەی بوون)ی کورد**

### ١٩٨٧/٤/١٦ وەک برینێکی ئۆنتۆلۆژی لە جەستەی سروشتدا

ئەم دۆخە کارەساتبارە، تەنها ڕێککەوتێکی سادە نییە لە ڕۆژژمێری نەتەوەیەکدا کە بە ئازار تاقی کراوەتەوە، بەڵکو ساتەوەختێکی جەوهەری و قووڵە بۆ تێڕامان لە دۆخی مرۆیی و پەیوەندیی ئۆنتۆلۆژیی مرۆڤ بە زەوییەوە. لە بەهاری (١٩٨٧)دا، کاتێک گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان و ناوچەی خۆشناوەتی بوونە ئامانجی یەکەمین هێرشی کیمیایی ڕژێمی بەعس، گەردوون گەواهیدەری وەرچەرخانێکی مەترسیدار بوو، (هەوا) لە سەرچاوەی یەکەمی ژیانەوە گۆڕا بۆ ئامرازی (مەرگێکی بێدەنگ). ئەم کارەساتە تەنها جەستەی بایۆلۆژیی مرۆڤی کوردی نەسوتاند، بەڵکو تەواوی (سیستەمی ژینگەیی) ئەو ناوچەیەی خەڵتانی ژەهر کرد، تا ئەمرۆش شوێنەوارە ئۆنتۆلۆژی و بایۆلۆژییەکانی لەناو خاک و ڕۆحی دانیشتووانەکەیدا بە ڕوونی دەبینرێن.

مێژووی ئەم ناوچەیە لەو ڕۆژەوە دابەش بوو بۆ دوو سەردەم: (سەردەمی هاوسەنگیی سروشتی و سەردەمی برینداریی ئۆنتۆلۆژی). کاتێک کیمیاباران دەستی پێکرد، ژینگەی ناوچەکە لە مەودایەکی کورتدا لە بەهەشتێکی سەوزەوە گۆڕا بۆ تاقیگەیەکی مەرگی کراوە. لێرەدا نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو داربەڕووەکان، کانییەکان، مێرووەکان و ئاژەڵە کێوییەکانیش بوونە قوربانیی عەقڵییەتێکی توندڕەوی (مرۆڤ سەنتەری – Anthropocentric)کە سروشتی تەنها وەک کەرەستەی تاقیگە دەبینی.

لێرەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەم کارەساتە مرۆیی و ژینگەییەدا، دەمانەوێت خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بە پشت بەستن بە تێهزرینی هەندێک لە فەیلەسوفان بۆ ئەم دۆخە نالەبارە بکەم،

تـاوەکو سـەرنج بخەینە سەر ڕەهەنـدە شـاراوەکانی ئەو کارەسـاتە و چـۆنییەتی چارەسـەرکردنی بە شـێوەیەک، کە جارێکی تر مرۆڤ بتوانێت بە هاوسـەنگی و تەبـایی لەگەڵ ژینگەکەیدا، ژیانێکی شکۆمەندانە و پڕ لە هاوسەنگی بژیت.

### داوی تەکنۆکراسـی و تێکشکاندنی نشینگەی بوون

لە لێکـۆڵینەوە فەلسـەفییەکانی سـەدەی بیسـتەمدا، تێگەیشـتنێکی جیـاواز بـۆ تەکنەلۆژیـا هـاتە ئـاراوە، پێمـان دەڵێـت: کێشـەی تەکنەلۆژیـای مـۆدێرن تەنهـا لە ئامێرەکانـدا نیـیە، بەڵکـو لەو تێهـزرینەدایە کە جیهـان وەک (چوارچێوەبەنـدییەکی تەکنیکـی) یـان (Gestell) دەبینێت. لەم دیـدگایەدا مـارتن هایـدگەر، فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانی، لە تێهزرینە قووڵەکانیدا دەربارەی جەوهەری تەکنەلۆژیا، هۆشداری دەدات، مەترسـیی ڕاسـتەقینە تەنها لە ئامێرەکاندا نییە، بەڵکو لەو تێهـزرینە (چوارچێوەبەنـدییە)دایە، کە هەموو بوونەوەرەکان و خودی سروشـتیش تەنهـا وەک (سـەرچاوەیەکی ئامـادە- Reserve Standing) بـۆ بەکارهێنـان، دەسـتکاریکردن و تـاقیکردنەوە دەبینێـت. ئەم تێـڕوانینە هایـدگەرییە لە (١٦ی ٤ی سـاڵی ١٩٨٧)دا، لە لایەن ڕژێمـی بەعسـەوە گەیانـدرایە لووتکەی وێرانکاریی ئۆنتۆلۆژی، کاتێـک هـزرینە تەکنیکییـە دڕنـدەکەیان، هەوای پـاک و نشـینگەی سروشـتیی بالیسـان و شـێخ وەسـانانی لە (سـەرچاوەی ژیـان و بـوون)ەوە گـۆڕی بـۆ تـاقیگەیەکی مەرگـی کـراوە، تـاوەکو تێیـدا کوشـندەیی و کـاریگەریی گـازە ژەهراوییەکـان لەسەر جەستەی مرۆڤ و ژینگە تاقی بکەنەوە.لێرەدا سروشت لە (نشینگەیەک بۆ ژیانەوە گۆڕا بۆ کەرەستەیەک بۆ کوشتن). هەوا، کە ڕەهەنـدی هەرە سـەرەکیی نشینگەی مرۆییە، ژەهراوی کرا. بـۆیەدەکرێ بڵێـین ئەم دۆخە ئەوەیە: کیمیابـارانی نـاوچەکە تەنهـا ڕووداوێکـی سـەربازی نەبـووە، بەڵکـو تـاوانێکی ئۆنتۆلـۆژی بـووە بەرانـبەر بە (نشینگەی بوون)ی کورد. کاتێک دوژمـن هەوای نـاوچەیەک ژەهراوی دەکات، تەنها جەستەی مرۆڤەکـان ناکوژێـت، بەڵکـو (شـیاوەتی ژیـان) لەو خـاکەدا دەکوژێـت. ئـێمە پێمـان وایە بـۆ ڕێگریکردن لە دووبـارەبوونەوەی ئەمە، دەبێـت لە زهنییەتـی (تەکنیکیـی داگیـرکەر)ەوە تێبپەڕێـین بەرەو زهنییەتـی (پاراستنی ماڵی بوون). نشینگەی شکۆمەندانە کاتێک بەدی دێت کە ئـێمە وەک "شـوانێتی بـوون" مـامەڵە لەگەڵ درەخـت و کانییاوەکان و تەواوی سروشتی نـاوچەکە بکەیـن، چـونکە هەر بێـدەنگکردنێکی سروشـت بە ژەهـر، تێکشـاندنی شـکۆمەندیی مرۆڤ خۆیەتی.

> **شەهیدانی ناوچەکە تەنها وەك تاکە مرۆڤ شەهید نەبوون، بەڵکو وەك بەشێك لە (جەستەی سروشت)ی ناوچەکە گیانیان بەختکرد.**

### تـۆڕی ژیـان و فراوانبـوونی ئاسۆی (خود)

لە فەلسـەفەی ئیکۆلـۆژیی هاوچەرخـدا، تێهزرینێکـی قـووڵ هەیە و پێیوایە کێشـەی ژینگە بە



چاکسازیی ڕووکەش چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکارییەکی فەلسەفی هەیە لە چەمکی (خود- Self)دا. ئارنی نایس فەیلەسوفی نەرویژی: پێیوایە، مرۆڤی مۆدێرن تووشی نامۆبوونێکی ژینگەیی بووە، چونکە (خود)ی تەنها لە جەستە و بەرژەوەندییە تەسکەکانیدا دەبینێتەوە. لە کارەساتی بالیسان و شێخ وەساندا، هێرشەکە تەنها مرۆڤەکانی نەکردە ئامانج، بەڵکو ئەو تۆڕە بەیەکەوە گرێدراوەی ژیانی لەناو برد کە مرۆڤ تەنها بەشێک بوو تێیدا.

نایس، جەخت لەوە دەکاتەوە، مرۆڤ دەبێت بگاتە (خود-ناسینێکی ئیکۆلۆژی- EcologicalSelf-realization).

کەواتە: شەهیدانی ناوچەکە تەنها وەک تاکە مرۆڤ شەهید نەبوون، بەڵکو وەک بەشێک لە (جەستەی سروشت)ی ناوچەکە گیانیان بەختکرد. بۆ ئەوەی دووبارە هاوسەنگی بگەڕێتەوە، دەبێت ئێمە تێبگەین چیاکانی ئەو ناوچەیە (سییەکانی ئێمەن بۆ هەناسەدان) لە دەرەوەی جەستەمان. ئەگەر بەعس لە (١٦ی ٤)دا، هەوڵی دا ئەو سییانە ڕابگرێت، ئەرکی ئێمە ئەوەیە پاراستنی ژینگە وەک (بەرگری لە خود) ببینین. ژیانی شکۆمەندانە تەنها بەوە بەدی دێت ئێمە (بەهای خودی- Intrinsic Value) بۆ درەخت و باڵندەکانی ناوچەکە بگەڕێنینەوە. کاتێک ئێمە ڕێز لە ژیانی مێروویەک دەگرین وەک پیرۆزیی بوون، زهنییەتی جینۆساید خۆی لەناو دەچێت، چونکە جینۆساید لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات، کە مرۆڤ وا دەزانێت ئەو جیاوازە و باڵاترە لە سروشتی دەوروبەری.

**ئاکاری بەرپرسیاریتی و دانایی ترس**

ئاکاری تەقلیدی هەمیشە لە پەیوەندیی مرۆڤی بە مرۆڤەوەی دەکۆڵییەوە، بەڵام لە ژێر کاریگەریی تەکنەلۆژیای وێرانکەردا، فەیلەسوف و ژینگەناسی ئەڵمانی هانس یوناس: پێمان دەڵێت: ئەم لێکۆڵینەوانە چیتر بەس نین و دەبێ ئەم پەیوەندییە تێپەڕێنین. یوناس، چەمکی (پرەنسیپی بەرپرسیارێتی) دێنێتە بەرباس و وەک چەمکێکی نوێی ئاکاری پێشنیاری دەکات و دەڵێت: (وا بجوڵێرەوە کە کاریگەریی کردەوەکانت تێکدەر نەبێت بۆ ئەگەری مانەوەی ژیانێکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی). کارەساتی ( ١٦ی ٤) نموونەی هەرە ڕادیکاڵی ئەو وێرانکارییە کاتییەیە، کە یوناس هۆشداری لێوە دەدات، چونکە ژەهرێک تەنها نەوەی ئەوکات نا، بەڵکو خاکی داهاتوو و نەوەکانی (١٠٠) ساڵی دیکەشی بریندار و کارەساتبار کرد.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەمکی (هێوریستیکی ترس- Heuristics of Fear) بدەین، ئێمە دەبێت لەو کارەساتانە بترسین، نەک بۆ ئەوەی بێهیوای بین، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو ترسە بمانبات بەرەو (بەرپرسیارێتییەکی باڵاتر)، لەم دۆخەدا ترس لە دووبارەبوونەوەی کیمیاباران دەبێت ببێتە (مانیفێستێکی پاراستن). ژیانی شکۆمەندانە تەنها بەوە بەدی دێت، ئێمە خۆمان بە ئەمینداری زەوی بزانین نەک بە خاوەنی. هەر بڕیارێکی سیاسی یان پیشەسازی لە بالیسان و ناوچەکە دەبێت بپرسێت: (ئایا ئەمە مافی نەوەکانی داهاتووی ئەم ناوچەیە کە هەڵمژینی هەوای پاک دەپارێزێت؟). ئاسوودەیی ڕاستەقینە لەوەدایە ئێمە ئاکارێکی وا دابتاشین و ژینگەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو جێبهێڵین، تێیدا هەناسەدان نەک هەر ئازاد بێت، بەڵکو پیرۆزیش بێت.

**هەڵوەشاندنەوەی پلەبەندی و ئازادیی نشینگە**

ڕیشەی وێرانکاریی ژینگە لە (پلەبەندیی کۆمەڵایەتی)دایە. وەک فەیلەسوف و ئیکۆلۆژیستی کۆمەڵایەتی ئەمریکی مورای بوکچین: ئاماژەی پێ دەکات، تێگەیشتنی ئێمە بۆ (زاڵبوون بەسەر سروشتدا ڕەنگدانەوەی زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر مرۆڤ)دا. ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس کە ١٦ی ٤ی خوڵقاند، سیستەمێکی تەواو (پلەبەندی- Hierarchy)بوو، کە تێیدا (سەرەوە) بڕیاری لەناوبردنی (خوارەوە)ی دەدا. هەر لەبەر ئەوەشە بوکچین پێیوایە: تا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی مرۆیی لەسەر بنەمای دەسەڵاتخوازی و چەوساندنەوە بێت، سروشتیش وەک قوربانی دەمێنێتەوە

**ئێمە لێرەوە ڕایدەگەیەنین، ئاسوودەیی و شکۆمەندیی مرۆڤی کورد تەنها لە ئازادیی سیاسییدا نییە، بەڵکو لە (ئازادیی هەناسەدان)دایە لە ژینگەیەکدا تێیدا خاك، ئاو و هەوا، لە ژەهری توندوتیژی پاك کرابێتنەوە**

کیمیابارانی بالیسان و شێخوەسان، لووتکەی زهنیەتی (زاڵبوون) بوو. دیکتاتۆرییەت تەنها دوژمنی کورد نییە، بەڵکو دوژمنی سروشتیشە، چونکە دیکتاتۆر وەک چۆن مرۆڤ وەک کاڵا دەبینێت، ئاو و هەواش وەک ئامراز دەبینێت. بۆ ئەوەی ناوچەکە ئازاد و شکۆمەند بێت، دەبێت پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی بێت. کاتێک زهنیەتی (فەرمانڕەوایی نامێنێت، زهنیەتی ژەهراویکردنی خاک)یش کۆتایی دێت. ئاسوودەیی ڕاستەقینە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت: ژیان لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە تێیدا مرۆڤ وەک بەشێکی تەواوکەری

سروشت کار دەکات، نەک وەک داگیرکەرێک. مانیفێستی ئێمە، مانیفێستی ئازادیی کۆمەڵایەتییە وەک بنەمایەک بۆ هاوسەنگیی ژینگەیی.

**یەکێتیی بوون و پیرۆزیی ماددە**

لە فەلسەفەی (مۆنیزم)دا، تێروانینێکی قووڵ هەیە و پێیوایە: هیچ جیاوازییەک لە نێوان پیرۆزی و سروشتدا نییە. فەیلەسوفی هۆڵندی باروخ سپینۆزا: لە رستە ناودارەکەی (خودا یان سروشت-Deus sive Natura)پێمان دەڵێت:

**بۆ ئەوەی بالیسان و شێخ وەسان و ناوچەکە و تەواوی کوردستان، چیتر نەبنە قوربانیی (مەرگی ژەهراوی)، دەبێت فەلسەفەی ئیکۆلۆژی بکەینە بەشێك لە شوناسی نەتەوەییمان**

**.....**

**١٦ی ٤ دەبێت ببێتە رۆژی (پەیمانی سەوز).**

هەموو بوونەوەرەکان دیاردەی یەک جەوهەرن. کاتێک لە (١٦ی ٤)دا گازی کیمیایی بەسەر بالیسان وشێخوەساندا بارێندرا، ئەوە تەنها هێرش نەبوو بۆ سەر نەتەوەیەک، بەڵکو هێرش بوو بۆ سەر (خودایەتیی سروشت) و پیرۆزیی بوون. هەر بونەوەرێک هەوڵ دەدات لەسەر بوونی خۆی بەردەوام بێت. لێرەوە دەگەین بەو ئاکامەی کە بلێین: خاکی ئەم ناوچەیە تەنها قور و لیتە و خۆڵ نییە، بەڵکو(ئەندامێکی پیرۆزی بوونە). ئاسوودەیی مرۆڤیش کاتێک بەدی دێت کە بگاتە (خۆشەویستییەکی زهنی بۆ سروشت). ئەم خۆشەویستییە وامان لێدەکات پاراستنی ژینگە نەکەینە ئەرکێکی ناچاریی یاسایی، بەڵکو بیکەینە پێویستییەکی رۆحیی قووڵ. ئەگەر جیهان بەم دیدگایەوە سەیری ژیانی بکردایە، هەرگیز چەکی کیمیایی دروست نەدەبوو، چونکە هیچ مرۆڤێک ئامادە نییە جەستەی خۆی (کە سروشتە) ژەهراوی بکات. ژیانی شکۆمەندانە لەم ناوچەیەدا واتە گەرانەوە بۆ ئەو یەکێتییەی کە تێیدا مرۆڤ رێز لە خاکی خۆی دەگرێت وەک ئەوەی رێز لە پیرۆزترین شتی ژیانی دەگرێت.

بەرەو سەردەمێکی هاوسەنگ و تەبا

بۆ ئەوەی بالیسان و شێخ وەسان و ناوچەکە و تەواوی کوردستان، چیتر نەبنە قوربانیی (مەرگی ژەهراوی)، دەبێت فەلسەفەی ئیکۆلۆژی بکەینە بەشێک لە شوناسی نەتەوەییمان. تێروانینە فەلسەفییەکان پێمان دەڵێن: کە رێگری لە کارەسات لە سێ ئاستدا خۆی دەبینێتەوە:

ـ **ئاستی ئاکاری:** دانان بە مافی هەموو بونەوەرەکان بۆ ژیانێکی ئازاد و پاک.

ـ **ئاستی سیاسی:** تێکشکاندنی عەقڵییەتی زاڵبوون و دیکتاتۆرییەت کە خاک و مرۆڤ وەک کاڵا دەبینێت.

ـ **ئاستی زانستی:** بەکارهێنانی زانست بۆ (چاککردنەوەی ژینگە) نەک بۆ وێرانکردنی جەوهەر و توخمەکانی سروشت.

١٦ی ٤ دەبێت ببێتە رۆژی (پەیمانی سەوز). ئێمە لێرەوە رایدەگەیەنین، ئاسوودەیی و شکۆمەندیی مرۆڤی کورد تەنها لە ئازادیی سیاسییدا نییە، بەڵکو لە (ئازادیی هەناسەدان)دایە لە ژینگەیەکدا تێیدا خاک، ئاو و هەوا، لە ژەهری توندوتیژی پاک کرابێتەوە. وەفاداری بۆ شەهیدان، تەنها بە نووسینەوەی مێژووەکەیان نابێت، بەڵکو بە پاراستنی ئەو سروشتە دەبێت کە خوێنی ئەوانی تێدا رژاوە. با ئەم یادە بێتە سەرەتایەک بۆ سەردەمێک، کە مرۆڤ و سروشت لە هاوسەنگییەکی ئەبەدیدا و بەیەکەوە بە شکۆمەندییەوە هەناسە بدەن.

ماستەر لە فەلسەفەدا*

# ڕێککەوتنی پاریس و بالیسان و شێخ وەسان



هەندرێن شێخ ڕاغب

**داوا دەکەم دۆسیەیەک لەسەر تەواوی وردەکاری پیسبوون و تێکچوون و وێرانبوونی ژینگەی بالیسان و شێخ وەسانان ئامادەبکرێت.**

ماوەی دوو سەدساڵە، لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی لەجیهان دا، ژینگەی زەوی روبەڕووی کارەسات و تێکچوون و پیس بون بۆتەوە, رۆژ بە رۆژیش ئەم پیس بوون و تێکچوونی کەشوهەواو گۆی زەوی زیاتر دەبێت .

شۆڕشی پیشەسازی وێڕای هەموو دەستکەوتە مەزنەکانی، بەڵام بۆتە هەڕەشەیەکی گەورەش لەسەر مانەوەی هەسارەی زەوی و داهاتووی ئەم ژیانە, ئەم پیشەسازییە بوو بۆمبی ئەتۆمی و کیمیاوی و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەرو تۆپخانەی گەورەو موشەک و درۆنی بەرهەم هێناوە, کە هەموو




ئەمانە پێکەوە نەک هەر مرۆڤ دەکوژن، بەڵکو راستەوخۆ ژینگەو ژیان لەناو دەبەن. بەڵگەش کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان و هەڵەبجەو سەردەشت و هێرۆشیماو ناکازاکیە. دوای ئەوەی رژێمی لەناوچوی بەعس ساڵی ١٩٨٧ ناحیەی بالیسان و شێخ وەسانانی کیمیاباران کرد و کارەساتێکی جەرگبڕی دژی کوردو مرۆڤایەتی دروست کرد، ژینگەوژیانی لەم ناوچەیە وێران کرد, لەسەر ئەم بنەمایەش بە پێشنیارو داواکاری وەزارەتی ژینگەی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان رۆژی ٤/١٦ هەموو ساڵێکی وەک رۆژی ژینگەی کوردستان دەست نیشان کرد. بۆچی ئەم رۆژەمان هەڵبژارد، چونکە ژینگەو ژیانی کورد بەهۆی کیمیابارانکردنەوە روبەروی سڕینەوەو کۆمەڵکوژکردن و پیس بوون بوویەوە, ئێمەش لەسەر ئەم درندەیەی بەعس ناومان ناوە رۆژی ژینگەی کوردستان و بونیادی ژینگەو ژیان دەنێینەوەو دروستی دەکەینەوە .

ئەم تێکچون و پیس بوونەی ژینگەی جیهان، دەوڵەتانی هێنایە سەرخەت، کە مشورێک بخۆن. ئەوەبوو ساڵی ٢٠١٥ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا رێککەوتننامەی پاریس راگەیەنرا بۆ روبەروبونەوەی گۆڕانکاری کەشوهەواو هەر ساڵەی لە ناوچەیەکی دنیاو دەوڵەتێک کۆنگرەی جیهانی لەسەر بنەمای رێککەوتنی پاریس ئەنجام دەدرێت و ساڵی رابردوو لە دەوڵەتی بەرازیل بوو. بەپێی داتاو ئامارو زانیاری ئەم کۆنگرەیە دەوڵەتی عێراق پێنجەم قوربانی پیسبوون و وێران بوونی ژینگەیە, واتە عێراق لەخوار هێڵی سورەوە مەترسیدارەو ژینگەکەی وێرانە. بۆ ئەوەی عێراق تێکنەچێت و نەبێتە بیابان و ژیانی لەناو بمێنێت، پێشنیار کراوە لەناو صندوقی هاوکاری روبەڕووبونەوەی گۆڕانکاری کەشوهەواو ژینگە بڕی (١٠٠) سەد ملیار دۆلار کۆمەکی عێراق بکرێت. بەپێی توێژینەوەکان لەسەر داهاتووی ژینگەی عێراق ئەم پێشنیارە کراوە کە ١٠٠ ملیار دۆلار کۆمەکی عێراق بکرێت, هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق دەبێت سودمەند بێت لەم بڕە هاوکارییە بۆ خزمەتی ژینگەکەی, بۆیە لێرەدا پێشنیارێکم هەیە :

داوا دەکەم دۆسیەیەک لەسەر تەواوی وردەکاری پیسبوون و تێکچوون و وێرانبوونی ژینگەی بالیسان و شێخ وەسانان ئامادەبکرێت، بە داتاو ئامارو وردەکارییەوە، داوای بڕی کۆمەک و هاوکاری بکەن بۆ قەرەبووی ژینگەی بالیسان و شێخ وەسانان لەسەر بنەمای ئەوەی بە چەکی کیمیاوی ژینگەکەی پیس بووە, ئەم دۆسیەیە بدرێتە وەزارەتی ژینگەی عێراق و دەستەی ژینگەو تەواوی فراکسیۆنە کوردستانیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆک کۆمارو وەزیرەکانی کورد لە بەغداد. ئەمە مافێکی یاسایی و سیاسی و دادپەروەرانەو ژینگەییانەیەو دەبێت هەر کۆمەکێکی دارایی و پرۆژەیەک بۆ ژینگەی عێراق بکرێت، بەشی هەرێمی کوردستان و هەڵەبجەو بالیسان و شێخ وەسانان و هەموو ناوچەکانی دیکەی بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی وئەنفال کراوان و ناوچە ئەنفال کراوەکان و تێکدراوەکان بگرێتەوە.

# لایەنە تاریکەکەی کیمیاباران

## بە تاقیگە کردنی جەستەمان لەلایەن جیهانەوە



**ئامادەکردنی: شازاد سەردار**

**ئەندازیارانی "موسەنا" گەیشتنە قۆناغێك کە توانییان گازی "سیانید" بە شێوەی کاریگەر بەکاربهێنن. هێرشەکەی دۆڵی بالیسان بۆ بینینی خێرایی کوشندەیی ئەم گازە نوێیە بوو لە ناوچە شاخاوییەکاندا**

**بۆنێک کە مێژووی گۆڕی**

لە ئێوارەیەکی ١٦ی چوار ١٩٨٧، بەهار مزگێنی نوێبوونەوە و ژیانەوەی هێنابوو، لەولاشەوە ولاتە گەورەکان پلانی قڕکردنی نەتەوەیەکیان دانابوو ، فڕۆکە جەنگییەکان وەک ئەوەی بۆ ئەوە دروست بوبن ئارامیی گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانانی تێکدا ، گەردەلوولێکی سپی و سەوزیان باراند کە بۆنی سێوی لێ دەهات. ئەو بۆنە، سەرەتای یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی جینۆساید بوو لە سەدەی بیستەمدا. بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە: ئەو ژەهرە لە کوێوە هات؟ کێ مۆری مەرگی کوردانی لەسەر ئەو بۆمبانە دابوو؟ دۆسیەی ئەو کۆمپانیا و ولاتانەی کە کەرەستەی خاوی چەکی کیمیاییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە، یەکێکە لە ئاڵۆزترین دۆسیە یاساییەکان. زۆربەی ئەم کۆمپانیایانە لە ژێر ناوی "کەرەستەی کشتوکاڵی" یان "مەبەستی مەدەنی"دا، ئەو مادانەیان بە عێراق فرۆشتووە کە دواتر کرانە گازی خەردەل و سارین و لە بالیسان و هەڵەبجە بەکارهێنران.

**"کۆمەڵگەی موسەنا" (پڕۆژەی ٩٢٢)**

هەموو شتێک لە شوێنێکەوە دەستی پێکرد کە بە "پڕۆژەی ٩٢٢" یان "دامەزراوەی گشتی بۆ بەرهەمهێنانی قڕکەر" (SEPP) دەناسرا. ڕژێمی بەعس بۆ شاردنەوەی بەرنامە کیمیاییەکەی، سیستمێکی زۆر ئاڵۆزی دارشتبوو، ئەم ناوە پۆشەرە تەنها بۆ شاردنەوەی مەبەستە سەربازییەکان بوو. ئەم دامەزراوەیە کە بە **"کۆمەڵگەی موسەنا"** ناوبانگی دەرکرد، دەکەوێتە بیابانەکانی نێوان سامەڕا و دەریاچەی سەرسار (نزیکەی ٨٠ کیلۆمەتر لە باکووری بەغدا). ڕووبەری کارگەکە ١٠٠ کیلۆمەتر دووجا بوو، کە بە سێ تەلی دڕکاوی و پاسەوانی توند دەورە درابوو. ژێرخانی کارگەکە پتر لە ٢٨ هێڵی بەرهەمهێنان و تاقیگەی پێشکەوتووی تێدا بوو کە زۆربەیان لەلایەن کۆمپانیا ئەڵمانییەکانەوە دروستکرابوون. لە ساڵی ١٩٨٧دا، ئەم کارگەیە توانای هەبوو مانگانە ٦٠ بۆ ٨٠ تۆن گازی خەردەل و ٤ تۆن گازی دەمار (سارین و تابوون) بەرهەم بهێنێت.

**ئەندازیارانی پشت تاوانی کیمیاباران**

سەدام حوسێن پارەیەکی خەیاڵیی خەرج دەکرد بۆ هێنانی مێشکە گەورەکانی بواری کیمیا بۆ "موسەنا". دیارترین ئەو کەسانە بریتی بوون لە:

**ـ دکتۆر یۆرگن هیپێنستیل:** ئەندازیارێکی ئەڵمانی بوو لەگەڵ کۆمپانیاکەی بە ناوی (Imhausen-Chemie) یارمەتیدەرێکی سەرەکی بوون لە دروستکردنی یەکەی بەرهەمهێنانی گازەکان.

**ـ شارەزایانی میسری:** ژمارەیەکی زۆر ئەندازیاری میسری کە خاوەن ئەزموون بوون لە چەکی کیمیایی، لەوێ کاریان دەکرد.

**ـ ئەندازیارە بەریتانییەکان:** وەک "ڕاوێژکاری تەکنیکی" بۆ کۆمپانیاکانی وەک (Matrix Churchill) کاریان دەکرد بۆ چاککردنەوەی ئامێرە وردەکان.

ئەو کەسانەی لە ناوخۆدا سەرپەرشتی پرۆژەکەیان دەکرد و ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە سەدام وەردەگرت:

**ـ دکتۆر عامر سەعدی:** بە "باوکی بەرنامەی کیمیایی عێراق" دەناسرێت، ئەندازیارێکی زۆر زیرەک و بەرپرسی پیشەسازییە سەربازییەکان بوو.

**ـ لیوا فایز شاهین:** بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی موسەنا بوو لە کاتی کیمیابارانەکەی باڵیساندا.

**ـ حوسێن کامل:** زاوای سەدام و سەرۆکی "دەستەی پیشەسازی سەربازی"، کە سەرپەرشتیاری گشتی هەموو پرۆژە قەدەغەکراوەکان بوو.

### شێوازی کارکردن و تاقیکردنەوە لە دۆڵی باڵیسان

بۆ ئەوەی جیهان پێیان نەزانێت، ئەم ئەندازیارانە بە کۆدی نهێنی کاریان دەکرد؛ کاتێک ماددەی کیمیاییان لە ئەورووپاوە دەهێنا، لەسەر کارتۆنەکان دەنووسرا "دەرمانی قڕکەری مێروو" یان "خوێی پیشەسازی". تەنانەت تاقیگەی گەڕۆکیان لە ناو بارهەڵگری گەورەدا دروستکردبوو بۆ شاردنەوە لە مانگە دەستکردەکان. لە ساڵی ١٩٨٧، ئەندازیارانی "موسەنا" گەیشتنە قۆناغێک کە توانییان گازی **"سیانید"** بە شێوەی کاریگەر بەکاربهێنن. هێرشەکەی دۆڵی باڵیسان بۆ بینینی خێرایی کوشندەیی ئەم گازە نوێیە بوو لە ناوچە شاخاوییەکاندا ، پێش ئەوەی لە پرۆسەی دیکەدا بەکاربهێنرێت .

### کۆمپانیاکان و بازرگانەکان

هاوکاریی کۆمپانیا بیانییەکان، بڕبڕەی پشتی بەرنامە کیمیاییەکەی سەدام بوو. زیاتر لە ٤٤٥ کۆمپانیا تێوەگلان کاریگەرترینیان ئەمانە بوون :

**ـ ئەڵمانیا:** ئەڵمانیا گەورەترین دابینکەری تەکنەلۆژیا بوو. کۆمپانیای وەک Karl Kolbو Imhausen-Chemie نەک هەر ماددەی خاو، بەڵکو تەواوی هێڵەکانی بەرهەمهێنانیان بۆ عێراق گواستەوە. ئەندازیارانی ئەڵمانی لە ناو دڵی کارگەی موسەنا خەریکی چاککردنەوەی ئەو ئامێرانە بوون کە گازی خەردەل و سارینیان بەرهەم دەهێنا.

**ـ هۆڵەندا (فرانس ڤان ئەنرات):** ئەم بازرگانە هۆڵەندییە وەک "پۆستەچیی مەرگ" دەناسرا. ئەو لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٨، پتر لە **٥٣٨ تۆن** ماددەی (TDG)ی بە عێراق فرۆشت کە پێکهاتەی سەرەکیی گازی خەردەل بوو. ڤان ئەنرات تەنها بازرگان نەبوو، بەڵکو هاوبەشێکی ڕاستەوخۆی جینۆسایدی باڵیسان و هەڵەبجە بوو، کە دواتر بەهۆی ئەمەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ١٧ ساڵ زیندانی کرا.

**ـ ئەمریکا و بەریتانیا:** کۆمپانیای **Alcolac**ی ئەمریکی ٥٢٠ تۆن ماددەی کیمیایی نارد و کۆمپانیای **Matrix Churchill**ی بەریتانی کەرەستەی پیشەسازیی دابین کرد.

ئەم خشتەیەی خوارەوە بەپێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کراوە کە ناوی هەموو کۆمپانیاکانی تێدایە بە جۆری هاوکاری و کاریگەرییەکەشیانەوە :

| ڕیزبەندی | ناوی کۆمپانیا / بازرگان | وڵات | جۆری مادده و کەرەستە | تێبینی و کاریگەری |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Karl Kolb | ئەڵمانیا | ٦ هێڵی بەرهەمهێنانی تەواو | دروستکەری سەرەکیی کارگەکانی سامەڕا و موسەنا بوو. |
| ٢ | Frans van Anraat | هۆڵەندا | پتر لە ٥٣٨ تۆن ماددەی TDG | پێکهاتەی سەرەکی بۆ دروستکردنی گازی خەردەل. |
| ٣ | Imhausen-Chemie | ئەڵمانیا | تەکنەلۆژیای پیتاندنی گاز | پەرەپێدەری یەکە گەورەکانی غازی دەمار و سارین. |
| ٤ | Alcolac | ئەمریکا | ٥٢٠ تۆن ماددەی کیمیایی خاو | ماددەی (Thiodiglycol)ی نارد کە بۆ گازی خەردەل دەبێت. |
| ٥ | Kim Al-Khaleej | سنگاپوور | ٤٥٠٠ تۆن کەرەستەی خاو | وەک ناوەندگیرێکی گەورە بۆ هێنانی ماددەی گازی سارین کاری دەکرد. |
| ٦ | Waterheese | ئەڵمانیا | کەرەستەی تاقیگەیی و گاز | دابینکەری سەرەکیی تاقیگە وردەکانی گازی تابوون. |
| ٧ | Matrix Churchill | بەریتانیا | ئامێری پیشەسازیی ورد | ئامێری دروستکردنی کڵاوەی موشەک و بۆمبی کیمیایی. |
| ٨ | Montedison | ئیتاڵیا | فۆسفۆری سپی و کەرەستەی خاو | بەکارهات بۆ دروستکردنی بۆمبی سوتێنەر و کیمیایی. |
| ٩ | Preussag | ئەڵمانیا | ئامێری پڕکردنەوەی بۆمب | ئامێری تایبەت بە پڕکردنەوەی گاز لە ناو کڵاوەی موشەکەکان. |
| ١٠ | CDC | ئەمریکا | نموونەی بایۆلۆژی (Anthrax) | ناردنی جۆرە جیاوازەکانی بەکتریا بۆ پرۆژەی چەکی بایۆلۆژی. |

زۆربەی ئەم کۆمپانیایانە لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا وەک بەرگری لە خۆیـان دەیانگوت: "ئێمە ماددەکەمان بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و دروستکردنی پەیین یـان دەرمـانی قـڕکەری مێروو فرۆشتووە و نەمانزانیوە بۆ چەکی کیمیایی بەکاردێت." بەڵام دادگـای هۆڵەنـدا لە کەیسی ڤـان ئەنـرات-دا ئەم پاساوەی ڕەتکـردەوە و ڕایگەیانـد کە هەر کەسێک ئەو بـڕە زەبەلاحە لە مـاددەی کیمیـایی بە ڕژێمێکی وەک بەعـس بفرۆشێت، دەبێـت پێشبینی ئەوە بکـات کە بـۆ کۆمەڵکوژی بەکاردێت.

**ئەنجـامی کـارگەکە "کـۆمەڵگەی موسەنا"**

دوای شـەڕی کووەیت لە ١٩٩١، پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSCOM) چـوونە نـاو دامەزراوەی موسـەنا و تووشـی شۆک بوون کاتێک هەزاران تۆن کەرەستەی خاو و سەدان بۆمبی کیمیایی ئامادەکراویان دۆزییەوە کە هێشتا بەکارنەهاتبوون.




**حوسێن کامل و ئاشکرابوونی نهێنییەکان**

لە ساڵی ١٩٩٥، هەڵاتنی حوسێن کامل بۆ ئوردن پەردەی لەسەر هەموو نهێنییەکان لادا. ئەو باسی لە پرۆژەی بایۆلۆژی (١٩ هەزار لیتر گازی ئەنسراکس) و پرۆژەی ئەتۆمی کرد. گەورەترین نهێنی کە ئاشکرای کرد ئەرشیفی بەڵگەنامەکان بوو لە "کێڵگەیەکی مریشک" لە تاجی، کە ناوی هەموو کۆمپانیا و ئەندازیارە تێوەگلاوەکانی تێدا دۆزرایەوە. ئەو بەڵگەنامانەی کە حوسێن کامل شوێنەکەیانی ئاشکرا کرد، نەک هەر تاوانەکانی بەعس، بەڵکو دووڕوویی زلهێزەکانیشی سەلماند. لە ناو ئەرشیفی کێڵگەی مریشکدا، لیستێکی درێژی ئەو کۆمپانیا ئەوروپی و ئەمریکییانە دۆزرایەوە کە کەرەستەی "مەرگ"یان بە قاچاخ دابین کردبوو. ئەم بەڵگەنامانە دەریانخست کە چۆن جیهان لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریدا، چاوی لە ئاست سووتانی پێستی منداڵانی کورد پۆشیبوو.حوسێن کامل دانی بەوەدا نا حوسێن کامل دانی بەوەدا نا کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان (لە بالیسانەوە تا هەڵەبجە) بڕیاری سیاسی بووە نەک تەنها بڕیارێکی سەربازی مەیدانی، ڕاستەوخۆ لەلایەن "سەرۆکایەتی کۆمار"ەوە سەرپەرشتی کراوە.وتیشی هێرشەکەی بالیسان لە ساڵی ١٩٨٧، وەک تاقیکردنەوەیەک بووە بۆ بینینی کاریگەری گازەکان لەسەر مرۆڤ لە ژینگەی جیاوازدا پێش ئەوەی بڕیاری ئەنفالی گەورە بدرێت.

سەدام حوسێن، بە پێدانی "ئەماننامە" و بەڵێنی لێبوردن، حوسێن کاملی ڕازی کرد بگەڕێتەوە بەغدا. بەڵام تەنها ٣ ڕۆژ دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٩٦، حوسێن کامل و براکەی و خێزانەکەی لە هێرشێکی خوێناویدا کە بە "خەڵاتی خوێناوی" ناسرا، لەلایەن ئەندامانی عەشیرەتەکەی خۆیان و بە فەرمانی عودەی و قوسەی سەدام کوژران.

زانیارییەکانی حوسێن کامل بوونە بنەمای سەرەکی بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی کە دواتر (لە ٢٠٠٣) ئەمریکا و بەریتانیا بەکاریان هێنا وەک پاساو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، هەرچەندە ئەو کاتە زۆربەی ئەو چەکانە لەناوبرابوون، بەڵام "نەخشە و زانیارییەکان" هێشتا مابوون.




## دەرئەنجام

مێژوو سەلماندی کە کیمیابارانکردنی بالیسان، تەنها تاوانێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو تاوانێکی نێودەوڵەتی بوو کە تێیدا تەکنەلۆژیای ئەورووپی، پارەی عەرەبی و درندەیی بەعس تێیدا یەکیان گرتبوو بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک. تا ئێستاش چەندین ڕێکخراوی کوردی و نێودەوڵەتی هەوڵ دەدەن لە دادگاکانی ئەورووپا سکاڵا دژی ئەم کۆمپانیایانە تۆمار بکەن. سەرکەوتووترین دۆسیەش، دۆسیەی فرانس ڤان ئەنرات بوو، کە دادگا بڕیاری دا فرۆشتنی ئەو کەرەستانە "بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیە لە ئەنجامدانی جینۆساید دژی گەلی کورد".

## سەرچاوەکان

١. کتێبی "A Poisonous Affair: America, Iraq, and the Gassing of Halabja" یۆست هیڵتەرمان (Joost R. Hiltermann)

ئەمە یەکێکە لە قووڵترین لێکۆڵینەوەکان دەربارەی بەرنامەی کیمیایی عێراق. هیڵتەرمان کە توێژەرێکی دیاری ڕێکخراوی (Human Rights Watch) بووە، لەم کتێبەدا بە وردی باس لە هێرشەکانی ساڵی ١٩٨٧ (لەوانە بالیسان) و ١٩٨٨ دەکات. هەروەها لیستی ئەو کۆمپانیا ئەورووپی و ئەمریکییانەی تێدایە کە کەرەستەی خاویان بۆ کارگەی موسەنا دابین کردووە.

٢. ڕاپۆرتی "Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds" ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ (Human Rights Watch)

ئەم ڕاپۆرتە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە دەستبەسەرداگیراوەکانی بەعس، باس لە قۆناغەکانی پێش ئەنفال دەکرێت، بەتایبەت کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان لە نیسانی ١٩٨٧ و ونبوونی برینداروەکان لە نەخۆشخانەکانی هەولێر.

٣. ڕاپۆرتی کۆتایی پشکنەرانی "UNSCOM" و "UNMOVIC" نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations)

ئەمە کۆمەڵێک ڕاپۆرتی تەکنیکی و مەیدانییە کە دوای ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ ئامادە کراون. تێیدا بە وردی باس لە پێکهاتەی "دامەزراوەی موسەنا" (Al-Muthanna State Establishment)، بڕی گازە بەرهەمهێنراوەکان، و ئەو کۆمپانیا بیانییانە دەکات کە ئامێر و هێڵی بەرهەمهێنانیان بۆ پرۆژەی ٩٢٢ دابین کردووە.

٤. توێژینەوەی "The Dutch Connection: The Case of Frans van Anraat" دادگای باڵای هۆڵەندا و ناوەندە یاساییە نێودەوڵەتییەکان

ئەم لێکۆڵینەوە یاسایی و مێژووییە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی بازرگانی هۆڵەندی "فرانس ڤان ئەنرات". تێیدا بە بەڵگەی گەشتە دەریاییەکان و گرێبەستەکان سەلمێنراوە کە چۆن ماددەی (TDG) گەیشتووەتە دەست سەدام و لە هێرشەکانی سەر کوردستاندا بەکارهاتووە.

# هەرێمی کوردستان لە نێوان بەرداشی کاریگەرییەکانی گۆرانی کەش و هەوادا.



احمد محمد مولود*

## هەنگاونان بۆ گواستنەوە بۆ وزەی نوێبووەوە وەرچەرخانێك دەبێت لە کەمکردنەوەی گازە ژەهراوییەکان لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوو پلەکانی گەرمای بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی، کە ئەمەش بووەتە هۆی هاتنی شەپۆلی گەرمای توند لەوەرزە جیاوازەکاندا و، کاریگەری زۆریشی لەسەر چالاکییە مرۆیی و کشتوکاڵیەکان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەشدارییەکی کەمی هەیە لە دەردانی گازە گەرمخانەییەکان بەراورد بە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، بەڵام بە شێوەیەکی توند کەوتۆتە بەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا وەکو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، گۆڕانی شێوازی دابارین، قەیرانی ئاو، ئاگرکەوتنەوە، لافاوو خۆڵبارین...هتد، کە ئەمانەش هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی ئاو و خۆراک لەهەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکان دەکەن.

هۆکارەکان بەشێکی سروشتی و بەشێک بە هۆی چالاکییە مرۆییەکانەوەیە، سەرەکیترینیان بەکارهێنانی سوتەمەنی کۆن و خەڵوزی و گازی سروشتییە، هۆکارێکی تریش فراوانبوونی شارەکان و کەمبوونی ڕووپۆشی ڕوەکی کە هەڵمژینی کاربۆن کەم دەکاتەوە، بەردەوام بوون لە چالاکیی بەکارهێنانی سوتەمەنی تەقلیدی و چالاکییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەی کلاسیکی بەکارهێنانی قڕکەری کیمیایی کە بەشداره لە پیسبوونی خاک و ئاو و زیاد بوونی دەردانی گازی میثان، جگەلەوەش کەمبوونەوەی هەمەجۆری زیندەوەران بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ئەم هۆکارانە لەگەڵ زیادبوونێکی بە رچاوی ژمارەی دانیشتوان قەیرانەکانی قوڵتر کردۆتەوە.

هەر چەندە خۆشبەختانە بۆ ئەم ساڵ ڕێژەیەکی زۆر باش باران باریووە، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای گۆی زەوی ئاسایشی خۆراک و کشتوکاڵی کەوتۆتەبەر هەڕەشەیەکی جدی و، کاریگەری کردۆتە سەر بەرهەمەکانی گەنم و گەنمەشامی و برنج، ئەمەش وادەکات پشت بە هاوردەکردنی خۆراک ببەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوەخۆیی.

لە هەمان کاتدا کاریگەری لەسەر تەندروستی گشتی هەبووە بە زیادبوونی نەخۆشییە پەیوەندیدارەکان بە گەرما و نەخۆشی سییەکان، هەندێ ناوچەی لاواز لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی ناچار دەکات کە کۆچ بکەن بۆ شارەکان و بەمەش ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوان لەرووبەرێکی کەم نیشتەجێ دەبن و کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ژینگەوە، بەتایبەت لە کەرتی پیشەسازی و



وزەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا.

ڕووداوە توندەکانی کەش و هەوا سەرنجی گەشتیارەکان لە کاتە دیاریکراوەکان کەم دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەلی کار و ژێرخانی ئابووری گەشتیاری بکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

هەموو ئەم ئاڵەنگایانە دەرفەتێک بۆ هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت بۆ گواستنەوە بۆ ئابوورییەکی سەوز بە شێوەیەکی خێرا، وەبەرهێنان لە وزەی پاک پرۆژەکانی دۆستی ژینگە و بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئابووریەکی سەقامگیر.

هەرێمی کوردستان لە ڕووی خۆگونجاندنەوە دەتوانێت هەنگاوی گەورە بهاوێژێت بەتایبەت لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری و گەشتیارییەوە، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی کشتوکاڵییە پێویستە سوود لە ئەزموون و تەکنەلۆجیای نوێ وەربگرێت بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم کەرتانە، ڕاگەیاندنی پلانی ناوخۆیی خۆگونجاندن لەهەرێمی کوردستان ڕۆلی باڵای دەبێت لەم ئاڵانگارییانەوە، بەهۆی ئەوەی کەوا پلانێکی گشتگیرەو نزیکەی (٣٠) ئەکشنی لەبواری ڕووبەڕووبونەوەی کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا لە خۆگرتووە.

هەنگاونان بۆ گواستنەوە بۆ وزەی نوێبووەوە وەرچەرخانێک دەبێت لە کەمکردنەوەی گازە ژەهراوییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر تۆڕەکانی کارەبا، چونکە لە ڕووی ڕێژەی تیشکی خۆر هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە هەمان شێوە سوود لە وزەی نوێبووەوە و تیشکی خۆر وەربگرێت.

*بڕیاردەری ئەنجومەنی باڵای ژینگەی هەرێم
بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆکی دەستەی ژینگە

# گیابەهاریەکان لە خۆشناوەتی



م. فەرهاد کەریم بەگ

بەگشتی کوردستان و بەتایبەت دەڤەری خۆشناوەتی دەوڵەمەندە بە گژوگیای بەهاری، تەنانەت بۆتە قوتی ژیانی تاکی کورد لەبەهار چونکە کورد دەڵێت کەبەهار داهات هەمبانی هەژار [H١]دەدرێت واتە ئەوەی هەیەتی و نیەتی لە زستانێکی سەخت و دژوار بەکاریهێناو خواردنی هەمبانی بەتاڵ بوو، تەنانەت لە یەکێک لە پەندە جوانەکانی خۆشناوەتی دەڵێت رەشەمێیە رەشکێ رووان
بەتاڵ ئەکات هەمبان و کەندوان
بەشەردێنیت بووک و خەسوان

بەڵام لەگەڵ هاتنی بەهار ئەم سروشتەجوانە پڕ دەبێت لە گژووگیای بەهاری و دەوڵەمەند بە نایابترین توخمی خۆراکی بە سوود بۆ جستە کە دەکرێت مرۆڤ پشتی پێیەوە ببەستێت بۆ خواردن و خواردنەوە و دەرمان، هەربۆیەش بۆتە چاوگێکی ئابوری بۆ بژێوی ژیانی بەشێک لە هاوڵاتیان.

ئەتوانین گیای بەهاری پۆلێنیان بکەین بۆ سێ کۆمەڵە
گیای بەهاری خۆراکی
گیای بەهاری دەرمانی
گیای بەهاری پیشەسازی
بەڵام دەبێت زۆر هۆشیاربین و شارەزابین چونکە ئەمانەش





جۆرێکیان لە سروشتی خۆیان ژەهراوین و ڕێژەیەکی زۆر لە توخمی ژەهراویان تێدایە نابێت بەکاریان بێنین، بەشێکیشیان بەداخەوە کاریگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پێشتر کاری تێکردوون و کاریگەریان ماوە و دەمێنێت بۆ چەندەها ساڵ بۆیە پێویستی بە چارەسەرهەیە لەڕێگای

**یەکەم :- چارەسەری ڕوەکی**

بەچاندنی ڕووەک لەڕێگای ڕەگی ڕوەکەکە مادەی کیمایی دەمژێت و کاریگەری نایەڵێت.

**دووەم:- چارەسەری زیندەیی**

بەبەکارهێنانی زیندەوەر ژەهری مادە کیمایەکە هەڵدەوەشێنێت.

**سێیەم:- لابردنی خۆڵە ژەهراوییەکە**

ئەمەش دەکرێت بە لابردنی خۆڵی ژەهراوی ناوچەکەو هەڵکەندنی بەلایەنکەم بۆ مەترێک یان زیاتر دانانی خۆڵێکی تر.

وەک باسمان کرد دەڤەری خۆشناوەتی چەندەها جۆر لەم گژو گیایانەی لێیە، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشانابین بە ناو و جۆری گیاو و ڕووەکی بەهاری ناوچەکەی خۆمان ئەمانەی خوارەوە ناوی هەندێ لەم گیاو ڕووەکانەیە.

(ترشۆکە- گیا سوورکە- سێ بسکۆرە- مام دەرزیلە- ڕیشادە- مام ڕێواس- تەرخون- قجیلە- پێ مراوی- مام گێژنە- تۆرکە- گیابرژانە- شیلم شاترە- کوریک ماست- گیا بەرخۆکە- گەپرۆکە- سۆریاس- کوڕادە- شملێ- مەریەمیە- گەزگەزە- گیای قەیتەران- پوران- ئەستریلک- چۆرین- کوزەرە- پونگ- پرپینە- گۆرمزە- کاردی شاخی- کاردی ڕیشاڵی - گوڵە حاجیلە- گوڵە بنەوش- خەرتەلە - بەندۆکە- گیا پەرچێوە- کرکول-سورناسک-خاسە شاخ- کوریک سپیلکە- کوریک حاجیلە- ق. ئاگرۆکە- هەندریشە- پیفۆک- مەرجاپیلک- جێزبەلە- زمانەگا- لوش- کوارگ- دۆمبەلان- ترنجۆک- بنمیشە- کاردی ڕیخنێ- کرتوک- هەنگەدان- دوریە- قەڵەندەرۆک- چاترەی کوێستان- جاترە).

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی تایبەتی ستافی گۆڤاری شازدەی چوارەوە بۆ بەڕێزان:

- بەڕێز ئاریز عەبدوڵڵا کە هەمیشە هاوکارمان بووە.

- بەڕێز کوردۆ عومەر لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ ی کۆیەی ی.ن.ك، بەڕێز شاناز هیرانی و کاك فوئاد نوری بالیسانی کە بۆ لەچاپدانی ئەو ژمارەیە هاوکارمان بوون.

- زۆر سوپاس بۆ م. حەمەدەمین لاسە باپیر، کاك زریان شینکۆ و کاك جێگر فەقێ شێخوەسانی کە لە ئامادەکردنی چەند دیمانەیەکدا هاوکارمان بوون.

میژوو ناتوانێ لە بیرتان بکا...

مەلا خالید بالیسانی، پیاوی رۆژانی تەنگانەو غەمخۆری خۆشناوەتی، ئەو پیاوەی لە رۆژانی کیمیاباران و دوای کیمیاباران فریاد رەسی بەشێکی زۆر بریندااران و بەرکەوتوان بوو.



# SHAZDEY CWAR

**NO.12 APRIL 2026**



حاجی حەمەدەمین شێخوەسانی

2025_1976